2021 نوسین و ئامادەکردنی

ئەندازیاری کوشتوکاڵی

هەڵگورد حمد ڕەسوڵ



# بەڕێوبردن و بەخێوکردنی مریشک

بەرگی یەکەم

# بەڕێوبردن و بەخێوکردنی مریشک

2021

بەرگی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای گەورەو مهرەبان سەرەتا سوپاسی بێ پایانم بۆ پەروەردگارم کە لە بەهرەو میهرەبانی خۆی بێبەشی نەکردوم کە هێزو توانایی پێ بەخشیم بەوەی کە بتوانم کتێبێکی تر بنوسم و ئامادەی بکەم بە ناوی (بەڕێوبردن و بەخێوکردنی مریشک) بە یارمەتی دکتۆر پاڤێڵ و دکتۆر ڕێبین , وە بەهۆی ئەوەی بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس لە وڵاتی ئێران درێژەم بە خوێندن دا کە بە یارمەتی زانکۆی ڕاپەڕین بەشی سامانی ئاژەڵ نێردراینە زانکۆی ئەو وڵاتە و ئەو بابەتانەی لەوێ فێر بووم سەبارەت بە بەڕێوبردن و بەخێوکردنی مریشک بەئەرکی خۆمم زانی بیکەمە کتێبێک  بۆ ئەوەی خوێنەرانیش سوود مەند بن لێی و ئەم کتێبە پێداچونەوەی زانستی بۆ نەکراوە .

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو کتێبە زیاتر گرینگیم بە بەڕێوبردن و بەخێوکردنی مریشکی گۆشت داوە بەهۆی ئەوەی لە کوردستان زیاتر گرینگی بە مریشکی بەرهەمی گۆشت دەدرێت ,ئەو کتێبە پێک دێت لە چوار بەش ,بەشی یەکەم زانیاری گشتی لەسەر مریشک و هێلکە بەشی دووەم بەڕێوبردنی کێڵگەی پەلەوەری  بەشی سێیەم سەبارەت بە خۆراکی مریشک , وە بەشی چوارەم پێک دێت لە باس کردنی کوتان و نەخۆشیەکانی مریشک.

خوێنەرانی ئازیز ئەم کتێبە تەنیا بۆ مەبەستی خێر بڵاوی دەکەمەوە و لە هیچ شوێنێک چاپ ناکرێ هیوادارم خوای گەورە لێم وەربگرێت و سودێك بە من و ئەو کەسانەی یارمتیان داوم بگەیەنێت لە دونیا و قیامەتدا وە هیوادارم خوێنەریش سوودی لێ وەربگرێ, وە لە دوعای خێر بێبەشمان مەکەن وە لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم هیچ شتێک بێ هەڵەو کەمووکوڕی نیە هەر بەوهۆیەوە لە هەڵەو کەموکوڕیەکانم ببورن .

ناوی کتێب : بەڕێوبردن و بەخێوکردنی مریشک

نوسین و ئامادەکردنی : هەڵگورد حمد ڕەسوڵ

دیزاین : هەڵکورد حمد ڕەسوڵ

**سووپاس و پێزانین**

خانەوادەکەم کە پاڵپشتی بەهێزم بوون

زۆر سوپاسی دکتۆر پاڤێڵی خۆشەویست دەکەم کە زۆر یارمەتی داوم خوا لێی ڕازی بێت

دکتۆر ڕێبین

مامۆستا میران و مامۆستا محمد و مامۆستا سۆران

کاک پشتیوان و کاک بیلال

## لینکی چەند کتێبێکی زانستی

کتێبی قورئان و ئاژەڵناسی




داگرتن

کتێبی پزیشکی ڤێتەرنەری




داگرتن

کتێبی زانیاری گشتی دەربارەی ئاژەڵان




داگرتن

بەخێوکردنی ماسی




داگرتن

کتێبی نەخۆشیە مرۆژەڵییەکان




داگرتن

کتێبی هەنگ بەخێوکردن




داگرتن

# بابەتەکان


لینکی چەند کتێبێکی زانستی........................................................5

بابەتەکان...........................................................................6

## بەشی یەکەم.......................................................................12

چەند زانیاریەکی گشتی سەبارەت بە پەلەوەر و مریشک ................................. 13

ناو و تیرەکانی مریشکی بەرهەمی گۆشت لە کێڵگەی پەلەوەری :- ......................... 18

تیرە جیاوازەکان بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە ................................................ 19

هێلکە ............................................................................... 21

توێکاری هێلکە ........................................................................ 21

گەشەو پێکهاتەی هێلکە لەمێینەی باڵندە................................................. 24

هێلکە لە هێلکەدانی مریشک چۆن گەشە دەکات؟ ........................................ 25

بونی پەڵەی خوێن یان پەڵەی گۆشت لەناو هێلکە: ......................................... 25

بونی پەڵەی گۆشت لەناو هێلکە: ........................................................ 26

گۆڕانکاریەکانی هێلکەی مریشک لە ماوەی 21 ڕۆژدا بۆ تروکان :- ......................... 26

هێلکەی پیتێندراو (هێلکەی تەلقیح کراو) ................................................ 29

دیاری کردنی هێلکەی پیتێندراو و نەپیتێندراو........................................... 31

هێلکەی دوو زەردێنە.................................................................. 32

ناسینەوەی هێلکەی دوو زەردێنە ..................................................... 33

دابەزینی بەرهەمی هێلکە ............................................................. 34

جۆرێتی توێکڵی هێلکە و کێشەکانی و هۆکارەکانی ........................................ 36

ئامێری جوجکە هەڵهێنەر................................................................. 42

ڕوپۆشی لەشی مریشک ................................................................ 48

ئێسکە پەیکەر........................................................................... 53

کۆئەندامی هەناسە ..................................................................... 57

کۆئندامی هەرس ....................................................................... 59

توانای گۆرینی خۆراک.................................................................. 64

ڕێگاکانی جیاکردنەوەی نێرەو مێیەی جوجکە............................................ 65

## بەشی دووەم ........................................ 67


کێڵگەی پەلەوەری (دەواجن) ........................................ 68

یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرنەری و کارمەندی بەڕێوەبردنی کێڵگە ........................ 71

ئەو خاڵانەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێن لە دروستکردنی کێڵگەی پەلەوەری ........................ 73

کێڵگەی پەلەوەری مریشکی گۆشت ........................................ 76

کێڵگەی پەلەوەری مریشکی هێلکە ........................................ 79

بەخێوکردنی مریشکی هێلکە بە شێوەی قەفەز ........................................ 79

بەخێوکردنی مریشک لە شێوەی کولانە ........................................ 82

بەخێوکردن بەشێوەی سروشتی ........................................ 85

مریشکی دایکانە(ئومەهات) ........................................ 86

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەی تەندروستی لە بەخێوکردنی مریشکی گۆشت ........................ 88

ئامادەکردنی ساڵۆن پێش هێنانی جوچکە ........................................ 90

جوچکەی یەک ڕۆژە ........................................ 93

جۆری جوچکە ........................................ 98

ئەو خاڵانەی پێویستە گرینگیان پێ بدەین کاتێک جوچکەی یەک ڕۆژە دەهێنین ........................ 99

چاودێری کردنی جیقڵدانەی جوچکە تاتەمەنی 48 کاتژمێری ........................................ 99

یەک دەست نەبونی جوچکەکان ........................................ 100

بڕینەوەی دەنوکی جوچک ........................................ 101

هەڵبژاردنی باڵندەی تەندروست ........................................ 103

ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سترێس لە پەلەورو باڵندەدا ........................................ 105

چڕی ........................................ 107

مەودای نێوان کێڵگەی پەلەوەری ........................................ 110

ڕاخەر بۆ کێڵگەی پەلەوەری مریشکی گۆشت ........................................ 112

بەڕێوەبردن و لەبەرچاوگرتنیی زبڵ و پیسی کێڵگەی پەلەوەری ........................................ 114

تەپ و تۆز و تەندروستی مریشکی گۆشت ........................................ 115

ئەو هۆکارەکانی کە کاریگەرن لەسەر شێی ڕاخەر ........................................ 116

ئالیک پێدان ........................................ 118

ئاو پێدان ........................................................ 123
شێ........................................................................ 126
پلەی گەرمی Temperature کێڵگەی مریشکی گۆشت ................................ 128
هاتنی وەرزی گەرما و بەرزبوونەی پلەکانی گەرما ........................................ 132
ئامێرەکانی گەرمکردنەوەی هۆڵەکانی کێڵگەی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت ....................... 135
ئامێرەکانی فێنک کردنەوەی کێڵگەی پەلەوەری ........................................ 138
هەواگۆڕکێ لە کێڵگەی پەلەوەری ............................................ 140
ڕووناکی لە کێڵگەی پەلەوەری ................................................ 147
هەنگاوەکانی ئامادەکردنی مریشک پێش سەربڕین .................................... 150
سەوز بوونی بەشێک لە گۆشتی سنگی مریشک ...................................... 152
فرۆشتنی مریشکی زیندوو ................................................... 153

**بەشی سێیەم ....................................................... 154**

خۆراک ............................................................... 154
کارگەی ئالیکی پەلەوەر......................................................... 155
شێوازی دروستکردنی ئالیکی پەلەوەر و باڵندوە........................................ 157
خۆراکی پەلەوەر .................................................................. 165
نوسینی پێکهاتەی ئالیکی پەلەوەر ............................................... 166
چی خواردنێک پێویستە نەدرێت بە مریشک ....................................... 170
سوودەکانی بەکارهێنانی ئەنزیم بۆ ناو ئالیکی پەلەوەر ................................ 171
خۆراکەکان ............................................................... 173
گەنم ....................................................................... 173
جۆ........................................................................... 175
سۆیا ........................................................................ 175
هاڕاوەی ماسی .................................................................. 176
هاڕاوەی گۆشت و ئێسک ........................................................ 176
پاشماوەی ئامێری هەڵهێنەری هێلکە.............................................. 177
پاشماوەی سەربڕخانەکان.......................................................... 177

هاڕاوەی پەڕ ........................................ 178
هاڕاوەی خوێن ........................................ 178
هاڕاوەی ئێسک ........................................ 179
خوێ ........................................ 179
ئاو ........................................ 180
وزە ........................................ 180
ڕیشاڵ ........................................ 180
چەوریەکان ........................................ 181
پرۆتین ........................................ 182
ڤیتامینەکان ........................................ 185
ڤیتامینA ........................................ 188
ڤیتامین $D_3$ ........................................ 190
ڤیتامین E ........................................ 192
ڤیتامینK ........................................ 194
ڤیتامینB1 ........................................ 195
ڤیتامینB2 ........................................ 196
ڤیتامین B3 ........................................ 198
ڤیتامین B4 ........................................ 198
ڤیتامین B5 ........................................ 199
ڤیتامینB6 ........................................ 200
ڤیتامین B9 ........................................ 200
ڤیتامین B9 ........................................ 200
ڤیتامینB12 ........................................ 201
کانزاکان لە خۆراکی مریشکی گۆشتدا ........................................ 204
کالیسیۆم ........................................ 205
کالیسیۆم و فۆسفۆڕ ........................................ 207
سۆدیۆم ........................................ 208

پۆتاسیۆم......................................................................208
کلۆر ..........................................................................208
مەنگەنیز......................................................................209
ئاسن ..........................................................................209
سیلینیۆم ......................................................................209
هەندێک لە ناتەواویەکان لە پەلەوەردا لە ڤیتامین و کانزاکان ..............................210

## بەشی چوارەم ..........................................................213

کوتان یان کوتانکردن ..........................................................214
پشکنینی مەناعە ..........................................................215
نەخۆشیەکان ..........................................................226
ئەو دیاردانەی کە ڕوو دەدەن لەماوەی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت..............................228
ڕێگاکانی کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن لە پەلەوەردا..............................233
مردنی کتوپڕ..........................................................235
دیاریدەی ئاوبەند بوون ..........................................................240
دیایدەی کورتە باڵابوون ..........................................................242
دیاریدەی کەم خواردن یان زۆر خواردنی ئالیک و هەڵنەدانی مریشک..............................244
دیاردەی خۆخۆری ..........................................................245
دیاردەی خواردنی هەندێک ماددەی نامۆ Pica ..........................................................248
دیاردەی خواردنی هێلکە ..........................................................249
دیاردەی شاردنەوەی هێلکە ..........................................................252
ئەو نەخۆشیانەی کە کاریگەریان لەسەر هەناسە هەیە لە پەلەوەردا..............................253
نەخۆشیAspergillus's ..........................................................255
هەوکردنی درمی بۆری هەوا..........................................................257
نەخۆشی هەلامەتی درمی ..........................................................259
نەخۆشی هەڵئاوسانی سەر لە مریشکدا..............................261
نەخۆشی ماکۆپلازما ..........................................................263
نەخۆشی نیوکاسڵ ..........................................................264

کۆکسیدیا سینگە تیژە ........ 267
جیقڵدانە و کێشەکانی ........ 270
نەخۆشیە باوەکانی جگەر ........ 272
ڕەنگی جگەر ........ 275
نەخۆشی ڤایرۆسی جگەرئەستوربون ........ 276
کۆلێرایی مریشک ........ 277
کنکر ........ 279
دانکە -pox ........ 281
ڕەنگەکانی پۆپنەی مریشک و نیشانەکانی ........ 283
نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە ........ 285
نەخۆشی کۆڕایزا ........ 290
نەخۆشی گەمبۆرۆ ........ 292
نەخۆشی مێرک ........ 295
مشەخۆری باڵندە و پەلەوەرەکان ........ 300
گەنەی مریشک ........ 301
کێچ و پەلەوەر ........ 302
جیقنەو شێوازی دەرکەوتنەکەی و ماناکەی ........ 304
نەخۆشیی ڕیقنەی سپی بەکتری (ڕیقنە سپێکە) ........ 306
جیقنە نووسان بە کۆمی جوچکە ........ 308
لەپێ کەوتنی پەلور و باڵندە ........ 311
مێخەکە - مێخ - تەبەق ........ 312
جیاکردنەوەی نەخۆشیەکان لەکاتی دەستنیشانکردنیان ........ 315

# بەشی یەکەم

# زانیاری گشتی لەسەر مریشک و هێلکە

## چەند زانیاریەکی گشتی سەبارەت بە پەلەوەر و  مریشک



### پەلەوەر

بە شێوەیەکی گشتی پەلەوەر پێک دێت لە مریشک و قاز و مراوی و عەلەشیش و (قەلەموون), لەوانەیە لە دێهاتەکاندا هیچ ماڵێک نەبێت ئەگەر جۆرێک یان دوو جۆر یان سێ جۆری نەبێت لەم جۆرە پەلەوەرانە, بەڵام مرشک لە هەموویان گرنگترە لە ڕووی بەشداری کردنی لە چالاکی ئابووری لە بازاڕەکاندا, گۆشتی مریشک و هێلکەکەی داواکارییەکی زۆریان لەسەرە لە لایەن دانیشتوانی کوردستان بۆیە بە پێی ئامارێکی ساڵی 2020  لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 1600 کێڵگەی پەلەوەر هەیە, لەو ژمارەیەش زیاتر لە 600یان لە هەولێرە, نزیکەی 670یان لە سلێمانی و 290یشیان لە دهۆکن. ساڵانە زیاتر لە 100 ملیۆن مریشک دەخەنە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە, وە بەپێی ڕەوشی بازاڕ و خواست دەتوانن بەرهەمەکانیان زیاتر بکەن, بەڵام برێکی زۆر لە گۆشتی مریشک و هێلکە لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان دەکرِدرێن و دەهێنرێنە بازاڕەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

**ناوە زانستییەکەی مریشک** (Gallus gallus domesticus)

مریشک یەکێکە لەو باڵندانەی کە زۆربەمان ئاشنایەتیمان لەگەڵی هەیە, مریشک و کەڵەشێر باوترین و زۆرترین جۆری پەلەوەرن لەسەر زەوی کە بە تێچویەکی کەم بەخێودەکرێ و گەشەشی خێرایە و یەکێکە لە خواردنە سەرەکیەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان, ئەو باڵندەیە بە ئاسانی ماڵی دەکرێت و بەخێو دەکرێت و مرۆڤ سوود لە هێلەکەکە و گۆشتەکەی دەبینێت و زۆرینەی خێزانەکانی دانیشتووی دێهاتەکاندا مریشک بەخێو دەکەن وە مریشک هەر لە دێر زەمانەوە بەخێو کراوە و گرینی پێدراوە بەڵام لە ڕابردودا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وبێ بەرنامە بوە بەراورد بە ئێستا کە لە کێڵگەی تایبەت بەخێودەکرێت بە کاتێکی کەم و بەرهەمێکی باش.

**بنەچەی مریشک و چۆنیەتی ماڵی بونیان :**

هەندێ لەئەندازیارانی بواری بەخێوکردنی باڵندە ئاماژە بەوە دەدەن کە مریشک ماڵی بوو لەجۆری کێویەوە هاتوە کە ئەڵین مریشکی دارستانی ڕەنگ سور لە ئەسڵدا ماڵی نەبوە دواتر ماڵی کراوە و پەرەی پێ دراوە دواتر چەندین بنەچەی لێ دروست کراوە چەندین شێوەی ناوازەی بەخۆوە بینیوە کە فیرعەونەکان یەکەمین کەس بونە هەڵساون بەماڵی کردنی و بەخێوکردنیان.

مریشک یان مامر ( Hen or Chicken) و کەڵەشێر (Cock or Rooster).

باڵندەی ماڵی کراون یاخود پێیان دەوترێ پەلەوەری ڕامکراو, بەخێودەکرێ بۆ سوود وەرگرتن لە گۆشت و هێلکەکەی لەهەندێ وڵات بۆ پەڕەکەی.

بنەچەیان پەلەوەری سوری دارستانە (Red jungle fowl) .

وەک هەموو باڵندەیەکی تر پەڕوباڵی هەیە, پەڕەکەی یارمەتی دەدات بەگەرمی بمێنێتەوە, چونکە پلەی گەرمی لەشی(41.7 - 40.6) پلەیە, و توانای فڕینی نیە بەهۆی زۆری وەزنی لەشی و شێوەی دروستبونی ئێسکی لاشەی.

دەست دەکات بە هێلکەدانان لە تەمەنی (16-20)هەفتەیی واتە 5-6 مانگی,لە کولانەدا (coop)بەخێودەکرێو لەهەموو جیهاندا هەیەو زۆر بەی وڵاتان سوودی لێدەبینن و چەندین جۆر و ڕەگەزی هەیە.

مریشک بەتەواوی بەهێزەو بەتەحەمولە لە پلەی گەرمیەک کە لە ژێر بەستندا بێت, بەڵام کەشێکی گەرم بەگونجاوتر دەزانن, پلەی گەرمی دروست بریتیە لە 70بۆ 75پلەی فەهرەنهایت کە 30 بۆ 35 پلەی سیلیزی دەکات. بۆیە لە وەرزی سەرمادا دەبێت ئاگاداری پلەی گەرما ببین بەڵام بە پێی تەمەن تا تەمەنی زیاتر ببێت پلەی گەرمی کەمتر بکرێتەوە باشترە.

مریشک لە کێڵگەی بچوکدا دەتوانێت بۆ چەند ساڵێک بژی ئەگەر بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ حاڵەتەکان تەعامول بکرێت , زۆربەی مریشکە هێلکەکەرەکان ئەگەر پارێزگاریان لێبکرێت 2 بۆ 3 ساڵ دەتوانن بژین.

**ئاژەڵەکان دەبنە دوو دەستە :**

**خوێن گەرم** :ئاژەڵێکە دەتوانێت پلەی گەرمی لەشی ڕێک بخات (heterotherme).

**خوێن سارد** : ئاژەڵێکە ناتوانێت پلەی گەرمی لەشی ڕێک بخات(homeotherme) .

**خوێن گەرم** : مریشکەکان دەتوانن پلەی گەرمی لەشی خۆیان ڕێک بخەن بەڵام لە سەرەتای تەمەنیاندا وەک ئاژەڵێکی خوێن ساردن لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا سیستەمی میتابۆلیکیان کارا نیە , ڕاستە مریشکەکان خوێن گەرمن بەڵام لە مەودایەکی دیارە کراو دەتوانن گەرمی لەشی خۆیان ڕێک بخەن وە لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە جوچکە لە سەرەتادا وەک خوێن ساردە کەواتە پێویستە گرینگیەکی زۆر بە پلەی گەرمی هۆڵەکەمان بدەین لە سەرەتادا.

لەسەر قاچیان چڕنوک(claw) هەیە و چیقیان( spur) هەیە , پۆپنەیەکی سوریان هەیە (Comb)لەسەر سەری وە گوارەیەکی سوری هەیە(wattle) لەخوار دەنووکییەوە لە , کەڵەشێردا گەورەترە .

دەنوک (beak)و چڕنوکەکانی (claw)بەکاردێنێ بۆ بەرگریکردن دژی دوژمنان هەروەها بەکاردییێنێ بۆ هەڵکەندنی خاک وخۆڵ بۆ گەڕان بەدوای مێروو و تۆ و دان چونکە هەموجۆرە شتێک دەخوات (omnivorous) تەنانەت هەندێک جۆر جگە لە کرم مارمێلکەش دەخوات , هەستێکی تیژی بینین و بیستنی هەیە و بەیانیان زوو دەقوقێنێ(crow) .



مەبەستەکانی بەخێوکردنی مریشک

- بەرهەمی گۆشت
- بەرهەمی هێلکە
- هەردوو بەرهەم
- جوانی

هەر یەک لەو جۆرانەی سەرەوە  لە ڕوی بەخێوکردن و بەرێوبردنەوە بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە لە دنیای زانستی ئێستادا بۆ هەر یەک لەو جۆرانەش تیرە و ڕەچەڵەکی جیاوازیان لێ بەرهەم هێناوە کە هەر جۆرە و تایبەت بێت بۆ ئەو مەبەستەی کە بەخێویان دەکرێن.

چەند جۆرە بەخێو کردنێکی تر  هەیە بەتایبەت بۆ ئەو کەڵەشێرانەی بۆ شەڕکردن بەکاریان دەهێنن و پارەیان پێ پەیدا دەکەن کە ئەوەش لە کوردستاندا زۆر پەرەی سەندوە.

**لە ئێستا دا کوردستان ئەو جۆرە جیاوازانەی مریشکی هەیە:-**

- کوردی
- شامی
- براهما
- ئیسپانی
- هۆڵەندی

زۆر جۆری تر بەخێو دەکرێن و لە دەرەوەی وڵات دەهێندرێنە کوردستان و  بەخێویان دەکەن لە کۆنندا هەر لە لادێکان دا بەخێو کراون ئەو شێوە بەخێوکردنە لەبەر زۆری کات و ڕێژەی کەمی بەرهەم لە ئێستادا کەم بەکار دەهێندرێت , لە ئێستادا کێڵگەی پەلەوەریەکان  بەکار دێنین کە

ژمارەیەکی زۆر جوچکە پێدەگەن و بە ماوەیەکی کەم, وە دەتواندرێت  لە هەر چوار وەرزی ساڵ بەخێویان بکەین و باشتر ڕەچاوی ئاو و هەوا و پلەی گەرمی و شێیان بکەین .

مریشک یەکێکە لەو باڵندانەی کەوا مرۆڤ لە کۆنەوە بەخێوی دەکات تاوەکو لە کاتی پێویست بۆ خۆراک بەکاری بهێنێت. لەم سەردەمە بووەتە خۆراکێکی نمونەیی چونکە گۆشتی مریشک زوو هەرس دەکرێت و پڕۆتینی زۆر و ڤیتامیناتی تێدایە و چەوری زیاتر ٪6 لە لەشی, بەڵام گیانلەبەرەکانی تر چەوریان زۆر زیاترە لەو ڕێژەیە. کەواتە گۆشتی مریشک باشە بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە چونکە زۆر کار ناکات و جوڵەیان کەمە.

**سوودەکانی پزیشکی گۆشتی مریشک** :-

- وزەی باش دەداتە لەش چونکە پڕۆتین و ڤیتامین و کانزای باشی تێدایە و بە ئاسانی هەرس دەکرێت.
- بۆ نەخۆشی ڕەقبوونی هەمەلایەن و نەخۆشی لەرزە باشە.
- ئەوانەی جوڵەی ڕۆژانەیان کەمە پیویستە ئەو گۆشتە بەکاربهێنن نەوەک گۆشتی سوور.
- وەک هێمنکەرەوەی ئاسوودەی دەروونی بەکاردێت و چەوریەکەی کە بە چەوری ئۆمیگا 3 دەچێت بۆیە بۆ منداڵان باشە تاوەکو بیر و هۆشیان توندتر بکات و زیرەکتر بن.
- بۆ ژێیەکانی دەنگ و دەنگ خۆشی باشە.
- هەر بۆیە مریشک بە پلەی یەکەم دێت لە باڵندە خۆماڵیەکانی وەک قاز و مراوی و کۆتر و قەل (عەلەشیش). دەتوانرێ گۆشتی مریشک لە شیش بدرێت و بۆ ئەوانەی شەکرە و قەڵەویان هەیە بەکاربێت چونکە بڕی چەوریەکەی کەم دەبێتەوە.

**ناو و تیرەکانی مریشکی بەرهەمی گۆشت لە کێڵگەی پەلەوەری :-**

1. Ross-ڕۆس



2. Arbor Acres - ئەربۆراکریز



3. Hybro-هایبرۆ



4. Hubbard-هبارد



5. Cobb-کۆب



6. بەلجیکی و تورکی

**تیرە جیاوازەکان بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە**

**ئەو ژمارەیەی خوارەوەیان بریتیە لەڕێژەی هێلکەکردن لە ساڵێکدا.**

| | | |
|---|---|---|
|  |  |  |
| Australorp<br>250-300 | Lohmann Brown<br>250-300 | The Rhode Island Red<br>200-250 |
|  |  |  |
| Sussex<br>200-250 | Golden Comet<br>250-300 | Leghorn<br>200-250 |
|  |  |  |
| Marans<br>150-200 | Plymouth Rock<br>200-280 | Barnevelder<br>175-200 |

| | | |
|---|---|---|
|  |  |  |
| La Bresse<br>160-200 | Ameraucana<br>150-200 | Buff Orpington |
|  |  |  |
| Dominique<br>230-270 | Delaware<br>200-280 | Hamburg<br>160-200 |
|  |  |  |
| Wyandotte<br>200-250 | Orpington<br>150-200 | new hampshire<br>200-240 |

# هێلکە

## توێکاری هێلکە
## Egg anatomy




هێلکەی مریشک یەکێکە لەو خۆراکە گرنگەی کە چەندین سوودی هەیە کە ڕێژەیەکی زۆر لە کانزاکان و ڤیتامین و چەوری و پڕۆتین. ..هتد تێدایە.

### توێکڵی هێلکە Eggshell

توێکڵی هێلکە ئەو بەشە ڕەقەی دەرەوەیە کەدەوری هێلکەی داوەو شێوەی پێبەخشیوە لەڕێژەیەکی زۆر لە $CaCO_3$ واتە کاربۆناتی کالسیۆم پێکهاتوە کە جیقنە و هێلکەکە بەهۆی ئەو توخمەوەیە.

لەسەر ڕووی توێکڵی هێلکە بەشێکی تەنک یاخود چینێک هەیە کەپێیدەوترێت cuticule or bloom ئەو چینە دەوری توێکڵی هێلکەی داوەو یارمەتی پاراستنی هێلکە دەدات لەچوونە ژوورەوەی بەکتریا و تەپ و تۆز.

ئەگەر ئەو cuticula لەناو بچێت ئەوا ڕێژەیەکی زۆر لە بەکتریای زیانبەخش دەچنە ناو هێلکەکەوە.

هەر لەسەر ڕووی توێکڵی هێلکە هەندێک لە کون یان کرانەوە هەیە کە پێیان دەوترێت pore ژمارەیان بەنزیکەی 7500 کونە یارمەتی ئاڵوگۆڕکردنی شێی وگازەکان دەدات.

## پەردەی توێکڵ shell membrane

ئەو پەردەیە کە لە دوای eggshell وە دێت و لەدوو بەشی سەرەکی پێک دێت

- Outer membraneئەو پەردەیە کە لکاوە بە توێکڵی هێلکەوە.
- Inner membrane ئەوپەردەیە کەلە ناوەوەیەو دەوری سپێنەکەی داوە و دەیپارێزێت و وە لەکاتی کوڵاندنی هێلکەدا ئەو پەردەیە بەڕوونی دەبیندرێت.

لەڕێگەی هەریەکە لەو دوو پەردەوە گازەکانی وەک ($O_2$ ,$N_2$,$CO_2$) هەوا ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

## خانەی هەوایی Air cell

خانەی هەوای یاخود ژووری هەوای air or pocket گیرفانی هەوای.

وەک ناوەکەی بەخۆوەیەتی بڵقی هەوان و لەبەشە پانەکەی هێلکەدا دروست دەبێت لەنێوان سپێنە و توێکڵی هێلکە.

هۆکاری دروست بوونی ئەو ژووری هەواییە ئەوەیە کاتێک مریشک ڕاستەوخۆ هێلکە دەکات و پلەی گەرمیەکەی لە ناوەوە بەرزە بە پلەی 105 F° و 40 c° و کە هێلکەکە دێتە دەرەوە بەر هەوای دەرەوە دەکەوێت کە ساردە ئەو جیاوازییە لە پلەی گەرمی ئەو ژووری هەوایە دروست دەکات واتە دوای ئەوەی مریشک هێلکەدەکات ئەو ژوورەی هەوا دروست دەبێت.

ڕۆڵ و گرنگی ئەو Air cell جیاکردنەوەی هەریەکە لە inner membrane و outer membraneلەیەکتری.

## سپێنە albumin or egg white

بەشە سپیەکەی هێلکە شلەیەکی سپیەو ڕێژەیەکی زۆر ئاوی تێدایە ,بەوە ناسراوە ڕێژەیەکی زۆر لە پڕۆتینی تێدایە بەجۆرێک هێلکەیەکی تەواو 6گرام پڕۆتینی تێدایە 4ی لەسپێنەکەدایەو 2ی لە زەردێنەکەی.

ئەگەر هێلکە جەنین یاخود جوچکەی تێدابوو ئەوا لەڕێگای سپێنەوە دەپارێزریت لە مایکرۆئۆرگانیزمەکان و ئاویشی لەڕێکەی سپێنەوە دەست دەکەوێت.

سپێنە لە 4 چین پێک هاتووە :-

- Chalaziferous white ←پەردەیەکی ئەستوری سپیە و یەکەم چینی سپێنەیە دەوری زەردێنەکەی داوەو یارمەتی جێگیربوونی زەردێنە دەدات لە ناوەڕاستی هێلکەدا.
- inner thin white←ئەو بەشەی سپێنەیە کە بە چینە تەنکەکەی سپێنە ناسراوە.
- outer thick white←بەشە ئەستورەکەی سپێنە و ڕێژەی سپیەکەی لەهەموو چینەکان زیاترە.
- outer thin white←کۆتا چینی سپێنەیە و ناهێڵێت سپێنەو زەردێنە تێکەڵ ببن,

ڕێژەیەکی زۆر خۆراک و پرۆتینی تێدایە و یارمەتی گەشەی کۆرپەلە یاخود جەنین دەدات ئەگەر هێلکە پیتێنراو بوو و جەنینی تێدابوو.

## Chalazae

دوو بەندی (کۆیل )یاخود دوو پەردەی دەزووی پێچ خواردوی ڕەنگ سپین کەلە هەردووسەری زەردێنەکەوەن و زەردێنە هەڵدەواسن و یارمەتی جێگیربوونی زەردێنەکە دەدەن لە سپێنەدا یارمەتی دەدات لەخراپ بوون. هاوسەنگی جوڵەی زەردێنە دەکات.

## Vetline membrane

ئەو پەردەیە کە دەوری زەردێنەی داوەو زەردێنەکە دەپارێزێت لە تەقین و جێگری دەکات لەناو سپێنەکەدا بەبێ ئەوەی تێکەڵ بەیەک ببن.

Blastodisc or germinal disc (blastoderm) خاڵێکی یان پەڵەیەکی سپی بچوکە لەسەر ڕووی زەردێنەیەو شوێنی تێپەڕبوونی سپێرمەکانە واتە لەڕێکەی ئەو شوێنەوە سپێرم و هێلکە دەپیتێنرێن و کۆرپەلە تێدا گەشەدەکات و لەڕێگەی ئەو مولولەخوێنانەی کە لەزردێنەدا هەن خوراک دەچێت بۆ ئەو شوێنە بۆکۆرپەلە.

## گەشەو پێکهاتەی هێلکە لەمێینەی باڵندە

سەیرکردن بە ڤیدیۆ




کۆئەندامی زۆربوونی مریشک(Reproductive system) پێک دێت لەهێلکەدان (ovary) کە دووهێلکەدانی هەیە ئەوانیش هێلکەدانی لای ڕاست و چەپن کە هێلکەدانی لای چەپی بەتەواوی گەشەی کردوە و شوێنی دروست بوونی زەردێنەیە , جۆگەی هێلکە(oviduct)وڕژێنەکان و چەند بەشێکی تر.

مریشک لە حاڵەتی ئاسایدا لەماوەی 24 کاتژمێردا تەنها یەک هێلکەی لە هێلکەداندا گەشەدەکات واتە تەنها یەک زەردێنە دادەبەزێت و دەچێتە جۆگەی هێلکە و پاشان لەجۆگەی هێلکەدا بەسپێنە دەوردەدرێت و دواتریش بەتوێکڵ و تادەبێت بە هێلکەیەکی تەواو.

هێلکەدان پێش پێگەیشتنی لەسەر شێوەی تۆپەڵەیەکی پێچاوپێچیە ڕەنگێکی زۆر کاڵی هەیە کە مریشک نزیک دەبێ لەقۆناغی پێگەیشتنی سێکسی هێلکەدان دەست دەکات بە ڕژاندنی هۆرمۆنی مێینە (ئیستریۆجین)کە ئەو هۆرمۆنە خەستی چەوری لەخوێن بەرزدەکاتەوە وە بواردەدات بە نیشتنی مەوادی زەردێنە لەتورەگەی پێگەیشتوی هێلکەدان بۆ پێک هێنانی هێلکە.

چینی زەردێنەی زەرد لەبەر بونی بڕێکی زۆر لە بۆیە کارۆتین پێی دەوترێ زانۆفیل Xanthophyi لە خۆراکی باڵندە بەتایبەت لە گەنمەشامیدا.

لەسەر خەپلەی میکرۆبی کە مادەیکی سپی لینجە لە ناوەندی هێلکە بونی هەیە لەکاتێ هەڵێنان یەکەم شوێنە دەست دەکات بەدروستبونی کۆرپەلە ئەویش ناوکیەتی بەلام پاش زیادبونی لەقەبارەکەی لە ئەنجامی نیشتنی زەردێنە خەپلەی میکرۆبی دەگوازریتەوە بۆ لیواری سەرەوەی هێلکە لەژێر پەردەی پاراستن بۆیە لەکاتی هێلکە دانانەوە پێویستە بەنوکە باریک یان تیژەکەی سەربەرەوخوار هیلکە دانریتەوە.

**هێلکە لە هێلکەدانی مریشک چۆن گەشە دەکات؟**

هەموو هێلکەیەک لەهێلکەدان لەماوەی دە ڕۆژ لەدوای پیا پسین نێرینە  یان کەلەشیر دەست دەکات بەدروست بوون و  ئامادە دەبێت بەتەواوەتی دەست دەکات  بەجیابونەوە لەهێلکەدان وەقەبارەکەشی لەحەوت ڕۆژی دوای پیافسین تەواو گەورەدەبێ بۆ دوو ئەوەندە تێبینی دەکرێ بە زۆربونی ژمارەیک زۆر هیلکۆکە بەلام لە پسدان جیانابنەوە تەنها گەورەکەیان نەبیت لەدیواریک دایە کەمولولەی خوێنی تێدانیە  پێی دەوترێ ستیکما Stigma پاش جیابونەوەی هێلکەی گەورە لەهێلکەدان دەچێتە بەشێکیتر پێی دەوترێ ڕەحەتی تاوەکو تەواوی پێکهاتەکانی بەسپێنەکە و توێکل دروست دەبێت ئینجا دەچێتە کەناڵی هێلکە.

**بونی پەڵەی خوێن یان پەڵەی گۆشت لەناو هێلکە:**

هەندێک جار دەبیینین پەڵەی خوێن لەناو هێلکە هەیە ئەوەش دەگەریتەوە بۆ تەقینی تورەگەی زەردێنە لەناو هیلکۆکەی تەواو پێگەیشتو لەهێلکەدان لەناو درز ستیکما لەهەمان کات تەقینی هەندێ مولولەی خوێنە لەنزیک ستگما ئەوکات دڵۆپ خوێن دێتە دەرەوە لەگەڵ زەردێنە بەکەناڵی هێلکە دا دەڕوات ,بەلام ئەگەر زیاتر لە جارێک ئەو حاڵەتە دوبارە بۆوە ئەوا هۆکاری بۆماوەییە یاخود بونی نەخۆشی نیوکاسل جۆری هجزولاسوتایە توشی زامال هێلکەدانی دایک مریشک بوە هەندێک جاریش بەهۆی خۆراکی خراپ یاخود گەورەیی تەمەن مریشک توشی ئەو حاڵەتە دەبێت ئەوەش تیرەکانی مریشک پەڕ قاوەیی زیاتر توشی ئەو حاڵەتە دەبن بە بەراورد بە تیرەکانی مریشک پەڕ سپی.

**بونی پەڵەی گۆشت لەناو هێلکە:**

هەندێجار بەدی دەکرێت لە ئەنجامی جیابونەوەی تورەگەی زەردێنە لەگەڵ پارچەیک ڕیشاڵی کەناڵی هێلکە بەهۆی گەورەیی قەبارەی زەردێنە لەکاتی ڕۆشتنی زەردێنە بە کەناڵی هێلکە لە قۆناغەکانی پێک هاتن بە تیپەربونی کاترەنگی ڕیشاڵیەکە تاریک دەبێ تاکو بە تەواوی ڕەنگی پەڵەی گۆشت وەرەگرێت.

**گۆڕانکاریەکانی هێلکەی مریشک لە ماوەی 21 ڕۆژدا بۆ تروکان :-**

1. لە ماوەی چوار کاتژمیری یەکەمی دانانەوە (دڵ) بۆریەکانی خوێن دەستدەکەن بەدروست بوون.
2. دوای 12 کاتژمیر لە دانانەوەی هێلکە دڵ دەست دەکات بەلێدان و سوری خوێن دەست بەئیش دەکات و بۆریەکانی خوێن پەیوەندی بەتورەگەی زەردێنەوە دەکەن.
3. لە ماوەی 18 کاتژمیری دانانەوە کەناڵی هەرس دروست دەبێت.
4. لە ماوەی 20 کاتژمیری یەکەم بربڕەی پشتی باڵندە دروست دەبێ.
5. لە ماوەی 21 کاتژمیری سەرەتای پێکهێنانی کۆئەندامی دەمارە.
6. لە ماوەی 22 کاتژمیر دوای دانانەوەی هێلکە ئینجا تازەبەتازە سەر دروست دەبێت.
7. لە ماوەی 24 کاتژمیر لە دانانەوە ئینجا چاو دروست دەبێت.
8. ڕۆژی دووەم/لە 25 م کاتژمیر سەرەتای دروستبونی گوێچکەکانی باڵندەن.
9. ڕۆژی سێیەم/لە کاتژمیر شەست 60 سەرەتای دروست بونی لووتە.
10. لە کاتژمێر 62 سەرەتای دروست بونی قاچەکانە.
11. لە کاتژمیر 64 باڵەکان دەستدەکەن بەدروست بون خێرای کۆئەندامی سوران زیاددەبێ.
12. ڕۆژی چوارەم/ زمان دروست دەبێت لەو ڕۆژە هەموو ئەندامەکانی لەش دیاردەبن بۆریەکانی خوێن بەچاوی ئاسایی لە دەرەوەی هێلکە بەهۆی لایتێک دەتوانرێ ببینریت.
13. ڕۆژی پینجەم ئەندامی زاوزی دروست دەبێت و جیادەکرێتەوە ڕەگەز دیاری دەکرێت و دڵ شێوەی دیاری خۆی وەرەگرێت.
14. ڕۆژی شەشەم دەنوک دروست دەبێت.
15. ڕۆژی حەوتەم لەش گەشەدەکات بەشێوەیکی خێرا.
16. ڕۆژی هەشتەم تووک دروست دەبێت.
17. ڕۆژی نۆیەم دەنوک ڕەق دەبێ و پەنجەکانی قاچ لێکتر جیادەبنەوە.

18.ڕۆژی یازدەهەم ڕیخۆڵەکان لەناو تورەگەی زەردێنە دیاردەبن بەهۆی گەشەکردنی خێراو بەرچاو.

19.ڕۆژی سێزدەهەم ئێسکە پەیکەر دروست دەبێ بەتەواوی بەشێوەی ئێسک زۆرینەی ئەندامەکانی لەش لە یەکتر دوردەکرێتەوە و لێک جیادەبێتەوە.

20.ڕۆژی چواردەهەم جوچکە یاخود کۆرپەلە دەسوڕێت.. لە تەوەری دریژی هێلکە بۆلای پانی هێلکە.

21.ڕۆژی حەڤدەهەم سەری بەتەواوی دەسوڕێنێ تاکو دەنوکی دەچێتە ژێرباڵی ڕاستی بە ئاڕاستەی بۆشایی هەوایی لای پانی هێلکە.

22.ڕۆژی نۆزدەهەم تورەگەی زەردێنە دەست بەکشانەوە دەکات جوچکە دەست دەکات بەخواردنی زەردێنەکە لە تورەگەکە وەک خۆراک بەکاری دەهێنێت.

23.لە ڕۆژی بیستەم 20 جوچکە تەواو لە ئامادە باشیدایە دەنوکی لەلای پانی هێلکە پەردەی هەواکە ئەدرینێ هەوای پێویست هەڵەمژێت و لە ماوەی 24 کاتژمیر هێدی هێدی دەست دەکات بەشکانی هێلکە بە دەنوک.



| | | |
|---|---|---|
| 10  | 11  | 12  |
| 13  | 14  | 15  |
| 16  | 17  | 18  |
| 19  | 20  | 21  |

سەیرکردن بەشێوەی ڤیدیۆ

## هێلکەی پیتێندراو (هێلکەی تەلقیح کراو)
## Fertile egg




زۆر جار بەخێوکەرانی باڵندە دووچاری کێشەی هێلکەی نەپیتێنداو دەبنەوە و ڕەنجی چەند مانگێکیان بەخەسارە دەروات بۆی لەو کێشەیە دووركەونەو و زیانمان زۆتر نەبێ وا باشە ڕەچاوی ئەو ڕێنماییانەی خوارەوە بکەین.

1. هەڵبژاردنی نێرینەیەکی باش و تەندروست و بێ کەم و کوری لە لەش و لار.
2. دابین کردنی شوێنی ڕێک و فراوان بەگوێرەی پەلەوەر و باڵندەکە.
3. ئاگادار بوون لە درێژی نینۆکەکانی پێی نێرینە کە مێینەکان ئەزیەت دەدەن لەکاتی جوت بوون بۆیە مێیەکان لە وکاتەدا سپیرمەکە بەتەواوی وەرناگرن.
4. دابین کردنی ڕووناکی کە کەمتر نەبێ لە دوازدە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا.
5. زانینی کاتی پیتاندن یان جووت کردن. پیتاندن و جووت بوون کاتێک سەرکەوتوو دەبێ سەد لە سەد کە ڕێڕەوی هێلکەدان بەتاڵ بێ و هیچ ڕێگرێک نەبێ لە پێش گەیشتنی سپێرم. ئەویش وا باشە کاتێک نێرینە جووت بکرێت لەگەڵ مێینە کە مێینە هێلکەی ڕۆژانەی خۆی کردبێ بۆ نموونە مریشک ڕۆژانە سەر لە بەیانی هێلکەی خۆی دەکات بۆیە وا پێویستە لە دوای هێلکە کردن کەلەشێری لەگەڵ جووت بکرێ بۆ ئەوەی بەتەواوی پیتاندن ڕووبدات چونکە لەدوای هێلکە کردن هێلکەدان و کۆئەندامی زاوزێ بەتەواو و خاوێنی خۆی ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی سپێرمی نوێ و سوودی لێ بینینێ
6. گونجاوی لەش و لاری نێرینەو مێینەکان لەگەڵ یەکتر لە ڕووی قیافە و حەجم و وەزن و تەمەن.
7. پێدانی خواردنی تەندروست و باش بۆ زیاتر بەهێزکردنی کۆئەندامی زاوزێ.

8. واباشترە لە باڵندەکان کە وەرزی جووت بونیان تا ڕادەیەک دیارە پێش جووت بوون نێرینەکان ڤیتامینی E ی بدرێتێ و مێینەکانیش ڤیتامیناتی هێلکەی بدرێتێ واباشترە دژە هەوکردنێکی لەگەڵ بێت بۆ هەر هەوکردنێک لە هێلکەدان و ڕێڕەوی هێلکە هەبێ سارێژی بکات.
9. پێدانی ڤیتامینی A,D3,E بە هەردوو ڕەگەز بەتایبەتی مێینەکان پێش هێلکە کردن چونکە پارێزگاری لە کۆئەندامی زاوزێ دەکات.
10. شەڕکردن لە نێوان نێرینەکان لە پەلەوەر و باڵندەدا لەکاتی جووت بوون هۆکارێکن بۆ کەم بونی سپیرم و لاوازبوونی توانای پیتاندن.
11. شوێنی تاریک و تەسک هۆکارن بۆ لاوازبوونی پیتاندن.
12. سترێس و زۆر چونە ناو پەلەوەر و باڵندە هۆکارن بۆ لاواز بوونی پیتاندن.
13. خواردنی نا هاوسەنگ و کەم و بێ تەندروست هۆکارن بۆ نەپیتاندن.
14. کۆبونەوەی چەوری و پیسایی لە کەناڵی دەرچەی پەلەوەر و باڵندە کاریگەری لەسەر لاوازی پیتاندن دەبێ.

## دیاری کردنی هێلکەی پیتێندراو و نەپیتێندراو
## Fertile و infertile




1. ڕووناکی لە هێلکەکە دەدەین یان هێلکەکە دەخەینە بەر ڕووناکی لایتێک.
2. ئەگەر خەت خەتی دەماری ورد دیار بو ئەوا پیتێندراو ە fertile ە.
3. ئەگەر خەت خەتی دەماری ورد دیار نەبو ئەوا نەپیتێندراو مو بەتاڵە infertile ە.

**چۆنیەتی جیاکردنەوەی هێلکەی پیتێندراو و نە پیتێندراو به شکاندنی هێلکەی فرێش پێش ئەوەی بکرێتە هەڵهێنەر:-**

1. هێلکەی نەپیتێندراو توخمەکەی (blastodisc) بچوکە و چرە و ڕەنگی سپیە بولقی تیادایە (bubbles) تیرەکەی نزیکەی 2 mm دەبێت بەزۆری شێوەی نارێکو پێکە و خڕی تەواو نیە
2. بە پێچەوانەوە هێلکەی پیتێنراو توخمەکەی blastoderm گەورەتر 4-5 mmدەبێت شێوەکەی خڕی ڕێکە و چرو پرترە بەزۆری ئەڵقەیەکی خڕ لە ناوەندیەتی هەندێ جار خاڵێکی سپی لە ناوەڕاستی ئەڵقەکەش دەبێت.

دەتوانیت ئەو جیاوازیە ببینیت لەکاتی تاقی کردنەوی هێلکەی مریشکێک کە تەنها بۆ خواردنە لەگەڵ هێلکەی مریشکێک کە بۆ بەرهەمی جوچکەیە بە شکاندنی هێلکەیک لابردنی هەمو توێکڵ و پەردەکانی و سپێنەکەی دانانی لەبەشی سەروی دەستتداو سوڕانی تاو توخمەکانی دەردەکەویت.

## هێلکەی دوو زەردێنە



هێلکەی دوو زەردێنە چیە و چۆن دروست دەبێت ؟ئایا دروستە بۆ خواردن؟

مریشک بەزۆر ی هێلکەی یەک زەردێنە دەکات بەڵام هەندێک جار دووزەردێنەی هەیە!!

**چۆن ئەو هێلکەیە دروست دەبێت؟**

کۆئەندامی زۆربوونی مریشک(Reproductive system) پێک دێت لە هێلکەدان (ovary) کە دووهێلکەدانی هەیە ئەوانیش هێلکەدانی لای ڕاست و چەپن کە هێلکەدانی لای چەپی بەتەواوی گەشەی کردوە و شوێنی دروست بوونی زەردێنەیە, وە جۆگەی هێلکە(oviduct)و ڕژێنەکان و چەند بەشێکی تر.

مریشک لە حاڵەتی ئاساییدا لە ماوەی 24 کاتژمێردا تەنها یەک هێلکەی لە هێلکەداندا گەشەدەکات واتە تەنها یەک زەردێنە دادەبەزێت و دەچێتە جۆگەی هێلکە و پاشان لە جۆگەی هێلکەدا بەسپێنە دەورە دەدرێت و دواتریش بەتوێکڵ و تا دەبێت بە هێلکەیەکی تەواو بەڵام هەندێک جار لەجیاتی یەک زەردێنە دوو زەردێنە لە یەک کاتدا دەچێتەجۆگەی هێلکەوە و دەبێت بەسپێنەو توێکڵ دەورەدەدرێت و دەبێت بە هێلکەی دووزەردێنە.

هۆکاری سەرەکی ئەو هێلکەیە دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێک لەوانە هۆکاری بۆماوەیی, ئەو هێلکەیە زیاتر لەو مریشکانەدا ڕوودەدات کە هێلکەدانیان بەباشی گەشەی نەکردوە (not fully mature) واتە مریشکی تازەپێگەیشتو و لە مریشکە تەمەن گەورەکانیشدا ڕوودەدات.

ئەو حاڵەتەزۆر بەكەمی ڕوودەدات بەجۆرێک لە هەر 1000 هێلكەیەک 1هێلكە دووزەردێنەی هەیە.

ئەگەری هەیە هەموو جۆرە مریشكێک لەو جۆرە هێلكەیە دابنێ بەڵام ئەوانەی ئەگەری زۆرتری هەیە ئەو جۆرانەن. Rhode Island Reds, Sussex, Leghorns

**ناسینەوەی هێلكەی دوو زەردێنە**

هێلكەی دوو زەردێنە بەوە لە هێلكەی ئاسای جیادەكرێتەوە كە قەبارەكەی گەورەترە, ئەگەر جوان وردبینەوە كەمێک درێژكۆڵەترە, بەڵام باشترین ڕێگا لێدانی لایتە لە ژورێكی تاریكدا زۆر بە ئاشكرا هەردوو زەردێنەكە دەبیندرێت .

**ئایا تەندروستە؟**

ئەو هێلكەیە هەروەكو هێلكەی یەک زەردێنە گونجاوە بۆخواردن.

**زیانی هەیە؟** بۆ ئێمە **نەخێر** بەڵام بۆ مریشكەكە **بەڵێ**

وەک وتمان ئەو هێلكەیە گەورەترە لە هێلكەی ئاسای ئەوەش كێشە بۆ هێلكەدان دروست دەكات و توشی خزان و هاتنەدەرەوەی دەكات.(Vent Prolapse)

ئەگەری هەیە ئەو هێلكە دوو زەردێنە هەردوكیان پیتێنراوبن واتە تۆوی تێدابێت بەڵام كێشەكە لەوەدایە كاتێک دەتروكێت جوچكەكان پێكەوە نوسراون واتە نەخۆشیی زگماكی دروست دەبێت بەتایبەتی لە مریشكی ماڵاندا .

## دابەزینی بەرهەمی هێلکە



1. **هۆکارەکانی دابەزینی بەرهەمی هێلکە:-**
2. **نارێکوپێکی لە سیستمی ڕووناکی**
3. **تێکچونی یان ناهاوسەنگی لە وزە و پرۆتین**
4. **زیندەوەرە پێشەنگە مشەخۆرە ناوەکیەکان** کە کرمە ئەڵقەییەکان و کرمە پانەکان دەگرێتەوە پێویستە پشکنینێک بۆ خشتەی پێدانی دژەکرمەکان بکرێت دەبێت لە هەموو 1 یان 2 مانگێکدا ئەو پشکنینە ئەنجام بدرێت.
5. **نەخۆشی بەکتیریایی کۆرایزا و هەوکردنی درێژخایەنی کۆئەندامی هەناسە**
6. **نەخۆشیە بەکتیرياییەکانی کلۆستریدیەم و ئیکۆلای** کە لەڕێگەی پیسبونی ئاو و خواردنەوە ڕوودەدەن , بۆیە دەبێت پشکنین بۆ پێکهاتەی خواردنەکەیان بکرێت بۆ هەبونی بەکتریاکانی ئیکۆلای و کلۆستریدیەم وە هەروەها پێویستە ئاگاداریشبین لە ڕوودانی نەخۆشی بەکتیریایی هەوکردن و جەراعەت دروستکردنی ڕیخۆڵە, بۆ ئەوەش بەکارهێنانی مادە ترشیەکان و ئەنتیبایۆتیک بۆ خواردنەکەیان , وە بەکارهێنانی ئاوی پاک.

**چارەسەر یان بەرگری پێش وەختە :-**

کوتانکردن بە ڕێکوپێکی لە دژی نەخۆشی ڤایرۆسیی نیوکاسڵ , لەبەر ئەوە دەبێت جۆری لازۆتا بەکاربێت بۆ بەرزکردنەوەی بەرگری لەش.

پەیرەوکردنێک بە توندو تۆڵی لە سیستمی بەڕێوەبردن و پاکوخاوێنی بۆ ئاگاداربون لە سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی هەر نەخۆشیەک.

پشکنینی ژەهری لە پێکهاتەی خواردنەکەیان پێش ئەوەی خواردنەکە بەکاربهێندرێت بۆیان, ئاگاداربون لە پیسبون و ژەهراوی بونی خواردن, بەکارهێنانی دژە ژەهر یان مادەیەک کە لەگەڵ ژەهرەکە یەک بگرێت بۆ پارێزگاری کردن لە خواردنەکەیان لەدژی هەموو جۆرە ژەهراویبونێک, فینتۆکس یەکێکە لەو مەودانەی کە لەگەڵ ژەهرەکەدا یەک دەگرێت و ژەهراویبون ناهێڵێت.

## جۆرێتی توێکڵی هێلکە و کێشەکانی و هۆکارەکانی
## Egg Shell Quality Problems and Causes



### 1. زەرد هەڵگەڕانی توێکڵی هێلکە Pale shelled Egg

پێوانەکردنی هێلکەی توێکڵ قاوەیی دیاریدەکرێت بە جۆرێتی نیشتنی بۆیەکان لەسەر چینی کیوتیکڵ کە چینی توێکڵی پێدەوترێت.

**هۆکارەکانی :-**

نەخۆشی ڤایرۆسی ئای بی , تەمەنی باڵندەکە بەتایبەت ئەگەر پیربێت, سترێس , نەخۆشی ڤایرۆسی دابەزینی هێلکە,  باشترە دەست بکەین بە بەکارهێنانی مادەیی کیمیای وەک چارەسەر بۆنمونە سەلفۆنئەواید یان نیکاربازین.

### 2. پەمەیی بونی هێلکە Pink Eggs

هێلکە بەشێوەی ڕەنگی پەمەیی یان ئەرخەوانی کاڵ دەردەکەوێت بەهۆی پەیوەست بون یان پەیوەندی چینی کیوتیکڵ لەگەڵ چینی زیادەی کالیسیۆم.

**هۆکارەکانی**

سترێس, زۆری کالیسیۆم لە خواردندا

### 3. پیسبونی هێلکە Dirty Eggs

ئەگەر توێکڵی هێلکە ڕەنگی جیقنەی وەرگرت ئەوا گرنگە کە ئاگاداری پێکهاتەی مادە خۆراکیەکان ببین کە دەبنە هۆی تەڕی یان لینجی جیقنەکە.



**هۆکارەکانی** :-

جیقنەی تەڕ, هەبوونی بڕێکی زۆر لە مادەی خۆراکی هەرسنەکراو, لاوازی تەندروستی ڕیخۆڵە, تێکچونی هاوسەنگی لە ئاو.

### 4. بە ڕەنگی خوێن بونی هێلکە Blood Stained Eggs

عادەتەن کە جوچک لە زویدا هەڵبێت هێلکەکە ڕەنگی سور وەکو خوێن وەردەگرێت بەهۆی گیرانی ناوچەی کۆم, پێوەنوسانی جیقنە بە دەرچەی کۆم, یان خۆخۆری.



**هۆکارەکانی** :-

قەڵەوی جوچک, لەدایکبونی کتوپڕی جوچک, زیادبونی زۆری درێژی ڕۆژەکان, کەمی پاکوخاوێنی لە قەفەزو کەلوپەلەکانی تر.

### 5. لەدەستدانی توێکڵی هێلکە یان نەمانی Shell less Eggs

کەوتنی هێلکەکە لەسەر زەوی و بێئەوەی توێکڵی هەبێت کە ئەو توێکڵە هێلکەکە ئەپارێزێت.



**هۆکارەکانی** :-

گەشەنەکردنی ڕژێنی توێکڵی هێلکە, نەخۆشییەکانی ئەنفلوەنزا, نیوکاسڵ, ئای بی, دابەزینی هێلکە, یان هۆکارەکانی ناتەواوی یان کەمی مادە سەرەکیەکان لە خواردندا وەکو (کالیسیۆم, فسفۆر, مەنگەنیز, ڤیتامین D)

### 6. نەرمبونی توێکڵی هێلکە Soft shelled Eggs

کەوتنی هێلکە لە سەرزەوی کە توێکڵەکەی ناتەواو بێت واتە تەنها چینێکی تەنکی کالیسیۆم نیشتبێتە سەری و دەورەیدابێت.



**هۆکارەکانی :-**

زۆری ڕێژەی فسفۆڕ لە خواردندا, سترێس بەهۆی گەرمی, تەمەنی باڵندە, ئاوی سەلاین موقەتەر, نەخۆشی کەڕوی مایکۆتۆکسین.

### 7. شکانی هێلکە Crack eggs

ئەوەش یان بەشێوەی تاڵە مویەکە شکاویەکە یان بەشێوەی ئەستێرەیی یان درزێکی گەورە.



**هۆکارەکانی :-**

سترێس بەهۆی گەرمی, تەمەنی باڵندە, ناتەواوی مادە سەرەکیەکانی خواردن وەکو (کالیسیۆم, ڤیتامین دی, مایکۆتۆکسین)

### 8. بەجۆگەلە بونی توێکڵی هێلکە Corrugated Eggs

دەناسرێتەوە بە زبری زۆر, دروستبونی جۆگەلە یان گرنجی لەسەر ڕووەکەی, ئەوەش کاتێک دەبێت کە هێلکەکە لەپڕ بکەوێتە سەرزەوی و نەتواندرێت کۆنترۆڵ بکرێت.



**هۆکارەکانی:-**

سترێس بەهۆی گەرمی, تەمەنی باڵندە, ناتەواوی مادەسەرەکیەکانی خواردن وەکو کالیسیۆم, ڤیتامین دی, مایکۆتۆکسین

9. چرچبونی هێلکە Wrinkled Eggs



هێلکەکە بەتەنکی لۆچدەبێت وە یان ڕووەکانی چرچ دەبێت.

**هۆکارەکانی:-**

سترێس, نەخۆشی ڤایرۆسی ئای بی, تێکچونی ڕژێنی هێلکە, قەرەباڵغی.

10. واتە دروستبونی پارچەیەکی زیادە لەسەر هێلکە وەکو هەوکردنێک Pimpled Eggs

واتە پارچەیەکی بچوکی ڕەقبوو لەسەر توێکڵی هێلکەکە دەبینرێ, کە توندی دروستبونەکەی پشت دەبەستێ بە هەبونی مادەی نامۆ کە دەبینرێ لە کرداری ڕەقبونی توێکڵی هێلکە.



**هۆکارەکانی:-**

تەمەنی باڵندە, ناتەواوی لە مادە سەرەکیەکانی خواردن.

11. داپۆشینی هێلکە بەچینی زیادەی کالیسیۆم Calcium Coated Eggs

ئەو چینە زیادەیە یان هەموو هێلکەکە دەگرێتەوە یان تەنها یەکێک لە کۆتاییەکانی هێلکەکە.



**هۆکارەکانی :-**

ناتەواوی لە ڕژێنی توێکڵی هێلکە, تێکچون لەکاتی پرۆسێسی یان کرداری ڕەقبونی توێکڵی هێلکە, زۆری ڕێژەی کالیسیۆم لە خواردندا.

12. نیشتنی کالیسیۆم Calcium Deposits Eggs

دەناسرێتەوە بە سپی بون و نارێکی و پەڵەپەڵە بون لە نیشتنی کالیسیۆم لە سەر توێکڵی هێلکەکە .



**هۆکارەکانی:-**

ناتەواوی لە ڕژێنی توێکڵی هێلکە, تێکچون لەکاتی پرۆسێسی یان کرداری ڕەقبونی توێکڵی هێلکە, زۆری ڕێژەی کالیسیۆم لە خواردندا.

## 13. بە خاڵ خاڵ بون یان نەخشاوی بونی هێلکە Mottled Shells Eggs

کاتێک ڕووناکی ئەبرێتە پێشەوە بۆ سەیرکردنی هێلکەکە ڕووە شەفافەکەی بەشێوەی نەخش یان خاڵ یان شوشەیی دەردەکەوێت ئەوەش لە ئەنجامی خەلەلێک لە چینی توێکڵی هێلکە کە کاتێک بەخێرایی وشک ببێتەوە .



**هۆکارەکانی :-**

شێی زۆر, نەخۆشی, مایکۆتۆکسین, کەمی مەنگەنیز, قەرەباڵغی.

## 14. شکانی توێکڵی هێلکە یان چاکبونەوەی Broken and Mended

شکان بەشێوەی لارەهێڵێک ڕودەدات لەکاتی دروستبونی هێلکە کە لە دوایدا چاکدەبێتە وە پێش ئەوەی بکەوێتە سەرزەوی.



**هۆکارەکانی:-**

سترێس لەکاتی کرداری بە ڕەقبونی توێکڵی هێلکە.

## 15. نەمانی شێوەی هێلکە یان دیارنەمانی Misshapen Eggs

هێلکەکان یان زۆر بچوکن یان گەورەن وە خڕن لەجیاتی ئەوەی هێلکەیی بێت وە جیاوازە لە شێوەیی ئاسایی هێلکە.



**هۆکارەکانی:-**

گەشەنەکردنی ڕژێنی جۆگەی هێلکە, نەخۆشیەکانی ئەنفلوەنزا, ئای بی, نیوکاسڵ, دابەزینی هێلکە, سترێس, قەرەباڵغی

## 16. دروستبونی نیشانەی سپی لەسەر هێلکە White Banded Eggs

ئەگەر دوو هێلكە بەریەكتربكەون لە جۆگە ڕژێنی هێلكە ئەوا لەو كاتەدا كرداری ڕەقبونی توێكڵی هێلكە تێكدەچێت , یەكەم هێلكە لە جۆگەكەدا دەمێنێتەوە وە نیشتوی كالیسیۆم دەكەوێتە سەری بەشێوەی نیشانەیەكی سپی.



**هۆكارەكانی:-**

ستریس, گۆڕینی وزەی ڕووناكی.

17. دووەم هێلكە كە دەچێتە جۆگەكەوە سورەكەی تەواو ناكات وەكو یەكەم هێلكە وە بەشێوەی پانبووەوە دەردەكەوێت كاتێك بەر هەرشتێك بكەوێت

. Slab sided Egg



**هۆكارەكانی:-**

Stress, Changes in lighting, Disease

ستریس, گۆڕینی وزەی ڕووناكی لەسەری, نەخۆشی

## ئامێری جوچکە هەڵهێنەر

مفقەس

Egg hatcher or incubator



ئامێرێکە بەکاردەهێندرێت بۆ هەڵهێنانی هێلکە لەجیاتی مریشک یاخود باڵندە کە بەشێوەیەکی سروشتی لەسەر هێلکەکە کڕدەکەوێت و هەڵی دەهێنێت لەماوەی تەمەنە جیاوازەکانی ڕۆژدا.

بۆ هەڵهێنانی هێلکەی چەندین باڵندە بەکاردەهێندرێت وەک هێلکەی(مریشک و قەل و قازو مراوی و نەعامە و هەوێردەو تاوس و چەندین باڵندەی جیاوازی دیکە .

چەندین قەبارەی جیاوازی هەیە ,هەیانە گەورەیە و ژمارەیەکی زۆر لە هێلکە دەگرێت و هەیانە بچوکە و ژمارەیەکی کەمتر هێلکە دەگرێت و هەیانە قەبارە مامناوەند واتە بەگوێرەی حەجمەکەی هێلکە دەگرێت.

هەندێک لە جیهازەکان بەکارەبا ئیش دەکات و پێویستە کارەبای بەردەوامی هەبێت بۆئەوەی ڕێژەی هەڵهێنانەکە سەرکەوتو بێت و هەیانە ئۆتۆماتیکیە و پێویستی بەهیچ نیە و هەندێکیان بە غاز ئیش دەکات .

**پلەی گەرمی** : گونجاوترین پلەی گەرمی لە یەکەم هەفتەدا37.5پلەی سیلیزییە پێش ئەوەی هێلکەکان بخرێنە ژوری هەڵهێنان دەبێت هێلکەکان هەڵبگێڕێنەوە یان بسوڕێنرێنەوە بەلایەنی کەمەوە لە 12 بۆ 24 سەعات بۆ گۆڕینی یان گۆڕانکاریەک لە پلەی گەرمی بۆ 37.2 پلەی سیلیزی.

بەرزبونەوەی پلەی گەرمی بۆ سەروو 40 پلەی سەدی دەبێتە  هۆی ئەوەی جوچکە هەڵهاتوەکە پەنجەکانی خواربێت وە دەنوکیشی لاربێت بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر پلەی گەرمی لە خوار 37.5لەی سەدی بێت دەبێتە  هۆی ناتەواوی لە جوچکەکە کە ملیشی خواردەبێت.

بەپێی جۆری جیهازەکەو جۆری باڵندەکە پلەی گەرمیەکەی دەگۆڕێت و زیاتر پلەی فەهرەنهایت بەکاردێت لە مەفقەسدا  بەڵام ئێستا جۆریان هەیە کە بە سیلیزییش  وەجبە داخڵ دەکەن .

**فەحسکردن ی هێلکەکان** :

یاخود (candling) لەناو جیهازەکەدا کە ئەویش لەتەمەنی 5 ڕۆژیدا بۆی دەکرێت بۆ ئەوەی بزاندرێت هێلکەکە پیتێنراوە یاخود نەپیتێندراوە.

ئەو کردارەش بریتیە لە ڕووناکیەک کە لەژورێکی تاریکدا ئاڕاستەی هێلکەکان دەکرێت واباشە ژورەکە تاریک بێت بۆ ئەوەی بەجوانی سەیری هێلکەبکرێت.

ئەگەر هاتوو هێلکەکە لە ناوەڕاستیدا  خاڵێکی ڕەش  هەبوو دەمار دەوری دابوو واتە دەمارەکان بەشێوەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەبوون بەدەوری خاڵەکەدا ئەوە هێلکەکە پیتێنراوە و ئەگەری هەڵهێنانی هەیە.

بەڵام ئەگەر وانەبوو واتە تەنها ڕەنگی زەردێنە هەبوو لەناو هێلکەکەداو دەمار (vein)نەبوو یاخود بچڕابون و خوێناوی بون  وە ژووری هەوای (air cell) جیا ببووە و بەئاشکرا دیار بوو مانای وایە هێلکەکە نەپیتێندراوە پێویستە لاببرێت لەناو جیهازەکەدا.

و دەتوانریت لەڕۆژەکانی تەمەنی 7 و 14 و 18 دا دوبارە سەیریان بکرێنەوە بۆ دڵنیابون لەوەی جەنین گەشەی کردووە بووە بە کۆرپەلە.

**ڕێژەی شێ** ئەگەر ڕێژەی شێ زۆر لەخوار 50 لە سەد بێت دەبێتە  هۆی بەرهەمهێنانی جوچکی بچوک یان ئەوەیە وا لە جوچکەکە دەکات نەتوانێت لە توێکڵەکە بێتە دەرەوە چونکە بەرگی توێکڵەکە زۆر چڕ و ڕەقبوەتەوە, وە ئەگەر ڕێژەی شێ زۆر بەرزبێت دەبێتە هۆی ئەوەی جوچکەکە گەورەو لاواز بێت وە دەبێتە هۆی نەخۆشی بەکتیریایی پەلۆرەم کە بەرهەمهێنان کەمدەکاتەوە یان بەرهەمهێنانی جوچکی بۆگەن کردوو.

| بەرنامەی پلەی گەرمی و شێ و هەڵگەڕانەوەی هێلکە لە هەڵهێنەری ئۆتۆماتیک | | | | |
|---|---|---|---|---|
| رۆژ | پلەی گەرمی Temperature F°, C° | | شێ% Relative Humidity(RH%) | هەڵگەڕاندنەوە turning |
| 1 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | نەخێر |
| 2 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | نەخێر |
| 3 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 4 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 5 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 6 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 7 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 8 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 9 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 10 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 11 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 12 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 13 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 14 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 15 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 16 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 17 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| 18 | 99.5 F° | 37.5 C° | 57%-60% | بەڵێ |
| **19** | **99.5 F°** | **37.5 C°** | **65+** | **نەخێر** |
| **20** | **99.5 F°** | **37.5 C°** | **65+** | **نەخێر** |
| 21[1] | 99.5 F° | 37.5 C° | 65+ | نەخێر |

[1] ئەو بەرنامەیە بۆ هەڵهێنەرە گەورەکان و کۆمپانیاکانی تروکاندنی هێلکە ڕێژەی شێیەکەیان بە جۆرێکی تر دەپێورێت

## پاکوخاوێنی

پێویستە تعقیم بکرێت هەڵهێنەرەکە بە فۆرماڵین بەرێژەی 1 لە سەد لەدوای هەر هەڵهێنانێک.

دەبێت بەشە گەورەکەی بۆ ڕوی لەسەرەوە بێت وە ئەو بەشەی هێلکەکەش کەتیژبوەتەوە یان بچوکبوەتەوە بۆ خوارەوە بێت , ئەوەش لەبەرئەوەی جوچکەکە بسوڕێتەوە بەدرێژایی تەوەرەکەی خۆی لە 7 مم ڕۆژدا پێش ئەوەی کە هەڵبێت یان سەروو ڕوی دەموچاوی بێتە دەر, بەو شێوەیە جوچکەکە هەڵهێنان لە هێلکەدا لە 21 مم ڕۆژ دەبێت لە هەڵهێنەرەکەدا ئەگەر هەموو بارودۆخەکان بە گونجاوی جێبەجێ کرابێت.

جوچکەکە لە هەڵهێنەرەکە دەهێندرێتە دەرەوە کاتێک بەتەواوی وشکبوبێتەوە, پاشان بەجێدەهێڵرێتەوە لە هەڵهێنەرەکەدا بۆ ماوەی 24سەعاتی تر, لابردنی جوچکەکە لە هەڵهێنەرەکەدا تەنها لەیەک ڕۆژدا دەکرێت ئەوەش بۆ ئاگاداربون لە دەرچونی گەرمی یان شێی ناو هەڵهێنەرەکە.

## هەڵگەڕاندنەوەی هێلکەکان turning of egg

هەڵگەڕانەوەی هێلکەکان بەلایەنی کەمەوە 4جار ئەنجامدەدرێت لە 24 سەعاتدا , کە بەشێوەی میلی کاتژمێر یان بەپێچەوانەی میلی کاتژمێر کە ئەو هەڵگێرانەوەیە یارمەتی دابەشبونی پلەی گەرمی دەدات لەناو هێلکەکەدا,

بەڵام واباشە هەتا تەمەنی 18 ڕۆژی بۆیان بکرێت و لەو تەمەنە بەدواوە کە نزیک دەبێتەوە لە هەڵهێنان بۆیان نەکرێت چونکە کۆرپەلە بەتەواوی گەشەی کردووە بەو هەڵگەڕاندنەوەیە کە بەدەست یاخود بە ئامێر دەکرێت دەبێتە هۆی مردنی کۆرپەلەکە.

دانانی هێلکەکان لەناو جیهازەکەدا دەبێت هێلکە سەرە باریکەکەی لەخوارەوە بێت و بەشە پانەکەی بکەوێتە سەرەوە بۆئەوەی خانەی هەواییەکەی (air cell) بکەوێتە سەرەوە.

**چەند تێبینیەکی گرنگ لەسەر ئەو هێلکانەی کە دەکرێنە هەڵهێنەرەوە:-**

1. پێویستە تەمەنی هێلکە یەک هەفتە زیاتر نەبێ چونکە زیاتر بێت نسبەی دەرچوونی کەم دەکاتەوە.
2. ئەو مریشک و کەڵەشێرانەی کە بەخێودەکرێن بۆ کردنی هێلکە بۆ ناو جیهازەکە دەبێت نێر و مێ هاوتابێت  واتا یەک مریشک یەک کەلەشێر یان دەتوانی بیکەیتە سێت واتا 2مریشک و کەلەشێرێک
3. پێویستە هێلکە بەزووترین کات هەڵبگیرێت لەشوێنی سارد (15-20)پلەی گەرمی دابندرێت.

**ئایا هێلکەی ناو سەلاجە دەبێت بکرێتە ناو جیهازی هەڵهێنەرەوە؟**

بەڵێ دەتوانیت بەڵام واباشە هێلکەکە لەبەشی خوارەوەی سەلاجە کە سندوقی هەڵگرتنی سەوزەو میوەیە دابندرێت بۆئەوەی نەیبەستێت چونکە بیبەستێت بەکەڵکی هەڵهاتن نایەت.

**بارە ناسروشتیەکانی مردن و خنکانی کۆرپەلە لەنێو هێلکەدا لە هەڵهێنەر (مفقس):-**

زۆر جار خاوەن هەڵهێنەرەکان تووشی کێشە دەبنەوە کە دەبینن لەسەرەتادا هێلکەکان بێ کێشە گەشەدەکەن و کۆپەلە گەشەی خۆی دەکات بەڵام لاناکاو توشی مردن و خنکاندنی کۆرپەلە دەبنەوە لە نێو هێلکەدا شارەزایان و لێکۆلەران بۆ ئەو دیاردەیە هەستان بە پۆلین کردنی شێوازەکان و هۆکارەکانی دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی.

**ئەو بارە ناوازنە خۆی لەشەش بار دەدات کە لە خوارەوە :-**

1. سەر لە نێوان قاچەکانی مردنی کۆرپەلە بە ڕێژەی ٪1.
2. سەر بەئاڕاستەی لا تیژەکەی هێلکە. مردنی کۆرپەلە بەڕێژەی 25%-35%
3. سەر لەژێر باڵی چەپەیە نەک لەژێر باڵی ڕاستە. مردنی کۆرپەلە بەڕێژەی ٪1.
4. دەندووک بە ئاڕاستەی دوور لە ژووری هەوایی , مردنی کۆرپەلە بەڕێژەی 10%-20%
5. قاچەکانی لەسەر سەری دەبێ , مردنی کۆرپەلە بە ڕێژەی 2%.
6. دەنوک لەسەر باڵی ڕاستەیە نەک لە ژێری , مردنی کۆرپەلە بەڕێژەی 2%

**بەڵام ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ڕوودانی ئەو بارە ناوازانە ئەوانەن :-**

1. بەرزی پلەی گەرمی لە تێکرایەکەی لە دانانەوە هەڵێنان دەبێتە هۆی دەرکەوتن و دیاربوونی باری یەکەم و سێ یەم.
2. نزمی پلەی گەرمی لە تێکرایەکەی لە دانانەوەو هەڵهێنان دەبێتە هۆی دەرکەوتن و دیاربوونی باری دووەم.
3. ناڕێکی لە هەڵگێر و وەرگێر و پیس بوونی لا بەرینیەکەی هێلکە دەبێتە هۆی دەرکەوتن و دیاربوونی باری چوارەم.

لەو بارانەی سەرەوە زۆرترین مردن و خنکان لە باری دووەم و چوارەم ڕوودەدات و هۆکارەکەشی دیارە بەڵام بۆ بارەکانی تر خێرا گەشەکردن و هۆکارە بۆ ماوەیەکان هۆکارن و ڕێژەی مردنیش تیایاندا زۆر کەمە.

## ڕوپۆشی لەشی مریشک



لەشی مریشک بە پەڕ و پێست و شانەی ڕوو پۆشکردن دەوردراوە. پەڕەکان لە پرۆتینێک دروست دەکرێن کە پێی دەوترێت کریاتین کە یارمەتی پاراستنی پلەی گەرمی لەش دەدات, پەڕەکان بە ڕێژەی لە سەدا 4 بۆ 6 ی کێشی لەشی باڵندەکە پێکدێنن وە ڕەنگی پەڕەکان هۆکاری بۆماوەییە.

**هۆکارەکانی وەرینی پەڕ لە مریشکدا :-**

CAUSES OF FEATHER LOSS IN CHICKENS:-

لە کاتێکدا ئەگەر 1 بۆ 3 پەڕ بوەرێت ئەوە حاڵەتێکی ئاساییە یان سروشتیە, بەڵام ئەگەر 3 بۆ 10پەڕ بوەرێت ئەوا کێشەیە و دەبێت ڕێگری لێبکرێت.

1. نەبونی ژمارەیەکی زۆر لە مادە سەرەکیەکانی خۆراک لە خواردندا هۆکارن لەبەردەم ناتەواوی دەرکەوتنی پەڕەکان, وەکو کەمی ترشە ئەمینیەکان, ڤیتامین B3 , ڤیتامین B9, ڤیتامین B12, تۆتیا هەمویان گرنگن بۆ تەندروستی پەڕەکان, بەتایبەتی ئەگەر بۆ نمونە ڕەنگی پەڕەکان ڕەش هەڵبگەڕێت ئەوا مانای وایە ڤیتامین D نییە لە خواردندا, کەمی ڤیتامین B2کەمی دەبێتە  هۆی هاتنەخوارەوەی پەڕەکان وە چەمانەوەی بۆ ناوەوە.

2. **جوانکردنی پەڕەکان** Preening

ڕژێنی پێرین preen gland ڕژێنێکە لە هەموو باڵندەیەک دا هەیە دەکەوێتە ناوچەی کلکی باڵندەوە , کە مادەیەکی ڕۆنی دەردەدات و بە دەنوک ئەو ڕۆنە بە پەڕەکانی خۆیان دەخشێنێن و پەڕەکانن ڕێکدەخەن.ئەوەش کاتێک دەکرێت کە مریشکەکە خاوێن بێت وە لەگەڵ بونی ئەو ڕۆنەی کە لە کۆتایی جۆگەی پەڕەکانی کلکەوە دەردەدرێت سروشتی بێت و ئاسایی بێت, ئەورۆنەی کە دەردەدرێت یارمەتی پەڕ دەدات لە دژی تەڕبون و وە یارمەتی گۆڕینی ڤیتامین دی دەدات لە خۆرەوە بۆ پێکهاتەیەکی سوودبەخش.

3. **وەرینی پەڕ** Moulting

مریشکی دایک پەڕەکانی دەوەرێت لە دەوروبەری ناوچەی پشت و سنگ و سەرو باڵەکانی, پۆپنەکانی لە ڕەنگی سوری درەوشاوەوە دەگۆڕێت بۆ زەرد وەبەرهەمی هێلکە کەم دەبێتە وە لەبەرئەوەی ڕێژەیەکی بەرزی پرۆتین بەڕێژەی 80 لەسەد بەکارهێنراوە بۆ گەشەکردنی پەڕی تازە ناتواندرێت کۆنترۆڵ بکرێت بەڵام دەتواندرێت کردارەکە خێرابکرێت بە پێدانی ڕێژەیەکی بەرزی پرۆتین بەڕێژەی 20 لەسەد بۆ خواردنەکەیان.

4. **لەکاتی هەڵهێنانی جوچک** Broodiness

لەکاتی دەستپێکردنی کرکەوتنی مریشک لەسەر هێلکە و هەڵهێنانی جوچک , مریشک دەست دەکات بەلێکردنەوەی پەڕەکانی سنگی بۆ دروستکردنی هێلانە وە بەوەش وا لە پێستی سەر سنگی دەکات کە ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی لەگەڵ هێلکەکەدا هەبێت کە ئەوەش حاڵەتێکی ئاساییە.

5. **کەڵەشێر** Roosters

کاتێک لەگەڵ مریشکدا جوت دەبێت , لە ڕێگەی دەنوکیەوە پەڕی مریشکەکە ڕادەکێشێت وە نینۆکە تیژەکانی دووبارە ئەویش دەبێتە هۆی لێبونەوەی پەڕ.

6.  **سترێس** Stress

سترێس هەروەها هۆکارێکی تری وەرینیی پەڕە لە مریشکدا, کە لە ئەنجامی نەخۆشیەوە یان زیادکردنی پەلەوەری تازە بۆ ناویان یان گەرمی زۆر یان گۆڕینی شوێنەکەیان ڕودەدات.

7.  **کەمی پرۆتین** Protein Deficiency

ئەویش دەبێتە  هۆی وەرینی پەڕ لەبەر ئەوەی پرۆتین پێویستە بۆ چاکبونەوەی شانەکان و گەشەکردنی پەڕەکان بە باشی , لەبەر ئەوە دەبێت دڵنیا بین کەخوازدنەکەیان ڕێژەیەکی باش پرۆتینی تێدایە بۆ جۆرو تەمەنەکانی پەلەوەرەکە.

8.  **لەناکاو گۆڕینی خواردن** Abrupt Change In Diet

ئەوەش دەبێتە  هۆی وەرینی پەڕ, ئەگەر پێویست بکات دەبێت وردە وردە بگۆڕدرێت بۆ ئاگاداربون لە ڕوودانی شۆک یان سترێس چونکە زنجیرەیەک کێشە لەسەرتەندروستی دروست دەکات, لە بەرئەوە پێدانی پرۆتینی تەواو و وزە بۆ خواردنەکەیان وە ڤیتامین و کانزاکان گرنگە کە بدرێت.

9.  **زیندەوەرە پێشەنگیە مشەخۆرەکان و نەخۆشیەکان** Parasites and Diseases

بەشێوەیەکی باو ئەسپێ و مشک دەبنە هۆی ئەوە, لەبەرئەوە پێویستە دڵنیابین لە بەکارهێنانی دژە مشەخۆرەکان بەشێوەیەکی دروست بۆ کردنە دەرەوەیان و وەهەروەها بنەبڕکردنی نەخۆشیە گوازراوەکان.

## 10.مشەخۆرەکانی ناو پەلەوەر H.Poultry pests

مشەخۆرەکان کە هێرش دەکەنە سەر پەلەوەر پۆلێن دەکرێن بۆ دوو جۆر

- **مشەخۆرە دەرەکیەکان** Ectoparasites

واتە ئەو مشەخۆرانەی کە لە دەرەوەی لەش دەبینرێن کە ئەسپێ و کێچ و قالۆنچەی ورد و یان مێشولەی بچوکی خوێنمژ.

کۆنترۆڵ دەکرێن لە ڕێگەی پرژاندن یان بەکارهێنانی تۆزی ماددەی کیمیایی لە کێڵگەی پەلەوەری ووو گۆڕینی زبڵ و خۆڵەکەی ژێریان لە کۆتاییهاتنی هەرپێدانێکی دانەوێڵە.

- **مشەخۆرە ناوەکیەکان** Endoparasites

ئەوانە ئەو مشەخۆرانە دەگرێتەوە  کە لە ناوەوەی لەشدان بۆ نمونە کرمە خڕەکان, کرمە پانەکان, کرمە قەفەزیەکان...هتد

کۆنترۆڵ دەکرێن لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیستمی پاکوخاوێنی بە ڕێکوپێکی لە یەکەی بەخێوکردنەکان وە چارەسەرکردن لە ڕێگەی پێدانی دەرمان.

## 11.هەوکردن و دەردانی لینجی لە ڕێگەی ناوچەی کۆمەوە  Vent Gleet

نەخۆشیە کەڕوییەکان دەبنە هۆی دەردانی شلەیەکی لینجی سپی زەردباو لە ناوچەی کۆم کە دەبنە هۆی لێبونەوەو لەدەستدانی پەڕەکان لە ناوچەی دەوروبەری کۆم, , دەتواندرێت ڕێگری لێبکرێت بە جێبەجێکردنی ئاستێکی بەرزی سیستمی پاکوخاوێنی,و پاککردنەوەی ژینگە و خواردن و ئاوخۆری و ڕێگەگرتن لە زیندەوەرە پێشەنگە مشەخۆرەکان.

**دە رکردنی پە ڕە کانی لە شی بە پێی تە مە نە جیاوازە کان :-**



1. لە تە مە نی 0 تا 3 ڕۆژی دە رکردنی گە ندە موو.
2. لە تە مە نی 3 تا 12 ڕۆژی دە رکردنی گە ندە موو **+** دە رکردنی پە ڕی باڵ.
3. لە تە مە نی 14 تا 21 ڕۆژی دە رکردنی پە ڕی باڵ **+** دە رکردنی پە ڕی پشت.
4. لە تە مە نی 21 تا 28 ڕۆژی دە رکردنە پە ڕی باڵ **+** پە ڕی پشت **+** پە ڕی سنگ.
5. لە تە مە نی 28 تا 35 ڕۆژی هاتنی پە ڕە کانی تە واوی لە شی باڕۆکە.

# ئێسکە پەیکەر

Skeletal System سەیرکردن بە ڤیدیۆ




لە ڕوی ئەناتۆمیەوە ئێسکی باڵندە ئێسکی سوکترە بە بەراورد بە  ئاژەڵەکانی تر بە مەبەستی توانای فڕین و  ئاسانکردنی هەناسەدان.  لەگەڵ ئەوەشدا مریشک توانای فڕینی زۆری نیە بە هۆی بچوکی باڵی بە بەراورد بە جەستەی , بەهۆی پانی ئێسکی سنگی.(keel)

**دوو جۆر ئێسک هەیە لە مریشک دا :-**

- **ئێسکی ئسفنجی pneumatic bone** کە ئەو جۆرە یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئاسان کردنی توانای هەناسەدان لەگەڵ توانای فڕین پێک دێن لە و ئێسکانە.
- **ئێسکی پتەو  medullary bones** کە ئەو جۆرە پاڵپشتێکی باشە بۆ دابین کردنی کالیسیۆم لەکاتی هێلکە کردندا.

- ئێسکی ئسفنجی
  pneumatic bone
  - Humerus
  - calvicle
  - sacral vertebrae
  - skull
  - keel
  - pelvic girdle

- ئێسکی پتەو
  medullary bones
  - pubic
  - ribs
  - femur
  - tibia
  - Ulna
  - toe and scapula

بربرەی پشتی مریشک پێک دێت لە 44 بربرە کە بەو شێوەیەیە.




Lacrimal
Nasal
Occipital
Incisive
Atlas
Phalanges
Metacarpus
Mandible
Quadrate
Ulna
Radius
Epistropheus
Humerus
Scapula
Crop
Ilium
Pygostyle
Clavicle
Corucoid
Ischium
Femur
Pubis
Chest bone/belly
Fibula
Tibia
Egg Sack
Metatarsus

**کۆئەندامی هەناسە**

respiratory system سەیرکردن بە ڤیدیۆ




بریتیە لە گواستنەوەی ئۆکسجین لە هەواوە بۆ سیەکان پاشان بۆ شانە و خانەکان و گواستنەوەی پاشەڕۆ و $CO_2$ لە خانەکانەوە بۆ دەرەوەی لەش , ڕێکخستنی پلەی گەرمی لەش.

سیستەمی هەناسەدانی جیادەکرێتەوە لە ئاژەڵەکانی تر  لە ڕوی پێکهاتەی سیەکان و هەبونی Air sac لەجیاتیAir space  هەروەها هەناسە وەرگرتن بە شێوەکی ناڕاستەوخۆ.

سوری هەناسەدان بە 5 قۆناغ تێدەپەڕێ کە لەهەمان کاتدا ڕوو دەدەن :-

1. o2.لە bronchi دەچێتەposterior air sac .
2. o2 .لە poserir air sac دەچێتە  ناو سیەکان  لەوێ بە CO2 دەگۆڕدرێتەوە.
3. co2.لە سیەکان دەچێتە ناوanterior air sac .
4. پاشان لە anterior air sac دەچێتە ناو bronchi پاسان بۆ دەرەوەی لەش.

# Air sac




دیواریکی خانەی تەنکی هەیە

**سوودەکانی**

1. یارمەتی دەرە بۆ فراوانکردنی بۆشای جەستە.
2. air sac.ڕێژەیەکی زۆرتر ئۆکسجین دەگوازیتەوە.
3. لابردنی بڕێکی زۆر لە گەرمی جەستە.
4. پاڵپشتی کردن و پاراستنی ئەندامە هەسیارەکانی ناوەوەی لەش.



## کۆئندامی هەرس

digestive system سەیرکردن بە ڤیدیۆ




سیستەمی هەرس بۆ هەر باڵندەیەک گرینگی خۆی هەیە بۆ هەرس کردنی خۆراکو مژینی بە مەبەستی بەردەوام بوونی ژیان و گەشەی باڵندەکە وە لە 70% بەرگری لەش لە سیستەمی هەرسدایە وە کرداری هەرس کردن لە مریشک بە گشتی 4-3.5 کاتژمێری پێویستە و لەکاتی هەرسدا زیاتر لە 20 هۆڕمۆن دەردەدات و زیاتر لە 22 ئەنزیم دەردەدرێت.

وە کە لە هێلکە دێتە دەرەوە ئەو زەردێنەیە تەواو سەرف نەبوە هێشتا لە لاشەیان دا ماوە بەشێکی دەمێنێتەوە و هەر لە سکی دا دەمێنێتەوە ئەو زەردێنەیە پڕە لە هیمۆگلۆبین و بەرگری دژی نەخۆشی لە پێشتر دا باسمان کرد کە تا تەمەنی دایکەکە زیاتر بێت جوچکەکانی باشترە بە هۆکاری ئەوەی کە گەیشتۆتە ئەو تەمەنە ڕەنگە زۆر نەخۆشی توش بوبێت و بەرگری پەیدا کردوە بۆیە زەردێنەکەی ناو لاشەی جوچکە بەرگری جوچکە بەهێزدەکات هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە پێویستە دوای دوو سەعات دەست بە ئالیک خواردن بکەن تاوەکو زوو ئەو زەردێنەی ناو لەشی سەرف نەبێت وردە وردە سەرف بێت تا بۆ ماوەیەکی زۆرتە بەرگری هەبێت(پێشتر دەیان وت کێشە نیە هیچیشی پێ نەدەین تا ڕۆژێک بای خۆی خواردنی لە جەستەدا هەیە ) بەس وەک باسمان کرد باشترە زوو سەرف نەبێت و زوو دەست بکات بە ئالیک خواردن.

**بەشەکانی سیستەمی هەرس:-**

دەنوک یاخود دەمی باڵندە کە بۆ خواردن و خواردنەوە بەکاریدەهێنێت مریشک mouth buck ددانی نیە و زمانی بەکاردەهێنێت بۆ پاڵدانی خۆراکەکە بۆ بەشی خوارەوەی دەم هەر لەبەر ئەو هۆیەشەوە پێویست دەکات خاوەن سیستەمێکی هەرسی باش بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو خواردنانەی کە دەیخوات هەرسیان بکات.

Esophagus بۆڕی خۆراکی بۆڕیەکی نەرمە ڕێڕەوی گواستنەوەی خۆراکە لە دەمەوە بۆ جیقڵدانە (crop) .

**Crop**

شوێنی زەخیرە کردنی خۆراکە خۆراک نەرمو تەڕ دەکات , دوای ئەوەی جوچکەکان گەیشتن بە هۆڵ دەبێت هەموو 2 سەعات جارێک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پشکنینی (crop filde teste) ئەگەر پڕ بو ئەوە نیشانەی ئەوەیە جوچکەکە تەندروستە, 8 سەعات دوای گەیشتنی جوچکە بۆ ناو ساڵۆن دوبارە دەبێت ئەو پشکنینە دوبارە بکرێتەوە وە لەناو crop دا هەرس کەم ڕوو دەدات لە crop ئەنزیمی ئەمیلاس هەیە کە دەکرێت لە دەمەوە هاتبێت یان لەناو خۆی دا دروستبوبێ وە ئەگەر مریشک crop ی پڕ بو لە خۆراک ئەوا تەندروستی باشە بەڵام لە کاتێک دا بەتاڵ ببێتەوە نەوەک دایم پڕ بێت و هەرسی نەکات.

لە crop بۆ پێش مەعیدە proventriculus پێش مەعیدە لێرەدا Hcl و ئەنزیمی پیپسین هەیە کە خۆراک بۆ ماوەی15 خولەک تیایدا دەمێنێتەوە.

ئەو Hcl ی کە لەproventriculus دا هەیە ترشێتیەکەی (2-2.25)= ph لێرەدا میکرۆب نیە خۆراک کەم دەبێتەوە وە هەرس بوونی خۆراک تیایدا کەمە.

ئەنزیمی پیپسین کە لەproventriculus هەیە denaturate پرۆتینەکان دەکات .

## Gizzard (سیقەتۆرە)

مریشک ددانی نیە بەڵام لە شوێنی ددان gizzard ئەو کارە دەکات کە لە کوردیدا پێی دەڵێن (سیقەتۆرە)کە دوو چینە ماسولکەیی هەیە وە پەردەیەکی زەردیشی هەیە کە ئەو پەردە لە ناودەچێت و دروست دەبێتەوە کە پارێزگاری لە چینە ماسولکەییەکە دەکات.

12بەردی تێدایە بۆ هاڕینی خۆراک لە gizzard وە لە gizzard دا پەردەیەک هەیە بەهۆی زیاد بونی ترشێتیەوە لە ناودەچێت.

## جگەر

بەهێزترین ئەندامی لەشە وە ژمارەیەکی زۆر فرمانی هەیە کە بریتین لە هەرسکردن و زیندەچالاکی و مژین , بۆ نمونە زیندەچالاکی مادە کیمیاییەکان و مژینی پرۆتینەکان و هەرسکردنی چەوری وە زیندە چالاکی کاربۆهێدراتەکان و مژینی ڤیتامینەکان.

جگەر چەند ڕەنگێکی جیاواز پیشاندەدات بەگوێرەی تەمەن و نیشتنی چەوری و دروستبونی جەراعەت تیایدا کە بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشیەکانی ڤایرۆس و مژینەوەی زەردێنە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا و چەند هۆکارێکی تریش پیشان بدات.

زۆربەی زۆری مادە کیمیاییەکان کە پێکهاتەکانی ژەهر لە خۆراک و پێکهاتە کیمیاییەکان لە بواری پزیشکیدا ئەوانیش لە جگەردا زیندەچالاکیان ڕودەدات و وە جگەر پاڵاوتنی مادە ژەهریەکانیش دەکات.

هەموو ترشە ئەمینیەکان کە لە ڕیخۆڵەدا مژینیان ئەنجامدەدرێت هەموویان بە خوێنهێنەری جگەردا تێپەڕدەبن, کە هەر لەوێدا تێکشکاندن بۆ ترشە ئەمینیە زیادەکان دەکرێت, وە هەرلەوێدا ترشی یوریا کە لە ئەمۆنیا و ئەلبومینەوە پێکدێت هەموو ئەو ڕووداوانە لە جگەردا ڕودەدەن.

وەکو گلایکۆجین کە ناوەندی زیندەچالاکی کاربۆهێدراتە دروست کردن و خەزنکردنی هەرلە جگەردا دەبێت کە ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دروستکردنی گلایکۆجین پێکەوە لەگەڵ پەنکریاسدا.

ئەو ڤیتامینانەی کە لە چەوریدا دەتوێنەوە لە جگەردا دەوژرێن و خەزن دەکرێن, دروستبونی خرۆکە سورەکان ئەوەش یەکێکی ترە لە فرمانەکانێ جگەر, هەروەها فرمانی هێشتنەوەی سیستمەکانی لەش.

## پەنکریاس

زۆربەی ئەنزیمەکانی هەرس لە پەنکریاسدا دروست دەبن لە پەنکریاسدا هۆرمۆنیinsulin دەردەدرێت کە رێژەی شەکر لە خوێندا دادەبەزێنێت وە glucagon دەردەدات کە رێژەی شەکر لە خوێندا بەرز دەکات.

## ریخۆڵە باریکە small intestine

لە سێ بەش پێک دێت کە پێکدێن




زۆربەی هەرس کردنەکان لە duodenum لە دوازدەگرێ روودەدات هەرسکردن واتە لە بەشی یەکەمی ریخۆڵە باریکە پاشان هەرسکردن و هەڵمژینی خۆراک.

لە(dednum) دوای ئەو بەشە jejunum دێت دوای ئەویش ileum دێت کە ئەویش سێ بەشە

**فرمانەکانی ریخۆڵە باریکە** small intestine

- بەرهەمهێنانی ئەنزیم کە بەژداری دەکات لە پرۆسەی هەرس .
- شوێنی هەرسکردنی خۆراکە .
- شوێنی مژینی خۆراکی هەرسکراوە .

## ڕیخۆڵە کوێرە ceca

لە ceca  ڕیخۆڵە کوێرە لەوێ ترشاندن ڕوو دەدات. ڕیخۆڵە کوێرە پێکدێت لە دووبەشی بەیەکەوە بەستراوە , ڕۆڵی ئەو بەشە یارمەتی بەرداوام بونی مەعیدە دەدات و ترشاندن ڕوودەدات بەهۆی مایکرۆبایلەکان و ئەو خۆراکانەی هەرس نەکراون لەوێ هەرس دەبن بەڵام نامژرێت و دەبێتە هۆی مژینی  ئاو زۆربەی مایکرۆبایلەکان لە ڕیخۆڵە کوێرەدا هەیە کە ئەو خۆراکانەی لە ئەندامەکانی تر هەرس نەبون لە ڕیخۆڵە کوێرەدا تێک دەشکێن بەڵام شوێنێک نیە کە بیمژێت هەر لەبەر ئەو هۆیەشەوە ئەو هەرسەی لە ڕیخۆڵە کوێرەدا دەکرێ زۆر بە سوود نیە,  volatile acid دروست دەبێت وە ڤیتامینB , Kدروست دەبن کەناتوانێ ئەوانە بمژێت بەڵکو لەگەڵ پاشەڕۆ دەیان کاتە دەرەوە هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە کە ئەو مریشکانەی لەناو کێڵگە بە شێوەی ئازاد دەژین و لەسەر ڕاخەرەکەن کەمتر پێویستیان بەدابین کردنی ڤیتامین  Kهەیە بەراورد بە ئەوانەی کە لە قەفەزدا بەخێو دەکرێن بە هۆکاری ئەوەی ئەوەی لەسەر ڕاخەرەکەیە پاشەڕۆی خۆی دەخوات هەندێک جار.

## Large intestine

ڕیخۆڵە ئەستورە بڕێکی کەم هەرسکردن و هەڵمژینی خۆراکی تیایدا ڕودەدات هەروەها ڕیخۆڵە ئەستورە کۆتا بەشە کە دوبارە هەڵمژینی خۆراک تیایدا ڕودەدات.

## Cloaca

لەو بەشەدا پاشماوەی خۆراکە هەرسکراوەکان تێکەڵ دەبێت لەگەڵ سیستەمی میزەڕۆ و هەروەها ڕەنگی جیقنەی مریشک دیاریدەکات هۆکارێکە بۆ زانینی تەندروستی مریشکەکە کە بۆ هەر ڕەنگێک لێکدانەوەی جیاوازی هەیە کە لە بەشی کوتان و نەخۆشیەکاندا بە درێژی باسی لەسەر کراوە. بینینی بابەت

## Vent

دەرچە کۆتا بەشە لە بەشەکانی سیستەمی هەرس کە لە ڕێگەیەوە جیقنەکە دەخرێتە دەرەوە

## توانای گۆڕینی خۆراک
## Efficiency of feed conversion



واتا گۆڕینی ئالیک و مادده خۆراکیەکان بۆ پێدانی یەک کیلۆ گرام گۆشت.

**ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر توانای گۆڕینی خۆراک بۆ گۆشت :-**

1. **جۆری مریشک.**
2. **تەمەن** : مریشکی گۆشت توانای گۆڕینی خۆراک لەتەمەنە بچووکەکان زیاترە وەک لەتەمەنە گەورەکان.
3. **ڕەگەز** : لە ڕەگەزێکەوە بۆ ڕەگەزێکی تر جیاوازی هەیە لە گۆڕینی خۆراک بۆ بەرهەم هێنانی گۆشت وە لە کەڵەشێر توانای گۆڕینی خۆراک بەرزترە وەکو لە مریشک.
4. **باری تەندروستی** : هەر کاتێک مریشکی گۆشت تووشی ناتەندروستی بوو ئەوا توانای گۆڕینی خۆراک کەم دەبێتەوە.
5. **سترێس** : بەبوونی سترێس دەبێتە هۆی تێکچونی باری تەندروستی مریشکی گۆشت. بە هەر جۆرێک لە هۆکارەکانی سترێس بێت ( سترێس خۆراکی , سترێس ژینگەیی , سترێس دەروونی , سترێس جەستەیی .. .)
6. بەتێکچوونی باری تەندروستی مریشکی گۆشت دەبێتە هۆی لەدەست دانی لەشی مریشک و وەپێنەدانی وەزنی گۆشت وە توانای گۆڕینی خۆراک کەم دەبێتەوە.

## ڕێگاکانی جیاکردنەوەی نێرەو مێیەی جوچکە

سەیرکردن بە ڤیدیۆ



**ڕێگاکانی جیاکردنەوەی نێرەو مێیەی جوچکە بە پەڕی باڵەکانیان :-**

جوچک لە تەمەنی 5 ڕۆژدا لە نێردا چینی سەرەوەی پەڕەکان درێژترە یان هەندێک جارێک یەکسانە بەچینی خوارەوە واتە ئەگەر پەڕی باڵەکانی وەک و یەک درێژبن و ڕێک بن ئەوا جوچکەکە نێرە Male

بەلام لە مێیەدا ریزە پەڕەکەی ژێرەوە درێژترە لە ریزە پەڕەکەی سەرەوە ئەگەر پەڕی باڵەکانی کورت و درێژبوون و هاوسەنگ نەبوو واتە ڕێکی یەکتری نەبوون ئەوە جوچکەکە مێیە Female

Female
مێ

Male
نێر





زۆرجار ئەگەر پەنجەت ببەیتە لای دەنوکی یان ملی ئەگەر نێر بێت ئەوا خۆی ڤیتو ڕێک دەکات بەڵام کە مێ بێت خۆی لادەدات و ڕوی بە ترسەوە دەسوڕێنێت. وە جوچکەی مێیە تۆزێ مات و هێمن و لەسەرخۆترن بە بەراورد بە نێرە.  وە جیاوازیان لە سەوتیش هەیە لە ڕێگەی ئەو ڤیدیۆیە دەتوانی گوێی لێ بگری سەیرکردن بە ڤیدیۆ

**سەیرکردنی هێلکەیە لە ژێر کاریگەری ڕوناکی ڕێگەیەکە کە زۆر پشتی پێ نابەسترێت**

ئەگەر خانە هەواییەکە ڕێک بەرەو خوارەوە بوو ئەوا جوچکەی ناو هێلکەکە نێرە وە ئەگەر خانە هەواییەکە تۆزێک لار بو یاخود لە قەراغدا بوو ئەوا جوچکی ناو هێلکەکە مێیە.

| مێ<br>female | نێر<br>Male |
|---|---|
|   |  |

بەشی دووەم

# بەڕێوبردنی کێڵگەی پەلەوەری

کێڵگەی پەلەوەری (دەواجن)



کێڵگەی پەلەوەری بریتیە لە شوێنی بەخێوکردنی پەلەوەر لە ماوە و مەودایەکی کەم و ڕێژەیەکی زۆر لە پەلەوەر , لەسەر زۆربوونی داواکاری لەسەر مریشک دەستکرا بە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە هەموو وڵاتانی جیهانی وە پسپۆڕ و شارەزای زۆر لەو بارەیەوە کار دەکەن تاوەکو بە زووترین کات ئەو مریشکانە گەورە بکرێن و قازانجی باش بکەن بە پێی ئامارێکی ساڵی 2020 لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 1600 کێڵگەی پەلەوەر هەیە, لەو ژمارەیەش زیاتر لە 600یان لە هەولێرە, نزیکەی 670یان لە سلێمانی و 290یشیان لە دهۆکن. ساڵانە زیاتر لە 100 ملیۆن مریشک دەخەنە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە.

لە کوردستاندا دەتواندرێت بە 45 ڕۆژ جارێک مریشکی ناو کێڵگەکان بخرێنە بازاڕ, چونکە هەر مریشکێک لەو ماوەیەدا دەبێتە 2 کیلۆ و لە ڕووی تەندروستیشەوە زۆر گونجاوە, بەڵام خاوەن کێڵگەکان دەڵێن: زۆربەی خەڵکی ئارەزوو لە مریشکی گەورە دەکەن, بۆیە 60 ڕۆژ جارێک بەرهەمەکانمان دەخەینە .

لە کوردستاندا کێڵگەی پەلەوەری بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنن بەتایبەت بۆ مریشک و قەل و عەلەشیش و قاز و هەوێردە و چەند پەلەوەرێک و باڵندەیەکی تر بەکاردەهێندرێن واتە یەک جۆر لە مەودایەکی کەمو ڕێژەیەکی زۆریان لێ بەخێودەکرێت بۆ ئەو مەبەستەی کە هەمانە بەڵام لە کوردستان بە بەراورد لە چاو پەلەوەرەکانی تر زیاتر گرینگی بە مریشک دەدرێت و زیاتر گرینگی بە بەخێوکردنی مریشکی گۆشت دراوە وەک لە مریشکی هێلکە بە هۆکاری ئەوەی ماوەیەکی کەمتری پێویستە بە بەراورد مریشکی هێلکە.

**پەیوەندیەکانی کێڵگەیەکی پەلەوەری :-**

- دکتۆری ڤێتەرنەری (بۆ پشکنین و کۆنترۆڵی نەخۆشی و کوتان).
- ئەندازیاری کوشتوکاڵ بۆ پشکنینی شێوازی بەڕێوبردن و بەخێوکردن.
- کارگەی ئالیکی پەلەوەر.
- کۆمپانیای هەڵهێنەری هێلکە بۆ جوچکەی تایبەت بە یەک مەبەست.
- سەربڕخانە (ئەگەر بە شێوەی مریشکی زیندوو نەیفرۆشرێت).

**تێبینی** وە بۆ زانین یان فێربونی شێوازی بەخێوکردن و بەڕێوبردن پێشنیاری من ئەوەیە سەریری ڤیدیۆ بکرێت بۆ زیاتر تێگەشتن لە بابەتەکە هەر لەبەر ئەو هۆکارە بۆ هەر جۆرێک لە بەخێوکردن و ئەو شوێنانەی کە پێویستە ببیندرێت لەو کتێبە بەشێوەی لینک ڤیدۆکانم داناوە.

بەڕێوبردنی پرۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەری بەشێوازێکی ڕاست و زانستی و ستاندارد بەشێوەیەک

کە بتوانی باشترین جۆری جوچکە هەڵبژێریت بۆ ناو کێلگەی پەلەوەریەکەت و پاک و خاوێنی بپارێزیت و پێدانی خۆراکی نمونەیی بە پەلەوەر ,هەروەها کوتان Vaccination ی جوچکە لەکاتی خۆیدا.

**جۆری بەخێوکردن**

لە جۆری بەخێوکردن لەلایەن مرۆڤەوە کێڵگەوانەکە هەوڵدەدات کرداری بەخێوکردنەکە وەکو دایکە مریشکەکە لێبکات واتە بەشێوەیەکی سروشتی لێبکات ئەویش بەدابینکردنی سەرچاوەی گەرمی , ئاو , خواردن, وە پێویستە پزیشکی ڤێتەرنەری سەرنج بداتە جوچکە تازە لەدایک بووەکان.

هەر جۆرێک لە مریشک کە ئێمە بەخێوی دەکەین کاتالۆگی تایبەت بە خۆی هەیە بۆیە پێویستە هەر بەخێوکەرێک زانیاری تەواوی لەسەر ئەو جۆرە هەبێ کە بەخێوی دەکات.

**جۆرەکانی بەخێوکردن :-**

1. Back- yard واتە بخێوکردن بە شێوەی ئازاد وەک ڕابردوو کە لە لادێکان بەخێو کراوە.



2. Intensive system واتە بەخێوکردنی مریشک لە کێڵگە کە دەبێتە دوو جۆر :-

- Cage system واتە بەخێوکردن لە قەفسدا .





- Deep litter system واتە بەخێوکردن بە شێوەی ئازاد لە کێڵگەدا .





## یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرنەری و کارمەندی بەڕێوەبردنی کێڵگە





### یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرنەری

هەروەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت یاریدەدەرێکی(Vet Assistant) سەرەکی پزیشکی ڤێتێرنەرییە, تیمی سەرکەوتوو بێ ئەو نابێت , ئەوەش کۆمەڵێک لە ئەرکەکانی

1. پێدانی زانیاریی بە خاوەن ئاژەڵ لە هەموو ڕوویەکەوە.
2. پێدانی دەرزی و دەرمان هەروەها بۆ هۆشکەرەکان و کوتان.
3. وەرگرتنی تیشک و ئەنجامدانی چەند تاقیکردنەوەیەکی تر.
4. یارمەتیدانی پزیشکی لەکاتی نەشتەرگەرییەکاندا.
5. ئەو پەرستاری ئاژەڵانە و یارمەتی ئاژەڵەکە دەدەن چ لەڕوی جەستەی و پاکژکردنەوەی شوێنەکەی چ لە ڕوی دەرونیەوەوە تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی ئاژەڵەکە و زمانی جەستەی.

## کارمەندی بەڕێوەبردنی کێڵگە

کاری کارمەندی بەڕێوەبردنی کێڵگە بریتیە لە چاودێریکردنی پلەی گەرمی و شێ و کاتی ئالیک خواردنیان و زوو دەست نیشانکردنی نەخۆشی و لابردنی مرداربووەکان لەناو کێڵگە و کۆنترۆڵکردنی پەلەوەرەکان بۆ ئەوەی شەڕنەکەن و یەکتری نەخۆن,وە پشکنینی ئاوخۆری و دانخۆریەکان و هاندانی پەلەوەرەکان بۆ ئەوەی ئالیک بخۆن وە پارێزگاری کردن لە تەندرووستی پەلەوەرەکان و ڕێگەنەدان بەو کەسانەی کە تەعقیم نەکراون واتە ڕێگەگرتن لە گواستنەوەی نەخۆشی لە مرۆڤەوە بۆ پەلەوەر یان لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر. وە ئەگەر سیستەمی کێڵگەکە کۆن بێت ئەرکو زەعمەتی زۆرترە بەڵام کە کێڵگەکە بەشێوەیەکی پێشکەوتو دروستکرابێت ئەوا ئەرکی کرێکار کەمترە لەبەر ئەوەی ئامێرەکان بە ئۆتۆماتیک کاردەکەن .

### ئەو هۆکارە بەڕێوبردنیانەی کە دەبێتە هۆی گواستەوەی نەخۆشی و مردنی پەلەوەرەکان

1. نوستن و بێ ئاگایی کارمەندی بەڕێوەبردنی کێڵگە,زۆر نموونە هەیە نوستن و بێ ئاگایی کارمەند بۆتە هۆی مردنی هەموو مریشکەکان وەک ئەو ڤیدیۆیە.
2. خراپی سیستەمی کارەبا کە زۆرجار دەبێتە هۆی شۆرتکردنی کارەبا و سوتان و خنکانی هەموو پەلەوەرەکان.
3. دروست بوونی گازە زیانبەخشەکان بەهۆ خراپی لە بەڕێوبردنی ئاو و ڕاخەر.
4. خراپی لە بەڕێوبردنی پلەی گەرمی لە زستان و هاویندا.
5. گرینگینەدان جلوبەرگی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی دێن بۆ کێڵگە تەعقیم نەکردنی خۆیانو سەیارەکانیان.

### پێداویستیەکانی کارمەندی بەڕێوبردنی کێڵگە پەلەوەریەکان و کۆمپانیاکانی هەڵهێنەری هێلکە


Gloves


Gumboots


Overall


Nose Masks


Googles

## ئەو خاڵانەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێن لە دروستکردنی کێڵگەی پەلەوەری




1. هەموو ئامادەکاریەک بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمەکەمان بپارێزین لە نەخۆشی لەهەموو هەنگاوێکدا بۆ کێڵگەی پەلەوەری دەبێت بتوانین ژینگەی ڕەخساو دابین بکەین بۆ ئەوەی بەکەمترین تێچوو زۆرترین بەرهەممان هەبێت.
2. دەبێت بە بەردەوامی چاودێری مریشکی گۆشت بکرێت بۆ ئەوەی هیچ گرفتێک لە ڕێی توانای گۆڕینی خۆراک و گەشەدا پەیدا نەبێت.
3. ژیانی باڵندە پارێزراوبێت لە سەگ و پشیلەو مار و جرج و هەندێک لە مشەخۆر و قرتێنەرەکانی تر بەتایبەت مشک.
4. جێگەی بەخێوکردنی مریشک باشترە 5 بۆ 6 کیلۆمەتر دوربێت لە شار بە هۆکاری ئەوەی زەوی لە نزیک شار گرانە دووەم ژینگەی شار پیسترە و بوونی دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو و بەهۆی بونی ئۆتۆمبێل و کارگەکان و بە کە دەبنە هۆی  گواستنەوەی نەخۆشی و هەم دەرچونی بۆنی ناخۆش لە کێڵگەی پەلەوەری هەر لەبەر ئەوەشە ڕێگە پێدراو نیە لە ناو شاردا بێت .
5. جێگەی بەخێوکردنی مریشک دەبێ ڕێگەکەی باش بێت و بە ڕێگای سەرەکیەوە پەیوەندی هەبێت تا بتوانین بە ئاسانی مریشکەکانمان بفرۆشین یاخوت هێنانی کەلوپەلی پێویست و هێنانی ئالیک لە کارگەوە.
6. شوێنێک بێت دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوی لێ نەبێت لەبەر ئەوەی مریشکەکان هەم دەترسن هەم جوڵەیان زیاتر دەبێت.
7. نزیک نەبوون لە تر و کێڵگەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر بە هۆکاری ئەوەی نەخۆشی نەگوازرێتەوە بۆ مریشکەکانمان لە ڕێگەی مێش و مێرولەکان و هەوا.

8. نابێت لە نزیک ماڵان دابندرێت هەم لەبەر هۆكاری پاكوخاوێنی هەم دەبێتە هۆی ئازاردانی ماڵەكانی دەوروبەری.
9. كاتێک درز لە دیوار یان لە ئەرزەكەمان بینی دەبێ پڕی بكەینەوە تاوەكو ئاو دزە نەكاتە ناویەوە دەستبەجێ دەبێت داپپۆشین بە مادەیەكی گونجاو.
10. پێویستە شوێنێک بێ زۆر بای لێ نەدات.
11. دور بێ لە شوێنی گشتی.
12. دوربێت لە جادە لەبەر ژاوە ژاوو دوكەڵی ئەكزۆزی ئۆتۆمبێل.
13. نرخی زەویەكەی هەرزان بێت.
14. بونی سەرچاوەی ئاوی شیرین لەو شوێنە.
15. كارەبا و سوتەمەنی نزیک بێت.
16. نابێ لە شوێنی بەرز بێت و نابێت لەناو دۆڵ بێت.
17. نزیک كارگەی كیمیایی نەبێت دور بێت لە دوكەڵی زیانبەخش.
18. جۆرە مەوادێک بەكار بهێندرێت بە لەچاوگرتنی پلەی گەرمی و ساردی شوێنەكە.
19. پێویستە مەوادێک بەكاربێنین ئاسان بێت بۆ شۆردن.
20. بە هیچ شێوەیەک نابێ (قیر )بەكار بهێندرێت.
21. سەقفكەی دەبێت لێژایی هەبێت بۆ ئەوەی ڕێگرێ لە دلۆپەكردنی ئاو لە سەقفەكان بگیرێت
22. بەشێوەیەک دروست بكرێت ڕێگری لە هاتنە ژورەوەی مشک و جورج بكات لەبەر ئەوەی دەبنە هۆی نەخۆشی چونكە بەكتریا دەهێننە ژورەوە, بۆڕێگری كردن لە هاتنیان وردە شوشە یاخود هاڕاوەی شوشە لەگەڵ چیمەنتۆ لێک دەدەین تا نەتوانن كونی بكەنو هاتوچۆ بكەن
23. باشترە بەرزی سەقفەكە كەمتربێت لە ناوچەی سارد باشترە 3 مەتر بێت. بەڵام لە شوێنی گەرم بەرزیەكەی 4-3.5 مەتر بێت باشترە.
24. ڕێگری بكات لە لافاو بۆ ناو كێڵگە.
25. دەرگایەكی بەهێزی هەبێت كە كلیل بدرێت .
26. زێراب و ئاوەڕۆی باشی هەبێت لە دەوروبەری كە پارێزگاری دەكات لە ڕوودانی لافاو .
27. دانانی ڕیزبەندێكی بەدار دروست كراو بۆی پەلەوەر و باڵندەكان شەوان یان كاتی پشوو دان لەسەری هەل بنیشن ئەوەش زۆر سوودی دەبێ بۆ پاک ڕاگرتنی شوێنەكەو و زانینی شكل وشێوەو ڕەنگی جیقنە (پاشەڕۆی) پەلەوەر و, باڵندەكان .

**پێش ئەوەی جوجکە داخیلی کێڵگەی پەلەوەری بکەیت دەبێت ئەو ئامادە کارییانە بکرێت:-**

1. هەڵبژاردنی باشترین جۆری جوجکە Type of chicks دەبێت باشترین جۆری جوجکە داخیلی کێڵگەی پەلەوەری بکەیت لە ڕووی باشی کوالێتی و مەناعەی بەرز بێت و بە کەمترین خواردن زۆرترین وەزن بدات.
2. خاوێنی Cleanness ئەو کەسەی کە بەڕێوەی دەبات دەبێت بەخاوێنی کارەکانی بکات چونکە هەر هۆکارێکی پیسی کارمەندان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەی تەندروستی.
3. پاکژکردن Sterilization دەبێت خاوەنی کێڵگە بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمی هەبێت , دەبێت هەول بدات پاكژکردنی ناو هۆڵ و دەرەوەی هۆڵ و کەل و پەلەکان و هەروەها پاکژکردنی دەست و پێلاوی کارمەندان و کرێکارانی ناو کێڵگەی پەلەورەی بکرێت و هەروەها پاکژ کردنی هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەی دێنە نزیک کێڵگەی پەلەوەری بکرێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی سەر هەڵدانی نەخۆشی.
4. بەکارهێنانی ڕاخەری کارتۆنی و یان ووردە داری نوێ و وشك لەکاتی گەرما بە هیج شێوەیەك هەڵگێیڕ و وەڵگێڕ نەکرێت.
5. گوونجاندنی پلەی گەرمی Temperature لە گەڵ داخیل بونی جوچکە بۆ ناو کێڵگەی پەلەوەری پاشان بە پێی هەلسوکەوت لەگەڵ تەمەنی جوچکە تا مریشک.
6. شێ (Humidity) ناو کێڵگەی پەلەوەری دوای ئەوەی جوچکە داخیلی هۆڵ دەبێت.
7. ئاڵوگۆڕی هەوا Ventilation ڕاگرتنی جەوی هۆڵ بۆ بێزار نەبونی جوچکە و ڕێکخستنی کوالێتی هەوا.
8. ڕووناکی light

## کێڵگەی پەلەوەری مریشکی گۆشت



**بەخێوکردن لە قەفەس دا** سەیرکردن بە ڤیدیۆ **بەخێوکردن بە شێوەیەکی ئازاد** سەیرکردن بە ڤیدیۆ

مریشکی گۆشت واتە جۆرێکی تایبەت بە بەرهەمی گۆشت کە پسپۆڕانی تایبەت بە بواری بۆماوە زیاتر کاری لەسەر دەکەن تا جۆرێک بەرهەمبێنن کە لە ماوەیەکی کەم وەزنێکی زۆر بدات و توانای بەرگری دژی نەخۆشیەکان هەبێت و ئارام و لەسەرخۆ بێت و توانای گۆڕینی خۆراکی باش بێت, مریشکی گۆشت لە کوردستاندا زیاتر بەشێوەی مریشکی زیندو دەفرۆشرێت و بەسەر دوکانەکان دابەش دەکرێت کە ئەوەش باش نیە لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی بۆ مرۆڤ بەتایبەت ئەنفلۆنزا هەر لەبەر ئەو هۆکارە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتەکان فرۆشتنی مریشکی زیندو قەدەغەیە.

بەخێو کردنی مریشکی گۆشت ئەگەر بەشێوازێکی ڕاست و زانستی ئەنجام بدرێت دەبێتە هۆکاری ڕاستەوخۆی سەرکەوتنی پرۆژەکان , لەبەر ئەوەی لەو پرۆژانەدا لە ڕووبەرێکی بچووکی داخراودا ژمارەیەکی زۆر پەلەوەر زیندووی خێرا لە گەشەی تێدا بەخێو دەکرێت. بەخێوکردنی مریشکی گۆشت ماوەیەکی کەمی دەوێت بۆ خستنە بازار و ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی بەخێو بکرێن سەرمایەیەکی زۆر باش دەبێت بۆخاوەنەکەی.

هەر جۆرێک لە مریشک کە ئێمە بەخێوی دەکەین کاتالۆگ یاخود کتێب و ناملکەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ بەڕێوبردن و بەخێوکردن و هەڵهێنەری هێلکە بۆیە پێویستە هەر بەخێوکەرێک زانیاری تەواوی لەسەر ئەو جۆرە هەبێ کە بەخێوی دەکات وەک ئەو وێنەیەی خوارەوە .















## ئەو کەلوپەلو پێداویستیانەی لە کێڵگەی پەلەوەریدا بەکاردێت

کەلوپەل وپێداویستیەکان ئەو ئامرازوو ئامێرانەن کەلە هۆڵەکانی پەلەوەردا بەکاردەهێنرێن و کار بۆ ئەوە دەکەن کە ژینگەو دەوروبەرێکی گونجاو بۆ بەخێوکردن دابین بکەن.






لەساڵی 1958 دا وەزنی مریشک لە 56 ڕۆژیدا دەگەیشتە 905 گرام. لەهەمان کاتدا بۆ دەست کەوتنی 1000 گرام گۆشت پێویستی بە 2330 گرام ئالیک هەبوو.

لەساڵی 1978 دا وەزنی مریشک لە تەمەنی 56 ڕۆژیدا دەگەیشتە 1808 گرام. لەهەمان کاتدا بۆ دەست کەوتنی 1000 گرام گۆشت پێویستی بە 2000 گرام ئالیک هەیە.

لەسەڵی 2005 دا وەزنی مریشک لە 56 ڕۆژی دا دەگەیشتە 4202 گرام. لەهەمان کاتدا بۆ دەست کەوتنی 1000 گرام گۆشت پێویستی بە 1650 گرام ئالیک هەیە .

واتا توانراوە لەسەر وەزنی لەشی مریشک بەکەمترین خواردن زۆرترین وەزن بدات.

| ڕۆژ | 1958 | 1978 | 2005 |
|---|---|---|---|
| 1 |   |   |   |
| 28 |   |   |   |
| 56 |   |   |   |

## کێڵگەی پەلەوەری مریشکی هێلکە




پەروەردەکردن و بەخێوکردنی مریشک بەگشتی و مریشکی هێلکە بەتایبەتی سوودێکی گرنگی ئابوری و خۆبژێوی زۆری هەیە جا بۆ هەڵهێنان بێت یان بۆ خواردن کە وەک گۆشت و هێلکە سەرچاوەیەکی باشی پرۆتین و چەوری و کانزاکان و هەندێک لە ڤیتامینەکانن.

وەک چۆن بەخێوکردنی مریشکی گۆشت کە بەشێوەیەکی زانستی و پێشکەوتو ئەنجام بدرێت دەبێتە هۆی قازانج بەهەمان شێوە لە مریشکی هێلکەشدا وایە .

بەخێوکردنی مریشکی هێلکە بە شێوەی قەفەز
لە کێڵگەی پەلەوەری بەتایبەت ئەو کێڵگانەی بەشێوەیەکی سەردەمی دروست دەکرێن کە هەموو کارەکان بە ئۆتۆماتیکە وەک ئاوخۆریەکەیان کە زیاتر نیپڵ بەکاردێت هەم لە دانخۆریەکەیان کە تایبەت بە کێڵگەی پەلەوەری مریشک بەکاردێت وە ئەو ڕیقنە و پاشەڕۆیەی کە لە مریشکەکانەوە دەردەچێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک لە ژێریان دەخرێتە دەرەوەی کێڵگەکە واتە هیچ ماندوبونێکی ناوێت.

بەڕێوبردن و بەخێوکردنی مریشکی هێلکە ئاسانترە لە مریشکی گۆشت بەڵام کاتی زیاترە. لە کوردستاندا زیاتر مریشکی هێلکە هاوردە دەکرێت لە وڵاتانی تر وەک بەلجیکا و هۆڵندا و فەرەنسا کە ڕەچەڵەکیان تایبەتە بە بەرهەمی هێلکە ,هێلکەکە لە دەرەوەی وڵات دەهێندرێت بۆ کۆمپانیاکانی هەڵهێنەری هێلکە وە بۆ ئەو کێڵگە پەلەوەریانەی کە هەڵهێنەریان نیە باشترە هەر لە کوردستان جوچکەکان بکرن نەوەک لە ئێران یان لە وڵاتان بهێندرێت لەبەر ئەوەی بڕوا پێکراوترە هەم بۆ تەندروستی جوچکەکان خراپە لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر لە بارهەڵگرەکان دەمێننەوە لە کاتێکدا لە سەرەتاکانی تەمەنیاندان کە تەمەنێکە پێویستە گرینگیەکی زۆریان

پێ بدرێت لە هەموو ڕوویەکەوە سەلامەتترە لەبەر ئەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی کە نەخۆشی لە وڵاتێکی تر بگوازێتەوە.

وە لە کاتی هێنانیان بە ئامێری تایبەت فەحس دەکرێن و پشکنینیان بۆ دەکرێت و ماوەی 21 ڕۆژ لە هەڵهێنەردا دادەندرێت .

دواتر دەگوازرێتەوە بۆ کێڵگەی پەلەوەریەکان و بەخێودەکرێت بۆماوەی 120 ڕۆژ دوای ئەو ماوەیە دەیانبەنە شوێنی بەرهەم واتە کاتی هێلکە کردنیانە وە لە کێڵگەی پەلەوەریدا بەخێودەکرێن وە لە کێڵگەی پەلەوەری مریشکی هێلکە بەشێک هەیە بە ناوی (موبا).

موبا ئەو شوێنەیە کە ئەو هێلکانەی کە مریشکەکان کردویانە دەچێت بۆ ئەو شوێنە هەر لەوێ دەخرێنە ناو تەبەقەی تایبەت بە هێلکە وە هەر لەوێ قیاسی هێلکەکان جیا دەکرێتوە لەبەر ئەوەی مریشکەکان هەموویان هێلکەکانیان وەک یەک نین و چەند قیسێکیان هەیە وەک (S,L,XL,XXL).

وە بۆ ڕەنگەکانیشیان بە پێی کاڵی و تۆخی لە هێلکەی قاوەیی دیاری کراوە وەک ئەو وێنەیەی خوارەوە




هەر لەو شوێنە ئەو هێلکانەی کە پیسن یان پەڵەی زۆریان لەسەرە یاخود شێوەکەی نائاسایی و نارێکە لادەبردرێن و دواتر بارهەڵگرەکان دەیگوازنەوە بۆ بازاڕ و فرۆشگاکان.

پێویستە لە هەموو کاتێکدا تەعقیم بۆ ئەو کەسانەی دێنە ناو کێڵگە یاخود ئەو سەیارانەی کە دێن بۆ ناو کێڵگە یاخود حەوزی پێڵاو کە لە کێڵگەی پەلەوەریەکان دەبیندرێت کە پێویستە بۆ ئەو کەسانەی دێنە ناو کێڵگە تەعقیم بکرێن .

## سوودەکانی پەروەردەکردنی مریشکی هێلکە :-

1. سەرچاوەی داهاتی کەسی و کۆمەڵگان و دەبێتە هۆی بەشێک لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراک.
2. سەرچاوەی دەوڵەمەندی توخمە خۆراکیەکانن وەک پرۆتین و چەوری و کانزاکان و ڤیتامینەکان.
3. خواردنی هێلکە مێشک و خانە و پەیکەری لەش بەهێزدەکات و ووزەیەکی باش بە لەش دەدات.
4. پرۆژەکانی هێلکە زیاتر تەواوکاری ترن و کارمەند و ئەندازیاری زیاتریان ئەوێت بەوەش دەستی کاری ناوخۆی چالاکتر دەبن.
5. هێلکەی خواردن زووتر ئەفرۆشرێت و کاری دوای فرۆشتنی ئاسانترە وەک هەڵهێنان و پرۆژە گۆشتیەکان گرانتر نیە.
6. لەڕووی پاراستنی بۆماوەی مریشکەکانەوە کاریگەریەکی زۆریان دەبێت لەکاتی پرۆژەی هەڵهێناندا.



**بەخێوکردنی مریشک لە شێوەی کولانە**

بەکارهێنانی ئەو جۆرە سیستەمە زیاتر بۆ فرۆشتنی هێلکەی خواردن  نیە بەڵکو کەڵشێرو مریشک لەوێ بەخێودەکەن و جوت دەبن و مریشکەکان هێلکە دەکەن ,و هەر لەو شوێنە ئامێری هەڵهێنەری لێیە کە دواتر جوچکەکان کە لە هێلکە هاتنە دەرەوە هەناردەی کێڵگە پەلەوەریەکانیان دەکرێن.



ئەو جوچکەی کە دواتر دەبێتە دایکانە(ئومەهات) بە تێپەڕبونی 6 مانگ بەسەر تەمەنیاندا دوای بەکارهێنانێکی خواردنێکی زۆر و کوتانێکی زۆر دەبنە مریشکی دایکانە و دەست دەکەن بە هێڵکە کردن هێلکەکانیشیان دەنێردرێنە هەڵهێنەر و دواتر جوچکەکانیان دەبنەوە مریشک و بەڵام ئەوجارە سوود لە گۆشتەکەی یاخود هێلکەکەی وەردەگیرێت.

مریشک چەندینن جۆر و خێزانی هەیە کۆمپانیاکانی بواری مریشک لە وڵاتانی پێشکەوتو تاقیکردنەوە لەسەر مریشکەکان دەکەن دەستکاری لە جینەکانیان دەکەن تاوەکو مریشکێکی سوودبەخش بەرهەم بهێنن وە ببێتە هۆی داهاتێک بۆ بەخێوکەرەکەی وە گۆشت و هێلکەیەکی باش و تەندروستیش بدات بە کڕیارەکان.

دوای ئەوەی کە سەرکەوتو دەبن لە گۆڕینی جینەکان مریشکێکی بەسوود بەرهەم دەهێنن دواتر هێلکەکانی دەخرێنە بازاڕ  و خاوەن کێڵگەکانیش سوودی لێ وەردەگرن و دەیکڕن و بازرگانی پێوەدەکەن وە مریشک لە هەر جۆرێکدا باوان و دایکانە مریشکی گۆشت یان هێلکە هەیە.

دوای تێپەڕبونی 24 هەفتە مریشکەکان دەچنە ناو شوێنە تاریکە تایبتەکانی کێڵگە هێلکە دەکەن لەبەر ئەوەی مریشک حەزی لە هێلکەکردنە لە شوێنی تاریکو بەرز وە  حەز ناکات

مرۆڤیش ببیینێت وە لەو کێڵگانە هەر مریشکێک نزیکەی 64 هەفتە دەمێنێتەوە و دوای 24 هەفتە دەست دەکات بە هێلکە کردن, وە کاتێک مریشک دەگاتە ئەو تەمەنەی کە ناتوانێت هێلکە بکات ئەو مریشکان دەخرێنە بازاڕ کە لە کوردستان بەو جۆرە دەڵێن ئومەهات کە بە پیری و قەڵەویەکەی دەتوانین بیناسینەوە.

وە لەو کێڵگانە بۆ هەر 10 مریشکێک یەک کەڵەشێر دادەندرێت واتە ژمارەی مریشکەکان زیاترە وە بە شێوەیەکی سروشتی پێویستە جوت بون ڕوو بدات , وە پلەی گەرمی لە کاتی بەرهەم باشترە 20-22 پلە بێت لە کێڵگەکەدا.

وە لەبەر ئەوەی لەو جۆرە کێڵگانە مریشک و کەڵەشێر بەیەکەوە بەخێودەکرێن  پێویستە خواردنی کەڵەشێر و مریشکەکە جیاواز بێت لە ڕوی پێکهاتەی ئالیکەکە هەر لەبەر ئەوەشە جیا دەکرێنەوە بە 3 ڕێگا.

لە دانخۆری زنجیرەیی وەک لە وێنەکەی خوارەوە دیارە کە سەری کەڵەشێر ناچێتە  ناو بۆ ئەوەی بتوانێت ئالیکەکەی بخوات.



لە جۆری ئۆتۆماتیک بە هەمان شێوە سەری کەڵەشێرەکە سەری ناچێتە ناو دانخۆریکە بۆ ئەوەی ئالیکەکە بخوات.



وە دەتواندرێت ئەو دوو خاڵەی سەرەوە دابین بکرێت تەنیا بۆ مریشک واتە کەڵەشێر نەتوانێت ئالیکی مریشکەکە بخوات دواتر لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دانخۆریەکان ئالیک بدرێت بە کەڵەشێرەکان .

## بەخێوكردن بەشێوەی سروشتی



بەخێوكردنی مریشكی هێلكەیە بە شێوەی ئازاد كە قاعەكەكەیان تەنیا لە سەقفێك پێكهاتوە كە لە ڕوی ئابوریەوە سەرمایەیەكی كەمی پێویستە بەبەراورد بە كێڵگە پەلەوەریكانی تر

ئەو جۆرە كێڵگەیە زیاتر لە شوێنە گەرمو نیمچە گەرمەكان بەكاردێت وە دەتوانین لە هاوینان تەنیشتەكەنیان بكەینەوە وە لە زستاندا بۆ گەرمبونی ناوەوە دایان بخەین وە ئەگەر جەوەكەی گەرم بوو ئەوا ئاو پرژێنەكان fogger لە سەقفەوە دەپرژێندرێت بۆ فێنك كردنەوە هەوایەكە.



مریشك بەشێوەیكی سروشتی و ئازاد بەخێودەكرێت و ئەو جۆرە سیستەمە هەوا گۆڕكێیەكان و كارەبای ناوێ تەنیا بۆ ڕوناك كردنی بۆ ئەوەی مریشك دانخۆری و ئاوخۆریەكەی ببینێت بۆ ئەو مەبەستەش دەتواندرێت كارەبا دابین بكرێت لە ڕێگای خۆرەوە كە 2 بۆ 3 ئەمپێری پێویستە بۆ ڕوناكی .



ئەو پرۆژانە بە نزیكی 2 بۆ 3 هەزار مریشك دەهێندرێت و لەو مەودایەدا بەخێودەكرێت باشترە دوور بیێت لە شارو كێڵگەی پەلەوەری وە دانخۆری و ئاوخۆریەكان و شوێنی تایبەت بە هێلكە كردنیان لە ناو قاعاكە هەیە تەنیا بۆ ژیانی سروشتی خۆی دەچێتە دەرەوە كە سەوزە و كرم دەخوات و ژیانی سروشتی خۆی دەژیەت وە دەوروبەری قاعەكە دەكرێت بە وێنجە یاخود هەر سەوزەیەكی تر .

جۆرە مریشکێک لە پرۆژانە بەخێودەکرێت کە لە توانایاندا هەیە لە ژینگەی دەرەوە تا پلەی گەرمی 45 تەعامول بکەن .




هێنانی ئەو مریشکانە بۆ کێڵگە بەشێوەی عازریە واتە تەمەنیان 20 بۆ 22 هەفتەیە وە مریشکەکان هەموو کوتانەکانی بۆ کراوە وە زیاتر دوو جۆر مریشک لەو جۆرە سیستەمە بەخێودەکرێت جۆرێکیان hyline کە هێلکەی قاوەییدەکەن لە کوردستان بێ جیاوازی لە جۆری ڕەچەڵەکەکەی پێی دەوترێت مریشکەسورە وە ئەو جۆرە لەو سیستەمە بەکادەهێندرێت کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەخێودەکرێت کە ساڵی 300 هێلکە دەکات و ڕۆژی 70گرام ئالیک دەخوات وە ئەو جۆرە مریشکە کڕ ناکەوێت لە دوای کردنی 300 هێلکە ماوەیەک هەیە پێی دەوترێت molting کە پەڕی دەوەرێنن گۆڕانکاری لە خواردنەکەیدا دروست دەکرێت و دوای ئەو ماوەیە دەست دەکات بە بە هێلکە کردن بۆ ماوەی ساڵێکی تر وە لەو کاتەدا هێلکەی گەورەتر دەکات وە هێلکەی ئەو جۆرە مریشکانە لە بازاڕدا گرانترە وە دوای ئەو دوو ساڵە مریشکەکان کە توانای هێلکە کردنیان نامێنێت دەنێردرێنە بازاڕەوە و دەفرۆشرێن وەک مریشکی گۆشت.

## مریشکی دایکانە(ئومەهات)

ئەو مریشکانەن کە وەزنیان زۆرەو لە تەمەنیشان زۆرە کە ئامانجی سەرەکی بۆ بەخێوکردنیان هێلکە کردن بوە بەڵام کاتێک پێی دەوترێت ئومەهات کە تەمەنیان زۆر بو و توانای هێلکە کردنیان نەماوە هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە وەزنیان زۆرە و گەورەن بەڵام لە ڕوی تەندروستیەوە بەراورد بە مریشکێک کە کێشەکەی لە کیلۆ و نیو بۆ دوو کیلۆ جیاوازە لەبەر ئەوەی لە مریشکی ئومەهاتتدا ڕێژەی چەوری زۆرە بەڵام ڕێژەی پرۆتین کەمە وە لەو مریشکانەی کە وەزنیان ستاندارد و کەمە پرۆتین زیاترە لە چەوری , بە هۆکاری ئەوەی مرۆڤ زیاتر پێویستی بە پرۆتینە وەک چەوری وە هۆکاری دوەم ئەوەیە کە ئەو مریشکە بە هۆی ئەوەی تەمەنی زۆرە بە ڕێژەیەکی زۆر کوتاو و دەرمانی پێ دراوە کە ئەوەش ڕەنگە ببێتە هۆی نەخۆشی لە هەندێک کات دا.

**مەرج و پێداویستیەکانی دانانی کێڵگەی پەلەوەری مریشکی هێلکە :-**

1-سەرەتا زەوییەکی باش کەلەڕووی ئاوو ئاوەڕۆو با و گەرمیەوە گونجاو بێت.

2-دروستکردنی هۆڵەکان وابێت کە ڕووەو بانەبێت و سلۆپ(لێژایی) بەڕووی ئاوەڕۆکاندا هەبێت.

3-بەنزیکی 2 کم دوربێت لە کێڵگەکانی دەوروبەری و نزیکی هۆڵێک بۆ هۆڵێکیش لە 500م کەمتر نەبێت.

5-گەر لە کێڵگەکاندا بەشێوەی تەواوکاری هەڵهێنەری ئۆتۆماتیکی هەبێت باشترە وە نزیک بێت لە شەقامی سەرەکیە بۆ ناو بازاڕی فرۆشتن.

5-ئەگەر لە قەفەزدا بەخێوکران بەپێی پێوەری جیهانی بێت ژمارەیان و ئاو و ئالیکیان ئۆتۆماتیکی بێت وە گەر لەسەر ڕاخەر بوو ئەستوریەکەی لە 5-8سم دابێت و ئاوو شوێنی خواردن بەپێی ژمارەیان دابنرێ هاوکات لەگەڵ پێوەری جیهانی.

6-گەر بۆ هێلکەی خواردن بوو پێویست ناکات کەڵەشێریان لەگەڵ بێت و هێلانە و شوێنی هێلکەکردنیان تەنیا بەڕێی ئۆتۆماتیکی کۆ دەکرێتەوە بەڵام بۆ هێلکەی هەڵهێنان زیاتر لە هێلانەکاندان و لەسەر ڕاخەر بۆیان دادەندرێت.

7-بەرنامەیەکی باشی ڕووناکی پەیڕەوبکرێت جا بەردەوام بێت یان پچڕ-پچڕ.

8-ئالیکی باش بەپێی قۆناغ و جۆری بەرهەمی هێلکە بێت کە سەرمایەیەکی باشی پێویستە و ئالیک تێچووی 70% - 60% ی پرۆژەکانە.

9-کارمەند و کارگێڕی باش و لانی کەم1-2 ئەندازیاری کشتوکاڵی و پزیشکێکی ڤێتەرنەری سەرپەرشتیاری بن.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەی تەندروستی لە بەخێوکردنی مریشکی گۆشت**




**زۆرترین کێشە و گیروگرفت لە کێڵگەی تایبەت بە بەخێوکردنی مریشکی گۆشت بریتیە لە نەخۆشی:-**

- چۆنیەتی سەرهەڵدانی نەخۆشی.
- دەست نیشانکردنی نەخۆشی.
- ڕێگرتن لەبڵاوبونەوەی نەخۆشی.
- چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشی.

دیاریکردن لە سەرهەڵدانی نەخۆشیەکان پێویستە بە زۆرترین چاودێری لەلایەن کارمەندی بەڕێوەبردنی کێڵگەی پەلەوەری ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەهەندێ نەخۆشی کە زۆر بەپەلە گەشە دەکەن و دەگوازرێنەوە لەناو کێڵگەی پەلەوەریدا.

**هۆکارە خۆراکیەکان**

دابین نەکردنی یان زیاد بوونی مادە خۆراکیەکان وەکو پێویست لە ئالیکدا دەبێتە هۆی بەدخۆراکی , سەرهەڵدانی نەخۆشی , دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەرگری لەشی مریشک.

پێویستە مادە خۆراکیەکانی ناو ئالیکی مریشک زۆر گونجاو بێت بۆ لەشی مریشک.

هەروەها زۆر بەکار هێنانی مادە خۆراکیەکان لە ئالیکدا دەبێتە هۆی پەیدا بونی نەخۆشی لەلەشی مریشکدا.

## هۆکارە ژینگەییەکان

بەدابین نەکردنی پێداویستیەکانی بەخێو کردن و توش بون بەسترێس دەبێتە هۆی دابەزینی بەرگری لەش و مردار بونی مریشکەکان.

پێویستە شوێنی بەخێوکردن و گەرمی و ساردی و شێ و پێکهاتەکانی ئاڵوگۆڕکردنی هەوا گونجاو بێت بۆ ئەوەی کێڵگە پەلەوەریەکەت توشی کێشەی تەندروستی نەبێت.

## هۆکارە بایۆلۆجیەکان

هۆکارە بایۆلۆجیەکان وەک :-

- ڤایرۆسەکان ( Virus )
- کەڕووەکان ( Fungal )
- مایکۆپلازماکان ( Avian mycoplasmosis )
- بەکتریاییەکان ( Bacterias )

## ئامادەکردنی سالۆن پێش هێنانی جوجکە



خاوێن کردنەوە و تەعقیم کردن  و لابردن و پاک کردنەوەی ئەو شتانەی زیان بە مریشک دەگەیەنن, حەشەراتەکان زیاتر لە گۆشەکان هەیە بۆیە خاوێنیان دەکەینەوە و لایان دەبەین , سەرەتا بە برێکی کەم تەواوی هۆلەکە بە ئاو دەپرژێنین , بەر لەوەی کاری شۆردن بکەی پێویستە کارەباکە قەتع بکرێت , بە ئاو و مادەیەکی تر کە کەف بکات وەک تایت و زاهی بشۆردرێت , وە هەموو تانکی و بۆریەکان بەتاڵ دەکەین و دوبارە شۆردنەوە بە ئاوێکی خاوێن , مەغزەنەکان و ناو تانکیەکان بەدەست جوان بشۆردرێن , هەموو بۆریو تانکیەکان پڕ دەکەینەوە لە ئاوی خاوێن و مادەی تەعقیم بۆ ماوەی 4 سەعات بمێنێتەوە , دواتر هەموو تانکیو بۆریەکان بە ئاوی خاوێن بشۆردرێت , وە باشترە تێکەڵەیەکی تر بخرێتە ناو ئاوەکە وەکو سرکە یان خەل 3لیتر بۆ 100 لیتر ئاو , دواتر خاوێنکردنەوەی سیستەمی ئالیکپێدانەکان , وە دواتر هەموو هۆلەکە بە مزەخەی تایبەت بە دەرمانی دژە نەخۆشی دەرشێنین وە سەرەتا بەشی دەرەوەی دەرشێنین دواتر ناوەوەی دەرشێنین , دواتر گازی فۆرمالین بەکاردێنین لە پلەی گەرمی 21c° لە شێی 65% وە دەبێت هەموو دەرگاو پەنجەرەکان و کونەکان بۆ ماوەی 24 سەعات بگیرێن و بەجێی بێلین و دەرگایەکەی دابخەین لەبەر ئەوەی هەلمژینی ئەو گازانە دەبێتە هۆی مردن بۆیە باشترە دابخرێت تا کەسێک نەچێتە ژورەوە وە باشترە کاتێک کە بەجێمان هێشتوە لەسەر دەرگاکە بنوسی کە کەس نەچێتە ژورەوە.

**کرداری sterilization بریتن لە:-**

1 -**خاوێنکردنی ناو هۆڵ** لە دوو کاتدا پێویستە ئەنجام بدریت:

- لە دوای تەواو بونی وەجبە.
- لە سەرەتای تێکردنی جوچکە بۆ ناو کێڵگە.

ئەو مادانەی کە بەکار دێن ( ڤێرکۆن , فۆرماڵدیهاید , دووەم ئۆکسیدی کبریت)

**تێبینی** لەکاتی خاوێنکردنی هۆڵەکان پێویستە هەموو کونەکان و پەنجەرەو هەواکێش و دەرگاکانی هۆڵ دابخرێن.

2 -**خاوینکردنی دەرەوەی هۆڵ**: لەکاتێکدا ئەنجام دەدریت گەر وەجبەی پێشوو تەواو بوو پێوستە هەموو پیسیەکانی دەرەوەی هۆڵ دوربخرێنەوە.

دوای ئەوە پێویستە دەرەوەی هۆڵ بشۆرێت بە یەکێک لەو مادانە(فۆرمالین, یۆد, کلۆر , ڤێرکۆن).

3 -**خاوینکردنی کەل و پەلەکان** : هەموو کەلوپەلەکان وەکو ئاو خۆریکان , ئالیکدان , دایەنگاکان, پێڵاو دەستکێش, گەرمیپێو. کە بەکار دێن پێویستە خاوێن بکرێنەوە بە یەکێ لەو مادانە (یۆد , دیتۆل, فۆرمالین, فینۆل, کلۆر ڤێرکۆن).

4 -**خاوینکردنی دەست و پێڵاوی کارمەندان** : لە بەردەم چونی بۆ ناو هۆل لە بەرزی 1 مەتر پێویستە دەفری تایبەت بەدەست , پاکژکردنی دەست دابندرێت لە مادەکانی (دیتۆل یان یۆد). بۆ خاوینکردنی پێلاو پێویستت بە دوو چاڵ هەیە *لەبەردەم ژوری کۆنترۆڵ *لەبەردەم دەرگای هۆڵی بەخێوکردن.

پێویستە لە چیمەنتۆ دروست بکرێت پانی 1 مەتر بێت درێژیەکەی 1.5 بێت قوڵی 5 سم بێت.

5 -**خاوینکردنی ئۆتۆمبیل و بارهەڵگرەکان** : پێویستە لەبەردەم دەرگای سەرەکی هاتنە ژوری ئۆتۆمبیلەکان حەوزێک بە دریژی 5 مەتری پێویستە 40 سم قوڵ بێت و 3 مەتر پان بێت.

**ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر بە هێزی پاکژکەر ئەوانەن:-**

1. جۆری خاوینکەر.
2. چڕی خاوێنکەر هەتا ڕێژەکەی زیاتر بێت بەهێزتر دەبێت.
3. کات, هەتا ماوەکەی درێژتر بێت زیاتر خاوێنکردنەوە دەبێت.

ئامانجی خاوێنکردنەوە تەنها بۆ مەبەستی ئەوەیە کە کە ڕێگری بکرێ لەسەرهەڵدانی نەخۆشی ( بەکتری و ڤایرۆسی و کەڕوو و مشەخۆرەکان) لەناو کێڵگەی پەلەوەریدا.

## جوجکەی یەک ڕۆژە



هەفتەی یەکەمی تەمەنی پەلەوەر بە گرنگترین قۆناغی گەشەی پەلەوەر دادەنرێ لەماوەی ژیانیدا, لەو ماوەیەدا زۆربەی ئەندامەکانی لەش پێدەگەن و دیاری دەکرێن هەر لە ئێسکەپەیکەر کە پێکهاتەی سەرەکی لەشی پەلەوەرە تاکو کۆئەندامی هەرس کە جۆگەی سەرەکی هەڵمژینی مادده گرنگەکانی خۆراکە بۆ گەشەی پەلەوەر وە بەردەوامی تا کۆتایی کە کۆئەندامی بەرگریە کە هۆکاری سەرەکی بەرگری پەلەوەرە دژ بە نەخۆشە کە زیاتر ئەو بەرگریە لە سیستەمی هەرسدا برهەمدێت.

پێویستە گرینگیەکی زۆر بە هەڵبژاردنی جۆر و کوالێتی جوچکەکە بدرێت ئەگەر هەر لەگەڵ هێنانیان بۆ هۆڵ هەموو لەڕو لاوازو بێهێز بون ئاوا بەخێو کردن قورستر دەبێت و نەخۆشی تێیاندا زیاتر دەبێت وە ڕێژەی مردن زۆرتر دەبێت.

هەر لەگەڵ گەیشتنی وەجبەی جوچکەکان بەخێرای جوچکەکان لە کارتۆنەکان بهێنرێنە دەرەوە

لەکاتێکدا کە لە کارتۆنەکە دەهێنرێنە دەرەوە پشکنینیان بۆ بکرێت بۆ ئەو جوچکانەی کە لە دروستبونیاندا تەواو نین یان ئەوانەی کە ناوکە پەتکیان چاکنەبۆەتەوە پێویستە چارەسەر بکرێن بۆ ڕێگری کردن لە هەوکردنی زەردێنەی ناو لاشەی جوچکەکە.

پشکنینی ئەو جوچکانەی کە کێشیان لە خوار کێشی ئاساییەوەیە جیابکرێنەوەو پشویان پێبدرێت, لەوانەیە لە کۆتایدا قەزمیش دەربچن, جیاکردنەوەیان یارمەتیمان دەدات بۆ بەڕێوەبردنیان بەڕێکوپێکی وە چانسێکی باشتر دەدات بۆ ژیانیان.

- دڵنیابونەوە لەوەی کە هەموو جوچکەکان ئاویان لەبەردەم بێت, عادەتەن دەتواندرێت دەرمانی دژە سترێس تێکەڵ بەئاوەکەیان بکرێت.

- جوجکەکان لە شوێنێکی داخراودا کۆبکرێنەوە وە سەیری ئەوە بکرێت کە چۆن وەڵامدانەوەیان دەبێت بۆ سەرچاوەی گەرمیەکە.
- هەمیشە ئاو و خواردنی تازەیان بۆ دابندرێت.
- ئەنتیبایۆتیکیان پێبدرێت لە حاڵەتی پێویستدا.
- جێبەجێکردنی خشتەی کوتانکردنیان.

### پێش هێنانی جوجکە بۆ کێڵگە پێویستە ئەو خاڵانە ڕەچاو بکەین :

دەبێت بزانین ئەو جوجکانە هێلکەی چ جۆرە مریشکێکن و تەمەنی دایکیان چەندە لەبەر ئەوەی دایکەکە تا تەمەنی زیاتر بێت ئەو ئەنتی بەدی و بەرگری دژی نەخۆشی لە زەردەی ناو لەشی جوجکەکە زیاترە وەباشترە بزانین کە تەمەنی دایکەکانیان چەند لەیەکتر نزیکە لەبەر ئەوەی جوجکەکانیان فەرقیان دەبێت ئەوەش دەبێتە هۆی کێشە لەکاتی بەخێوکردنیان.

خۆراکی دایکانەی چی بوە چی خواردوە ئەگەر کەمبونێک لە مادە گرینگەکان هەبێت کاریگەریدەبێت لەسەر کوالێتی هێکەو جوجکە وە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی جوجکەکە.

گرینگی بە شێوازی گواستنەوەی جوجکەکان لە هەڵهێنەرەوە بۆ کێڵگەی پەلەوەری کێڵگەی پەلەوەری.

وە باشترە زانیاریمان هەبێ کە لەناو هەڵهێنەر پلەی گەرمی و شێ و هەواگۆڕکێی هێلکەکان چۆن کراوە لەناو دەستگای هەڵهێنەرەکە.

### شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی کوالێتی جوجکەی یەک ڕۆژە:-

- هەڵسەنگاندن بە چاو.
- کێشی لەشیان.
- کێشی لەش بەبێ بونی کیسەی زەردە.
- درێژی لاشە.
- یەک دەست بونی جوجکەکان.
- پێوانی پلەی گەرمی ناو لەشی جوجکەکە.
- بونی antibody لە کیسەی زەردە کە لە دایکی وەری گرتوە.

## کوالێتی جوچکەی یەک ڕۆژە بە چاو :-

- ∞ بە سەیرکردنی ڕەنگی جوچکەکە کە پێویستە زەرد بێت.
- ∞ ڕێکی و پڕی باڵەکانی.
- ∞ سەیرکردنی ناوکی جوچکەکە کە پێویستە داخراو بێت.
- ∞ جموجۆڵی جوچکە activity بە تاقی کردنەوە لەسەر دەستمان جوچکەکە لەسەر پشت دا ئەنێین دەبێت بە کەمتر لە 3 چرکە هەستێتەوە سەر پێیەکانی.

| هەڵسەنگاندنی جوچکە | | |
|---|---|---|
| خراپ | مامناوەند | باش |



**تایبەتمەندیەكانی جوچكەی باش :-**

1. وەزنی جوچكەی 1 ڕۆژە گونجاو بێت لە 44-35 گرام كەمتر نەبێت لەو كاتەی كە لە هەڵێنكە دەردەچن.
2. وەزنی هێلكە دەبێت 56 بۆ 65 گرام بێت .
3. وا باشە تەمەنی دایكانە 30 بۆ 50 هەفتەی بێت.
4. بەكەمترین بڕی خۆراك دەبێت زۆرترین وەزن بدات لەكەمترین ماوەدا واتا تواناى گۆڕینی خۆراك بۆ گۆشت بەرز بێت.
5. مریشكی گۆشت دەبێت شێوەی سێ گۆشەیی بێت و قاچی ئەستور بێت و سنگی پان و گەورە بێت.
6. بەرگری لەشیان بەهێز بێت دژی نەخۆشیەكان بەتایبەت نەخۆشیە ڤایرۆسیەكان وەك نیوكاسل و ئەنفلۆنزا و گەمۆبرۆ.
7. هەڵگری نەخۆشیەكان لەدایكیانەوە نەبن وەك كەمخوێنی پەتایی و ئیكۆلا .
8. شەلەل و چاو نوقاو نەبن و دەركردنی پەڕیان بەهێز بێت و چست و چالاك بن لەخواردندا.
9. لە وەزن دا هاوشێوەی یەك بن.
10. ڕێژەیەكی كەم جوچكەی بووژاوی تێدا بێت.
11. جومگەیان ئاسایی بێت و تووشی ئێسكە نەرمە نەبوبن.

**ئەو هۆكارانەی كە كاریگەرن لەسەر كوالێتی جوچكەی یەك ڕۆژە :-**

**تەمەنی دایكەكە**

كاریگەریەكی زۆری هەیە لەسەر كوالێتی جوچكەكەمان هەر چەند تەمەنی دایكەكە زۆرتر بێت ئەوەندە زیاتر antibodyو مقاوەمەی زیاتر دەبێت بەرامبەر نەخۆشیەكان ئەوەش هۆكارێكە بۆ ئەوەی كیسەی زەردی جوچكەكەمان antibody زیاتر لەخۆ بگرێتو بەرگری بۆ نەخۆشیەكان زیاتر بێت.

## یەک دەست بونی دایکەکان

هەتا یەک دەست تر بێت ئەوا هێلکەکان نزیک یاک وەزن و قیاس ئەبنو کە لە هێلکەش دێنە دەرەوە وەزنو قیاس ئەبن ئەوەش کاریگەریەکی باشی دەبێت لەسەر جوچکەکەمان هەم لە ڕوی خواردن پێدانیانەوە هەم پێدانی ئاو و هەم لە کاتی گواستنەوەیان بۆ سەربڕ خانە کە لە یەک کاتدا دەیان فرۆشینو قاعەکەمان بەتاڵ ئەکەنەوە بۆ کاتی فرۆشتن وەسودی دەبێت کە جوچکەکان دیاردەی یەک خواردن تێیاندا کەمتر دەبێت.

## گواسنەوەی هێلکەکان

کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر کوالێتی جوچکە, تا مەوداو کاتێکی کەمتری هەبێت بۆ گواستنەوە ئەوە بۆ هێلکەکان باشترەو خراپ نابن وە ئەبێ ڕەچاوی پلەی گەرمیو شێ بکەین لە کاتی گواستنەوەی بە شێوەیەک بیانگوازینەوە هێلکەکان نەشکێنو سەلامەت بن.

## خۆراکی دایکەکە

هەرچەندە خۆراکی دایکەکە باشتر بێتو کوالێتی بەرز بێت ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی جوچکەکامان بەهێزو بە تاقەت بن و بۆ هێلکەکەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر هەیە بۆ نمونە کە کالیسیۆم لە خۆراکی دایکەکە نەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی هێلکەی بێ توێکڵ یان توێکڵ تەنک بەرهەم بێت کە ئەم جۆرە هێلکانە بۆ ناو مەقفەز بەکارنایەن.

## بەڕێوبردنی هەڵگرتنی هێلکە

دەبێت هێلکەکان خاوێن بن کاتێک هەڵیان دەگرین نابێ هیچ پیسیەکیان پێوە نوسابێت و دەبێت پلەی گەرمیەکی باشیان بۆ دابین بکەین بۆ ئەوەی هێلکەکە خراپ نەبێت و دەبێت هێلکە نارێکەکانو شێوە زۆر جیاوازەکان هەڵ بژێرینو لایان ببەین و هەڵیان نەگرین لەبەر ئەوەی بە کەڵکی مەقفەزو هەڵهێنان نایەن .

## جۆری جوچکە
Type of chicks



پێویستە خاوەن کێڵگە باشترین جۆری جوچکە هەڵبژێرێت کە بە کەمترین خواردن زۆرترین وەزن بدات لە ئێستادا چەندین جۆری جوچکەی فرەڕەگ Crossbreed بەرهەمهێنراون لە لایەن کۆمپانیاکانی تایبەت بە وەبەرهێنانی جوچکە.

**نمونەی جۆرەکانی بەرهەمهێنانی جوچکە کە لە کێڵگەی پەلەوەری گۆشت بەخێو دەکرێن و لە کوردستان ناسراون :-**

| | |
|---|---|
| رۆس | Ross |
| هایبرۆ | Hybro |
| ئاربورئیکرس | Arbor Acres |
| کۆب | Cobb |

وەهەندێک لە کێڵگەی پەلەوەری ئەو جۆرە جوچکانە لە بەلجیکا و تورکیا و ئێران دەهێنن و بەخێویان دەکەن کە باش نیە بە هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشی و تێکچونی کوالێنی جوچکەکان لە کاتی گواستەوەیان و دڵنیا نەبوون لە ڕاستی هەناردەی جوچکەکان کە ئەو جۆرەیان بۆ ناردوین کە داوامان کردوە .

**هەر جۆرێک لە جۆرەکان جیاوازی هەیە لە ڕووی کوالێتیەوە زۆر جار جیاوازی هەیە لەو ڕوانەوە**

1. توانای گۆڕینی خۆراک Efficiency of feed conversion
2. بەرگری لەشیان بۆ نەخۆشیەکان.
3. خۆ گونجانی لەگەڵ پێداویستیەکانی بەخێوکردن .
4. گرنگی پێکهاتە خۆراکیەکان وەک ووزە , پرۆتین , کانزاکان و ڤیتامینەکان.

**ئەو خاڵانەی پێویستە گرینگیان پێ بدەین کاتێک جوچکەی یەک ڕۆژە دەهێنین**



- کارکردنی ئامێرەکان بەشێوەیەکی باش .
- پلەی گەرمی دەبێت 35°-36° بێت.
- له زستاندا دەبێت کێڵگەی پەلەوەریەکە گەرم بکەین 72 کاتژمێر پێش هێنانی جوچکەکان لە هاویندا 42 کاتژمێر پێش هێنانیان.
- دەبێت ڕێژەی شێ لە نێوان 55%-65% بێت.
- پلەی گەرمی ئاوەکەی پێوەیستە 25°-20° پلەی سیلیزی بێت.

**چاودێری کردنی جیقڵدانەی جوچکە تاتەمەنی 48 کاتژمێری**

لەدوای گەیشتنی جوچکە بۆ ناو کێڵگەی پەلەوەری تا 10 کاتژمێر پێویستە 80% جیقڵدانەی پڕ بوو بێت , لەدوای 24 کاتژمێر پێویستە جیقڵدانەی 90% پڕ بوبێت, لەدوای 48 کاتژمێر دەبێت جیقڵدانەی 100% پڕ بوو بێت.



**لەبەر چی جوچکە جاری وایە جیقڵدانەی بەتاڵە ؟**

**هەندێ هۆکار:-**

- کاریگەری التیهابات لەسەر جوچکە.
- خراپی ئاڵوگۆڕی هەوا ( بەرزی پلەی گەرما ,دابەزینی پلەی گەرما).
- زبری و گەورەی ئالیک بەتایبەت لەتەمەنە بچوکەکاندا.
- هەندێ جار جیناتی جوچکە کاریگەری لەسەر دەبێت.

**لەبەرچی پێویستە لەلایەن کارمەندی کێڵگە پەلەوەریەکانەوە چاودێری جیقڵدانەی جوچکە بکرێت ؟**

- چونکە ئەگەر جیقڵدانە پڕ بێت و نەرم بێت واتە ئەو جوچکەیە کێشەی خواردنی ئالیک و ئاوی نیە.
- ئەگەر جیقڵدانە توند بوو واتە ئالیکی بەزۆر خواردوە و ئاوی کەم خواردوە, کەئەگەر ئالیک زبر بێت کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر جیقڵدانەو کۆئەندام هەرس.
- ئەگەر جیقڵدانەی زۆر نەرم و شل بوو واتە ئاوی زۆر خواردوە و کێشەی لەبەرێوەبردنی خۆراکدا هەیە.

**یەک دەست نەبونی جوچکەکان**

دەبێتە هۆی نارێکی لە خۆراک پێدانیان زۆر جار جوچکە بچوکەکان ناوێرن خۆراک و ئاوی پێویست بخۆن لە ترسی ئەوانی تر.

تەوازنی پلەی گەرمیمان قورستر بۆمان رێک دەخرێ لەبەر ئەوەی ئەو مقاوەمەی کە جوچکە گەورەکان هایانە بچوکەکان نیانە بۆ بەرزیو نزمی پلەی گەرمی.

لە هەندێ کێڵگەی پەلەوەری کە بۆ ئاو خواردنەوە لە جۆری نیپڵ بەکاردێنن بە هەمان شێوە لەبەر ئەوەی بالایان وەک یەک نین ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ناهاوسەنگیەک دروست ببێ لە ئاو خواردنەوەیان.




نارێکی لەکاتی فرۆشتن و کوشتنەوەیان کە هەندێکیان گەشتنونەتە وەزنی گونجاو بۆ فرۆشتن و سەربڕین بەڵام هەندێکی تر نەگەیشتونە ئەو وەزنەی کە مەبەستمانە.

## بڕینەوەی دەنوکی جوچک




سەیرکرن بە شێوەی ڤیدیۆ

چارەسەرکردنی دەنوک ڕێگایەکی فیزیکیە بەلابردنی بەشی سەرەوە یان خوارەوەی دەنوک.

بەشێوەیەکی باو و کردارییانە لە مریشکی صناعی هێلکەی ناو کێڵگەدا دەکرێت بۆ کەمکرڕنەوەی هەر خراپیەک کە توشی پەلەوەر ببێت لە ژیانی دواییاندا .

بەشێوەیەکی گشتی لە حاڵەتی لێکردنەوەی پەڕ لە یەکتری ئەگەر بەکەمی لەیەکتر بکەنەووە ئەوە حاڵەتێکی ئاساییە واتە بەبێ ئەوەی هیچ کێشە و تێکچون و برینداریەک لە لەشیاندا ڕوبدات , بەڵام لە حاڵەتێکدا کە توندوتیژی لێبکەوێتەوە بۆ نمونە دیاردەی خۆخۆری یان زەختێکی زۆر لەیەکتری بکەن کە ئەوەش دیاردەیەکی مەترسیدارە یان دەنوکدان لە پەڕ یان ناوچەی کۆمی یەکتری ئەوانە پێویستیان بە چارەسەر هەیە بە زوویی بۆ کەمکردنەوەی برینداریی.ئەگەر باڵندەکە چارەسەر نەکرا ئەوا مردنی زۆر بەخێرایی ڕوودەدات تا ئاستی 25بۆ 30 لە سەد کە دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی گەورەی دارایی.

### چ کاتێک دەنوک بڕینەوە ئەنجام دەدرێت

نەریتییانە دەنوک بڕینەوە ئەنجامدەدرێت لە جەند تەمەنێکی جیاوازی سەرەتای تەمەنی باڵندەکە ئەنجامدەدرێت و پێش ئەوەی بکەونە ئەو تەمەنەی کە هێلکە بەرهەمبهێنن.








**سوودەکانی چارەسەرکردنی دەنوک بە تیشکی ژێر سور ئینفرارێد:-**

ئەو ئامێرە لە ژوری هەڵهێناندا هەیە لە ژینگەیەکی پاک و خاوێندا کە چەند ستافێک بەکاری دەهێنن بە ڕەچاوکردنی بەڕێوەبردنێکی بەهێز لە پاکوخاوێنی ئامێرەکەو تەعقیم کردنی وەکو نیزامی شفرەی کێڵگەیەک نیە کە بگوێزرێتەوە لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر و ببێتە هۆی خراپتر بڵاوبونەوەی نەخۆشی.

ئەو ئامێرە لە بەکارهێنانیدا سترێسەکی کەم دروست دەکات لەسەر باڵندەکە وەکو نیزامی شفرە نیە کە دەبێتە هۆی سترێس لەکاتی گرتن و بەستنەوەیدا.

لە سیستمی تیشکی ژێرسوردا سیستمەکە شانەی دەنک پێشوەختە دیاریدەکات کاتێک کەبەر دەنوکەکە دەکەوێت بەبێ ئەوەی هیچ برینداریەک یان خوێن ببیندرێت, لەکاتێکدا لەڕێگەی بەکارهێنانی شفرەدا خوێنبەربونێکی زۆرو بریندداری دەبیندرێت کە کاریگەری لەسەر تواناى خواردنیان دەبێت وە دەشبێتە هۆی نەخۆشی.

کاتێک تیشکی ژێر سور بەکاردێت پێویست بەوەناکات دوبارە دەنوک بڕینەوە ئەنجامبدرێت بەڵام لە بەکارهێنانی شفرەدا بەکەمی ئەنجامدەدرێتەوە کە سترێسشی لەگەڵدا ڕودەدات.

بەکارهێنانی تیشکی ژێرسور دڵنیایمان دەداتێ لە جۆرێتی ئیشکردنی بە باشی و بەشێوازی یەکگرتوویی, لەکاتێکدا لەجۆری شفرەدا بەتاک تاک دەکرێت لەبەرئەوە دەبێتە هۆی بێتاقەتبونی ئەو کەسەی کە بەکاریدێنێت.

بڕینەوەی دەنوک ئەگەر بەڕێکوپێکی ئەنجامبدرێت دیاردەی پەڕلەیەکترکردنەوە و مردن و دەنوک دان لە ناوچەی کۆم یان گیرانی ناوچەی کۆم یان سترێس کەمدەکاتەوە.

## هەڵبژاردنی باڵندەی تەندروست



1. باڵندەی تەندروست هەمیشە چوست و چالاکە بەردەوام ئەوسەرو ئەوسەر دەکات لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی سروشتی خۆی دەر دەکات وەک ( خوێندن, گارەگار, قوقە, قیڕاندن..هتد)
2. سەیری پەڕەکەی بکە , پێویستە بریقەدار و نەرم بێت, هیچ کێشەیەکی نەبێت و نەشکابێ دەبێت ڕێک و پێک بێت.
3. پشکنینە فیزیکیەکانە, چاوەکانی ڕوون و بریقەداربێت نەئاوسابێت و دەردراوی لوت و چاوی نەبێت, لیکی نەبێت و ناودەمی پاک بێت.
4. بیخە سەردەستت و دەست لە سنگی بکە(هەرچەندە حەزیان لەگرتن نیە) بزانە زەعیف بووە(سنگی وشک بووە) نزیکی بکەرەوە لە گوێت و بزانە ویزە ویز ناکات و هەناسەی باشە.
5. بزانە خۆ خوراندنی هەیە , کە ئەوە نیشانەیەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بزانین مشەخۆری سەر پێستی هەیە وەک(گەنە, پند,ئەسپێ..هتد) بەزۆری لە ژێر باڵی هەیە چونکە گەرمە.
6. سەیری دواوەی بکە بزانە پاکەو جیقنەی پێوە نەنوساوە, بزانە جیقنەکەی شل نیە یان ڕەنگی نەگۆڕاوە.
7. بەردەوام ئاگات لەقەفەزەکەی یاخود شوێنەکەی بێت, قەفەزی پاک نیشانەی باڵندەی تەندروستە.



**سیفەتی باش و گونجاوی مریشکی گۆشتی :-**

گەشەی خێرا و توانای گۆڕینی خۆراکی بەرز و لەشی پڕ گۆشتە و هێمن و لەسەرخۆ و کەم جوڵە و پەروەردەکردنی خێرایە و سینگی فراوان و پانە.

## ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سترێس لە پەلەوەرو باڵندەدا
## THINGS THAT CAUSES STRESS IN POULTRY BIRDS



1. لەدوای بەکارهێنانی دژە کرم وکاریگەریەکەی دەبێتە هۆی لاوازبون یان هەروەها لەدوای کوتانکردنی باڵندە.
2. لەکاتی ئەنجامدانی گواستنەوەی پەلەوەرەکان بە مەبەستی فرۆشتنیان.
3. کاتێک گەرمی تیشکی خۆر لەسەریان زیادبکات یان ببرێنە شوێنێک کە بۆشاییەکی گونجاوی تێدانەبێت وە مەجالی دەرچونیان نەبێت یان هەواگۆڕکێی باشی تێدانەبێت کە دەبێتە هۆی خنکان چونکە هەناسە تیایدا کەمە.
4. لە ئەنجامی نەشارەزایی لە لابردنی یان پێدانی جۆری خواردن لەخواردنی کۆنەوە بۆ خواردنی تازە بۆ نموونە سەرەتا خواردنی سەرەتایی پێبدرێت دوای یەکسەر بگۆڕدرێت خواردنەکەیان بۆ جۆری زوو گەشەکردن دەبێتە هۆی خاوبونەوە لە خواردنیان.
5. کاتێک دەستبکرێت بە ژماردنی پەلەوەرەکان هەروەها پلەی گەرمیش لەسەریان بگۆڕێت ئەوەش هۆکارێکی ترە.
6. کاریگەری بەرزبونەوەی ڕێژەی توشبون بە نەخۆشی یان لەکاتی بنەبڕکردنی نەخۆشی.
7. لەکاتی بڕینەوەی دەنوک یان هێرش کردنە سەر پەلەوەرەکە لەلایەن هەندێک لە قرتێنەروو مێشولە مشەخۆرەکان کە خوێن دەمژن.
8. سترێس یان زەبر لەسەر جگەر ئەوەش کاتێک ڕودەدات کە بڕێکی زۆر لە چەوری لەسەر جگەر بنیشێت یان چەوریەکە لە دەوری ئەندامەکانی تر بنیشێت یان لە حاڵەتی نەخۆشی کەڕووی مایکۆتۆکسین کە بەهۆی بونی کەڕوو لەسەر گەنمەشامیەوە زۆرجار ڕودەدات دەبێتە هۆی دروستبونی سترێس یان زەبر لەسەر جگەر.

## ڕووبەری بەخێوکردنی مریشکی گۆشت لە کێڵگەی پەلەوەریدا



بۆ ئەوەی بتوانین مریشکیەکی تەندروست و وەزنی باش بەرهەم بهێنین لە ماوەی ستانداردی خۆیدا کە ئاستی بەرهەم باش بکات ، پێویستە ڕوبەری گونجاو و بڕی پێویست لە هەوای پاک و پلەی گەرمی گونجاو و ڕێژەی شێ و خۆراک و ئاو دابین بکرێت لەناو کێڵگەی پەلەوەریدا.

لە تەمەنی مریشکدا ڕووبەری بەخێوکردن فەرق دەکات بۆ جوچکە تا گەورەبونی ، پێویستە جوچکە لەتەمەنی سەرەتایدا شوێنی گونجاوی هەبێت بۆ گەڕان و هات و چۆکردن بۆ ئەوەی گەشەی خێرا بێت

**زیانەکانی نەبونی ڕووبەری گونجاو بۆ مریشک:-**

- هەستکردن بەتەنگانەی و بێزاربوون.
- کەمکردنەوەی تواناى جموجۆڵکردن.
- لەدەست دانی ئارەزوی خواردن و نەدانی وەزنی گونجاو.
- کۆنترۆڵ نەکردنی ئاڵوگۆڕ کردنی هەوا.
- کۆنترۆڵ نەکردنی گەرمای ناو هۆڵ لە وەرزی گەرمادا.
- دەست نەکەوتنی ئاو و خۆراکی پێویست.
- دەبێتە هوی بیسبوونی باڵندەکە و پەڕو باڵ و پێستی.
- گواستەوەی نەخۆشی بە خێرایی.

## چڕی
## Density



واتە ژمارەو چڕی بەخێوکردنی مریشکەکان لە مەودایەکی دیاریکراو.

لە زستان و هاوین $34\ kg/m^2$

لە بەهار و پایز $38kg/m^2$

بۆ نمونە درێژی و پانی کێڵگەی پەلەوەریەکەمان لە شوێنی مەودای بەخێوکردن.

درێژی 60مەتر　　　　پانی 12مەتر

وای دابنێ کێڵگەی پەلەوەریەکمان هەیە درێژیەکەی 60 مەترە و پانیەکەی 12 مەترە و دەمان هەوێت جوجکە بهێنین و تیایدا بەخێوی بکەین و نازانین چەند بهێنین ,لێرەدا چەند یاسایەکی ئاسان داندراوە کە بە پێی ڕەچاوکردنی وەرزەکان داندراون.

**هەنگاوەکانی شیکار کردنی**

سەرەتا درێژی و پانیەکەی هۆڵەکە لێاکدانی یەکتریان دەکەین

$60\times12=720\ m^2$

لە زستان و هاوین $34\ kg/m^2$

لە بەهار و پایز $38kg/m^2$

$60 \times 12 = 720\ m^2$

2.5kg وەزنی فرۆشتن

$34 \div 2.5 = 13 m^2$

$720 \times 13 = 9360$

$9360 \times 1.05 = 9828$

زستان و هاوین واتە 34 کیلۆگرام لە یەک مەتردوجا بەخێو دەکەین ئەو 34 دابەشی وەزنی فرۆشتنی دەکەین ئەو ژمارەی بۆمان دەر دەچێت بە وەک نمونەی سەرەوە بێت 13 جوچکە لە یەک مەتر دوجا بەخێو دەکەین, بەو شێوەیەیە نوسراوە 2.5 kg ئەو ژمارەیە وەزنی فرۆشتنی مریشکەکانمانە کە ئامانجمان چ وەزنێکە بۆ فرۆشتن و خستنە بازاڕ.

9360 ئەو ژمارەیە واتە ئەوەندە جوچکە دەهێنین بۆ هۆڵەکەمان بەڵام دوای ئەوە لێکدانی 1.05دەکەین.

بۆچی جارانی 1.05 کراوە ؟

ئەوە 1.05 = mortality واتە ڕەچاوی مردنی جوچکەکان دەکەین جا بە هەر هۆکارێک بێت ئەوەندە زیادیان دەهێنین تاوەکو ئەو ژمارەی مەبەسمانە بەدەستیبێنین.

چ پێویست دەکا زیادیان بهێنین ؟

لە هەموو پرۆژەیەک مردن ڕودەدات بەتایبەت بە هۆکاری نەخشی و دەرد و بە هۆکاری ئەوەی زۆرجار ئەبینین کە لە سەرەتای هێنانیان بۆ هۆڵ هەموویان جوچکەی ڕەقەم یەک نین و هەندێکیان لاوازو بێهێزن هەر لە سەرەتاوە بۆ یەرێژەیەکی کەم زیاتر ئەهێنین.

بە هەمان شێوەی سەرەوە ئەمجارەیان لە وەرزی بەهار و پایزدا.

**لە بەهار و پایزدا**

بەهار و پایز $38kg/m^2$

وەزنی فرۆشتن 2.5kg = $38 \div 2.5 = 15m^2$

$720 \times 15 = 10800$

$10800 \times 1.05 = 11340$

ئەو ژمارەیە واتە ئەوەندە جوچکە دەهێنین بۆ هۆڵەکەمان

**تێبینی** بۆ نمونە کە ئێمە بمان هەوێت مریشکەکان لە 3 کیلۆگرام بیان فرۆشین با بڵێین وەرزی زستانە $34 \div 3$ دەکەین ئەوەندە 11.3 مان بۆ دردەچێ لەو حاڵەتەدا بەنزیکی وەری دەگرین بۆ نمونە ئەگەر 4. 11-11بو ئەوا بە نزیکی 11 وەر دەگرین ئەگەر. 9 11-11.5بو ئەوا 12 وەر دەگرین .

**ئەگەر چڕی جووچکەکان زۆربێت :-**

1. نەخۆشی زۆرتر دەبێ تێیاندا .
2. شەڕکردن لە ناویاندا زۆرتر دەبێت کە ئەویش دەبێتە هۆی دروست بونی دیاردەیەک بەناوی کانیبالیزم کە دیاردەیەکە شەڕ کردن و یەکتر دەخۆن ئەو بابەتە لە بەشی نەخۆشیەکان داندراوە .
3. منافەسە زیاتر دەبێت لە نێوان مریشکەکان بۆ ئاو و ئالیکەکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێکیان قەڵەوتر دەبن هەندێکیان لاواز دەبن
4. $CO_2$زیاتر دەبێت لە هۆڵەکە.

**ئەگەر چڕیان کەم بێت :-**

1. بێتاقەت دەبن
2. زیانی ئابوری دەبێت
3. بە هەمان شێوەی چڕی زۆر شەڕ لە نێوانیان زیاتر دەبێت

## مەودای نێوان کێڵگەی پەلەوەری



مەودای نێوان کێڵگەی پەلەوەری کە زۆر جار دەبینین 3 بۆ 4 کێڵگەی پەلەوەری لە تەنیشت یەک داندراون .

بۆ نمونە ئەگەر کێڵگەی پەلەوەریەکمان هەبێت بەرزیەکەی 3 مەتر بێت درێژیەکەی 70 مەتر بێت .

H بەرزی =3 مەتر

L درێژی =70 مەتر

یاسا

$D=0.4\times H\times(L)^{0.5}$

1m= 3.27 foot پێ

بە نزیکی یەک مەتر دەکاتە 3.3 پێfoot

$L=70\times3.3=231$ مەتر دەگۆڕین بۆ پێ

$H=3\times3.3=9.9$ مەتر دەگۆڕین بۆ پێ

$D=0.4\times H\times(L)\ 0.5$

$0.4\times9.9\times(231)^{0.5}$ ÷

$0.4\times9.9\times15.1=59.796$ foot پێ

بۆ گۆڕینی یەکەی پێ بۆ مەتر دابەشی 3 دەکەین $\div59.793 = 19.93m$

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە 19.93مەتر مەودای نێوان دووکێڵگەی پەلەوەریە کە درێژی هۆڵەکە 70 بێت و بەرزیەکەی 3 مەتر بێت

نمونەیەکی تر

H=2.7mبەرزی

L=60mدرێژی

$H=2.7\times3.3=8.91$

$L=60\times3.3=198$

$D=0.4\times H\times(L)^{0.5}$

$0.4\times8.91\times(198)^{0.5}$

50.149 foot

**پێ دەگۆڕین بۆ مەتر**

بۆ گۆڕینی یەکەی پێ بۆ مەتر دابەشی 3 دەکەین

$50.149\div3=16.71$

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە 16.71مەتر مەودای نێوان دو کێڵگەی پەلەوەریە کە درێکی هۆڵەکە 60 بێت و بەرزیەکەی 2.7 مەتر بێت.

# ڕاخەر بۆ کێڵگەی پەلەوەری مریشکی گۆشت
Litter



ڕاخەر بەو کەرەستەیە دەوترێت کە ڕادەخرێت لەناو کێڵگەی پەلەوەریەکان بۆ ئەوەی بتواندرێت بەرهەمهێنانی مریشک بەشێوەیەکی بەرفراوان گەشە بکات.

ئەو مەوادانەی کە وەک ڕاخەر بەکار دێن لەناو کێڵگەکانی پەلەوەریدا وەکو تەلاشە دار(کادار) ؛ ڕاخەرەی کارتۆنی ؛ کەپەکی برنج، وە زیاتر بۆ کێلگە مۆدێرن و نوێیەکان جۆری ڕاخەری plastic slats floor بەکاردێت کە دروستکراون تایبەت بە مریشک کە وەک لەو وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت



ئەستوری ڕاخەر پێویستە لەناو کێڵگەکانی پەلەوەریدا ڕاخەر لەوەرزی زستاندا لە 8 سم کەمتر نەبێت و لە هاویندا لە 5 سم کەمتر نەبێت.

بەیەکەوە لکانی ڕاخەر و لکانی بە پێڵاوی کرێکارەوە وە پەیدا بونی بۆنی ناخۆش و پیس بونی پەڕی مریشک هەروەها تەڕ بونی پەڕەکانی مریشک و نیشانەی بەرز بونی ڕادەی شێی ڕاخەرە لەناو هۆڵەکانی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت.

پێویستە لەکاتی بەرزبونی ڕادەی شێ هەوای بدرێتێ واتا ئاڵوگۆڕی هەوا بکرێت.

پەیدا بونی تەپ و تۆز و پیس بونی هەوا کە کاریگەری هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە کە نیشانەی نزم بونی ڕادەی شێی ڕاخەرە ناو هۆڵەکاندا.

پێویستە ڕێژەی شێی ڕاخەر لە نێوان 30% - 20% ڕابگیرێت لەناو کێڵگەکانی پەلەوەریدا.

**تایبەتمەندیەکانی ڕاخەرێکی باش :-**

1. تواناى هەڵمژینی شێی بەرز بێت.
2. نابێت زۆر وورد بێت جوچکە یاری تێدا بکات و نابێت قوتی بدات.
3. هیچ مادەیەکی کانزای و زیان بەخشی تێدا نەبێت.
4. تواناى گەرمی دابڕانی زۆر بێت.
5. سوک و نەرم بێ نە گەورە بێت نە بچوک بێت (بۆ کاتی فڕێدان یان گواستنەوە ئاسان بێت)
6. هەرزان بێت.
7. دواى فڕێدان سوودی لێ وەر بگیرێ وەکو پەینی ئۆرگانی.
8. زۆر ورد نەبێت ببێتە هۆی تەپوتۆز.

## بەڕێوەبردن و لەبەرچاوگرتنیی زبڵ و پیسی کێڵگەی پەلەوەری



کاتێک ژێری یان خۆڵی ژێری پەلەوەر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەنەبردرێ و پاک نەکرێتەوە زۆر لە کێشە دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی زیان هەم بۆ تەندروستی مریشک و هەم بۆ بەخێوکەرەکە.

ئەو خاڵانەی خوارەوە لیستێکە لە پوختەی ئەو نەخۆشیانەی کە دەکرێت نەهێڵرێت ئەگەر ژێری پەلەوەرەکانمان خاوێن بێت:-

1. حاڵەتی گەشەکردن بەشێوازێکی نا پاکوخاوێن و ناتەندروست.
2. کێشەکانی مێشولە و خۆڵاویبونی پەڕەکانی و هەوکردنی بنی پێ
3. ڕوشاوی و برینداری یان بڵق لەسەر سنگ.
4. ڕوودانی برین یان وشکبونەوە لەسەر پێست, ڕوشاوی, پیسبون, و گەشەکردنی نا ئاسایی.
5. ڕێژەیەکی بەرزی بەکتریا دەبێتە هۆی نەخۆشی بۆ نمونە سالمۆنێلا , ئیکۆلای, کلۆستریدیا و پاسچورێلا.

**ئەو خاڵانەی کە پێویستە لەبەرچاوی بگرین:-**

1. هەموو کاتێک پێویستە گرینگی بە پاکوخاوێنی ژێری واتە خۆڵی ژێر پەلەوەر بکرێت.
2. دانانی هەواگۆڕکێی بە تەنزیم یان ڕێکخراو بۆ پەلەوەرەکان.
3. بەڕێوەبردن و چاودێری کردنێکی باشی سیستمی ئاوو خۆریان واتە دڵنیابین لەوەی ئاو دزە نەکات لە ئاوخۆریەکەیان.
4. بەتەواوی لابردنی ڕاخەرەکانی ژێریان کە شێی دروستکردبێت گۆڕینی بۆ ڕاخەرێکی وشک بۆ جێگاکەیان.
5. لەنێوان هەر کێڵگەیەکدا پێویستە ڕاخەرەکەی ژێریان کە بووە بە لیتە فڕێ بدرێت بۆ فڕێدانە دەرەوەی ئەو شێیەی کە لە کێڵگەکەدا دروست بووە.

## تەپ و تۆز و تەندروستی مریشکی گۆشت



تەپ و تۆز پێک دێت لە کۆمەڵێک گەردی زۆر ووردی ئۆرگانی و نائۆرگانی , لەبەر سوکی وەزن و بچوکی قەبارەیان ئەو گەردانە بە ڕووی ئاڕاستەی هەوادا بڵاودەبنەوە.

**زیانەکانی تەپ و تۆز لەسەر مریشکی گۆشت :-**

1. تووشبون بە کۆکە و لرخە و پژمە پەیدابونی مادەی لینج و پاشان دروست بونی التیهابات لە کۆئەندامی هەناسەدا.
2. دابەزینی بەرگری لەش.
3. تووش بوون بە بێ جەوی و بەدخۆراکی.
4. تەشەنەکردنی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی سی.
5. کەمکردنەوەی تیشکی گڵۆپەکان و دابەزینی توانای ئامێرە کارەبەیاکان بە هۆی تەپ و تۆزی زۆرەوە.
6. کاریگەری دەبێت لەسەر کارمەندان و تووشی ڕەبۆ و التیهاباتی کۆئەندامی سیەکان دەبن.

**هۆکارەکانی پەیدا بوونی تەپ و تۆز لەناو کێڵگە پەلەوەرییەکان:-**

1. نارێکی سیستەمی هەواگۆڕکێ.
2. بەرزی پلەی گەرمی ناوهۆڵ.
3. زۆر ورد هاڕینی ئالیک.
4. کەمی شێی ناو کێڵگەی پەلەوەری.
5. زۆر هاتوچۆ کردنی مریشک بەهۆی بەهێزی تینی ڕووناکی لە ڕادە بەدەر.
6. ڕاخەر گەر لە ووردە داری زۆر وورد پێک هاتبێت.

**ئەو هۆکارەکانی کە کاریگەرن لەسەر شێی ڕاخەر**

Factors influencing and affected by litter wetness




## Weather and environment

کەشو هەوا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ڕێژەی شێ هەیە بەتایبەت لە وەرزی زستاندا بۆیە پێویستە ئێمە هاوسەنگیەکی باش ڕابگرین لە کەشوهەوای دەرەووە ناوەوەی هۆڵەکە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر  شێی ناو هۆڵەکە نەبێت و ببێتە هۆی تەڕبونی ڕاخەرەکەمان.

## Relative humidity

ڕێژەی شێی ناو هۆڵ کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر ڕاخەرەکەمان پێویستە ڕێژەی شێیەکەمان لە 70%-60%بێت لەبەر ئەوەی لە خوار ئەو ڕێژەیە بێت دەبێتە هۆی تەپوتۆز لەسەر ڕاخەرەکەمان ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسەی پەلەوەرەکانمان , وە ئەگەر زیاتر بێت ڕاخەرەکەمان تەڕ دەبێت  ئەوەش ڕێژەیی شێی ڕاخەرەکە زیاد دەکات .

## Diet and nutrition

خۆراک کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر شێی ڕاخەرەکەمان لەبەر ئەوەی ئەو ئالیکەی  یان ئەو خۆراکەی کە بە پەلەوەرەکانمانی دەدەین تا ڕێژەی خوێو کالیسیۆمو پۆتاسیۆم و پرۆتینی زۆر بێت ئەوا دەبێتە هۆی زۆر تینو بونی پەلەوەرەکانمان ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەیەکی زیاتر ئاو بخۆنەوە, بە هۆی ئەوەش زیاتر ڕاخەرەکەمان تەڕ دەبێت و شێی ڕاخەرەکە زیات دەکات وە هەندێک خۆراک وادەکەن جیقنەیەکی زۆر بکەن ئەوەش دەبێتە هۆی دروست بونی شێی پاشەڕۆ ئەوەش وا دەکات ڕاخەرەکەمان ڕێژەی شێی بەرز ببێتەوە.

## Drinking system

ئەوەش خاڵێکی زۆر گرینگە بە نسبەت زیادبونی ڕێژەی شێی ڕاخەرەکەمان , لێرەدا ئەوەی پێویستە زۆر گرینگی پێ بدەین ئەوەیە کە بزانین بە چ سیستەمێک ئاویان پێ دەدەین لەبەر ئەوەی کاتێک پەلەوەر دەنوکی لە ئاو هەڵدەکێشێ ئەوا بەپێی جۆری ئەو کەلوپەلەی ئاوەکەی پێ دەدەین زۆر جار ئاوەکە دەرژێنن یانیش هەرجارێک چەند دڵۆپەیەک ئەرژێنن ئەوەش دەبێتە هۆی تەڕبونی ڕاخەرەکەمان و زیاد بونی ڕێژەی شێی ڕاخەرەکەمان.

## Litter spices

جۆری ڕاخەر گرینگیەکی زۆری هەیە بۆیە دەبێ بزانین چ جۆرە ڕاخەرێک بەکاردێنین بۆ پرۆژەکەمان تا توشی کێشەکانی کەمی شێو زۆری شێ نەبین.

**ئالیک پێدان**



خۆراک بە گرنگترین بەشی بەڕێوە بردنی کێڵگەی پەلەوەری مریشکی گۆشت دادەندرێت, لەبەرئەوەی زۆرترین مەسرەفی کێڵگەی پەلەوەریە و بڕی تێچوو بۆ هەر کێڵگەیەکی ستاندارد بەرێژە دەگاتە %70-%60.

وەک دەزانین خواردنی سەرەکی مریشک دانەوێڵەیە,  بەڵام پێویستە دانەوێڵەکە زیاد لە جۆرێک بێت واتە تەنها گەنم یان گەنمەشامی بە تەنها نابێت بەڵکو مەرجە فرەجۆر بێت ئەو ئالیکەی کە بە جوچکەو مریشکەکانمانی دەدەین دەبێت زانیاری دروست و پێشبینی دروستی ڕادەی بەکارهێنانی خۆراکی هەرزان و تەندروست هەروەها دیاریکردنی پرۆتین وکانزاکان و ترشە چەوریەکان و کانزاکان بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی پەلەوەر بۆ گەشەی خێرا و تەندروست.

**فیدەرەکان** یاخود **دان خۆریەکان** لە دوو بەش پێک دێن  هەیانە بەشێوەی دەستیە هەشیانە بەشێوەی ئۆتۆماتیکە.

**هۆکارەکانی کە کاریگەرن لەسەر جۆریەتی بەکارهێنانی دانخۆریەکە :-**

- ژمارەی چوچکەکان.
- جۆری جوچکە.
- تەمەنی جوچکە.
- جۆری کێڵگەی پەلەوەری.

**دانخۆری سینی**

لەم جۆرەدا زیاتر لە سەرەتاکانی تەمەنی جوچکە بەکاردێت وە پێویستە ڕەچاوی دوری نێوان دانخۆریەکان بکەین و زوو زوو پاک بکرێنەوە.



دانخۆری لە شێوەی plastic feeder وە ئاوخۆری plastic drinker کە لە کوردستان دا ئەو شێوە زۆر باوە و بەکار دەهێندرێت وەک لە وێنەکەی خوارەوە دیارە کە کاتێک بەتاڵ دەبن دەبێت خۆمان پڕیان بکەینەوە و بە پێی ژمارەو تەمەنەکان بەکاردەهێندرێت بۆ تەمەن بچوکەکان بچوک بەکاردێت بۆ تەمەن گەورەکان گەورە بەکاردێت.



**دانخۆری ئۆتۆماتیک**

دوو جۆرمان هەیە کە پێک دێن :

**دانخۆری زنجیرەیی Chain feeding system** سەیرکردن بە ڤیدیۆ

پێویستە 1.5 مەتر لە دیوار دوربێت و 3مەتر لە یەکتری دوور بن.



Automatic Pan Feeding System سەیرکردن بە ڤیدیۆ



Automatic Pan Feeding System وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت ئەو بۆڕیەی کە دانخۆریەکانی پێ هەڵواسراوە پڕ دەکرێ لە ئالیک کاتێک دانخۆریەکان بەتاڵ بون بەشێوەی ئۆتۆماتیک پڕ دەکرێنەوە.

گرینگی ئەو شێوە دانخۆریە لەوەدایە ئالیکەکەمان پرێزراوترە لە شێ و  هەڵگرتنی نەخۆشی و تێکچونی .

بۆ هەر وەجبەیەک کە کێڵگەکەمان بەتاڵ بو لە مریشک پێویستە بشردرێن و خاوێن بکرێنەوە و تەعقیم بکرێن.

بەشەکانی ئامێری Automatic Pan Feeding System





وەک لەو وێنەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە هێشتا جوچکەی بۆ نەهێندراوە وەک دەبینین کە سەرەتا بەشێوەی سینیەکان و ئاوخۆریی کەلە قەندیەکانplastic drinker بەکاردەهێندرێ لە سەرەتای تەمەنیان وەک دەبینن دانخۆریە ئۆتۆماتیکیەکان لە سەرەوەن هێشتا نەهێندراونەتە خوارەوە , کاتێک دەهێنرێنە خوارەوە کە تەمەنی جوچکە زیاتر ببێت و توانای خواردنی خۆراکی زیاتر ببێت و بەڵام زۆرجار هەیە لە هەندێ کێڵگەی پەلەوەری هەر لە سەرەتاوە شێوەی ئۆتۆماتیک بەکاردێنن.

## ئاو پێدان



ئاو زۆر گرینگە بۆیە دەبێت هەمیشە ئاوی تازەو پاک بۆ جوچکەکانمان دابین بکەین بۆ ئەوەی باش گەشە بکەن , جوچکە کە تازە لە هێلکە هاتۆتە دەر لە سەدا 85 جەستەی لەئاو پێک دێت ئەگەر لە سەدا 10 ی ئاوی جەستە لە دەست بدات ئەوا جوچکەکە لاواز دەبێت و وە ئەگەر لە سەدا 20 ئاوی جەستە لە دەست بدات دەبێتە هۆی مردنی, هەر لەبەر ئەوەشە ئاو بۆ مریشک زۆر گرینگترە لە خۆراک و ئالیکەکەی , ئەگەر تا 10 رۆژ خۆراک نەخوات نامرێت و کێشەیەکی وای نیە بەڵام ئەگەر 48 سەعات ئاوی نەدرێتێ دەمرێت .

لە سەرەتادا ئاو خواردنەوەکە لە جۆری کەلە قەندەکان بەکار دەهێندرێت وەک لەو وێنەیەدا دیارە بۆ هەفتەی یەکەم لەو جۆرە بەکاردێنین . دواتر یان بە ئۆتۆماتیک بەشێوەی نیپڵ یان بەشێوەی زەنگوڵەییەکان ئاویان پێ دەدەین .



**جۆرەکانی ئاو پێدان:-**



Nipple drinkers



Automatic/bell drinkers



Fountain drinkers

**ئاو پێدان لەرێگەی نیپڵ**

**شێوازی دانانی ئاوخۆری نیپڵ لە کێڵگەی پەلەوەری مریشکی گۆشت**

**بە شێوەی ئازاد** سەیرکردن بە ڤیدیۆ

**بە شێوەی قەفەس** سەیرکردن بە ڤیدیۆ

ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئاوخۆری نیپڵمان بەکارهێنا پێویستە ئەو خاڵانە لەبەرچاو بگرین

- فشاری ئاوەکە بەجۆرێک  بێت دڵۆپە نەکات و ئاوی کەمیش دەرنەدات و باشترە سەری نیپڵەکە دڵۆپێک ئاوی پێوەبێت.
- پێویستە نیپڵەکان زۆر بن و بە فشاری 70 میلی لیتر لە یەک خولەک بێت.
- ئەگەر بتوانین ئاوەکە لە پلەی گەرمی 25 ڕابگرین زۆر باشە, ئەگەر گەرمی ئاوەکە زیاد بو میکرۆبەکان لەناو لولەکاندا گەشەدەکەن بۆیە باشترە پلەی گەرمیەکەی گونجاو بێت و زوو زوو خاوێن بکرێنەوە بە مادەی تایبەت.
- دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرین کە بەرزیەکەی بە جۆرێک بێت لە 24 بۆ 48  سەعاتی سەرەتا لە پێش چاویان بێت.
- لە ڕۆژی سێیەمدا دەبێت نیپڵەکان ببەینە سەرەوە گۆشەی 35°-45° دروست بکات لە ئاستی جوچکەکەکان .



**چۆن دەتوانین ئاو و ئالیکیان بۆ دابین بکەین ؟**

1. پێویستە لە یەکەم ڕۆژی تەمەنی جوچکدا خواردنەکە یان ئالیکەکەیان پێبدرێت ,جوچکە پاش 8 سەعات دوای ئەوەی کە لە هێلکە دێتە دەرەوە دەبێت دەست بکات بە ئاو خواردنەوەو و خواردنی ئالیکە ئەگەر لە 8 سەعات زیاتر هیچی نەخواردئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی وەزنی جەستەی لە دەست بدات و ئەگەری مردنی دەبێت.
2. هەمیشە پێش ئەوەی جوچکەکان بهێنینە ناو کێڵگەی پەلەوەرەوە دەبێت کوالێتی ئاوەکەمان تاقی بکەینەوە.
3. باشترە لەکاتی کوتان کلۆر لە ئاوەکەدا نەهێڵین بەڵام لەکاتی ئاسایی کێشە نیە کلۆری تێدا بێت .
4. لە ڕۆژی یەکەمدا 4 کیلۆگرام شەکر لە 100 لیتر ئاو دەکەین بۆ ئەوەی جوچکەکان تاقەتو وزەیان زیاتر بێت وە دەبێتە هۆی ئەوەی جوچکە ئالیکەکەی باش بخوات و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆئەندامی هەرسی چالاک بێت تاوەکو ئامادە بێت ئالیک بخوات.
5. دوای ئەوەی کە ئاو و شەکرەکەمان پێدا دەبێت بۆماوەی 3 ڕۆژ مەڵتی ڤیتامینیان پێ بدەین کە ڕێژەی گونجاو لەسەر پاکەتەکەی نوسراوە کە چەند بەکار بێت بۆچەند لیتر ئاو.

## شێ

## HUMIDITY



هەروەکو چۆن پلەی گەرمی و ئاڵوگۆڕی هەوا گرنگیەکی زۆری هەیە لەناو هۆڵەکانی کێڵگەی پەلەوەری و لە سەرەتای تەمەنی جوچکەکانەوە بەهەند وەردەگیرێت تا کاتی فرۆشتن بەهەمان شێوەیش ڕادەی شێ زۆر گرنگەو پێویستە ڕەچاوبکرێت.

شێ: واتە گەردی ئاوی بەهەڵم بوو لەناو هەوادا.

لە کێڵگەی پەلەوەریدا بۆ ئەوەی نەخۆشی تەنگەنەفەسی ڕوو نەدات بەهۆی تەپ و تۆزەوە پێویستە ڕێژەی شێ دانەبەزێت لە ئاست خۆی بە پێی تەمەنی مریشکەکە.

شێی لە 3 ڕۆژی یەکەمدا دەبێت 60%-70% بێت.

بۆ ئەوەی ڕادەی شێی ناو کێڵگەی پەلەوەری بەرز بکەیتەوە پێویستە کۆلی ئاو زیاتر دابندرێت.

لە هەفتەی دووەم بەرەو سەر پێویستە ڕادەی شێ لەنێوان60% -50% ڕابگیرێت.

ئەگەر ڕادەی شێ لە 45% کەمتر بوو دەبێتە هۆی دروست بونی تەپ و تۆز کە کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر تەندروستی مریشک و دەبێتە هۆی وشک بونی پێستی پەلەوەرەکە و پەڕەکانی و زیاتر تووشبونی بەنەخۆشیە درمی و ڤایرۆسیەکان .

ئەگەر ڕادەی شێ لەهەفتەی دووەم بەرەو سەر لە 80% تێپەڕێت ئەوا کاریگەری زۆر زۆر خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی مریشکی گۆشت.

## زیانەکانی بەرزی ڕادەی شێ:-

1. لەوەرزە گەرمەکاندا کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر تەنگە نەفەسی مریشکی گۆشت.
2. لەوەرزە ساردەکاندا دەبێتە هۆی دروست بونی گەردی ئاو لە سەر دیوار و سەقفی هۆڵ.
3. کاریگەری تەواوی دەبێت لە تەڕ بونی ڕاخەر و بۆگەنکردنی ڕاخەری ناو هۆڵ و بەیەکەوە لکانی ڕاخەر  کە دەبێتە هۆی تەشەنەکردن و هۆکاری نەخۆشی , بەوەش مریشک توشی بێ جەوی دەبێت و وەتوشی بەدخۆراکیش دەبێت.

کاتێک ڕێژەی شێ کم بوو fogger بەکاردێنین بۆ هاوسەنگ کردنی هەواو پلەی گەرمی.



## پلەی گەرمی Temperature کێڵگەی مریشکی گۆشت




جوچکە دوای دەرچونی لەهێلکە ناتوانێت پارێزگاری لە پلەی گەرمی خۆی بکات بەشێوەیەک دەبێت پلەی گەرمی بەپێی کاتی تەمەنی بەشێوەیەکی گونجاو بۆی دابین بکرێت , لەدوای دروست بونی پەڕەکانی ڕۆژ بەڕۆژ پێویستی بە پلەی گەرمی کەمتر دەبێت بەشێوازێك کە پلەی گەرمی لەیەکەم ڕۆژدا 35 پلەی سەدیە.

دەبێ گەرمی پێوەکان لە سەرتا سەری هۆڵەکە دابەش بکرێت وە باشترە 3 مەتر دانەیەکی لێ دابدندرێت .

**بەرنامەی پلەی گەرمی مریشکی گۆشت**

- لە هەفتەی یەکەم 32 بۆ 34.5 پلەی سیلیزی
- لەهەفتەی دووەم 28بۆ 32 پلەی سیلیزی
- لەهەفتەی سێیەم 26 بۆ 28پلەی سیلیزی
- لە هەفتەی چوارەم 25 بۆ 26پلەی سیلیزی
- لە هەفتەی پێنجەم 18 بۆ 24 پلەی سیلیزی
- لە هەفتەی شەشەم 18 بۆ 24 پلەی سیلیزی

(Cassuce، 2013)

## کاریگەری بەرز بونی پلەی گەرمی لە سەر مریشکی گۆشت :-

1. دەبێتە هۆی ستریس و گەرما بون Heat stress بێزار بون و مات بونی جوچکە.
2. زۆر هەناسە دانی مریشک و هیلاک بونی کۆئەندامی هەناسە , تەنگەنەفەس بونی.
3. کەمبونی ئارەزوی خواردن و لاوازبونی مریشک و بەد خۆراکی , هەندێک جار دەبێتە هۆی مردار بونەوە.
4. زۆربوونی دیاردەی خۆخۆری Cannibalism.
5. مریشک بەرەو شوێنی هەوای دەرچەکانی کێڵگەی پەلەوەری دەڕوات و بەدوای شوێنی فێنک دا دەگەڕێت.
6. مریشکی بەهۆی بەرز بونی پلەی گەرمیەوە باڵەکانی فش دەکاتەوە و پەڕەکانی دەکاتەوە هەناسە تەنگی زۆر دەکات.
7. زۆر ئاو خواردنەوە و پیس بونی پەڕەکانی مریشک.

## کاریگەری دابەزینی پلەی گەرمی ناو هۆڵ لە سەر مریشکی گۆشت :-

1. نزم بونی بەرگری لەش و توش بون بەنەخۆشیە جۆراو جۆرەکان.
2. لەدەست دانی ئارەزوی خواردن و ڕەق بونەوەو مردار بونی.
3. بەفیرۆچونی وزەیەکی زۆر بۆ بەرهەڵست کردنی ڕێکخستنی پلەی گەرمی لەش.

## مریشکەکان بە چ ڕێگایەک خۆیان فێنک دەکەنەوە لەکاتی گەرمادا ؟

دەچنە شوێنێک کە فێنک بێت  بۆ نمونە لای دەریچە و دیوارەکان.

لە ڕێگەی باڵەکانی خۆی فێنک دەکاتەوە.

هەناسەدانی توند و لەسەر یەک بە خێرایی  کە وا دەکات فێنک ببێتەوە و هەوڵ دەدا خۆی هاوسەنگ بکاتەوە ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی وەک مرۆڤ ڕژێنی نیە بۆ ئارەقە کردن , وە ئەو ڕێگایە لە کاتێک دا سوودی دەبێت کاتێک ڕێژەی شێ باش بێت بەڵام لە کاتێکدا شێ زۆر بێت و پلەی گەریمیش زۆر بێت کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی مریشک دەبێت.

## پێوانەکردنی گەرمی ناو جەستەی جوچکە

پێوانە دەکرێت وەک ئەو وێنەیەی خوارەوە وە دەبێت پلەی گەرمیەکە 40.6  بێت ئەگەر 41 بێت ئەوا گەرمایەنە ئەگەر 40 بێت ئەوا سەرمایانە.






**لەسەرەتای هاتنی وەرزی بەهار کە هەندێ کات گەرمای زۆر بەدی دەکرێت , ئەو کارانەی پێویستە بەهەند وەربگرین لەناو هۆل لەکاتی گەرمادا:-**

1. کاتێک باڵندە گەورە دەبێت پێویستە چڕی باڵندە لە یەك مەتر چوارگۆشە دا 8تا10باڵندەبێت , واتا دەبێت ڕێژەی باڵندەکان کەمتر بکرێتەوە بە بەراورد بە کاتی سەرما.
2. پێویستە ژمارەی چاڵاوی ئاوەکان بەڕێژەی 30% زیاد بکرێت.
3. خۆراکی هاوسەنگ و خەست بدرێتە باڵندەکان.
4. زیاتر ڤیتامین C وخوێیەکان پۆتاسیۆم تێکەلی خۆراکی باڵندە بکرێت.
5. گرتنی باڵندە تەنیا بەشەو ئەنجام بدرێ چونکە نابێتە شێوان و تەپو تۆز و گەرمای زۆر.

## هاتنی وەرزی گەرما و بەرزبوونەی پلەکانی گەرما



ئاژەڵەکان و پەلەوەران و باڵندەکانیش وەک مرۆڤ پێویستە لەو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمادا پارێزراو بن , ئەو ڕێنماییانەی کە پێویستە خاوەن ئاژەڵ یاخود خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان یان ئەو کەسانەی خۆیان لە ماڵەوە پەلەوەر و باڵندە بەخێو دەکەن جێبەجێ بکەن بریتیە لە:

1. پێدانی ئاوی پاک و فێنک بە ئاژەڵ و پەلەوەر.
2. پاککردنەوەی شوێنەکانیان و لابردنی پاشەڕۆکانیان چونکە زۆر بوونی پاشەڕۆ لە کێڵگە پەلەوەرییەکان دەبێتە هۆی زیاد بوونی گازە زیانبەخشەکان بەتایبەتی گازی ئامۆنیا کە پەلەوەرەکان تووشی ژەهراوی بوون و چەندین نەخۆشی دیکە دەکات.
3. دانانی ئامێرەکانی ساردکردنەوە و پێویستە خاوەن ئاژەڵ یاخود خاوەن پەلەوەر زوو زوو هەواگۆڕکێی ناو کێڵگە پەلەوەریەکان بکات و بەئیش پێکردنی ساحیبەی هەوایی بەس گرنگە ڕاستەو خۆی هەواکە لێیان نەدات ڕووەو سەرەوەبێت باشترە.
4. پێدانی ئالیکی پاک و گۆڕینی ئالیکەکەیان ئەگەر پیس بوو بێت بە پاشەڕۆی پەلەوەرەکان خۆیان, زۆر گرنگە لەو وەرزەدا ڕێژەی پرۆتینی ئالیکەکەیان کەم بکرێتەوە .
5. لەکاتی زۆر بەرزبوونەی پلەکانی گەرما وا باشە ڕادەی شێی ناو هۆڵەکان بەرز بکرێنەوە ئەویش بەدانانی سیستەمی پاد یاخود دانانی ئاو لەناو دەفری گەورە و ئەگەر هۆڵەکە مریشک یاخود هەر پەلەوەرێکی دیکەی تێدابوو ڕێژەکەیان زۆر بوون و وەقەرەباڵغ بوون واباشە ئاو بڕژرێت لەچواردەوری ئەو شوێنەی پەلەوەرەکەی تێدایە بەڵام نابێت شوێنیان و ڕاخەرەکەیان تەڕ ببێت یاخود بەکارهێنانی ئەو جۆرە پانکانەی کە دڵۆپەی وردی ئاو دەردەکەن وەکلەو وێنەیەی خوارەوە دەردەکەوێت.


.6

7. دور کەوتنەوە لەپێدانی ئاوی زۆر سارد وە باشترە نە زۆر سارد بێت و نە زۆر گەرم چونکە هەردووکیان زیانی تەندروستی هەیە بۆیە وا باشە پلەی گەرمی ئاوەکەدان جێگیر بێت و فێنک بێت.
8. کوتانی پەلەوەرەکان لە وەرز و کاتی خۆی بە ڕێنمای پزیشکی ڤێتێرنەری.
9. دورکەوتنەوە لە دانانی ڕێژەی(ژمارە) زۆری پەلەوەر لە شوێنی بچووکدا چونکە زۆری ژمارەی پەلەوەرەکان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و دروست بوونی تەپوتۆز لەناو هۆڵەکەدا.
10. پاککردنەوەی بەردەوامی شوێنی ئاو و ئالیک واتا پاککردنەوەی مەنهۆڵ و دانخۆریەکان و گۆڕینی ئاو ئالیکەکەیان بەشێوەیەکی بەردەوام.
11. پێدانی سەوزەو میوە یاخود ئەو توێکڵی میوانەی کە خۆت نایخۆت و لێی ئەکەیتەوە دەتوانی وردی بکەیت و بیدەیت بە مریشک و پەلەوەرەکان.
12. پێدانی شوتی بە پەلەوەرەکان بەتایبەتی بە مریشک چونکە ئاو دارەو لە وشک بوونەوە و پلەی گەرمی بەرز دەیپارێزت.
13. بەرز کردنەوەی بەرگریان ئەویش بە پێدانی ڤیتامین و کانزاکان بەتایبەتی ڤیتامین c یاخود پێدانی سیر ،سرکە ،دۆشاوی خورما بەو شێوازانە:

- **سیر:** ئەویش بەوردکردنی و تێکەڵ کردنی لەگەڵ ئالیک ،یاخود بکرێتە ناو ئاوی خواردنەوەیان.

- **سرکە** :بەتێکەڵ کردنی لەگەڵ ئاوی خوارنەوەیان کە هەم بەرگریان بەرز دەکاتەوە و هەم لەچەندین نەخۆشی وەرزی دەیان پارێزێت , واباشە لەکاتی پێدانی ئەو گیراوەیەدا پێش ئەوە پەلەوەرەکان تینو بکرێن پاشان پێیان بدرێت.
- **دۆشاوی خورما** :کە چەندین سوودی جوراوجۆری هەیە و دەتواندرێت بدرێت بە جوچکەی یەک ڕۆژە کاتێک داخلی هۆڵ دەکرێن لەجیاتی شەکراو،دۆشاوی خۆرمایش وەک و سرکە تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوەیان دەکرێت بەڵام زیاتر لەوەرزی زستاندا بەکاردەهێندرێت چونکە لەگەڵ بەرزکردنەوەی بەرگریان گەرمی و وزە بەلەشیان دەبەخشێت.

**نەخۆشیە باوەکانی کە لەوەرزی گەرمادا تووشی پەلەوەرەکان دەبێت ئەوانەن:-**

لەپڕ مردن sudden death کە زۆر جار بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و نەمانی ئۆکسجین مریشکی ناو کێڵگە پەلەوەرییەکان مرداردەبنەوە.

نەخۆشی ئاو بەندبوون (حبن) واتە کۆبونەوەی ئاو لەبۆشای سکی پەلەوەرەکەدا کە بەهۆی خواردنەوەی ئاوی زۆر و کەمی خواردنی ئالیک دروست دەبێت.

## ئامێرەکانی گەرمکردنەوەی هۆڵەکانی کێڵگەی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت



Radiant Tube Heater



Forced Air



Pancake Brooder



Radiant Brooder

### 1 -بێرنەر

ئامێرەکە بەکار دێت بۆگەرم کردنی هۆڵەکان کە بەهۆی پانکەیەکەوە لەناو ئامێری بێرنەرەکەدا بە ناو هۆڵەکەدا بڵاو دەبێتەوە.

**باشی ئەو ئامێرە لەوە دایە:**

- گەرمیەکەی بەیەکسانی دابەش دەکات وە ئۆتۆماتیک پلەی گەرمی ڕادەگرێت.
- هەوای ووشک پاک دەکاتەوەو بڵاوی دەکاتەوەو بەپاڵە پەستۆی زۆر هەوای پیس لەڕێی دەکاتە دەرەوەی هۆڵەکانەوە.



## 2 -دایەنگاکان



ئامێرێکە لەشێوەی ساجێکی گەورەی سەر بەرەو خوار کەلە ناوەڕاستیدا گەرمی دەبەخشێت.

پێویستە لە بەرزیەک دابندرێت پلەی گەرمی بۆ ئاستی جوچکەکان دابین بکات.

وا باشە لەکێڵگەی پەلەوەریدا لەتەمەنە بچوکەکاندا دایەنگاکانی گەرمکەری هەوا بەکار بێت و لەتەمەنە گەورەکاندا بێرنەر بەکار بهێندرێت .



**3 -پەرەمێز**

هەندێک لەکێڵگەکان پەرەمێز بەکار دەهێنن کە بەبێ لولەکێش کار دەکەن کە بە نەوت یان غاز بەکاردەهێندرێت.

ئەو ئامێرانە دەبێت بەشێوەیەک زۆر باش و بەردەوام چاودێریان بکرێت چونکە ئەو ئامێرانە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بڵاو دەکەنەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر لەشی مریشک و ئۆکسجین ناو هۆڵ کەم دەکەنەوە , وە ڕێگەخۆشکەرە بۆ نەخۆشی لەسەر سییەکان,



ئامێری سەیرکردنی ڕێژەی پلەی گەرمی ناو کێڵگەی پەلەوەری ,بە پێی ڕەنگەکان دەزاندرێت پلەی گەرمی ناو ساڵۆن و مریشکەکان چەندە.






## ئامێرەکانی فێنک کردنەوەی کێڵگەی پەلەوەری




بۆ ئەوەی بتوانین کێڵگەی پەلەوەری بگەیەنینە فێنک کردنەوەیەکی  گونجاو لە وەرزی هاویندا و لەو کاتەنەی کە گەرمە  ,  بۆ ئەوەی فێنککەرەوەی گونجاو دابین بکەیت بۆ ناو کێڵگەی پەلەوەری پێویستت بەو ئامێرانە دەبێت:

**1 سیستەمی خانەیی یان پاد : ( Cell system or pad )** ئەو سیستەمە لە هاویناندا لە زۆربەی کێڵگەکانی پەلەوەری بەکاردێت پێکدێت لەچەند هەواکێشێکی بەهێز لەبەرامبەریان دا چەند شوێنێکی هاتنە ژورەوەی هەوا هەیە کە پەرەی کارتۆنی سیلیلۆزی تێدایە.



بۆ هەر 1000 جوچکەیێک پێویستی بە 2-3 مەتر لە خانەی کارتۆنی هەیە.

پێویستە ئەو سیستەمە کۆگای تایبەت بە ئاوی هەبێت و داپۆشراو بێت.

سەیرکردن بە ڤیدیۆ






2 -**مبردات الصحراء**: ئەو جۆرەیان لە هەوا کێشێکی بەتوانا و چەند پرژێنەرێکی ئاو پێک دێت , کە هەوای خاوێن و شێدار بە ناو هۆڵەکاندا بڵاو دەکاتەوە , ئەو جۆرانە زۆر سادەن وە لەهەمان کاتدا زۆر کەم بەکار دێت لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی زۆر بەرزبونەوەی ڕادەی شێ و تەڕبونی ڕاخەر سەرئەنجام دەبێتە هۆی بڵاو بونەوەی نەخۆشی .



3 -**موبەڕیدە** : ئەو ئامێرە زۆر بەکەمی بەکاردێت لەناو کێڵگەکانی پەلەوەریدا بەهۆی ئەوەی کێشەی میکانیکی زۆرە هەروەها نزمی کوالێتی ئامێرەکان بۆ چالاکی کردنیان , هەروەها بەردەوام چاوێری کردنی ئامێرەکان وە بۆ ئەوەی بتوانی ناو هۆڵەکان بەو ئامێرە بگەیەنیە پلەی گونجاو لەوەرزی گەرمادا پێویستە ڕێژەیەکی زۆر لەو ئامێرانە بەکار بهێنین بۆ ئەوەی هەوای شێدار بەرهەم بێهێنێت بۆ ناو کێڵگەی پەلەوەری.



## هەواگۆڕکێ لە کێڵگەی پەلەوەری
## Ventilation



خاڵی زۆر سەرەکی لە کێڵگەی پەلەوەری دا ئاڵوگۆڕکردنی هەوا یەکێکە لەکارە گرنگەکانی کێڵگەی پەلەوەری تایبەت بە مریشکی گۆشت پێویستە گرنگی تەواوی پێ بدرێت بۆ ئەوەی باری تەندروستی مریشک تەندروست بێت و گەشە کردنی خێرا بێت . سیستەمەکان پێویستیان بەکارەبای بەردەوام هەیە ئەگەر بێتو کێشە لەو سیستەمە دروستبوو ئاوا خاوەنەکەی توشی زەرەروو زیانێکی زۆر دەبێت. هەروەها ئەو سیستەمە بە پێی تەمەنی جوچکەکان تا گەورەبونیان رێک دەخرێت و هەواگۆڕکێ کەمو زیاد دەکرێ ئەویش بە ئامێری ساحیبەو (fan) دەریچەکان (inlet). ئاڵوگۆڕ کردنی هەوا کارێکی زۆر هەستیارە دەبێت بەشێوازێکی زانستی چاودێری بکرێت.

**سوودەکانی هەواگۆڕکێ :-**

1. دابین کردنی هەوای خاوێن و ئۆکسجین کە مریشک پێویستیەتی.
2. ڕزگار بونی لە گازە زیان بەخشەکان لەکرداری هەناسەدان و شیبونەوەی پاشەڕۆ و ڕاخەر دا پەیدا دەبن.
3. ڕزگاربوون لەو شێیە زۆرەی لەهۆڵەکاندا پەیدا دەبێت.
4. ڕزگار بون لەگەرمی زیادەی ناو هۆڵ.
5. ڕزگار بوون لە تەپ و تۆز.
6. کەم کردنەوەی هۆکارەکانی نەخۆشی وەک میکرۆب و کەڕووەکان.

**ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر چالاکی ئاڵوگۆڕکردنی هەوا لەکێڵگەی پەلەوەری بەخێوکردنی مریشکی گۆشت:**

- **شوێنی هۆڵ:** پێویستە هەواکێشەکان لەو لایەوە دابنرێن کە هەوا بەهێزەکان نایگرنەوە.
- **پانی هۆڵ:** چەند پانی هۆڵ زیاتر بێت ئاڵوگۆڕ کردنی هەوا قورسترە , وا باشە پانی هۆڵ لەنێوان 12 - 8 مەتر بێت.
- **شوێنی هەواکێشەکان:** پێویستە شوێنی هەواکێشەکان لە بەرزاییەک دابندرێت کە بتوانریت زۆرترین هەوای پیسبوو بەرێتە دەرەوەی هۆڵ.
- **شوێن و بەرزی پەنجەرەکان:** وا باشە پەنجەرەکان لەبەرزی 100 بۆ 150 سم بێت لەسەر ڕووی زەویەوە , وا باشە لە بەینی هەردوو پەنجەرەیەک لە بەرامبەری هەواکێشێک هەبێت.



INLET

دەریچەکان بەکاردێت لە کێڵگەی پەلەوەری بۆ هێنانە ژوورەوەی هەوای تازە.

**تایبەتمەندی ئینلێتی باش :**

- کاتێک کە دامان خست نابێ هەوا بدات و هەوا بڕواتە دەرەوە یان ژورەوە .
- بە ئاسانی بکرێتەوەو دابخرێت .
- هەموو ئنلێتەکان لە یەک کاتو بە یەک ئەندازە بکرێنەوەو دابخرێن وە بۆ ئەوەش تەلێکی 8 ملیمەتری بەکار دێنین .
- کاتێک هەوایەکە لە inlet دێتە ژورەوە دەبێت لە ناوەڕاستی سەقفەکەبێتە خوارەوە هەوایەکە یەکسەر بە جوچکەکان نەکەوێت .

**باشترە ڕەچاوی ئەو خاڵانە بكرێن بۆ ساحیبەكان ( fans ) :-**

- دەبێت سەیریان بكەین بزانین باش كار دەكەن یان لە كار نەكەوتون.
- دەبێت دڵنیابین لەوەی كە پەڕەكانی پتەون و نەدڕاون.
- دەبێت خاوێن بێت هیچ شتێک بەر هەوایەكە نەگرێت .
- وە باشترە مۆلیدەیەكی ئۆتۆماتیكمان هەبێت بۆ ئەوەی كاتێک كارەبا بڕا لە كار نەكەون.

**سیستەمەكانی هەواگۆڕكێ بۆ بەخێو كردنی مریشكی گۆشتی :-**

**جۆرەكانی هەواگۆڕكێ :-** چەند ڤیدیۆیەک بۆ زیاتر تێگەشتن لەم بابەتە ( 1 , 2 , 3 , 4 )




سیستەمی Minimum ventilation

سەیركردن بە ڤیدیۆ

شێوازێكی زەمینە گرینگیەكی زۆری هەیە گرینگترینیان (فشاری نەرێنیە ) وەک لەو وێنەیەی خوارەوە دەردەكەوێت دەبێت لە 8 خولەک جارێک هاوای ناو هۆڵەكە بگۆڕدرێت. ئەو هەوایەی كە دێتە ناو هۆڵەكەوە دەبێ لە شێوەی سلایت بێت واتا دەبێ لە سەقف بدات ئینجا بەر جوجكەكان بكەویت(فشاری نەرێنی) ئەگەر ئاوا نەبێت و ڕاستەوخۆ بەر جوجكەكان بكەوێت ئەوا توشی زۆر كێشەی دەكات و توشی ئیلتیهاباتی سیەكانی دەكات یان توشی CRD دەكات یان توشی قرخەو پژمە دەكات.






دەبێت هەوایەکە لە هیچ لایەکەوە نەیەتە ژورەوە بەتەواوەتی داخراو بێت کە دامان خست

لە وەرزی زستان ئەگەر گازی ئەمۆنیا لە ڕاخەر زۆر بو ئەوا دەبێت هەواکێشەکان بکەینەوەو بەکاریان بهێنین تا ئەو گازە بچێتە دەرەوە ئەگەر هەوا کێشەکان کێشەی فەرشەکەیان چارەسەر نەکرد ئەوا پلەی گەرمی زیاد دەکەین ،ئەگەر تەپو تۆز زۆر بو لە فەرشەکەمان ئەوا هەواکێشەکان و فەننەکان بەکار دێنین .

**لە فشاری نەرێنی دا چەند خاڵێک هەن پێویستە گرینگیان پێ بدرێت:-**

1. پانایی ساڵۆنەکە و شێوازی سەقفەکە
2. جۆری سیستەمی هەواگۆڕکێیەکە.
3. ئەندازەی کراوەی دەریچەکانinlet.
4. جۆریدەریچەکەinlet.

**چۆن بزانین فشاری نەرێنیەکەمان باشە ؟**

لە کاتێک دا هۆڵەکەمان بەتاڵە دەتوانین پشکنین بۆ فشاری نەرێنیەکە بکەین لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوکەڵ (دەزگایەکە دوکەڵ دروست دەکات ) لە دەرەوە دوکەڵەکە دروست دەکەین و ئەو کاتە لێمان دیار دەبێت کە ئەو دوکەڵە بە چ شێوازێک دێتە ژورەوە و بە چ شێوازێک دەخرێتە دەرەوە.



**ئامانج لە بەكارهێنانی Minimum ventilation :-**

دەمانهەوێت هەوایەكی تازە بهێنینە ژورەوە گازە زیانبەخشەكان ببەینە دەرەوە وەک ( ئەمۆنیا , دوانە ئۆكسیدە كاربۆن ) و وە ئۆكسجین بهێنینە ژورەوە وە دەبێت شێی ڕاخەرەكەیان باش بێت لەبەر ئەوەی زیاتر لە زستاندا بەكاردێت یان لە تەمەنی بچوكی جوجكەكان بەكاردێت . ئەو سیستەمە بۆ فێنک كردنەوەی مریشكەكان بەكار نایەت تەنیا بۆ باشتر كردنی كوالێتی هەوای ناو هۆڵەكەیە.

باشترین قیاسی فان هەوا بۆ هەواگۆڕكێی Minimum ventilation پێویستە 90 cm بێت.

**لە زستاندا چەند كارێک هەن دەبێ بیانزانین :-**

نابێ هەوایەكە ڕاستەوخۆ لە جوجكەكان بدات.

دەبێ گەرمای ناو هۆڵەكە لەناو سالۆنەكە كۆ ببێتەوە تاوەكو پێویست نەكات خەرجیەكی زۆر بكەین بۆ گەرم كردنی هۆڵەكە.




## Transitional ventilation

لە بەهار و پایزدا بەکاردێت لە تەمەنی مامناوەندی جوچکەکان.

دەبێت هەر 2 خولەک جارێک هەوای هۆڵەکە بگۆردرێت.

کاتێک تەمەنی جوچکەکان 25 ڕۆژ بێت وە هەوای دەرەوە 25 پلە بێت و کاتێک هەوا سارد بێت ئەوا هەواگۆڕکێی Transitional ventilationبەکاردێنین بێئەوەی هەواکە ڕاستەوخۆ لە مریشک بدات .

دەتوانین هەمان فانیtuunel system بەکاربهێنین.

بە هەمان شێوەی Minimum ventilation فشاری نەرێنی زۆر گرینگە.

کاتێک بینیمان مریشکەکان کۆبونەوە یان یان هاتنە تەنیشت یەک و ئاو و خواردنیان نەخوارد وا نیشان دەدات کە مریشکەکان سەرمایانە یان هەوا دێتە ژورەوە بۆیە دەبێت دەریچەو فەنەکان ڕێک بخەین

بە هەمان شێوەی Minimum ventilation ئەویش بۆ ڕاگرتنی کوالێتی هەوایەکەیە نەوەک فێنک کردنەوەی مریشکەکان .

## Tunnel ventilation




باشترین هەواگۆڕکێ لە وەرزی هاویندا جۆری تونێلیە tunnel ventilation ئەوەیان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی پلەی گەرمی ئەنجام دەدرێت وە بە مەبەستی دەرکردنی شێی زیادە بۆ دەرەوەی هۆڵ بەکاردێت وە بۆ ڕزگار بوون لە گازە زیانبەخشەکان بەکاردێت وەک ( دووەم ئۆکسیدی کاربۆن , یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن , ئامۆنیا و تەپوتۆز).

**ئامانج لە بەکارهێنانی سیستەمی tunnel ventilation :-**

1. گەرمای ناو ساڵۆنەکە ببەینە دەرەوە.
2. پلەی گەرمی ناو ساڵۆنەکە بهێنینە خوارەوە.
3. وە ئەو سیستەمە لە توانای دا هەیە 7-5 پلەی گەرمی کەم بکاتەوە هەر لەبەر ئەوە هۆکارەشە لەوەرزی هاوین بەکاری دەهێنین.
4. لە هاویندا بەکاردێت بەتایبەت لە تەمەنی گەورەی مریشکەکان.
5. دەبێت کەمتر لە یەک خولەک هەوای ناو هۆڵەکە بگۆڕدرێت.

ئەو هەواکێشەی کە لەو سیستەمە بەکاردێت پێویستە سەرو 120cm بێت.

| جۆری سیستەمی هەواگۆڕکێ | خاڵی کردنەوە و گۆڕینی هەوا |
|---|---|
| Minimum ventilation | 8 خولەک جارێک |
| Transitional ventilation | 2 خولەک جارێک |
| tunnel ventilation | کەمتر لە یەک خولەک |

## ڕووناکی لە کێڵگەی پەلەوەری










سیستەمی ڕووناکی یەکێکە لەو سیستەمانەی کە لەناو کێڵگە پەلەوەریەکان بەکاردەهێندرێت.

پێویستە خاوەن کێڵگەکان گرنگی تایبەتی پێ بدەن بۆ ئەوەی بەهۆی ڕووناکیەوە هیچ کێشەیەکی سیستەمی خۆراکی جوچکە و وە هیچ کێشەیەکی تەندروستی ڕوو نەدات لە دەرئەنجامیشدا مریشکێکی باش بەرهەم بهێندرێت. بەهۆی ڕووناکی تەواوە جوچکە لەسەرەتای تەمەنیدا دەتوانێت شوێنی خواردن و خواردنەوە بدۆزێتەوە

بەجۆرێک بێت کە جوچکە لە ڕۆژێکدا کە گەرمترین و ساردترین کاتیدا موشکیلەی نەبێتو توشی heat stress و cold stress نەبێت بە تایبەت لە وەرزی هاوینی کاتی گەرما پێویستە لە بەیانیان دا ڕوناکیەکان ئیش پێ بکەین بۆ ئەوەی خۆراکو ئاوی خۆیان بخۆنو لە کاتی گەرما بی کوژێنینەوە بۆ ئەوەی مریشکو جوچکەکانمان گەرمایان نەبێتو activity یان نەمێنێت لەبەر ئەوەی بە زۆربونی جمو جۆڵ وا دەکات ماندو ببنو گەرمایان ببێت .

**بەرنامەکانی ڕووناکی چۆن کاریان پێدەکرێت لەناو کێڵگە پەلەوەریەکان:-**

### هێزی ڕووناکی

لەتەمەنی 1 تا 7 ڕۆژی جوچکە پێویستی بەڕووناکی بەهێز هەیە تاوەکو بەتەواوی شوێنی ئاو و خواردن شارەزا بێت. لە 8 ڕۆژی تا 10 ڕۆژ پێش سەربڕین پێویستە ڕووناکی کەم بکرێتەوە.

### جۆری تیشک

باشترین جۆری ڕەنگی تیشک ڕەنگی سپیە کە هاندەری گەشەی جوچکەیە.

جوچکە ئارەزوی بە ڕەنگی سور یان زەرد و سەوز دێت پێویستە لەناو هۆڵەکانی بەخێوکردنی مریشکی گۆشتدا گڵۆپی ڕەنگی سور(بەتایبەت لە کاتی خۆ خۆری ) یان زەرد بونی هەبێت.

**ماوەی ڕووناکی پێکردن**

ڕووناکی لە کێڵگەی مریشکی گۆشت دا بە پێی کاتەکان و شوێنی دیاریکراو ماوەکەی دەگۆڕدرێت.

جوجکە لە ڕۆژی یەکەمدا پێویستی بە 24 کاتژمێر ڕووناکی هەیە.

لە تەمەنی 7 - 2 هەتاوەکو وەزنی دەگاتە 160 گرام پێویستی بە 23 کاتژمێر ڕووناکی و 1 کاتژمێر تاریکی هەیە.

لەتەمەنی35 - 8 ڕۆژی ڕووناکی کەمتری پێویستە دەتوانریت18 - 12 کاتژمێری بۆ دابین بکرێت. لەتەمەنی 35 ڕۆژی تا سەربڕین پێویستی بە 23 کاتژمێر ڕووناکی و 1 کاتژمێر تاریکی هەیە.

دەبێت بە جۆرێک ڕێکی بخەین ئەو کاتانەی گەرما زۆرە ڕووناکیەکان کەم بکەینەوە تاوەکو جوڵەیان کەم بێتەوە و ئیسراحەت بکەن

**لەکێڵگەی پەلەوەریدا تایبەت بە مریشکی گۆشت ڕووناکی پێویستە بایەخی تەواوی پێبدرێت بۆ بەرهەمهێنانی چەند ئامانجێک:-**

1. کۆنترۆڵ کردنی دیاریدەی یەک خواردن.
2. نەبونی ترس بەهۆی ڕووناکیەوە.
3. کەم کردنەوەی ڕێژەی مردنی کتوپڕ.
4. یارمەتیدەری تەواوە بۆ زۆر خواردنی ئالیک و گەشە کردنی خێرا.
5. بەرزکردنەوەی بەرگری لەشی مریشک.

پێویستە گڵۆپەکان بە دوری یەکسان دابەش بکرێن بۆئەوەی ڕووناکی لەهەموو لایەک وەک و یەک بێت و جوجکە توشی هیچ سترێسێک نەبێت.

پێویستە گڵۆپەکان بە پاک و خاوێنی ڕابگیرێن. بەرزی گڵۆپەکان لە زەویەوە پێویستە 2 مەتر و نیو بێت. ئەگەر گڵۆپەکان بە دوو ریز داندران وا باشترە کە گڵۆپەکان بەرامبەر یەک نەبن.

وا پێویستە دوری گڵۆپەکان لەدیوارەوە نیو ئەوەندەی دوری گڵۆپەکان بێت لەیەکەوە.

**کاریگەری خراپی زیاد پێدانی ڕووناکی لەهۆڵەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر :-**

- زیادبوونی دیاردەی یەک خواردن cannibalism و لێکردنەوەی پەڕی یەکتری.
- زۆربوونی چالاکی و دروست بونی تەپوتۆز.
- کەم خواردنی ئالیک و دابەزینی توانای گۆڕینی خۆراک بۆ گۆشت.
- زوو گەیشتن بە هێلکەکردن ئەمەش وا لەپەلەوەرەکە دەکات هێلکەی بچوک بکات و لەئەنجامدا ڕێژەی هەڵهاتنی جوچکە دادەبەزێت.
- لە ئەنجامی شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا دەبێتە هۆی شکانی هێلکە لەناو جسمی باڵندەکە و بریندارکردن و خوێناوی بونی یەکتری.

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی مریشک پێش سەربڕین



### 1- دان پێدان یان ئالیک پێدان

پێش سەربڕینی مریشک ماوەی 7تاکۆ 10 ڕۆژ خۆراکی قەڵەوکردن بە مریشک دەدرێت جۆرە خۆراکێک بێت کە ڕێژەی پرۆتینی کەم بێت و چەوری بەرزبێ ڕێژەی گەنمەشامی بەرزبێت بەوەش ڕەنگی پێستی مریشک زەرد و جوان دەبێ.

### 2- برسیکردن

مریشک پێش سەربڕین پێویستە 8-12 سەعات برسی بکرێت ئەو ماوەیەش بۆ بەتاڵ بونی جیقڵدانی مریشکەکەیە بەڵام دەبێ بەردەوام ئاویان پێ بدرێت.

**بۆدەبێ خواردن پەلەوەرەکان نەدرێت پێش سەربڕین؟**

لانەبردنی خۆراک لەبەردەم مریشکەکان دەبێتە هۆی دڕانی جیقڵدان پچرانی ڕیخۆڵەی مریشک و تەقین وڕژانی خۆڕاکی خوراو پیس وە بۆنی گۆشتەکەی لەکاتی دەرهێنانی ئەو پێکهاتە خۆراکیە لە ڕیخۆڵەی سەربڕاوەکە ئەوەش دەبێتە هۆی پیسبونی گۆشتەکەو توشبونی بەنەخۆشی بەکتریایی سالمۆنیای پلورم لەکاتی ئامادەکردندا.

لەگەڵ توشبونی بەنەخۆشی پیسبونی گۆشتەکەی دەبێتە  هۆی گۆڕانی ڕەنگی گۆشتەکەی بۆ سوریکی تێر مەیلەو قاوەیی ئەوەش سوودی گۆشتەکەی کەم دەبێتە وە هەندێ جاریش بۆنی گۆشتەکەی تیژ دەبێ بەهۆی تێکچونی پێکهاتە ئالیکیەکان کەدەدرێ بە باڵندە.

بەپێچەوانەوە برسی کردن و زۆر ئاوپێدان بەمریشک لەکاتی سەربڕین دەبێتە  هۆی خوێن لێ هاتنێکی زۆر ئەوەش ڕەنگی پێستی زیاتر کاڵ دەبێتەوە بەرەو پەمەیی و سپی ئەوەش تامی گۆشتەکە خۆشتر دەبێ.

**نیشانەکانی دیاری کردنی تەمەنی مریشک :-**

1-مریشک و کەڵەشێرە گەورەکان زیاتر بریندارەبن پێستیان دەڕوشێت.

2-سەرپشتیان پان و قاچەکانیان لێک دور دەبن.

3-پۆپینەیان گەورەو شۆڕدەبێتەوە ڕەنگی پۆپینەیان سووریکی تاریکە.

4-ڕەنگی پێستیان زەردێکی تاریک بەرەو قاوەیی بونە.

5-گۆشتەکەیان ڕەنگی تاریکە بەبەراورد لەگەڵ مریشکی تەمەن بچوک.

6-مریشکی تەمەن گەورە هەناسەدانیان خێرایە جوڵەیان کەمترە.

7-لەکاتی سەربڕین خوێنی کەمتر لێ دێت خوێن تیزانی ئەندامەکانی ناوەوەی لێ بەدی دەکرێ بەتایبەت لە ناوچەی ڕان و سینگ.

## سەوز بوونی  بەشێک لە گۆشتی سنگی مریشک



هۆکارەکەی تەنها جوڵەی لە ناکاو  فیزیکییە کەوا دەکات خوێن نەچێت بۆ ئەو ماسولکەیە

ئەو نەخۆشییە پێی دەوترێت Green Muscle Disease Oregon Disease

بە زانستی ناونراوە Deep Pectoral Myopathy or Degenerative myopathy

لە ئەنجامی جوڵەی لەناکاو  و زۆری باڵی مریشکدا دەبێت (بۆنموونە کاتی هەڵگرتنی بە باڵ, پەلەوەری شەل لەکاتی خۆ ڕاستکردنەوە,  خستنەسەر پشتی باڵندەکە) لە ئەنجامی ئەو جوڵەیە بڕێکی زۆر خوێن بۆ ئەو ماسولکەیەی سنگ دەڕوات و گەورە بونێکی بەرچاو لە قەبارەکەیدا ڕوودەدات بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو  ماسولکەیە بە قەفەزەی سنگ وپەردەیەکی بەهێز دەورەدراوە بەرگەی ئەو گەورە بونە ناگریت و موولوکانی خوین لەو ماسولکەیدا دەپچڕێت. و لەسەرەتادا سور دەبێتەوەو باشان سەوز هەڵدەگەڕێت,  هەندێک جار لایەکی گۆشتی سنگ توش دەبێت و هەندێک جار هەردوو لای سنگ .

دڵنیابن هۆکارەکەی نە میکرۆبە نە شوێنی دەرزی لێدانە نە دومەڵ نە نیشتنە لەسەر سنگ.

کەواتە تەنها دیاردەیەکە و لەو مریشکانە ڕوودەدات کە گەشەیان خێرایە,  کەواتە ئەو مریشکەی  ئەوایە هیچ کێشەی نیە بۆ خواردن و تەندروستە تەنها ئەو بەشەی لێبکەرەوە کە سەوز بووە و تەواو.

## فرۆشتنی مریشکی زیندوو

بۆ گواستنەوەی مریشک لە کێڵگەوە بۆ دوکانەکان لەو قەفەسانە سوود دەبیندرێت



هاتا کاتەکەی کەمتر بێت کە تا دەگاتە دوکانەکان  کوالێتی و وەزنی مریشکەکە باشترە, وە باشتر وایە لە هەر کێڵگەی بەخێوکردنی مریشک سەربڕخانەی تایبەت  خۆی هەبێت بەڵام لەبەر ئەوەی لە کوردستان زیاتر گرینگی بە کڕینی مریشکی زیندوو دەدرێت بۆیە بە ڕێژەیکی زیاتر کێڵگە پەلەوەریەکان تەنیا بەخێویان دەکەن و بەسەر دوکانەکان دابەشی دەکەن , وە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان فرۆشتنی مریشکی زیندوو قەدەغەیە یەکێک لە مەترسیەکانی ئەگەری گواستنەوەی ئەنفلۆنزای هەیە بۆ مرۆڤ یان ئەو نەخۆشیانەی کە پەلەوەر و مرۆڤ تیایدا هاوبەشن.

## بەشی سێیەم

# خۆراک

## کارگەی ئالیکی پەلەوەر



بە پێی ئامارێکی ساڵی 2018 نزیکەی26 کارگەی ئالیک لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، وزەی بەرهەمهێنانیان 435 تۆنە لە کاتژمێرێکدا. ئەوەش زۆر زیاترە لە پێداویستی کێڵگەکانی پەلەوەر لە کوردستان. ژمارەیەک لە کارگەکان ئالیک هەناردەی شارەکانی عێراقیش دەکەن، بۆیە پێویستمان بە هاوردەکردنی ئالیکی پەلەوەر نییە تەنیها هەندێک لە پێکهتەکانی ئالیکی پەلەوەر دەهێندرێن بەتایبەت سۆیا و پریمیکسەکان وەک ڤیتامینەکان کە لە کیسە دان.

سەرەتا کاتێک سامپڵێک وەردەگرین لە کارگەی دروست کردنی ئالیک کە بمان هەوێت فەحسی بکەین ئەو ڕێگایانە دەگرینە بەر:-

سەیری ڕەنگەکەی دەکەین بزانین نەسوتاوە ,وە بۆنی دەکەین تا بزانین نەترشاوە.

پێویستە بزانین بەرد یان شوشەی تێدایە یان وردە حەشەڕاتی تێدایە.

بەشێکی تر لە تاقیکردنەوە لە مادەی خۆراکیدا physical properties

1. وەزنی گەنم یان سۆیا لە هەر مەترێک سێجا ستانداردێک هەیە کە دەبێت وەزنی چەند بێت , بە پێی وەزنەکەی نمرەی دەرەجە یەکو دەرەجە دوو و دەرەجە سێی پێ دەدرێت , واتە کاتێک وەزنەکە کەم بو ڕەنگە وردە گیانلەبەرو حەشەڕاتی تێدابێت کەمێک لە ئاردەکەی ناو گەنمیان خواردبێت ئەوەش بوبێتە هۆی ئەوەی وەزنی گەنمەکە سوکتر بێت لەو وەزنە ستانداردەی کە داندراوە.

2. دەبێ بزانین چەند سروشتیە مادەی تری تێکەڵ نەکراوە وەک شوشەو بەرد و بۆیە وا باشترە لە هێڵەکێک سوود وەر گرین و دانە گەنمەکان بچنەخوارەوە و وردە شوشەو بەرد یان هەر شتانێک بێ لە سەرەوەی هێڵەکەکە بمێنێتەوە.
3. هەمووی یەک دەست بێت باشترە وەکو ئاردو شکاو نەبێت بۆیە دوبارە پێویستە لە هێڵەک بدرێتەوە.

**بەشێکی تر لە پشکنینی خۆراک :-**

بۆ ئەو جۆرە پشکنین و هەڵسەنگاندنە پێویستە نمونەیەک وەر بگرین بیبەین بۆ تاقیگە بۆ دیاری کردنی ڕێژەی شێ و پرۆتینەکەی و ڕێژەی چەوریەکەی .\

**Grinding**: واتە ورد کردن و هاڕین مەوادە خۆراکیەکان کە دەمان هەوێت بیکەینە ئالیک.

سوودەکانی:-

- کەمکردنەوەی ئەندازەی دەنکەکان.
- زۆر کردنی ژمارەی دەنکەکان.
- هاڕینی دەنکەکان وا دەکات کوالێتی مادە خۆراکیەکە باشتر بێت .
- بەو هۆیەوە هەرس کردن و هەڵوشین لە جەستەی مریشکەکە باشتر دەبێت و باشتر هەرس دەبێت و سوودی لێ وەردەگرێت ئەوەش هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی مریشکەکانمان .

ئامادەکردنی ئالیک لە هەموو هەنگاوەکانیدا بەرەو پێش چووە (هاڕینی ئالیک, تێکەڵ کردنی پێکهاتەکانی ئالیک, کەپس کردنی ئالیک, لە کیسە کردنی ئالیک, گواستنەوەی ئالیک). هەروەها پێکهاتەکانی ئالیک (پرۆتین, کەربۆهایدرەیت, چەوری, ڤیتامین و کانزا) لە ئێستادا بەجۆرەیک گۆڕانکاریان بەسەر هاتووە کەمریشک بتوانێت خۆراکەکە باشتر و کاراتر بکاتە گۆشت. چەند پێکهاتەیەکی دیکە هەیە بۆ ئالیکی مریشک زیاد دەکرێت, وەکوو (دژەمایکرۆبەکان, مایکرۆبی بەسوود, ئەنزایم, دژەئۆکسیدانتەکان, بۆن و تام, ئاسیدیفایەرەکان, دژەسترێس و لکێنەر)

## شێوازی دروستکردنی ئالیکی پەلەوەر و باڵندوە

سەیرکردن بە ڤیدیۆ




پلێت کردن واتە کۆمەڵە مەوادێک وەک گەنم گەنمەشامی سۆیا و ڤیتامینەکان(بەشێوەی پاودەر لەناو کیسە) و ڕۆنەکان  ئەو مەوادانە هەمووی تێکەڵ دەکرێت ودەهاڕدرێت و پلێتی ئالیکی لێ دروست دەکرێت کە ئەوەش چەند سوودێکی هەیە ئەویش بۆ کۆئەندامی هەرسی مریشکەکە ئاسانتر هەرس دەبێت و باشترە وتەپوتۆزی کەمترە و کۆمەڵە مادەیەک لە یەک پارچەی بچوک دا کۆکراوەتەوە, وە پەلەوەر زیاتر ئارەزوی لە خواردنی پلێتی هەیە.

سایلۆیەکان بەکار دێن بۆ خەزن کردن و هەڵگرتنی مادە یەکەمیەکان وەک گەنم و گەنمەشامی و سۆیا.



دواتر بارهەڵگری مەوادەکە لەسەر ئامێری جەکەکە مەوادەکەی دەڕژێنێتە ناو بۆکسێک.





ئەو ئامێرە کاری دواستنەوەی مەوادەکەکان دەکات بۆ ناو سایلۆکان.





دواترە دەبردرێتە ناو سایلۆیەکانی ناوەوە کە هەر یەکەو تایبەتن بە یەکجۆر مەواد.



Flat screen مەوادەکە بەو ئامێرەدا دەڕوات لەناو ئەو ئامێرە موگناتیز هەیە بۆ گرتنی ئاسن کە دەبێتە هۆی ئەوەی چەکوشەکان بشکێنێت لەکاتی ورد کردنی مەوادەکە بۆیە ئەو ئامێرە لە ڕێگەی موگناتیسەکەی ناوە وەک لە وێنەکە دیارە دەیانگرێت بە خۆیەوە ناهێڵێت تێپەڕ ببن.





دواتر دەکرێتە ناو هێڵەکێک گەورەو بچوکی لێک جیا دەکرێتەوە.

Hammer MILL 250KW لەو ئامێرەشدا دوبارە موگناتیس هەیە بۆ گرتنی ئاسن دواتر بەکاردێت بۆ هاڕین ورد کردنی مەوادەکە.







jet filter بەشێکی گرینگە لەبەر ئەوەی لەکاتی هاڕین و ورد کردن و تەپوتۆز و دەنگ و گەرما دروست دەبێت, پێویستە ئەو تەپوتۆز و گەرمایە ڕێگری لێبکرێت بۆتێک نەچونی هاڕین و ورد کردنەکە ئامێری جێت فیلتەر وەک لە وێنەکە دیارە کە هەوای گەرم لە خوارەوە وەر دەگرێت و دەیگۆڕێت بۆ هەوای سارد وە دواتر هەرتەپۆتۆزێکی گرتبێ ئەیخاتە خوارەوە وەک لە وێنەکە دیارە.





Premix بەشێکی گرینگە بۆ ئەو مادانە بەکاردێت کە هاڕین و ورد کردنیان ناوێت پێشتر هاڕدراون و پاودەرن , لەو ئامێرە خۆمان بە دەست پریمیکسەکان دەرژێنینە شوێنی تایبەت بە خۆیان مادەکانیش وەکو ڤیتامینەکان و فۆسفات و کاربۆنات....






لە ژێر ئەو ئامێرە تارازویەک هەیە کە مادەکان بە پێی خواستی خۆمان دیاری دەکەین کە چەندمان پێویستە بۆ دروست کردنی ئالیکەکە  کە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی کار دەکات و پێویستە بە کاری دەستی نیە

Oil scaleبەکاردێت بۆ ڕۆنەکان پێش تێکەڵکردنیان بە مەوادەکانی تر




دواتر هەمویان دەکرێنە ناو میکسەرەوە وە میکسەر چەند جۆرێکمان هەیە بەڵام ئەو وێنەیەی خوارەوە لە جۆری pedal mixer ە کە سەرەتا مەوادەکە کە وشکنو هاڕدراون وەک گەنمو گەنمەشامی و سۆیا دواتر پریمیکسەکان دواتر ڕۆنەکان  دواتر هەموویان تێکەڵ دەبن .





pellet mill لەو ئامێرەدا هەڵمی وشک هەیە کە شێ دەداتە ئەو مادانە و دژە خۆراکیەکان ئەکوژێ جا زیندەوەر بێت یان هەر چیەک کە پەیوەندی بەمەوادەکانەوە نەبێت , دواتر وەکو هەویری لێدەکات دواتر لە ڕێگەی پەستان هەویرەکە شێوەی پلێت وەر دەگرێت وەک لەو وێنەیەدا دیارە کە بەهۆی ئەو کەتەرەوە دەبردرێت و شێوەی پلێتی هەیە بەڵام هێشتا گەرمە لەبەر ئەوەی هەڵم تیایدا بەکار هاتوە بۆیە پێویستە سارد بکرێتەوە لەبەر ئەوەی جار وایە تا پلەی گەرمی 90c° دەڕوات.








Cooler لە کولەردا سارد دەبێتەوە , لە خوارەوە هەڵمژێک هەیە کە هەوای ساردی دەرەوە دەهێنێتە ناوەوە تا ساردی بکاتەوە ئەو ئامێرە وەک لە وێنەکەی دیارە دوبەشە هەتا بەشی سەرەوە نەگاتە ئاستی دیاریکراو بەشی خوارەوە ناکرێتەوە لە خوارەوەش دوبارە سارد دەبێتەوە.





Cyclone سیستەمێکە ئەو هەوایەی کە لە کولەرەوە هاتوە کە لەکاتی سارد بونەوە بەشێکی وەک تۆز خراوەتە دەرەوە لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە سارد دەکرێتەوە ودوبارە دەخرێتەوە ناو مەوادەکەی کە سارد بۆتەوە.




Vibrating screen بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی شێوەی پلێت و ئارد کە هەردوکی لەرزینی پێ دەکرێت لەو کاتەدا ئاردەکە یان وردەکان دەکەوێتە خوارەوە و ئەوەی وەک ئاردی لێهاتبێت دووبارە دەکرێتەوە پلێت.








ئێستا ئەو پلێتەی دروست بوە ئامادەیە بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ کێڵگەی پەلەوەریەکان و فرۆشتنیان دەیانکەینە ناو کۆگای هەڵگرتنەکە ئامادە بێت بۆ فرۆشتن وگواستنەوە.

Granul ئەو ئامێرەیە کە پلێتەکانمان ورد دەکات بەو قەبارەیەی کە دەمان هەوێت کە بۆ تەمەنێک لە مریشکدا سوودی لێ وەردەگیرێت کە پێی دەوترێت (باراش)








Automatic bagging لە کۆتایدا پێویستە بکرێنە ناو کیسە یان گونیە یان تەلیس کە ئەوە بە ئۆتۆماتیکی دەکرێت کە ئەویش بە کۆمپیوتەر چەند کیلۆمان بوێت ئەوەندە بڕژێتە ناو کیسەکە بەهۆی بونی تەرازو لەناو ئەو ئامێرە کە بگاتە ئەو وەزنەی مەبەستمانە ناهێڵێت زیاتر بڕژێتە ناو کیسەکە تا پڕ دەبێت دواتر دەدورێتەوە و ڕاستەوخۆ دەخرێتە ناو ئۆتۆبێلی گواستنەوەی ئالیکەکە بۆ کێڵگەی پەلەوەری.


50 kg







## خۆراکی پەلەوەر



خۆراکی پەلەوەر بە هەموو ئەو مادانە دەوترێت ، کە پەلەوەر پێویستیەتی بۆ گەشەکردن و بەرزبونەوەی بەرگری و بەردەوام بونی لە ژیانی.

خۆراک بە گرنگترین بەشی بەڕێوە بردنی کێڵگەی پەلەوەری مریشکی گۆشت دادەندرێت, لەبەرئەوەی زۆرترین مەسرەفی کێڵگەی پەلەوەریە ، پابەندە لەسەر خۆراک بڕی تێچوو بۆ هەر کێڵگەیەکی ستاندارد بەرێژە دەگاتە 70% - 60%.

وەک دەزانین خواردنی سەرەکی مریشک دانەوێڵەیە, بەڵام پێویستە دانەوێڵەکە زیاد لە جۆرێک بێت واتە تەنها گەنم یان گەنمەشامی بە تەنها نابێت بەڵکو مەرجە فرەجۆر بێت, هەروەها تازە بێت و دەوڵەمەند بێت بە کانزاکان و ڤیتامینەکان و پرۆتین لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کۆمپانیا هەن کە بەرهەمهێنەری تێکەڵەن(عەلەف, ئالیک) چ بە ساغی چ بە هاڕاوی چ بە کەپس کراوی کە ئامادەیە و جگە لەوەش دەرمانی تێدایە دژی نەخۆشییە جیاوازەکان وەک(کۆکسیدیا و ژەهری کەڕوو کە کەنکەر هتد....

ئەوانە و زۆرێکی تر کە لە ئالیکی پەلەوەرەکانمان دەتوانین بەکاری بهێنین بەڵام تەنیا ئەوانەم باس کردوە کە ئاسانن و بەرچاون

ئەو ئالیکەی کە بە جوچکەو مریشکەکانمانی دەدەین دەبێت زانیاری دروست و پێشبینی دروستی ڕادەی بەکارهێنانی خۆراکی هەرزان و تەندروست هەروەها دیاریکردنی پرۆتین و کانزاکان و ترشە چەوریەکان و کانزاکان بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی پەلەوەر بۆ گەشەی خێرا و تەندروست.

بۆ ئەوەی جوجکە توانای گۆڕینی خۆراکی زۆر باش بێت پێویستە مادە ئالیکیەکان و هەموو ئەو مادانی پێویستن لەناو خۆراکدا بە باشی هاوسەنگ بکرێن و گرنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی جوچکە بەباشی گەشەبکات وە دوور بێت لە نەخۆشی.

## نوسینی پێکهاتەی ئالیکی پەلەوەر

نوسینی ئالیک وە پێشی دەوترێت جیرە نوسین بابەتێکی زۆر گرینگە بە بەرزکردنی ئاستی بەرهەم جا بەرهەممەکە بۆ مریشکی هێلکە بێت یان مریشکی گۆشت سوودی لێ دەبینین کە دەتوانین بە نوسینی ئالیکێکی گونجاو وایان لێ بکەین توشی نەخۆشی نەبنو بەرگریان بەهێز بکەین و سەرجەم کەموکوڕیەکانیان چارەسەربکەین وایان لێبکەین بە کاتێکی کەم و خۆراکێکی کەم بەرهەمێکی باش بەدەست بێت .

**ئەو خاڵانەی پێویستە لە ئالیکی پەلەوەر ڕەچاو بکرێن :-**

- دابین نەکردنی یان زیاد بوونی مادە خۆراکیەکان وەکو پێویست لە ئالیکدا دەبێتە هۆی بەدخۆراکی , سەرهەڵدانی نەخۆشی , دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەرگری لەشی مریشک.
- پێویستە مادده خۆراکیەکانی ناو ئالیکی مریشک زۆر گونجاو بێت بۆ لەشی مریشک.
- زۆر بەکار هێنانی مادده خۆراکیەکان لە ئالیکدا دەبێتە هۆی پەیدا بونی نەخۆشی لەلەشی مریشکدا.

**هەنگاوەکانی نوسینی پێکهاتەی ئالیک :-**

یەکەم جار ئەبێ بزانین پێکهاتەی ئالیکەکەمان بۆ چ جۆرە پەلەوەرێک و چ جۆرە بەرهەمێک دەنوسین.دواتر پێداویستیەکان بۆ دیاری دەکەین کە گونجاوەو پێوەیستە بۆ پێکهاتەی ئالیکەکەمان , وە چەند هۆکارێکمان هەیە کە کاریگەرن لەسەر وەرگرتنی پێداویستیەکان وەکو : تەمەن , ڕەگەز , وەزنی لاشەی , جۆری بەرهەممەکەی ,جۆری ڕەچەڵەک و تیرەکەی.

وە لەبەرچاو گرتنی نرخی خۆراکەکە. وە لەبەر چاو گرتنی شێو خۆڕاگری ئالیکەکە بەرامبەر پلەی گەرمی و ماوەی هەڵگرتن و زوو تێکنەچونی پێکهاتەی ئالیکەکەمان.

## ڕێگاکانی نوسین و هاوسەنگکردنی پێکهاتەی ئالیک :-

ڕێگای بەرنامەی کۆمپیوتەر ڕێگایەکی زۆر سەرکەوتوە بۆ نوسینی پێکهاتەی ئالیک کە بۆ سەرجەم ئاژەڵکان بونی هەیە وە دەشتوانین Microsoft excel بەکاربێنین یان ئەو بەرنامانەی تایبەت بۆ نوسینی پێکهاتەی ئالیک دروستکراون بەڵام من وە خۆم ڕێگای بەرنامەی کۆمپیوتەریم پێ باشترە لەبەرئەوەی ئاسانترو ئەنجامەکەشی دەقیقترو ورد ترە, ڕێگایەکی تر بەکارهێنانی کاتالۆگەکان وەک ئەو سەرچاوانەی خوارەوە کە دەتوانین بەکاریانبهێنین کاتێک ویستمان پێکهاتەی ئالیکێک بنوسین وە لەوکاتەدا پێویست ناکات خۆراکەکان ببەینە تاقیگە بۆ ئەوەی بزانین لەچی پێکهاتوە لەو کاتالۆگانە سەرجەم مادەکانی ناو ئەو پێکهاتانەی کە دیاریمان کردون و بۆ پەلەوەر ئاژەڵەکنیتر کتالۆگی جیاواز هەیە.

National Research Council (NRC) POULTRY

داگرن بەشێوەی pdf

Tables of composition and nutritional value of feed materials

داگرن بەشێوەی pdf

Feedipedia

/https://www.feedipedia.org

**لەو سایتەدا لە بەشی گەڕان (search) ناوی خۆراکەکە بنوسە بە ئینگلیزی سەرجەم مادەکانی نا ناو پێکهاتەی ئالیکەکەمان بۆ دیاریدەکات بۆ نموونە**




Agricultural Research Council ARC

هۆڵندا CVA

INRA

اسپانیا FEDNA

له ئالیكدا گرینگی به هاوسەنگ كردنی ئەو ماددانەی  خوارەوە ئەدرێت

- ME(kcal/kg) =Metabolizable energy
- A.A=Amino acid
- CP(%)=Crude protien
- CF% =Crude fiber
- Arg(%) =Arginine
- Lys(%)=Lysine
- Met(%)=Methionine
- Met+cys(%) =Methionine+Cystine
- Thr(%) =Threonine
- Trp(%)=Tryptophan
- Valin(%) =Valine
- Ca(%) =Calcium
- TP(%)=Total phosphorus
- AP(%)= Available phosphorus
- Na(%) =Sodium
- K(%) =potassium
- Cl(%) =chlorine

(پرۆتین, كاربۆهیدرات , چەوری, ڤیتامین و كانزا) له ئێستادا بەجۆرەێك گۆڕانكاریان بەسەر هاتووە كەمریشك بتوانێت خۆراكەكە باشتر و كاراتر بكاتە گۆشت. چەند پێكهاتەیەكی دیكە هەیە بۆ ئالیكی مریشك زیاد دەكرێت, وەكوو (دژەمایكرۆبەكان, مایكرۆبی بەسوود, ئەنزایم, دژەئۆكسیدانتەكان, بۆن و تام, ئاسیدیفایەرەكان, دژەسترێس و لكێنەر)

**ئەو مادە ئالیکیانەی کەلەخۆراکی مریشکی گۆشتدا بەکاردێن :-**

1. وەکو ( گەنمەشامی , گەنم , تڵپەی پاقلەی سۆیا , ڕۆنەکان. .. هتد.
2. تەواوکەرەکانی ترشەلۆکە ئەمینیەکان و ڤیتامین و کانزاکان.
3. سەرچاوەکانی کالسیۆم و فسفۆر.
4. خوێ.
5. ئەنزایمەکان.
6. پرۆبایۆتیک , پریبایۆتیک.
7. دژە ئۆکسی بوون.
8. دەرمانەکان.

**بە بەرزی و نزمی هەر یەکێک لەو مادە خۆراکیانەی ناو بڕی خۆراک دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک:-**

1. دروست بون و گەشەی خانەکان و شانەکان سست دەبێت.
2. توانای گۆڕینی خۆراکی کەم دەبێتەوە.
3. لەکاتی پێگەیشتنی مریشک ئەو وەزنەمان ناداتێ کە ئامانجمانە.
4. لاواز دەرکەوتنی جوچکە.

لەو ئالیکەی کە بۆ مریشک و جوچکەکان دروستی دەکەین پێویستە لە ئالیکەکەمان دا هەبێت ئەویش جگە لە ئاو و وزە و پرۆتین پێویستە ئەو شێوەیەی خوارەوە دابین بکرێت لە ئالیکدا



## چی خواردنێک پێویستە نەدرێت بە مریشک



سیر و پیاز یەکێکن لەدوو کێشەگەورەکان و لێپرسیارێتی کە کاریگەریان لەسەر تێکچونی تامی هێلکە هەیە.

خواردنەکانی تریش دەبێت ئاگاداری ببین لەبەر ئەوەی ژەهریان تێدایە کە ئەوەش دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی پەلەوەرەکە یان زۆرجار کوشندەیە بۆ پەلەوەرەکە.

ڕێواس بە هەموو شێوەیەک ژەهراوییە و نابێت پێی بدرێت.

پیاز و مزرەمەنییەکان (پرتەقاڵ و لیمۆ) , سپێناخ ئەگەر کەمی بدرێتێ ئاساییە بەڵام ئەگەر زۆری بدرێتێ ژەهراوییە.

نابێت سەوزە و میوە, زیاد لە بڕی پێویستی پێبدرێت چونکە دواتر توشی سکچوونی دەکات !

بەشی کۆتاییەکەی ئاڤۆکادۆ لەگەڵ بەشی پێستەکەی ژەهراوین بۆ مریشک لەبەر ئەوەی جۆرێک ژەهری تێدایە کە پێرسینی پێیدەوترێت, بەشە گۆشتیەکەی یان نەرمەکەی ئەڤۆکادۆ ئەوەیان باشە بۆ پەلەوەر.

خواردنی نەکوڵاو یان فاسۆڵیای وشک ئەوانە خراپن چونکە پێکهاتەیەکیان تێدایە کە ناسراوە بە هیمئەگلوتینین کە ڕێگری دەکات لە هەرسکردنی هەرجۆرەخواردنێک لە پەلەوەردا.

خواردنی کەرواوی یان خواردنی بۆگەنکردوو یان خواردنێک زۆری خوێ تێدابێت دەبێتە هۆی زۆر تەڕی جیقنە و لەوانەشە ژەهراوی بێت.

## سوودەکانی بەکارهێنانی ئەنزیم بۆ ناو ئالیکی پەلەوەر
## Benefits of using Enzymes in poultry feed




نزیکەی بیست و پێنج لە سەدی ماددە سەرەکیەکانی خۆراک لە خواردنی ئاژەڵدا بەتەواوەتی بەکارنایەت لەلایەن ئاژەڵەکە وە ئەوەش گرانبەهایە هەم بۆ بەرهەمهێنەرەکان و کارگەکان.

ئەنزیمەکان یارمەتی چارەسەرکردن و شیکاریکردنی گەورەترین بەرەنگاری دەکات لە کارگەکاندا.

ئەنزیمەکان یارمەتی پرۆسەی هەرسکردنی پرۆتین و چەوری دەدەن.

زیندە چالاکی کردنی وزە لە خواردندا زیاد دەکات .

هەبونی ئاو لە زبڵ و خۆڵی ژێریان کەمدەکاتەوە  وە یارمەتی کەمکردنەوەی گازی ئەمۆنیا و نایترۆجین و فسفۆڕ دەدات.

لینجی ناو خۆراکی هەرسکراو کەمدەکاتەوە.

وشکبونەوە یان پێوەنوسانی جیقنە بەناوچەی کۆمەوە کەمدەکاتەوە.

قەبارەی کۆئەندامی گەدەو ریخۆڵە کەمدەکاتەوە  و توانای خواردن زیادەکات و کێشی لەش زیادەکات.

ئەنزیمەکان کۆمەڵی میکرۆبەکانی ناو گەدەو ڕیخۆڵە دەگۆڕێت بۆ میکرۆبێکی جۆری پۆزەتڤ و باش.

ئەنزیم بەشێوەیەکی دیاریکراو بەکاردێت و تێکەڵ بە خۆراکی پەلەوەر دەکرێت بەتایبەت ئەو خۆراکەی کە دانەوێڵەبێت بەکاربێت بڕی مادده سەرەکیەکانی خۆراک تیایدا لاواز بێت.

دانەوێڵەکان کە بڕی مادده سەرەکیەکانی خۆراک تیایاندا کەم بێت عادەتەن نرخیشیان کەم دەبێت کە ئەو ئەنزیمە لەگەڵی بەکاربێت دەرفەتێک دەدرێت بەبەرهەمهێنەرانی ئالیکەکە.

ئەنزیم ئەندازەیەکە کە دەتوانێت ببێتە بەشێک لە شیکاریکردنی کێشەکانی خۆراک لە پەلەوەردا.

ئەنزیم دڵخۆشیەک بۆ کێڵگەوان دروست دەکات کە دەبێتە  هۆی زیادکردنی بەرهەمی هێلکە وە لە ڕوی بازرگانیشەوە سوودێکی کاریگەری دەبێت.

**خۆراكەكان**

بۆ پلێت كردن و دروست كردنی ئالیكی مریشك یان پەلەوەرێكی تر پێویستمان بە سەرچاوە گیایی(گەنمەشامی , گەنم , سۆیا , ڕۆنەكان ,......)و چەوریەكانو سەرچاوەی ئاژەڵیەكان (پاودرەری ماسی, هاڕاوەی گۆشت, پاشماوەی سەربڕخانەی پەلەوەر, هاڕاوەی پەڕ, هاڕاوەی خوێن , كەشك, شیری بێ چەوری)

**گەنم**



ناوی زانستی گەنم Tritticum Spp وە لەخێزانی گیاییە بەناوی Poaceae گەنم یەكێكە لەو دانەوێڵانەی كە لە ئالیكی پەلەوەردا بە ڕێژەیەكی زۆر بەكاردێت و سوودی لێ دەبیندرێت , گەنم بە ڕێژەی 12% پرۆتینی هەیە و و پرۆتینی لە گەنمەشامی زۆرترە بە نزیكی

10%-17% بۆ پلێت كردنی ئالیك زۆر باشە وە زانۆفیل و بیۆتین و ڤیتامینی كەمە بەڵام وزەی لە گەنمەشامی كەمترە ,بە بەكارهێنانی 35% لە ئالیكی پەلەوەردا بە بێ بەكارهێنانی ئەنزیم كاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پەلەوەرەكانمان.

**گەنمەشامی** (دەرە , زورات)



**پێکهاتەکانی :-**

1. بوونی ڤیتاميناتی وەک.(A.B.D.E)
2. خوێیە کانزاکانی وەک (فۆسفۆر , مگنسیۆم , سۆدیۆم , پۆتاسیۆم.)
3. ترشەلۆکەکان.
4. کاربۆهێدراتەکان.
5. پرۆتینات.
6. ڕیشاڵە خۆراکیەکان.

**سوودەکانی بۆ پەلەوەر و باڵندە :-**

1. بەڕێژەیەکی زۆر زانۆفیلی تێدایە کە دەبێتە هۆی زەرد و جوانبونی پێستی مریشک.
2. بۆ گەشەی جوچکە تەمەن بچوکەکان.
3. بە سوودە وە بۆ پتەوکردنی ئێسک.
4. بینین بە هێزدەکات .
5. ڕێژەی پیتاندن زیاد دەکات.
6. ئارەزو کردنی زاوزێ زیاتر دەکات.
7. بەرگری لەش زیاد دەکات.
8. هۆکارێکە بۆ گەرم بوونەوەی لەشی پەلەوەر و باڵندە لە وەرزی زستان.
9. یارمەتی دەرێکی باشە بۆ هەرس کردن.
10. بەهۆی بوونی ترشی فۆلیک یارمەتی دەرێکی باشە بۆ درووست کردن و بونیاد نانی خانەی تازەو پێگەیشتوو.

**تێبینی :-**

نابێ بەهیچ شێوەیەک گەنمە شامی هاراو یان وورد کراو بکردرێت چونکە ئەگەری ژەهراوی بوون زیاد دەکات. واباشە گەنمە شامی ساغ بکری و خۆتان ووردی بکەن و بەکاری بێنن.

ڕێژەی میتابۆلیکی لە جەستەی پەلەوەردا زۆر باشە و ڕێژەیەکی زۆر وە گەنمەشامی بە نزیکی 40% ڕۆنی هەیە وە لایزین و تریپتۆفانی کەمە , وە بەکارهێنانی ڕێژەیکی زۆردەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگری بکات لە مژینی vitamin D3 .

**جۆ**

Barley



پرۆتینەکەی زۆر دەگۆڕدرێت 6%-13% نیشاستەی کەمە هەر لەبەر ئەووشە کە وزەکەی لە گەنم و گەنمەشامی کەمترە بەڵام ئەگەر لەکاتی بەکارهێنانی جۆ لە خۆراکی پەلەوەردا دەبێت بڕی جۆی بەکارهاتوو لە سنووردار بکرێت. وە لایزینی کەمە وە لەبەر ئەوەی بە بەراورد بە گەنم جۆ ڕیشاڵی زۆرترە ڕەنگە کەمتر هەرس بکرێت بۆ پەلەوەر.

**سۆیا**

Soybean



یەکێکە لە باشترین و باوترین مەواد کە بۆ دروست کردنی ئالیکدا وە پرۆتینی زۆرباشە و سەرچاوەی پرۆتینە مەودای48%-38% , دەتوانین لە ئالیکەکەمان بەڕێژەی 30%بەکاری بهێنین سۆیا لە سەدا 18-21 چەوری تێدایە و ڕێژەی لایزینی بەرزە و وە ڕێژەیەکی زۆر لە ئالیکی پەلەوەر دا بەکار دێت.

**هاڕاوەی ماسی**

Fish meal



بە نزیکی 60% لە پرۆتین پێک دێت پێکهاتەی ترشە ئەمینیەکان و هەرسکردنیان زۆر باشە وە بە ڕێژەیەکی کەم لە ئالیکدا بەکاری دەهێنین ئەویش 5% لەئالیکەکەمان وە لە مریشکی گۆشتی باشترە لە کۆتاییەکاندا هاڕاوەی ماسی لە ئالیکەکەیان کەم بکرێتەوە.

**هاڕاوەی گۆشت و ئێسک**

Bone and meat meal



ئەویش لە ڕێگەی پاشماوەی گوشتارگەو سەربڕخانەکانە بەڵام جگە لە خوێن و پێست و سمی حەیوانەکان , لە ڕوانگەی پرۆتینەوە ڕێژەیەکی باشی پرۆتینی بە نزیکی 55% پێک دێت لە crude proteinوە بڕی میسۆنین و سیستینی کەمە پێویستە ئاگاداری ڕێژەی چەوریەکەی ببین بە هۆکاری ئەوەی کە نەبێتە هۆی خراپ بونی ئالیکەکە بەهۆی بونی ڕێژەی چەوری کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەستیاری دروست ببێت بۆ هۆکارەکانی تێکچونی ئالیک.

وە کانزاکان بە تایبەت کالیسیۆم بە ڕێژەی 10- 7و فۆسفۆر 6-4.5 ە , لە کاتێکدا کە فۆسفۆرەکەی لە 4.5 زیاتر بێت ئەوا پێی دەوترێت هاڕاوەی گۆشت و ئێسک بەڵام ئەگەر کەمتر بو لە 4.5 ئەوا پێی دەوترێت هاڕاوەی گۆشت و لە ئالیکی پەلەوەردا دەتوانین 2%-5% بەکاربهێنین.

## پاشماوەی ئامێری هەڵهێنەری هێلکە



توێکڵی هێلکە و ئەو هێلکانەی جوچکە تیایدا مردوە یان شێوەی نارێک بێت سوودی نەبێت بۆ ئامێری هەڵهێنەرەکە و ئەو جوچکانەی کە لاواز و بهێزن و پرۆتینی 22% وە کانزاکانی بە ڕێژەی 22%-60% ە , کالیسیۆمی 17%-24% ە و بەڵام فۆسفۆری کەمە.

لە ئالیکی مریشکی گۆشتدا دەتوانین لە سەدا 3%-5% بەکاربهێنین.

لە ئالیکی مریشکی هێلکەدا دەتوانین لە سەدا 5%-10% بەکاربهێنین.

## پاشماوەی سەربڕخانەکان



ئەو پاشماوانەی کە سوودی لێ نابیندرێت بۆ فرۆشتن وەک سەر و پێ و ڕیخۆڵە و ئەوانەی کە پێویست نین بۆ فرۆشتن و لە سەربڕخانەکان فڕێ دەدرێن , بە ڕێژەی 55-75 پرۆتین و چەوریەکەی 15%-30% و کانزاکانی بە ڕێژەی 0%-15% ە

کالیسیۆمی بە ڕێژەی 17%-24% بەڵام فۆسفۆری کەمە.

لە ئالیکی مریشکی گۆشتدا دەتوانین 2%-4% بەکاربهێنین.

لە ئالیکی مریشکی هێلکەدا دەتوانین 3%-7% بەکاربهێنین.

**هاڕاوەی پەڕ**



سەرچاوەیەکی باشی سیستین و سەرچاوەیەکی باشی پرۆتینە بەڵام بەهۆی کەمی هەندێک لە ترشە ئەمینیەکان وەک میسۆنین و لایزین و هیستیدین کەم بەکاردێت.

**هاڕاوەی خوێن**

Blood meal



لە خوێن دروست دەکرێت کاتێک وشک دەکرێتەوە بێ هیچ مادەیەکی تر وە زۆر دەوڵەمەندە بە پرۆتین کە ڕێژەکەی دەکاتە 80% پرۆتین و لایزینیشی زۆرە  بەڵام گەر بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاربهێندرێت دەبێتە هۆی سکچون  وە لە ڕوی هەرس کردنەوە باش نیە.

**هاڕاوەی ئێسک**



بەرهەمێکی ترە لە سەربڕخانەی پەلەوەر ئەویش هاڕاوەی ئێسکە کە سەرەتا بەهۆی کۆکردنەوەو پەستاوتن و هاڕینیان وەکو ئاردی لێ دەکرێت و وە دەتوانین وەک یارمەتیدەرێک بۆ هاوسەنگ کردنی ئالیکەکە بەکاری بهێنین لەبەر ئەوەی 26% لە کالیسیۆم پێک دێت و لە 13% لە فۆسفۆڕ پێک دێت.

**خوێ**




سەرچاوەی سۆدیۆم و کلۆرە , بونی کەمێک خوێ لە دروست کردنی ئالیکەکەمان گرینگە بەڵام لە کاتێک کە هاڕاوەی ماسی لە ئالیکەکەمان دا هەیە زۆر زەرور نیە خوێ لە ئالیکەکەمان دا هەبێت وە بوونی خوێ لەناو ئالیکی مریشکەکانمان سوودێکی زۆری دەبێت بۆ کەم کردنەوەی کانیبالیزم (خۆخواردن) کە مریشکەکان دەنوک لە یەکتری دەدەن.

**لەکاتی کەمبوونی خوێ لە ئالیکدا دەبێتە هۆی :-**

- دابەزینی وەزن, لەدەستدان و دواکەوتنی گەشە.
- لاوازی ماسولکەکان.
- ئارەزوی بۆ خواردن کەم دەبێتەوە.
- گەشەی لاواز دەبێت.

**لەکاتی بەکارهێنانی بەرزی خوێ لە ئالیکی مریشکدا :-**

- تینوێتی لە ڕادەبەدەر کە مریشکەکان زۆر دەنوک لە ئاو هەڵدەکێشن.
- هەندێ جار دەبێتە هۆی مردن.

**ئاو**

Waterئاو سەرچاوەی ژیانە , خۆراگری بۆ تینوایەتی لە پەلەوەردا بەراورد بە برسیەتی زۆر کەمە چەند کاژمێرێک بە تینوێتی ڕەنگە ببێتە هۆی مردنی لەبەر ئەوەی بۆکاری هەرسکردن گواستنەوەی وزەو هەموو شتێک پێویستمان بە ئاو هەیە , وە بەهۆی بەرز بونەوەی پلەی گەرمی بەکارهێنانی ئاو زیاتر دەبێت کە ئەوەش بەنیشانەیەک دادەندرێت کاتێک مریشک و جوچکەکانمان زۆر دەنوک لە ئاو هەڵدەکێشن , وە ئەگەر ئالیکەکەیان گلۆتین و خوێی زۆر بێت ئەوا لەو کاتەدا زیاتر ئاو دەخۆنەوە کە ئێمە دەتوانین هەستیان پێ بکەین.

**وزە**

Energyکەمبونەوە یان نەمانی وزە و لاوازبون لە پەلەوەردا لە ئەنجامی ئەوەوەیە کە بڕێکی تەواو لەکاربۆهێدرات بەردەست نییە بۆ ئەنجامدانی چالاکی ڕۆژانە. بەشێکی زۆری خۆراکی بەکارهێندراو بۆ بەرهەم هێنانی وزە سوودی لێ دەبینددرێ , وە سەرچاوی سەرەکی وزە شەکرەکان و کاربۆهیدراتەکانن و چەوریەکانیش یەکێک لە سەرچاوەکانی وزەن , کاربۆهیدراتەکان دەبێت بگۆڕدێن بۆ گلوکۆز تا بەکاربهێندرێن و لە پەلەوەردا وە نیشاستە باشترین سەرچاوەی کاربۆهێدراتە وە بە زیاد بونی تەمەن و وەزنی پەلەوەر وزەی پێویست بۆ بەخێوکردن زۆرتر دەبێت وە بە زیاد بونی وزە پەلەوەر خۆراکیی کەمتر بەکاردەهێنێت و لەپلەی گەرمی 18 باشترین دۆخە بۆ پەلەوەرەکان کە بە یەک ڕادە وزە بەکاردێنن , وە بە هاتنە خوارەوەی وزەی ناو ئالیک بە ئەندازەی کەمتر لە ئەو ڕێژەی پێویستمانە گەشە و ئەندازەی پاشەکەوتی چەوری کەم دەبێتەوە , وە هیچ نەخۆشیەک نیە کە ڕوبدات بەهۆی کەمی کاربۆهێدراتەوە.

**ریشاڵ**

**Fiber**ئەو خۆراکانەی ڕێژەیەکی زۆر fiber یان ریشاڵیان تێدایە ڕێژەی سیلیلۆز تێیاندا بەرزە بە ئەندازەیەکی کەم لە ڕیخۆڵە هەرس دەبن وە زیادبوونی fiber لەئالیکەکە دەبێتە هۆی پڕبونی بەشێکی زۆر لە کۆئەندامی هەرسی پەلەوەرەکە بەبێ سوود بمێنێتەوە , لە لایەکی ترەوە fiberجوڵەی کۆئەندامی هەرس زیاد دەکات کە لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی دروست بونی گەرمی بۆ بەکارهێنانی خۆراک لە ئەنجامدا وزەی سەرەکی کەم دەبێت , لەسەرەوە وتمان کە ڕێژەی زیادە fiber ئەو پێشهاتانەی هەیە بەڵام لە مەودای ستانداردی خۆی کێشەیەکی زۆری نیە وە باشترە لە ئالیکی مریشکەکە %6-%3 پێشنیار دەکرێت.

## چەوریەکان
Fat

چەوریەکان لە خواردندا سەرچاوەی وزەن بۆ پەلەوەر سەرچاوەی گرینگ و سەرەکین وە دووقاتی گەنم و گەنمەشامی وزە دابین دەکەن وە یارمەتی مژینی ڤیتامین دەدەن و دەبنە هۆی خۆش خۆراکی و کەمکردنەوەی تەپ و تۆز لە ئالیکدا وە ڕۆڵیان هەیە بۆ دیواری خانە و زاوزێ و هێلکە هەڵهێنان ,لەناو تەواوی چەوریەکان تەنیا linoleic acid پێویستە بۆ خۆراک و ئالیکی مریشک , linoleic acid بۆ گەشەی جوچکەکان گرینگە و لە خۆراکدا دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی تۆز لە ئالیکەکە و خۆراکەکە خۆشتر دەکات بۆ مریشک ئەگەر لە دروست کردنی ئالیک بەکاری بهێنین بۆ گەشەکردنی پەلەوەر پێویستە 1.5 لەسەدی ترشەچەوری نەتواوەی لینۆلیک لەناو خواردنەکەیاندا دەبێت هەبێت ,ئەگەر ترشە چەوریە ناتێرەکان لە خواردندا تەواو نەبن ئەوا حاڵەتەکانی وەستان لە گەشە و هەروەها گەشەی جگەریش دەوەستێت وە بەرگری لەدژی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە کەم دەبێتەوە.

# پرۆتین
# Protein



پرۆتین :لەخۆراکدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لەکۆمەڵێک مەوادی خۆراکی پێک دێن کە پێیان دەوترێن ترشەلۆکی ئەمینی , کە بەپێکهێنەری سەرەکی هەموو خانە و شانە و ئەندام و هۆرمۆنەکانی لەشی مریشکی گۆشت دادەندرێت.

ترشەلوکە ئەمینیەکان ژمارەیان 22 ترشەلۆکە دەکرێن بەدوو کۆمەڵە:-




## Essential Amino Acid

واتە ئەو ترشەڵۆکانە دەگرێتەوە کە لەشی مریشک توانای دروست کردنیان نیە , پێویستە بەرێوبەری کێڵگەی پەلەوەری لەناو ئالیکدا پرۆتین تێکەڵی بکات بەرێژەی گونجاو بۆ ئەوەی مریشک تووشی کێشە نەبێت و جموو جۆڵی باش بێت.

لە حاڵەتی کەمی ئارجنین پەڕەکان لە مریشکدا بەرەو پێشەوە دەچەمێتەوە و پەڕەکانی گرژ دەبن, وە ئەو ترشانەی کە زۆرتر کاریگەری هەیە وە بەتایبەتی لە خۆراك ئەو ترشانەیە

Methionine, arginine, lysine, cysteine and tryptophan

## Non Essential Amino Acid

ئەو ترشەڵۆکانە دەگرێتەوە کە لەشی مریشک توانای دروست بوونیان هەیە لەناو خۆراکدا دابینی ناکەین بە هۆکاری ئەوەی لەشی مریشک خۆی دەتوانێت دروستی بکات.







**کەم بوونەوەی لەناکاوی پرۆتین لەناو خواردنی مریشکی گۆشت لە ئاستی پێویست دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک لەناو لەشی مریشکدا :-**

1. دابەزینی تواناى گۆڕینی خۆراک.
2. وەستانی گەشە , لاوازبوونی مریشک.
3. نەبونی پرۆتین لە خۆراکدا لە سەرەتاى تەمەنی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی دەرنەکردنی پەڕ.
4. زیادبونی مریشکی مردوو لەناو هۆڵدا.
5. دابەزینی بەرگری لەش.

**بەرز بوونەوەی ڕێژەی پرۆتین لەناو خۆراک دا لەئاستی پێویست دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک**

1. لاواز بوونی گەشەی مریشکی گۆشت.
2. کەم خواردنی ئالیک.
3. ئەرک کەوتنە سەر گوورچیلە و زیان پێکەوتنی.
4. بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاو بەند بوون.

**پێویستییەکانی مریشکی گۆشت بۆ پرۆتین دەگۆڕدرێت بە پێی چەند هۆکارێک :-**

1. جۆری جوچکە.
2. تەمەنی مریشکی گۆشت.
3. پلەی گەرمی دەوروبەری مریشک.
4. ئاستی ووزەی خۆراک.
5. ڕەگەزی پەلەوەر.

ترشە ئەمینیەکان نە تە نیا دە بێت بە ئە ندازەی تەواو لە خۆراک و ئالیکەکە داهەبن بەڵکو زیاد بونیشیان باش نیە. لەڕابردودا وا بیر دەکرایە وە کە ئەگەر amino acidزۆرتر لە ڕادەی نائاسایی و پێویستی لە ئالیکدا دا بن, ئۆکسید دەبن و بە وزە دەگۆڕێن بەڵام لەو دوایانە دا سەلمێندراوە کە بە زۆربونی ئەمینۆ ئەسیدەکان کاریگەری خراپی دەبێت ئەویش دەبێتە هۆی کەم بونی گەشە و گۆڕینی خۆراک و هەرس.

# ڤیتامینەکان

Vitamins




کۆمەڵێک پێکهاتەی ئەندامین کە زۆر پێویستن بۆ ژیان ، بەشێکی زۆر کەمی خۆراک پێک دەهێنن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان هەیە لەڕێکخستنی کردارە بایۆلۆجیە جۆراو جۆرەکانی لەش ,بەشێوییەک نەبونی یەکێک یان زیاتر بەبڕی گونجاو لە خۆراکی مریشکدا دەبێتە هۆی شڵەژان لەکردارە بایۆلۆجیەکاندا و ڕاوەستانی گەشە و و نزمبونەوەی بەرگری لەش و سەرهەڵدانی چەند دیاردەیەکی بەد خۆراکی ,بۆیە دەبێت ڤیتامینەکان بەبڕی پێویست لە خۆراکی مریشکدا دابین بکرێت.

**ڤیتامین لە ئالیکی مریشکی گۆشتدا:**

هەر ڤیتامینێک بۆ هەر ئەندامێکی لەشی مریشک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بە کەم بونی هەر ڤیتامینێک دەبێتە هۆی تێکچونی بایۆلۆجی لەشی مریشک.

ڤیتامینەکان لە ئالیکی مریشکدا بڕێکی زۆر کەم لەڕێژەی خۆراک پێک دێنن بەڵام چالاکی و جموجۆڵی باش پێک دێنن لە هەر ئەندامێکی لەشی مریشکدا.

پێویستە ئالیکی مریشکی گۆشت بڕی پێویستی لە ڤیتامینەکانی تێدا بێت بۆ ئەوەی مریشک دووربێت لە تێکچونی کردارە بایۆلۆجییەکان .

**کرداره بایۆلۆجییەکان وەکو:-**

- ∞ ڕاوەستاندنی گەشە .
- ∞ کەم ڕۆشنای چاوی مریشک.
- ∞ دابەزینی بەرگری لەش.
- ∞ نەمانی توانای خواردن.
- ∞ تێکچوون لە خانە لیمفاوییەکان.
- ∞ تێکچوون لە دروست بوونی ئێسک و پەڕ.
- ∞ نارێک ڕۆیشتنی , پێ درێژ کردن.
- ∞ خاو بوونەوەی ماسولکەکانی لەش و ماسولکەکانی دڵی .

**ڤیتامینەکان وەکو:-**

A, $D_3$, K, E

$B_1$, $B_2$, $B_6$, $B_{12}$, C, Pantothenic acid, folic acid, choline, Nicotinic acid, Biotin

**ڤیتامینەکان Vitamins لە لەشی مریشکی گۆشتدا :-**

ڤیتامینات بۆ پێکهاتەی لەشی مریشکی گۆشت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە هەرچەندە ڕێژەی کەمی خۆراک پێک دێنێت بەڵام گرنگی ڕێکی و جوانی و مریشکی گۆشت دەنوێنێت , مریشکی گۆشت لە بەرهەم هێنانی گەشە و نەخۆش نەکەوتن و سیستەمی بەرگری گرنگی تایبەتی خۆی هەیە وە لە پەلەوەردا ڤیتامین C لە لەشدا دروست دەکرێت, بۆیە لە خۆراکی مریشکدا پێویست بەو ڤیتامینە ناکات.

.

## کەمی ڤیتامینات و کانزاو پێکهاتەکانی تر  :-

کەمی ڤیتامینات دەبێ بۆ سەرەتای تەمەنی جوچکە ئەویش بەتایبەتی لە تەمەنی 4 چوارەم ڕۆژ تاکو تەمەنی 8 هەشتەم ڕۆژ  کە بەتەمەنی دروست بون و پتەو بوونی جومگەو ئێسک دادەندرێ واتا لەو تەمەنە گرینگی بە ڤیتامینات بدەین زۆر گرینگە و پێویستە.

دواتر وا پێویستە هەفتانە دووجار ڤیتامیناتێکی باوەڕ پێکراو باش بدرێتە پەلەوەر و باڵندەکان.

## پێدانی ڤیتامینات بە مریشکی گۆشت بە دوو ڕێگایە :-

- لە ڕێگای ئاوەوە.
- لە ڕێگای ئالیکەوە بەشێوەی پاودەر.



## ڤیتامینA




ڕۆڵی Vitamin A لەلەشی مریشکی گۆشتدا:

ڤیتامین A ئەو ڤیتامینە زۆر گرینگە بۆگەشەی لەش بەشێوازی سروشتی زۆرترین بری ڤیتامین A له زەردێنەدا هەیە وە بڕێکی کەمیش لەسپێنکە دا هەیە بۆیە کەمی ڤیتامین A دەبێتە هۆی مردنی جوچکە لە ڕۆژانی یەکەمی ناو هێلکە دا.

ئەرکی ڤیتامین A لە مێتابۆلیزمی جەستەدا ئەوەیە کە مێتابۆلیزمی پڕۆتین دەکات وە بەژداری لە دروست کردن و چالاک کردنی (Rhodopsin) لە چاودا.

بەشداری دەکات لە گەشە و دروست بوونی خانە و شانەکان و بە پلە یەک کاریگەری هەیە لەسەر بینین ڕەنگەکان و تواناى بینین ڕۆشنای و تواناى بەرگری لەش بەرامبەر نەخۆشیەکان.

**بەرزبوونەوەی ئەو ڤیتامینە لە خۆراکی مریشکدا دەبێتە هۆی :**

ژەهراوی بوون و کێشەکانی تەندروستی مریشک وەکو کەم خواردن دابەزینی بەرگری و ئەستوربونی جومگەکان.

**کەمی ئەو ڤیتامینە لەخۆراکی مریشکدا :-**

دەبێتە هۆی دابەزینی تواناى گۆڕینی خۆراک و وەستانی گەشە و لاوز بوونی مریشک و چۆنیەتی نیشاندانی شێوازی نارێکی دەرەوەی باڵندە و پەیدابوونی ئاو لە چاو و لووت , هەروەها کوێر بونی مریشک.کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی تێکچونی هاوسەنگی ماسولکە و کۆبونەوەی ترشی ئوریک لە میزڵدان و کاتێک کە مریشکەکانمان توشی نەخۆشی کۆکسیدیا یان سکچونی خوێنی بون پێویستە ڤیتامین A لە ئالیکەکە زیاد بکرێت لەبەر ئەوەی لەکاتی نەخۆشیدا بە هۆی زیان گەیاندن بە خانەکانی ڕیخۆڵە خێرایی گۆڕینی کارۆتین بۆ ڤیتامین A کەم دەبێتەوە و هۆکاری نەخۆشی کۆکسیدۆز لەو کاتەدا شیبونەوەی ڤیتامین A دەبێت.

**سەرچاوەی ڤیتامین A** : گەنمەشامی , وێنجەی وشککراوە , لەڕۆنی ماسیدا , لەزەردێنەی هێلکەدا کە سوودی زۆرە بۆ جوچکە .

لە نێو هێلکە لە زەردێنەو و سپێنەی هێلکەدا هەیە و کۆرپەلە ژیانی خۆی لەسەر درووست دەکات کەمی ئەو ڤیتامینە لە خواردنی دایکان هۆکارە بۆ مردنی کۆرپەلە لە سەرەتای ژیانی لەناو هێلکەدا.

ئەو ڤیتامینە بە ڤیتامینی گەشە ناودەبرێ چونکە هۆکارێکە بۆ گەشەی پەلەوەر وباڵندە.

ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پارێزگاری کردن لە سیستەمی بەرگری و گەشەی سرووشتی.

کاریگەری بۆ بەرهەم هێنانی پێکهاتەی کرۆتیزۆن کە کاری پارێزگاری کردنە لە دژە هەوکردن نەخۆشی .

**نیشانەکانی کەمی ڤیتامین A :-**

- بێتاقەتی گشتی , پەر و باڵێکی زەعیف و ڕەنگ مردوو.
- هەست کردن بە ئاو لێهاتن لە چاوەکان تاکو دەبێتە پەلەیەکی سپی لەسەر چاوی و هۆکارە بۆ کوێر بوون.
- لە جوچکەی قەل و عەلەلیش لەسەرتای ژیانی بەدەردەکوێ لە پاش دوو هەفتە هەست بە بێتاقەتی و بێ هێزی دەکات بەتایبەتی ناتوانی بە ڕێکی بڕوات.
- لە پەلەوەری بەرهەم هێن هەست بە بوونی پشکە خوێن دەکرێ لەناو هێلکەدا.
- لەناو هێلکە دەبێتە هۆی مردنی کۆرپەلە لە سەرەتای درووست بونی لە ڕۆژی 4 - 3.
- درووست بونی کێشەو و نەخۆشی لە کۆئندامی هەناسە.

**چۆنیەتی چارەسەرکردنی کەمی ڤیتامین A :**

1- ئیستا بەرهەمی باش لە ڤیتامین A لە ڤێتەرنەریەکان دەست دەکەوێت. بۆیە دەتواندرێ بە پێدانی ئەو ڤیتامیناتە لە هەفتەیە یک بۆ دووجار لە سەرەتای ژیان زۆر کاریگەریەکی باشی دەبێ و دور دەبێ لە تەواوی کێشەکانی پەیوەست بە کەمی ئەو ڤیتاميناتە.

2- دەتواندرێ بۆ پرکردنەوەی کەمی ئەو ڤیتامینە کۆمەڵەی ڤیتامینی E, D3, A بەکاربێنی بەتایبەتی لەدوای تووشبوونی پەلەوەر بو باڵندە بەنەخۆشی کۆئەندامی هەناسە.

## ڤیتامین $D_3$




ڕۆڵی Vitamin $D_3$ لە لەشی مریشکی گۆشتدا : ڕێکخستنەکانی گەشەی ئاسایی دەکات ، هاندەری گەشەی ئێسکە. ئەو ڤیتامینە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هەڵمژینی کالسیۆم و فسفۆڕ لە خۆراکەوە بۆ خوێن و ئێسک. ڤیتامینی $D_3$ نواندنی گروپێک لە ڤیتامینات دەکات کە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر ڕوو نەدانی ئێسکە نەرمە هەر لەبەر ئەوەشە ناونراوە دژە نەرمبوون و وە ڕەقبوونی تۆێکڵی هێلکە و بەهێزی دەندووک و پێیەکان .

**بەرز بونەوەی:** ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە خۆراکی مریشکدا دەبێتە هۆی کۆبونەوەی کالسیۆم لەبۆرپێچکەکانی گورچیلە و خوێنبەردا.

**کەمبونی** ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە خۆراکی مریشکدا دەبێتە هۆی نارێک ڕۆیشتنی باڵندە و ئێسکە نەرمە rickets و پێ درێژ کردن وە کەمی ڤیتامین D دەبێتە هۆی پوکانەوەی ئێسک پەیکەری کرکڕاگەیی لەشی جوچکە وە مردنی جوچکە لە ڕۆژانی (20—18)لەناو هێلکە دا.

ڤیتامین D ئەو ڤیتامینە زۆر گرینگە بۆ گەیشتن بەرێژەیە کی سروشتی هەڵێنان ئەوەش دەتواندرێ پێی بدرێت یاخود لەرێگەی ئاوی خواردنەوە یاخود لەرێگەی تیشکی خۆر بەدایک یاخود گلۆپی زەرد .

**سەرچاوەی ڤیتامین** $D_3$: ڕۆنەکان و هاڕاوەی ماسی و بەشێوازی پاودەریش دەست دەکەوێت.

**نیشانەکانی کەمی ئەو ڤیتامینە لە جوچکە:-**

1. تاقەتی ڕۆیشتنی نابێ , یان ڕۆشتنێکی ڕێکی نابێ.
2. تووشی ئێسکە نەرمەو لێک جوودا بوونەوەی پێیەکان دەبێ ئەوەش لە تەمەنی نێوان دووهەفتە بۆ پێنج هەفتە بەدیار دەکەوێ.

**نیشانەکانی کەمی ئەو ڤیتامینە لە مریشکی گەورەو و هێلکەکەر :-**

1. لەدوای تەمەنی دوو مانگی یان سێ مانگی بەدیار دەکەوێت.
2. هێلکەی توێکڵ نەرم دەکات و زۆر جار توێکڵەکش دەشکێ .
3. لەدوای هێلکە کردن زۆر جار ئێسکی سینگی یان دەندوکی نەرم دەبێت.
4. کاریگەری لەسەر ڕێژەی هەڵهێنان هەیە چونکە کۆرپەلە پشت بەو ڤیتامینە دەبەستێت بۆ درووست بونی کرکراگە بۆیە مردن ڕوودەدات لە ڕۆژانی (20 – 18)

ڤیتامین D بۆ ڕاکێش و پاشەکەوتی کالیسیۆم لە جەستەدا پێویستە وە کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی (Rickets) وەکو ئەو جۆرەی کە لە کەمی کالیسیۆم وفۆسفۆڕدا دەبیندرێت , ئەگەر لە ئالیکدا ڤیتامین D نەبێت , ڤیتامین D کە بە هۆی تیشکی خۆرەوە کە لە جەستەدا دروست دەبێت بەڵام توانای قەرەبو کردنەوەی ئەو ڤیتامینەی لە لەشدا نابێت لە کاتێکدا کە بەس پشت بە تیشکی خۆر ببەسترێت.

## ڤیتامین E




**ڕۆڵی ڤیتامین E لە لەشی مریشکی گۆشتدا** : بەهێز بونی توانای بەرگری لەش دەکات و بۆریچکەکانی گورچیلە و سییەکان و جگەر و دیوارە خانەی خڕۆکە سورەکان بەهێز دەکات , پارێزکاری چەوری دەکات لە ئۆکسی بوون.

**بەرزبونەوەی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە خۆراکی مریشکی گۆشتدا** : دەبێتە هۆی ڕاوەستانی گەشە و دابەزینی توانای بەرگری لەش و گەورە بوونی دڵ و سپڵ.

**کەمبونی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لەخۆراکی مریشکی گۆشتدا** : نەرم بونی مێشک و هەڵگەڕانەوەی سەر بۆ دواوە و مل گێڕ بوون و ناشیرن بونی ڕەنگی گۆشتی و هەروەها دەبێتە هۆی پووکاناوەی ماسولکەکانی لەش و دڵ و پەنکریاس.

ڤیتامینE ئەو ڤیامینە زۆر گرینکە بۆ لەش و ڕێژەی هەڵێنان بەرزدەکاتەوە  پێویستە لەخۆراکی دایک زیادبکرێت چونکە زۆر گرینگە بۆ سەرەتای بۆ گەشەی کۆرپەلە کەمی ڤیتامین E دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پەڵەی خوێناوی وتێکچونی کۆئەندامی سوڕان لەسەرەتای قۆناغی گەشەی کۆرپەڵە دروست دەبێت کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە  هۆی مردنی کۆرپەڵە لە ماوەی هەفتەی یەکەم لە دانانەوە ناگاتە ڕۆژی نۆیەم کەواتە زۆرینەی جار جوجک لەناو هێلکە بمرێت لە ڕۆژانی سێهەم هۆیەکەی کەمی ڤیتامین E بوە لەخۆراکی دایکی جوجک.

**سەرچاوەی ئەو ڤیتامینە** : بەشێوازی پاودەر هەیە.

**نیشانەکانی کەمی ڤیتامین E :-**

1. لە جوچکەی بچوکدا دەبێتە هۆی نەرمبوونی مێشک.
2. پووکانەوەی ماسوولکەکان.
3. لە قەل و عەلەلیشدا دەبێتە هۆی ئەستووربوونی جومگەکانی وپوکانەوەی ماسولکەکانی سیقەدانەی .
4. ئارەزو کردن بۆ جوتبون و جنس کەم دەکات.
5. کاریگەری لەسەر پیتاندنی هێلکە دەکات.
6. لە مراویدا دەبێتە هۆی پوکانەوەی ماسولکەکانی.
7. دژە ئۆکساندنە لە دەرەوەو ناوەوەی لەش.
8. پارێزگاری لە هەندێک لە ڤیتاميناتی A. D دەکات لە ئۆکساندن.
9. لەگەڵ خۆییەکانی سیلینیۆم بارەکانی ئاوبەندی دەوەستێنن.
10. گرژبوونەوەی خێرا لە ماسولکەکانی پێ.

**کەمی ڤیتامین E** لە جوچکەدا لەکاتی پێگەیشتن دا دەبێتە هۆی خوێنرێژی مێشکی و دزەکردنی ئاو لە ژێر پێست و وە دزەکردنی ئاو لە ژێر پێست کە بە بەکارهێنانی سیلینیۆم چارەسەر دەکرێت وە باشترین سەرچاوەی ڤیتامین E لە دانەوێڵەو هاڕدراوی وێنجە یە .

## ڤیتامینK




ڕۆڵی Vitamin K لە لەشی مریشکی گۆشتدا بەشدارە لە کردارەکانی خوێن مەیاندندا.

بەرزبونەوەی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە خۆراکی مریشکدا دەبێتە هۆی : ژەهراوی بوون و سەرهەڵدانی چەندین کێشەی تەندروستی لە خوێندا وەک کەمخوێنی و شیبونەوەی خڕۆکە سورەکان.

**کەمبوونی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە خۆراکی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی :-**

کەمخوێنی و پەیدا بوونی پەڵەی خوێن لە ژێر پێستی سنگ و ڕان و باڵەکان .

**سەرچاوەی ئەو ڤیتامینە** بەشێوازی پاودەر و هەروەها بە شێوازی شرووبی هەیە.

لە دروست بونی جۆرە پرۆتینێک بۆ خوێن کە بەیەکەوە ببەسترێن بەژداری هەیە و کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێن نەبەسترێت هەر لەبەر ئەوەشە پەلەوەر زۆر جار بە هۆی خوێن ڕێژیەوە دەمرێت , پەلەوەری باڵغ و گەنج مەترسی کەمتریان لەسەرە بەڵام ئەو جوچکانەی کە لە خۆراک و ئالیکی دایکیان ڤیتامین Kکەم بوە بۆ خوێنرێژی هەستیارن , هەر وەک لە ڤیتامن A هەمان بو کاتێک وتمان لەکاتی کۆسیدیا و خوێنرێژی دا پێویستە زیادی بکەین بە هەمان شێوە پێویستە ڤیتامین K زیاد بکرێت لەبەر ئەوەی ڤیتامین K بەرگری دەکات لە خوێن.

## ڤیتامین B1




ڕۆڵی هەیە لەگەشە کردنی ئاسایی لە مریشکدا. کەمی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە ئالیکی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی : ڕێژەی ئۆکسجینی پێویست ناگات بەخانەکانی لەش بەتایبەت خانەکانی مێشک بۆ گەشە و چالاکی دەمارەکان پێویستە, وە کەمی ئەو ڤیتامینە هۆی ئاڵۆزیە بۆ کاری سیستەمی دەماری و ئیفلیجی ڕو دەدات.

دەبێتە هۆی پێنەدانی وەزن , لە کار کەوتنی پێیەکان و تێکچونی پەنجەکانی , لاوازبوونی هەناسەدان , تێکچونی پلەی گەرمی لەشی باڵندە.

**سەرچاوەی ئەو ڤیتامین**: لە بابەتە ڕووەکیەکان دەست دەکەوێت , بە شێوازی پاودەر دەست دەکەوێت لە کلینیکەکانی ڤێتەرنەری.

### ڤیتامینB2




**ڕۆڵی ئەو ڤیتامینە** : جوچکە بەتەواوەتی پێویستیەتی بۆ زیادکردنی گەشە و درستبونی پەڕ و وە بۆ چالاککردنی هەستیاری جوچکە.

**کەمی ئەو ڤیتامینە لە ئالیکی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی** : سست بونی گەشە بە دەرەجە یەک , لاواز بوونی جوچکە , پوکانەوەی ماسولکەکانی قاچی مریشک.

**سەرچاوەی ئەو ڤیتامینە** : لە بابەتە ڕوەکیەکان و بەشێوازی پاودەر لە کلینیکەکانی ڤێتەرنەری دەست دەکەوێت.

ئەو ڤیتامینە لە ئاودا دەتوێتەوە وە ئەو جوچکانەی توشی کەمی ئەو جۆرە ڤیتامینە دەبن گەشەیان کەمترە و توشی جۆرێک ئیفلیجی یان خواربونی نینۆکیان دەبن.

پێی دەوترێ ڕایبۆفلافین ئەوەش بەشێکی کاریگەرە بۆ زۆر لە ئەنزیمە چالاکەکان بۆ کاری ئۆکساندن و لێک بوونەوە لەناو خانەکان.

**نیشانەی کەمی ئەو ڤیتامینە:-**

- دواکەوتنی گەشەکردن.
- بێهێزی ولاوازی پەلەوەرەکە .
- لە جوچکەدا پەنجەکانی پێ بۆ ناوەوە دەنووشتێنەوە.
- لە مریشکی هێلکەکەردا هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی هێلکە.

**کاریگەری ڤیتامین $B_2$ لەسەر کۆرپەلەی نێو هێلکە :-**

بەگرینگترین ڤیتامین دەژمێردرێ بۆ باشتر کردنی ڕێژەی ترووکاندنی هێلکە. بۆیە پێویستە لە خۆراکی پەلەوەرو باڵندەدا هەبێت بەڕێژەیەکی باش , وە هەرکەمیەک لەو ڤیتامینە لەلەشی پەلەوەر وباڵندە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر مردنی جووجەڵە ئەوەش لە دووباردا بەدەردەکەوێ وەک

1. ماوەی مردنی کۆرپەلە لە تەمەنی کۆرپەلە لە ناوهێلکەدا واتا تەمەنی (9 ـ 12) ڕۆژ کۆرپەلە ئەستوور دەبێ و دەمرێ.
2. ماوەی مردنی کۆرپەلە لە تەمەنی (18 - 21) ڕۆژ پوکانەوە ڕوودەدات لە کرکراگەی , وە وردە تووک کۆ دەبێتەوە لەناو هێلکەدا .

## ڤیتامین B3




ئەو ڤیتامینە بۆ گەشە گرینگە و لەو ئالیکانەی کە بەشێکی زۆری پێکهاتوە لە گەنمەشامی کەمی ئەو ڤیتامینە دەبیندرێت لەبەر ئەوەی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەگەنمەشامی دا هەیە , کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی کەم بونەوەی گەشە و کەم بونەوەی ئارەزوی خواردن و کەم بونەوەی گەشەی پەڕەکان و تێکچونی هاوسەنگی جەستە.

## ڤیتامین B4




**ڕۆڵی ئەو ڤیتامینە بۆ لەشی مریشکی گۆشت** : بەشداره لە ڕێکخستنی کاری خانە هەستیاریەکان.

**کەمی ڕێژەی لە ئاستی خۆراکی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی** : ناهەستیاری لەشی مریشک و گۆج بوون و ئاوسانی جومگەکان.

سەرچاوەی ئەو ڤیتامینە لە کلینیککانی ڤێتەرنەریدا بەتەنیا دەست دەکەوێت.

پێویستی ئەو ڤیتامینە زۆر گرینگە کەم بونەوەی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی کەم بونەوەی گەشە و گۆڕینی خۆراک لەکاتی هەرسدا , ئەو پێکهاتەیە گوێزرانەوەی چەوریەکان لە جەستەدا ئەنجام دەدات و کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی ئەوەی چەوری لەسەر جگەردا کۆ ببێتەوە و ببێتە هۆی نەخۆشی جگەر .

## ڤیتامین B5




کەمی ڕێژەی ئاسایی لە ئالیکی مریشکی گۆشت دەبێتە هۆی ڕەقبون و نارێکی دەنووک , تێکچونی و پێکەوەلکانی پێڵوەکانی چاوی , دابەزینی بەرگری لەش لەبەرامبەر بەکتریایەکان و زیادکردنی ڕێژەی مردار بوون.

کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی کەم بونەوەی گەشە و گۆڕانی دۆخی ڕواڵەتی پەڕەکان وە لە هەندێ بارودۆخدا جوچکەکان لەسەر قاچی خۆیان دانانیشن.

**کەمی ئەو ڤیتامینە:-**

- دەبێتە هۆی کەمی هەڵهێنان و تروکاندن.
- خوێن بەربوون لە ژێر پێست.
- هەوکردنی پێست و شکانی پەروو باڵ.
- دواکەوتن لە گەشەو ماندووبوونی پەلەوەر و باڵندەکە.
- سوور بوونەوەو و قلش بوونی پێستی نێوان پەنجەکان یان نزیک دەندوک.

### ڤیتامینB6




**ڕۆڵی ئەو ڤیتامینە** : گرنگی تەواوی هەیە لە پاراستنی شانە لیمفاوییەکان کە شوێنی دروست بونی خڕۆکە سپیەکانن.

**کەمی ئەو ڤیتامینە لە ئالیکی مریشکی گۆشتدا** : دەبێتە هۆی دابەزینی بەرگری لەش , دەبێتە هۆی هەوکردنی پێست.

### ڤیتامین B9




ڕۆڵی هەیە لەدروستبونی ئەنزیمەکان و هیمۆگلۆبینی خوێن.

**کەمی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە:-**

دەبێتە هۆی شەلەل بوونی مل و شەل بوون و سستبونی گەشە و کەمخوێنی.

سەرچاوەی ئەو ڤیتامینە بەشێوازی پاودەر دەست دەکەوێت.

### ڤیتامین B9




کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی کەم بوومی گەشەی جەستە و پەڕەکان و لە ناوبردنی ڕەنگی پەڕەکان و وە دەبێتە هۆی کەم خوێنیەکی تایبەتە ئەویش گەورەبوونی خڕۆکە سورەکانی خوێن و زۆربونی هیمۆگلۆبین.

## ڤیتامینB12




تەواوی پەلەوەرەکان پێویستیان بە ڤیتامین $B_{12}$ هەیە ئەو ڤیتامینە لە سەرچاوە ئاژەڵیەکاندا هەیە بەڵام لە سەرچاوە گیاییەکان نیە واتە لەو ئالیکانەی کە سەرچاوەی ئاژەڵی کەمی تێدا بەکارهاتبێت ئەندازەی $B_{12}$ کەمتریان هەیە , ئەو مریشکانەی کە لە سەر ڕاخەر بەخێودەکرێن بەهۆی پاشەڕۆکەیانەوە برێک $B_{12}$ وەر ئەگرنەوە بە هۆکاری ئەوەی کە لە ریخۆڵە کوێرەدا هەرس بوە بەڵام بەهۆی نەبونی رێرەوێک بۆ ئەوەی مریشک لەکاتی هەرسەکەی سوودی لێ ببینێت لەگەڵ پاشەڕۆیەکەی تێکەڵ دەبێت بۆیە ئەو مریشکانەی کە لەسەر ڕاخەرن سوود لە پاشماوەی خۆیان وەردەگرن .

بەیەکێک لە ڤیتامینە هەرە گرینگەکان دادەندرێت بۆ ژیانی پەلەوەر و باڵندە لەسەرەتای دروست بونی ژیانیان تا کۆتای ژیانیان.

گرینگە لەکرداری درووست کردنی ترشە ئەمینیەکان و پرۆتین و چەوری.

یارمەتی دەرە لە درووست کردنی خرۆکە سورەکانی خوێن.

**نیشانەکانی کەمی ئەو ڤیتامینە :**

- دوواکەوتن لەگەشە.
- بەرهەم هێنانی هێلکە بە کەمی.

**ڤیتامینی B12 لەسەر هەڵهێنان سەرەکی هەیە لەسەر ڕێژەی هەلهێنان وەک :-**

- دەبێتە هۆی مردنی کۆرپەلە لە هێلکەدا لە تەمەنی 8 بۆ 14 ڕۆژی وە ئەو نیشانانەی لەسەر دەردەکەوێ هەڵئاوسانی دەوروبەری چاوی
- کورتی لە دەندووک
- خواروخێچی لە پەنجەکانی پێی.

وە ئەگەر خۆراکی بێ ڤیتامینی $B_{12}$ بۆ ماوەیەکی زۆر بدرێتە پەلەوەر و باڵندە وا هەست دەکرێ لەکاتی دانانەوەی هێلکە هێلکەکە نەپیتێندراوە یان تلقیح نەبووە.

**کەمی ڕێژەی ئەو ڤیتامینە لە ئالیکی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی** : سست بونی گەشە , پەیدابونی پەڵەی خوێن لە زۆربەی شوێنەکانی لەشی باڵندە , ترازانی پێ Tendon .gastrocnemius

بۆ سێ گروپی جیاواز لەو ڤیتامینانە پێک دێت ئەویش :-

- pyridoxine
- peridoxal
- pyridoxamin

کەمی ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە ڕێگا ڕۆشتن جوڵە لە هەر لایەکەوە بێ ویستی مریشکەکە وەک بە لادا کەوتن بێ ویستی خۆی وە لە پەلەوەری باڵغ دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ئارەزوی خواردن و کەمبونەوەی وەزن بە خێرایی و مردن , لەبەر ئەوەی زۆر لە سەرچاوە خۆراکیەکان ئەو ڤیتامینە بونی هەیە ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی کەمی ئەو ڤیتامینە کەمتر ببیندرێت.

| ڤیتامینەکان | نیشانە |
| --- | --- |
| ڤیتامینA | کوێری , کەمبونەوەی بەرهەمی هێلکە , کەمبونەوەی ڕێژەی هەڵهێنان, ناهاوسەنگی خراپی لەدروستبونی ئێسک و لاوازبونی , هەرچەندە 3 گەورەترین مادە سەرەکیەکانیش کە ڤیتامین دی و کالیسیۆم و فسفۆرن پەیوەندیان بە خراپی لە دروستبونی ئێسکدا هەیە. |
| ڤیتامینD | ئێسکە نەرمە , لە پێ کەوتن , کەمبونی گەشە , کەمبونی کوالێتی هێلکە, شەلین . |
| ڤیتامین E | کەمبوونی گەشە , خوێنبەربوونی خانەکانی مێشک , کەمبوونی بەرهەمی هێلکە و مردنی جوجکە و نەخۆشی شێتبونی جوجک وە تێکچونی ماسولکەکان و لاوازبونی ماسولکەکان. |
| ڤیتامین K | کەم خوێنی |
| ڤیتامین $B_1$ | کەمبوونی ئارەزوی خواردن, لاوازبون , تێکچونی کۆئەندامی دامار, هەڵگەڕانەوەی مل. |
| ڤیتامین $B_2$ | ئیفلیجی پەنجەکان , کەمبونەوەی هەڵهێنان و ناڕێکی هێلکە وە کاردەکاتە سەر چێوە کۆئەندامی دەمار دەبێتە هۆی دانیشتنی پەلەوەر لەسەر ئەژنۆ یان چەمانەوەی پەنجەکانی پێی بەهۆی شەلەل لە ماسولکەکانیدا. |
| ڤیتامین $B_3$ | کێشەی ئێسک , نا ئاسایی لە پەڕدا و لاوازبونی ماسولکەکان. |
| ڤیتامین$B_5$ | کەمبوونی گەشە , کەمبوونی خوێن , لاوازبوونی ئێسک. |
| ڤیتامین$B_6$ | کەمبوونەوەی هەڵهێنان , کەمبوونەوەی بەرهەمی هێلکە. |
| ڤیتامین$B_9$ | کەم خوێنی, ئیفلیج بوونی مل و کەمبونەوەی هەڵهێنان, بێ ڕەنگ بونی پەڕەکان. |
| ڤیتامین $B_{12}$ | کەمخوێنی , کێشەی گورچیلە, کەمبوونی ئارەزوی خواردن. |

## کانزاکان لە خۆراکی مریشکی گۆشتدا:




**دوو کۆمەڵە لە توخمە کانزا خۆراکیەکان هەن بۆ لەشی مریشکی گۆشت:**

هەندێک لە توخمە کانزایەکان گرنگن بۆ لەشی مریشکی گۆشت پێویستە ئالیکی مریشکی گۆشت بڕی گونجاوی پێویست لەو ماددانەیان تێدا بێت یان دەبێت زیاد بکرێت وەکو : کالسیۆم , فسفۆڕ , پۆتاسیۆم , سۆدیۆم , مەگنسیۆم , کلۆر. ... هتد

هەندێ لە توخمە کانزایەکانی تر هەن زۆر گرنگ نین لەبەر ئەوەی ماددە ئالیکەکان بڕی پێویست لەو ماددانەیان تێدایە کە بۆ دابین کردنی لەشی مریشکی گۆشتە وەکو : کۆباڵت , مس , مەنگەنیز , سلیکۆن , کرۆم , فلۆر. ..... هتد

**سوودەکانی کانزاکان لە خۆراکی مریشکی گۆشتدا :-**

1. ڕۆڵی هەیە لە یارمەتی دانی پێکهێنانی کۆئەندامی ئێسکە پەیکەر.
2. گواستنەوەی هەستەکان ئەنجام دەدات.
3. کردارەکانی هاوسەنگ کردنی ترش و تفتەکانی خوێن بە ئەنجام دەگەیەنێت.
4. یارمەتی پتەوبونی ماسوولکەکان و شانەکان و خانەکانی لەش دەدات.
5. پێکهێنانی دروست بونی پەڕی باڵندەو دەنووک دەدات.
6. یارمەتی دەری پێکهاتنی هۆرمۆنەکان و ئەنزیمەکان و ڤیتامینەکان و خوێن دەدات.
7. ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دروست کردنی پێستی هێلکە.
8. دروست بونی خوێن.
9. چالاک کردنی ئەنزیمەکان .
10. مێتابۆلیزمی وزە .

**کالیسیۆم**

هەموومان دەزانین کە کالسیۆم گرنگیەکی زۆری بۆ لەش هەیە بەتایبەت هۆکارە بۆ بەهێزکردن و پاراستنی ئێسک لە پووکانەوە.

کالیسیۆم یەکێکە لە کانزاکان بۆ مرۆڤ و ڕووەک و هەموو بوونەوەران گرنگە

بەهەمان شێوە لە پەلەوەردا بەگشتی و لە مریشکی هێلکەکەردا بەتایبەتی ڕۆلێکی گرنگی هەیە بۆ دروست بوونی تویکلی هێلکە و پاراستنی ئێسکی مریشک لەپووکانەوە و لەپێ کەوتن.

کەمی کالسیۆم لەمریشکدا دەبێتە  هۆی دروستبوونی نەخۆشی

Tetany (paralysis), Hypocalcemia or calcium

کە ئەو نەخۆشیە کەمی کالسیۆمە لەخوێنی مریشکدا لەرێژەی نائاسای.

**گرنگترین نیشانەکانی کەمی کالیسیۆم لە مریشکدا :-**

- لەقاچ کەوتن و ئێسکە نەرمە(Rickets).
- هێلکەی مریشکی توشبوو توێکڵەکەی زۆر تەنک دەبێت و بەخێوکەر پێی دەڵێت ولۆلە دادەنێت
- هەندێک جار نارێک بوونی شێوەی هێلکە و بوونی زبری لەسەری.
- نەرم بوونی دەنووک و زوو شکانی.
- ئاوسانی ئەژنۆ کانی (Osteochondrosis)و دواکەوتنی گەشە.
- خواردنەوەی هێلکەو پەڕی یەکتری و هەندێک نیشانەی تر .

هەر بۆیە پێویستە لە ئالیکی مریشکی گۆشت و هێلکەکەردا کالسیۆم بەرێژەیەکی بەردەوام بوونی هەبێت بەتایبەتی لەمریشکی هێلکەدا.

**شێوەکانی کالیسیۆم :-**

- حەپ و کەپسول
- گیراوە
- تۆز

**هەنگاوەکانی دروستکردنی کالسیۆم لە توێکڵی هێلکەی مریشک :-**

1. کۆکردنەوەی توێکڵی هێلکە (سور یان سپی کێشەی نیە)
2. شۆردنەوەی توێکڵی هێلکەکان و تەعقیم کردنیان بەمەوادی تەعقیم سادەترین مادده بۆ نمونە خوێ بۆماوەی 5 خولەک توێکڵەکە دەکەینە ئاو وخوێوەو دواتر دەیپاڵێوین ،بۆ پاککردنەوەی ڕووی توێکڵەکان لە هەرپیسیو میکرۆبێک.
3. کوڵاندنی توێکڵەکان بوماوەی 10 خولەک لەناو مەنجەڵێک ئاودا پێویستە بە کەوچکێک هەموو توێکڵەکان نوقمی ئاوەکە بکرێت تا بەجوانی هەموویان بکوڵێن ,دوای تەواو بوونی ئەو 10 خولەک دەی پاڵێوین.
4. توێکڵەکان دەخەینە (oven) فرنەوە یاخود مایکرۆوە لەپلەی 200 F° بۆ ماوەی
5. 10-15 خولەک, ئەگەر ئەوانەش بەردەست نەبوو لەبەر تیشکی خۆر وشکی دەکەینەوە بەڵام دەبێت پەلەی لێ نەکەیت تا جوان وشک دەبێتەوە .
6. کە جوان وشک بووەوە یان لە فرن دەرمان هێنا دەیخەینە عصارە دەیهاڕین یاخود بە دەسکەوان بیکوتە هەتا دەبێت بە پاودەر.

**سوودەکانی :-**

1. مروڤ دەتوانێت بیخوات و بەکاری بهێنێت بوچارەسەرەی نەخۆشی ئێسک و پووک و ددان و ماسولکە.
2. بەکارهێنانی لەئالیکی مریشکدا ،بۆ دروستکردن و پتەوکردنی توێکڵی هێلکەکەی و پاراستنی ئێسک و قاچی لە لەپێ کەوتن هەروەها پتەوکردنی دەنووک.
3. دەتوانین بۆبنی گوڵ و دارەکان لەباخچە و ئینجانەدا بەکاری بهێنین و سوودی لێوەربگرین.

**چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو پاودەرە :-**

- لەتەمەنی 0-11 ڕۆژ بەرێژەی 0.97% بەکاری دەهێنین.
- لەتەمەنی 11-24 ڕۆژ بەرێژەی 0.94% بەکاری دەهێنین.
- لەتەمەنی 25 ڕۆژو بەرەو سەر بەرێژەی 0.84% بەکاری دەهێنین بەتێکەڵکردنی لەگەڵ ئالیکەکەدا.

**تێبینی:-**

- مەرجە توێکڵەکانە مریشکی تەندروست هەڵبگیرێتەوە و زۆر پاک بێت .
- هەرگیز بە پارچەی گەورە بۆ مریشکەکانت دامەنێ چونکە دەبێتە هۆی بریندارbوونی کۆئەندامی هەرس .
- بەڵام هەرکاتێک کالسیۆمان بەکارهێنا دەبێت ڤیتامین D بەکار بهێنین بۆ مژینی بری ئەو کالیسومەی کە مریشکەکە دەیخوات.

**کالیسیۆم و فۆسفۆڕ**

ڕۆڵی Calcium و Phosphore لە لەشی مریشکی گۆشتدا:

بەشداری دەکەن لە زۆربەی پێکهاتەکانی لەش وەکو ئێسک و شانەکان و خانەکان و خوێن.

**کەمی ڕێژەی ئەو دوو ماددانە لەلەشی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەند نەخۆشیەک :-**

دروستبوونی کێشە لە قاچەکانی وەک پێ سوران و گۆج بوون و ئێسکە نەرمە , لاواز بوون و سست بوونی جوچکە , وە دەبێتە هۆی ڕێگری کردنی لە گەشە کردنی جوچکە کالیسیۆم بۆ پێکهاتەی ئێسک و توێکڵی هێلکە پێویستە لە ئالیکدا ئەگەر کەمبونی کالیسیۆم بونی هەبوو ئەوا بەشێوەی کاربۆناتی کالیسیۆم یان بە دیکالیسیۆم فۆسفات قەرەبوی کەمبونەکەی دەکەینەوە.

وە فۆسفۆڕ ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە مێتابۆلیزم لە خانەکاندا و بەشێکی گرینگ لە ئەنزیمەکان پێکدێنێت فۆسفۆڕ ڕۆڵی گرینگی هەیە لە ماسولکە و مێتابۆلیزمی وزە و شەکرەکان و ترشە ئەمینیەکان و چەوریەکان وە بەشێکی گرنگی لە ترشەکانی نوکلیک (DNA,RNA)فۆسفات پێکی دەهێنێت و لە زۆربەی ئەنزیمەکاندا هەیە و بۆ ئاڵوگۆڕ و پاشەکەوتی وزە.

کالیسیۆم و فۆسفۆڕ لە پێکهاتەی ئێسک و کالیسیۆم لە بەرهەم هێنانی توێکڵی هێلکەدا زۆر پێویستن بەڵام vitamin D ڕۆڵێکی گرینگ لەو کارەدا دەگێڕێت ئەویش کالیسیۆم دەگەیەنێتە ئەو ناوچانەی لەش کە پێویستیان بە کالیسیۆم هەیە.

پێداویستیەکانی خۆراکی و پەیوەندی نێوان کالیسیۆم و فۆسفۆڕ پەیوەندیان هەیە نەک بەو ئەندازەی کە بەس لە خۆراک و ئالیکەکە دابینی بکەین بەڵکو دەبێ پەیوەندی نێوان کالیسیۆم و فۆسفۆڕ دەبێت هاوسەنگ بێت لە جەستەی مریشکدا وە پێویستە بڕی ئەو دوو کانزایە لە ئالیکەکەمان لە مەودایەکی ڕێک و پێک ڕێکی بخەین بە پێی جۆر و تەمەنی پەلەوەرەکەمان.

**سۆدیۆم**

**Sodium**

ڕۆڵی گرنگی هەیە لە لەشی مریشکی گۆشتدا:

بەشدارە لە کردارە گەیاندنەکانی فرمانە هەستەوەرەکان و جوڵەی ماسولکەکان , ڕێکخستنی پێکهاتەکانی پێست و خوێن و کرکڕاگە و ئێسک دەکات.

کەمی ڕێژەی ئەو ماددەیە لە لەشی مریشکی گۆشتدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاریدەی کەم خواردن و لاواز بونی جوچکە و گەشە نەکردنی.

**پۆتاسیۆم**

**Potassium**

ڕۆڵی ئاستی پێویستی Potassium لەلەشی مریشکی گۆشتدا : هاندەری دروستکردنی هۆرمۆنەکانە , بەشدارە لەگۆڕینی چەوری بۆ ووزە.

**کلۆر**

**Clorine**

گرنگی زۆری هەیە لە لەشی مریشکی گۆشتدا کە لەئالیکەوە بۆ لەشی مریشکی گۆشت دابیندەکرێت چونکە بەپێکهێنەری سەرەکی کۆئەندامی هەرس هەژمار دەکرێت بەتایبەت ترشی هایدرۆکلۆریک HCl وە چەندین ترشەلۆکی تر.

## مەنگەنیز

## Manganese

بۆ پێکهێنانی توێکڵی هێلکە و توانای هەڵهێنانی هێلکە پێویستە وە هاوسەنگی پەلەوەر رێک دەخات لەکاتی وەستانیدا مەنگەنیز ,ڕۆڵی هەیە لە دروست بونی ئێسکی پەلەوەر وە کەم بونی لە جوجکە باڕەکان دا شێواوی دەمار (ئیفلیجی) دروست دەکات.

## ئاسن

## Iron

بۆ چالاکی ماسولکە بە تایبەت ماسولکەی دڵ پێویستە وە نیشانەی کەم بونی ئاسن لە جەستەدا کەم خوێنیە کە بەهۆی کەم بونی ئاسن کە ئەوەش هۆکارە بۆکەمبونەوە و دروست نەبونی هیمۆگلۆبین

## سیلینیۆم

## Selenium

بەکارهێنانی برێکی زۆر ژەهراویە بەڵام بە رێژەیەکی کەم پێویستە بۆ چالاکی خانە وە زۆربەی ئەو سیلینیۆمەی کە لەش پێویستی پێیەتی لە خۆراک دابیندەکرێت وە بەکارهێنانی سیلینیۆم لەگەڵ vitamin E تەندروستی گشتی لەش بەهێز دەکات وە رێگرە لە توشبون بە چەندین نەخۆشی وە سیلینیۆم دژەتەنبەرهەم دەهێنێت وە چالاکی مێتابۆلیزمی سیستین و میسۆنین و دروست کردنی هۆرمانی سایرۆید وە ترای گلیسراید کەم دەکاتەوە و پرۆتین لە خوێندا زیاددەکات وە کەمبینی سیلینیۆم دەبێتە هۆی دزەکردنی ئاوی ژێر پێستی مریشک وە کەمی سیلینیۆم بەرهەمهێنانی هێلکە کەم دەکاتەوە.

# هەندێک لە ناتەواویەکان لە پەلەوەردا لە ڤیتامین و کانزاکان



## کەمبونەوە یان نەمانی وزە Decreased or Lack of Energy

لاوازبون لە پەلەوەردا لە ئەنجامی ئەوەوەیە کە بڕێکی تەواو لە کاربۆهێدرات بەردەست نییە, وە کەمی پرۆتین و بڕێکی تەواویش لە مەگنسیۆم نییە کە پێویستن بۆ هێشتنەوەی لەش بەشێوەیەکی ئاسایی و ئەنجامدانی چالاکی ڕۆژانە.

## ناتەواوی لە پەڕەکان Feather Abnormalities

نەبونی ژمارەیەکی زۆر لە مادە سەرەکیەکانی خۆراک لە خواردندا هۆکارن لەبەردەم ناتەواوی دەرکەوتنی پەڕەکان, وەکو کەمی ترشە ئەمینیەکان, ڤیتامین$B_3$ , ڤیتامینB9, ڤیتامین$B_{12}$, تۆتیا هەمویان گرنگن بۆ تەندروستی پەڕەکان, بەتایبەتی ئەگەر بۆ نمونە ڕەنگی پەڕەکان ڕەشهەڵبگەڕێت ئەوا مانای وایە ڤیتامین D نییە لە خواردندا, کەمی ڤیتامین $B_2$ کەمی دەبێتە هۆی هاتنەخوارەوەی پەڕەکان وە چەمانەوەی بۆ ناوەوە.

## نەمانی ڕەنگی پەڕەکان Depigmentation of Feathers

لەکاتێکا کە کەمی ڤیتامین دی دەبێتە هۆی ڕەشبونەوەی پەڕەکان, کەمی لایسین کە ترشێکی ئەمینییە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەنگی پەڕەکان.

**هەوکردنی پێست یان نیشانەکانی سەرپێست Dermatitis and Skin Lesions**

ڕوشاندن و هەوکردنی پێست بەهۆی کەمی ڤیتامین $B_3$ و $B_7$و $B_5$وە ڕودەدات, نیشانەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو لەسەر بنی پێ دەردەکەون کە ئەوە بەهۆی کەمی ڤیتامین $B_7$ وە دەبێت.

**دروستبونی چینی کیراتین لەسەر ناوپۆشی ئەندامەکان**

**Keratinization of Mucous Membranes**

پرۆسێسی بەکیراتین بون بریتییە لە دروستبون و پڕبونەوەی خانەکان بە پرۆتینی کیراتین, کە ئەوە ڕێگری دەکات لە دژی فرمان و گواستنەوەی چینی ڕوکەشەشانەکان کە بتوانن داپۆشینی شانەکان بەهێزی بکەن, ئەو کیراتینبونە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی فرمانی بەرگری ڕوکەشە شانەکان , کە ئەو پرۆسەیەش بەهۆی کەمی ڤیتامین A وە دەبێت.

**تێکچون و لاوازبونی ماسولکەکان Muscle Degeneration and Weakness**

لاوازبونی ماسولکەکان یان تەواوبونی بەهۆی کەمی ڤیتامین $B_3$ و E وە ڕودەدات, نەخۆشی شێتبونی جوچک وە تێکچونی ماسولکەکان بەهۆی کەمی ڤیتامین E وەیە.

**خراپی لەدروستبونی ئێسک و لاوازبونی ئێسک**

**Bone Deformation and Weak Bones**

کەمی ڤیتامین Aدەبێتە هۆی خراپی لەدروستبونی ئێسک و لاوازبونی , هەرچەندە 3 گەورەترین مادە سەرەکیەکانیش کە ڤیتامین دی و کالیسیۆم و فسفۆڕ پەیوەندیان بە خراپی لە دروستبونی ئێسکدا هەیە.

کەمی کالیسیۆم و فسفۆڕ یان نارێکی لەڕێژەی کالیسیۆم و فسفۆڕ دەبێتە هۆی حاڵەتی cage layer diseaseکە ئەوەش کاتێک ڕودەدات کە لە لەشی مریشکدا مادە کانزاییەکان بجوڵێن کە لە ئێسکدا نیشتون بۆ ئەوەی توێکڵی هێلکەکە دروستببێت, لەو حاڵەتەدا مریشک ئێسکی لاوازدەبێت وە تێکدەشکێت و ورد دەبێت, وە قەفەزەی بڕبڕەکانی خۆنەگرە وەکو دەنوکی دەبێت.

## کەمبونەوەی بەرهەمی هێلکە Decreased Egg Production

نەبونی ڤیتامین دی و مەگنسیۆم و مەنگەنیزو پۆتاسیۆم و سۆدیۆم و کلۆرید ئەوانە پەیوەندیان بە کەمبونەوەی بەرهەمی هێلکەوە هەیە.

## تەنکبونی توێکڵی هێلکە و کەمبونەوەی هەڵهێنان

Thin Egg Shells and Decreased Hatchability

تەنکبونی توێکڵی هێلکە و کەمبونەوەی گەشەکردنی هێلکە پەیوەستە بە نیشانەکانی کەمی ڤیتامین دی $B_9$, Mg,Mn

## ناتەواویەکانی کۆئەندامی دەمار Neurological Disorders

کەمی ڤیتامین $B_2$و$B_5$ هۆکارن لەبەردەم ئەو حاڵەتە, شەلەل و چەمینەوەی پەنجەکانی قاچ بۆ ناوەوە ئەوە بەهۆی کەمی ڤیتامین $B_2$ وەوە ڕودەدات کە کاردەکاتە سەر چێوە کۆئەندامی دەمار دەبێتە هۆی دانیشتنی پەلەوەر لەسەر ئەژنۆ یان چەمانەوەی پەنجەکانی پێی بەهۆی شەلەل لە ماسولکەکانیدا.

## بەشی چوارەم

# کوتان و نەخۆشیەکان

# کوتان یان کوتانکردن

## Vaccines and vaccination



کوتان بە یەکێک لە ڕێگاکانی خۆپارێزی دادەندرێت دژی نەخۆشیەکان و بەتایبەت نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان و ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی زیاتری نەخۆشیەکان. کوتانکردن یەکێکە لە ڕێگا سەرەکیانەی کە ڕۆڵێکی گەورە و تازە دەبینێت لە پیشەسازی بەخێوکردنی پەلەوەردا. هەندێک لە نەخۆشییەکان کە لە زۆر شوێندا و لە جیهاندا بڵاون زۆرجار لە ڕێگەی هەواوە دەگوێزرێنەوە لەو کاتەدا قورسە کۆنترۆڵ بکرێت هەتا ئەگەر biosecurity ی زۆر باشیش کرابێت کەواتە لەو کاتەدا سەرەکیترین ڕێگە بۆ کۆنترۆڵکردن بریتیە لە کوتان. vaccination

هۆکاری سەرەتایی کوتانکردن بریتییە لە کەمکردنەوەی زیانەکانی توشبون و مردن کە بەهۆی infectious agent واتە ئەوەی نەخۆشی دروست دەکات کە زیاتر مەبەستمان ڤایرۆسە. لەگەڵ ئەوەشدا لە مریشکی هێلکە و ئەوەش کە بۆ زۆربون بەکاردێ layer and breeder بۆ ئەوانیش کوتانکردن پێویستە چونکە نەخۆشی دەبێتە هۆی دابەزینی بەرهەمی هێلکە یان تێکچونی شێوەی توێکڵی هێلکە. Eggshell deformity

وە کوتانکردن لە breeder واتە ئەوەی بۆ زۆربون بەکاردێ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گواستنەوەی نەخۆشی لە دایکەوە بۆ وەچە vertical transmission کەواتە ناهێڵێت نەخۆشییەکەش تەشەنەبکات, چونکە کوتانکردنی دایکەکە antibody دایکانە واتە بەرگری دەگوێزرێتەوە بۆ بێچووەکە ئەوەش لەنەخۆشی دەیپارێزێت لە یەکەم هەفتەی تەمەنی,واتە کوتانکردن ڕێگری دەکات لەبڵاوبونەوەی نەخۆشییە درمییەکانیش.

## پشكنینی مەناعە

پشكنینی مەناعە یەكێكە لە پشكنینە زۆر گرنگو باوەكان كە پێش ئەنجامدانی كوتان پێویستە بكرێت بۆ دیاری كردنی ڕێژەی بەرگری ئەو مریشكە دژی ئەو ڤایرۆسە یاخود ئەو بەكتریایە كە لە لەشیدایەتی.

## چۆنیەتی ئەنجامدانی پشكنین:

ئەو پشكنینە لەڕێگەی وەرگرتنی خوێنی پەلەوەرەكە و بەكارهێنانەوەی ئەنجام دەدرێت كە بەچەند شێوازێكی سەردەمیانەو تازە دەتوانیت پشكنینەكە ئەنجام بدەیت.

وەكو ELISA, HA, HI ئیلایزا, ئێچ ئەی وە ئێچ ئای كە هەر یەكە لەم فەحسانە زۆر بە دەقیقی ڕێژەی بەرگری ئەو مریشكەت بۆ دەردەكات و دڵنیا دەبیتەوە لەوەی كە ئایا دەتوانیت دوای ئەم پشكنینە كوتان بكەیت یاخود نا.

### ئەو حاڵەتانەی كە پێویست بەم پشكنینە دەكات :-

1. زۆربەی كات ئەم پشكنینە پێش ئەنجامدانی كوتان پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ دڵنیابونەوە لەوەی كە دەتوانیت كوتان ئەنجام بدەیت یاخود نا.
2. لەكاتی بونی نەخۆشی تا دڵنیا ببیتەوە كە ئایا ئەم پەلەوەرە بەرگری هەیە دژی نەخۆشیەكە یاخود نا كە هەندێ كات لەو حاڵەتانەدا پێویست بە ئەنجامدانی كوتانی بەپەلەو ڕاستەوخۆ دەكات.
3. گرنگترین ئەو بەكتریا و ڤایرۆسانەی كە پێویستە ئەم پشكنینەیان بۆ ئەنجام بدرێت بریتین لە Newcastle, Avian influenza, Mycoplasma ,infectious bursal fisease , نیوكاسڵ, مایكۆپلازما, ئەنفلۆنزا, گەمبۆرۆ.
4. بەهەمان شێوە جگە لە دیاریكردنی بەرگری مریشك لە كۆمەڵێك حاڵەتی تریشدا پێویست دەكا كە ئەو پشكنینە بكرێت بۆ دیاریكردنی ڕاستەوخۆی نەخۆشیەكە .

ئەوەی گرنگە خوێندنەوەی دەرەنجامەكانە كە گرنگیەكی بەرچاوی هەیە لەو پشكنینەدا كە بەپێی جۆری نەخۆشیەكە دەگۆڕێت و پێویستە ئاگادار بین.




مەبەست لە بەكارهێنانیان بۆ ئەوەیە كە بە پێی پرۆگرامێك بەرگری لە لەشی پەلەوەر دروست بێ دژ بە بەكتریاو ڤایرۆس كە دەبنە هۆی نەخۆشی.

1. پێكوتەی مردوو killed vaccine

پێكدێت لە برێكی زۆر لەantigen ی چالاكنەكراو كە تێكەڵدەكرێت بە oil emulsion واتە چەوری یان .aluminium hydroxide adjuvant كە بەرێژەیەكی بەرزو بەردەوام بەرگری لە پەلەوەرەكەدا دروست دەكات وە شێوازی بەكارهێنانەكەی لە رێگای injection واتە دەرزی لێدانەوە دەبێت وە لە یەك ڤاكسیندا 2 یان زیاتر antigen ی تێدایە كە كۆنترۆڵی چەند نەخۆشییەكی جیاواز دەكاتMultivalent vaccine .

2. پێكوتەی زیندوو live vaccine

تەنها یەك antigen ی تێدایە كە ئامادەدەكرێ بەشێوەی سپرا واتە پرژاندن یان دەكرێتە ئاو كە كلۆری تێدا نەبێت چونكە كارلێك لەگەڵ كلۆرەكە دەكات و پێكوتەكە سوودی لێنابیندرێت, وە یان دەكرێتە چاوەوە بەشێوەی قەترە وە هەندێك جاریش بەشێوەی دەرزی, وە هەندێك جار ئەوەantigen بەكاردێت attinuated ە واتە لاوازكراوە بۆ نمونە H120 strain ی نەخۆشی ڤایرۆسی IB وە یان B1 strain ی نەخۆشی نیوكاسڵ. برێكی كەم لە antigen پێویستە لە live vaccine دا چونكە organism وەكە كە مەبەستمان ڤایرۆسە بە خێرای زیاد دەكات لەو ئەندامەی كە توشی دەبێت كە مەبەستمان كۆئەندامی هەناسەیە وەك نەخۆشی IBیان ریخۆڵە وەك AE یانIBD ., ڤاكسینی زیندوو هاندەرێكی سەرەكیە لە دروستبونی بەرگری بەشێوەی local یان mucosalیانsystemic, هەندێك جار دوای ئەوەی پێكوتەی

زیندوو بەکاردێت لەش کاردانەوەی دەبێت بەرامبەری هەندێک نیشانە دەبیندرێت وەک کۆکەیەکی سوک یان قرخەیەکی کەم لە دواى بەکارهێنانی پێکوتەی نەخۆشی Newcastle کە ئەوەش دەریدەخات کە کوتانەکە ئیشی خۆی کردووە.

**مەبەست لە antigen** واتە پرۆتینی ڤایرۆسەکە

**مەبەست لە antibody** واتە ئەو بەرگریەی کە لەلەشی پەلەوەردا دروست دەبێت ئیتر لەش خۆی دروستی دەکات یا بەهۆی پێکوتە دروست دەبێت و یان لە دایکی وەرگرتوە.




ڤاکسینی زیندوو ئامادە دەکرێ بەشێوەی vial بەشێوەی بەستووی وشک وە پێویستە هەڵبگیرێ لە پلەی 4 بۆ 8 ی سیلیزی, وە MD cell associated واتەپێکوتەی نەخۆشی مێرک هەڵدەگیرێت لەناو شلەی نایترۆجین, لە دواى تواندنەوەی ڤاکسینی مێرک خانە زیندووەکانی ڤایرۆسی مێرک لە بەشی سەرەوەی vial مکە دەبینرێ. زۆربەی ڤاکسینە زیندووەکان دەتواندرێت بە ڕێگەی گشتی ئامادەبکرێ واتە بۆ کۆمەڵێک پەلەوەر ئەوەش لە ڕێگای کردنە ئاوەوە یان بە ڕێگای سپرا.

**ڕێگاکانی ئامادەکردن :-**

1. **لەڕێگای کردنە ئاوەوە** drinking water

ڤاکسینەکە دەکرێتە ئاوێکی پاک و سارد, ئەگەر ئاوەکە کلۆری تێدابێت ئەوا شیری وشکی کەم چەور دەتوێندرێتەوە لە ئاوەکەدا بە ڕێژەی 2 گرام بۆ 1 لیتر ئاوتێکەڵدەکرێ لە ماوەی 20 بۆ 30 خولەک پێش ئەوەی ڤاکسینەکەی تێکەڵبکرێ بۆ ئەوەی مەودایەک بدات بە تێکشکانی پێکهاتەکانی مادەکانی ناو ئاوەکە بۆ نمونە کلۆرو مادەکانی تر, وە هەندێک دەرمانی کە water stabilizerی پێیدەوترێ بەشێوەی حەب یان پاودەر هەیە ئەوانیش دژی کلۆری ناو ئاون دەتواندرێت بەکاربێن بەڵام ڕەنگی ئاوەکە بۆ شین یان سەوز دەگۆڕن لە ئەنجامی کارلێکی کلۆر و دەرمانەکە لە بەر ئەوە بەکارهێنانی ئاوی بیر باشترین بژاردەیە چونکە کلۆری تێدانییە, وە ئەو تانکی ئاوەی کە ڤاکسینی تێدەکرێت نابێت ئاسن بێت وە نابێت خڵتەو پیسی تێدابێت چونکە ڤاکسینەکە ناچالاک دەکات لەبەرئەوە پێویستە تانکی پلاستیکی بەکاربێت وە پێشتر پاککرابێتەوە کە لە ڕێگای سیستمی ئاوەوە ڤاکسینەکە بە نیپڵەکاندا کە کونی وردن ئەگاتە پەلەوەرەکە.

2. **پرژاندن** spray

یەکێکی تر لە ڕێگا بە کۆمەڵەکانی ئامادەکردنی ڤاکسینی زیندوو

Mass administration of live vaccine

ڕێگای پرژاندنە وە دڵۆپەکان کەمترە لە 5 مایکرۆمیتەر کە دەتوانێت بە قوڵای کۆئەندامی هەناسەدا تێپەڕبێت لە ڕێگای هەڵمژینەوە ,aerosol کاتێک دەستپێدەکات کارلێکی توند لەنێوان پێکوتەکەوبەکتریای E.coli ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی ژەهراوی بونی خوێن, کەواتە پێویستە گەردەکانی دڵۆپەکان لە 100 مایکرۆمیتەر زیاتربێت واتە کونیلەکانی سپراکە گەورەبێت بۆ ئەوەی ئەو کارلێکە ڕونەدات, وە ئەو جۆرەش لە ژووری هەڵهێنانی جوچک دەتواندرێ بکرێ بۆ کۆنترۆڵی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکانی (Newcastle,IB,ibd,coccidiosis ) وە ئاوی دڵۆپاو یان خاڵی لە کانزاکان بەکاردێ واتە ئاوی خواردنەوە بەکارنایەت چونکە کلۆری تێدایە, وە بون بەهەڵمی ئاوەکەش خراپە بۆ پێکوتەکە وە سپرا کردن پێویستە لە ژورێکی تەواو داخراودا ئەنجام دەدرێت.

3. بە ڕێگای قەترە eye drop



ڕێگایەکی تری ئامادەکردنی live vaccine ە کە لە ڕێگای چاو یان لوت بەشێوەی قەترە ئەنجام دەدرێت کە پێکوتەی ڤایرۆسی ILT وو ND بەو شێوازەبەکاردێن بەڵام پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە.

4. لە ڕێگای دەرزی لێدان




ڤاکسینی زیندوو ئامادەدەکرێ بەشێوەی دەرزی وە پێکوتەی مێرک یان chicken infectious anemia CAV وە reovirus بەو شێوازە هەیە وە دەرزییەکەشیان لە ژێر پێست دەکرێ یان بە ماسوولکە بەڵام شێوازی ماسولکە زۆر کەمتر دەکرێت ئەوەی باوە ڕێگای ژێر پێستە, وە دەبێت سرنجەکە زووزوو بگۆڕدرێت بۆدوورکەوتنەوە لە پیسبون, وە ژێرپێستی سنگ گونجاوترین

دەبێت, وە دەتواندرێت ژێر پێستی ملیش بکرێت بەڵام دەبێت وورد بین چونکە هەر هەڵەیەک دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە درکەپەتک کە دەبێتە  هۆی شەلەل.

5.  لە ڕێگای باڵی مریشک wing web



کوتانکردن لەڕێگای wing web وە زیاتر ڤاکسینی fowl pox واتە دانکە بەو ڕێگەیە دەکرێت وە ئەو شێوازە بەشێوەی نوکتە نوکتە point دەکرێت واتە ڕێگەی stabbing بەکاردێت وە ئەو دەرزیەش کە بەکاردێت بۆ کوتان دوو نوکی تیژی هەیە کە جیاوازە لە دەرزییەکانی تر بەجۆرێک ئەگەر تەمەنی بچوک بێت یەک لایدەرزییەکە ئەچەقێندرێت باڵی مریشکەکە بەڵام تەمەنی گەورە هەردوو دەرزییەکە ئەچەقێندرێت باڵی وە ئەو ڕێگایە دوو جار ئەنجام بدرێ بەرگری زیاتر بە پەلەوەرەکەپەیدادەکات. بەڵام نابێت ڤاکسینەکە بەر چاو دەنوکی پەلەوەرەکە بکەوێت, وە ئەو شوێنەی کە ڤاکسینکراوە مەبەستمان باڵی مریشکەکەیە دەبێت لەدوای 6 بۆ 7ڕۆژ بۆ دڵنیابونەوە, وە پێویستە ئەو شوێنە بەرزبوبێتەوە یان وەکو هەوکردنێکی لێهاتبێ دوای 6 بۆ 7 ڕۆژەکە.

لە ڕێگەی خواردن in feed

بۆ Newcastle ڤاکسین بەکارهاتووە بەڵام ڕێگەیەکی دەگمەنە.

لە ڕێگای هێلکە in ovo

ڤاکسینی نەخۆشی مێرک لە ڕێگایەدا بەکاردێ هێلکەی پیتێنراوی پەلەوەرەکە سەرەتا کوتان دەکرێت بە مێرک merk لە 18 یەم ڕۆژدا دوای ئەوە هێلکەکان دەگوازرێنەوە بۆ ژوری هەڵهێنان.

## بەرنامەی کوتانی مریشکی گۆشت لە 0-28 ڕۆژی

| شێواز کوتان کردن | جۆری کوتان | تەمەن |
|---|---|---|
| ژێر پێست یان مل | نەخۆشی مێرک<br>(لە دوای هاتنە دەرەوە لە مەقفەس)<br>(Marek's at hatchery) | ڕۆژی یەکەم |
| لەڕێگەی ئاوخواردنەوە | نەخۆشی نیوکاسڵ<br>Ranikhet (RDV) | 5 - 7 |
| لەڕێگەی ئاوخواردنەوە | نەخۆشی گەمبۆرۆ<br>IBD vaccine | 14 |
| ئاوی موقەتەر یان دڵۆپاو | کوتانی ڤایرۆسی نیوکاسڵ جۆری لازۆت<br>RDV la Sota | 21 |
| ئاوی موقەتەر یان دڵۆپاو | بەرزکەرەوەی بەرگری نەخۆشی گەمبۆرۆ<br>(IBD vaccine(booster | 28 |

# بەرنامەی کوتانی مریشکی هێلکە لە 0-280 رۆژی

| تەمەن | جۆری کوتان | شێواز کوتان کردن |
|---|---|---|
| رۆژی یەکەم | نەخۆشی مێرک<br>Marek's diseases | ژێرپێست<br>S/C |
| 5 | نەخۆشی نیوکاسڵ<br>(Ranikhet disases (F/B) | ژێر پێست یان مل<br>S/C at neck |
| 7 | بەرزکەرەوەی بەرگری نەخۆشی مێرک<br>Marek's disease booster | ژێرپێست<br>S/C |
| 10 | برینەوەی دەنوک<br>Debeaking | |
| 12 - 14 | نەخۆشی مێرک<br>intermediate- Marek's diseases | لەرێگەی چاوەوە<br>Eye |
| 20 - 22 | نەخۆشی گەمبۆرۆ<br>IBD plus | لەرێگەی ئاوخواردنەوە<br>I/O or I/N |
| 27 | کوتانی ڤایرۆسی نیوکاسڵ جۆری لازۆتا<br>RDV la Sota | لەرێگەی ئاوخواردنەوە<br>Water |
| 30 | نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکردنی بۆریچکەکانی هەوا<br>(IB ( infectious bronchitis | لەرێگەی ئاوخواردنەوە<br>I/O or I/N |
| 42 | نەخۆشی ڤایرۆسی دانکە<br>Fowl pox | خوێنهێنەری باڵ<br>Wings vein |
| 47 | دژەکرمەکان<br>Deworming | لەرێگەی ئاوی خواردنەوە<br>Water |
| 52 | کوتانی ڤایرۆسی نیوکاسڵ جۆری لازۆتا<br>Lasota | لەرێگەی ئاوی خواردنەوە<br>Water |
| 64 | ڤاکسینی نەخۆشی نیوکاسڵ جۆری میزۆجینیک<br>$R_2B$ | ماسولکە<br>im |
| 86 | نەخۆشی کۆرایزا و کۆلێرای باڵندە<br>Coryza/Fowl cholera | ژێرپێست<br>S/C |
| 93 | نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکردنی بۆریچکەکانی هەوا<br>IB | لەرێگەی ئاوخواردنەوە<br>Water |
| 100 | برینەوەی دەنوک<br>(Debeaking (Second | |
| 110 | دژەکرمەکان<br>Deworming | لەرێگەی ئاوخواردنەوە<br>Water |
| 112 | کوتانی ڤایرۆسی نیوکاسڵ جۆری لازۆتا<br>RDV la Sota | لەرێگەی ئاوخواردنەوە<br>Water |
| 126 | کوتانی ڤایرۆسی نیوکاسڵ ڤاکسینی جۆری مردوو<br>RD-killed | ژێرپێست<br>S/C |
| 280 | دژەکرمەکان Deworming | لەرێگەی ئاوخواردنەوە water |

| کوردی | کورتکراوە (ئینگلیزی) | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| واتە لە خوێنهێنەر | IV | Intra Venous |
| واتە لە ماسولکە | IM | Intra Muscular |
| واتە لە ژێر پێست | Sc | Sub cutaneous |
| واتە لە جومگە | IA | Intra Articular |
| واتە لە شوێنی ڕووداوەکە | IL | Intra Lesional |
| واتە ڕۆژانە | d | daily |
| واتە دوای نیوەڕۆیان | q.p.m | every day afternoon |
| واتە ڕۆژانە چوار جار | q.i.d | four times aday |
| واتە ڕۆژانە دوو جار | b.i.d , b.d | twice daily |
| واتە لەکاتی پێویست | p.r.n | as needed |
| هەموو شەش سەعاتێك | q.6.h | every six hours |
| واتە ڕۆژانە سێ جار | t.i.d | three times aday |
| واتە هەموو ڕۆژێ | q.d | every day |
| واتە هەموو سەعاتێك | q.h | every hour |
| هەموو شەوێك | q.h.s | every night at bedtime |
| واتە یەکسەر , دەستبەجێ | stat | immediately |
| واتە پێش نان | a.c | before meals |
| واتە پاش نان | p.c | after meals |
| واتە لەڕێگەی دەم | p.o | by mouth , orally |
| واتە دڵۆپ یان قەترە | gtt | drop |
| واتە بڕی پێویست | q.s | quantity sufficient |
| واتە کاتی بەیانیان | a.m | morning , befor noon |
| واتە کاتی ئێواران | p.m | evening , after noon |
| جۆرێکی دەرزییە | amp | ampule |
| کەپسول | cap | capsule |

| | | |
|---|---|---|
| with food | cf | واتە لەگەڵ خواردن |
| cream | crm | کرێم |
| at bedtime | h.s | واتە پێش نووستن |
| Injection | Inj | دەرزی |
| At night | Noct | واتە لە شەودا |
| ointment | oint | مەرحەم |
| one-half | ss | واتە نیو سەعات |
| syrup | syr | شرووب |
| suspention | susp | شێوەیەکی دەرمانە |
| tablet | tab | واتە حەب |
| Topical | top | واتە ڕووی دەرەوەی |
| Intra spinal | IS | واتە لە دڕکە پەتك |
| = Intra caridal | IC | واتە لە سکۆڵەی دڵ |
| Intra Osseaus | IO | واتە لە ئێسک |
| as directed | u.d | واتە ڕاستەوخۆ |

## گرنگترین زاراوە پزیشکیەکان ,, پۆلەکانی دەرمان و بەکارهێنانیان

Important medical terminology. ..classes of drugs with their uses

| Anti Histamine | Use in Allergy | دژە هەستیارێتی |
|---|---|---|
| Analgesic | Pain Killer | ئازارشکێن |
| Anti Pyretic | Fever | دژە تا |
| Anti Septic | Pus | دژە جەراعەت |
| Anti Biotic | Infection | دژە نەخۆشی |
| Anti Anaemia | Low blood | دژی کەمخوێنی |
| Anti Emetic | Vomting | دژەهێڵنج |
| Anti Acid | Stomach Burn | دژی ترشێتی و سوتانی گەدە |
| Anti Flantulents | Gases | دژە باکردن |
| Anti Spasmodic | Abdominal pain | دژە تەنگەژە یان ئازاری سک |
| Anti Anginal | Cardiac pain | دژی ئازاری سنگ ,, ئازاری دڵ |
| Anti Hypertensive | BP | دژی فشاری خوێن |
| Anti Lipemic | Chlosterol+Lipids | دژی کۆلیسترۆڵ و چەوری خوێن |
| Anti Coagulant | Norrowing of Blood | دژی مەینی خوێن و فراوانکەری بۆری خوێن |
| Anti Depressant | Depression | دژی دابەزینی بەرگری لەش |
| Anti Anxiety | For Anxiety | دژی جەنجاڵی و سترێس |
| Anti Parkinson | For Parkinson's | دژی نەخۆشی لەیادچونەوە |
| Anti Stroke | For Stroke | دژی جەڵدە |
| Anti Viral | Against Virus | دژەڤایرۆس |
| Anti T.B | Against T.B | دژی نەخۆشی سیلی سی |
| Anti Fungal | Against Fungus | دژە کەڕووەکان |
| Anti Inflamatory | Against Swelling | دژەهەوکەرەکان |
| Bronchodilators | For Respiration | فراوانکەری بۆریچکەی سییەکان بۆ هەناسەدان |
| Haemostatics | Collecting of Blood | کۆبونەوەی خوێن, پرۆسەی مەیاندنی خوێن |

**نەخۆشیەکان**



بەگشتی باڵندەو ئاژەڵ 97 نەخۆشیە بەس باڵندەکان ( 33 )نەخۆشیە ئەوانیش دابەش دەبن بەسەر دوو جۆر:-

- **نەخۆشیە درمیەکان:** واتە بەسەرما و گەرما و هەوای پیس دەگویزریتەوە.
- **نەخۆشیە نادرمیەکان:** واتە ئەو نەخۆشیانە بەهۆی خواردن خراپی بەخێوکردن توشان دەبێ و گویزەرەوە نین.

## ڤایرۆسەکان

- نیوکاسل
- میرگ
- دانکە
- گەمبۆرۆ
- هەوکردنیدرمی بۆری هەوایی
- ئەنفلەوەنزای باڵند
- دیاردەی ئاوسانی سەر
- جگەر ئەستوربون

## نادرمیەکان

- مردنی کتوپر بەهۆی قەلەوی
- گەرمابردن
- سەرمابردن
- ئیسکەنەرمە
- شەلەلی قەفەز
- شەڕەدەنوک
- تەقینی جیکلدان
- هێلکە گیربون
- هەوکردنی هێلکەدان پەردەی پرۆتینی
- بەرهەمهینانی هێلکەی تویکل تەنک
- جەوربونی جگەرو گورچیلە
- جیقەی ژیرپی ناسراو بە (تەبەق و مێخەک)
- نقرسی هەناو جومگە

## بەکتریاییەکان

- کۆلیرا
- ریقنەسپلکە
- جیلکەی کۆلۆن
- هەلامەتی درمی

## مشەخۆرەکان

- سورەبنت یان ئەسپێ
- کرمی شریتی و ئەسکارس

## نەخۆشیە کەرووەکان

- ئەسپەرگلۆسز
- کۆکسیدیا

## ئەو دیاردانەی کە ڕوو دەدەن لەماوەی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت



چەند دیاریدەیەکی نەخواستراو ڕوودەدەن لەکاتی بەخێوکردنی مریشکی گۆشت لە کاتە جیاوازەکانی تەمەنی مریشک کە زۆربەی هۆکارەکانی ئەو دیاریدەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڤیتامین و پرۆتین و کانزاکان لە تێکەڵە ئالیکیەکان واتە نەقس دەبێت لە ماددە ئالیکیەکان وە هەندێ جار هۆکاری ئەو دیاریدانە لە باوانەوەیە یاخود خراپی سیستەمی ئالوگۆڕی هەواگۆڕکێیە یان بەیەکێ لە هۆکارەکانی ترس کە توشی سترێسێکی بەردەوامی دەکات و خراپ بەخێوکردن بە هەر هۆکارێک بێت یان ناڕێکی سیستەمی ڕووناکی

ئەو دیاردانەی کە ڕوو دەدەن

- زۆر خواردن و هەڵنەدان
- دیاریدەی کورتە باڵابوون
- دیاریدەی ئێسکە نەرمە
- ناڕێکی دەرکردنی پەڕ
- ئاو بەند بوونبەرزی ڕێژەی جوچکەی بوژاو
- گۆج بوون یان هەڵخزانی پەتکی پێ
- بێ جەوی جوچکە
- ناڕێکی دەنووک
- مردنی کتوپڕ

## کێشەکان, هۆکارەکان, وە چی پێویستە بکرێت

**ڕێژەیەکی بەرزی مرداربونەوە بەزوویی** زیاتر لەڕێژەی 1 لەسەدە لە یەکەم هەفتەی تەمەن

**هۆکارەکەی:-**

نارێک و پێکی لەپەروەردەکردنی جوچک بۆ نمونە بەرزی پلەی گەرمی و نزمی پلەی گەرمی.. هتد..

**ئەوەی پێویستە بکرێت:**

دووبارە ڕێکخستنی پلەی گەرما بۆ جوچکەکە, ئەویش بە بەکارهێنانی مەوداکانی پلەی گەرمی یان گەرمیپێو کە لەسەر نەخشە و وێنە پلەی گەرمی دیاری دەکات وەک ئەو وێنەیەی خوارەوە.




بەرزی ئاوخۆرەکان یان خواردنەوەکان پێویستە پشکنینیان بۆ بکرێت, شوێنی خواردنەوەیان دەبێت دوور بێت لە سەرچاوەی گەرمیەوە, پشکنینی ئاستی کالیسیۆم, فسفۆر و ڤیتامین D لە خواردنەکەیاندا, بەکارهێنانی بەرنامەی ڕووناکی بۆ زیادکردنی چالاکی پەلەوەرەکە, تێکەڵکردنی جۆری چالاکی ڤیتامین D بۆ خواردنەکەیان بە ڕێژەی 1 کیلۆ بۆ هەر تەنێک لە خواردن.

پێوانەکردنی ڕاستەقینەی ئاستی ئەو خواردنەی کە جیقڵدانەی پڕکردووە,  وە پشکنینی هەبونی خۆراکپێدان ئەویش بەوەی کە هەم بڕی خواردنەکەو هەم بۆشایی پێویست لە جیقڵدانە پێویستە پشکنینیان بۆ بکرێت. دەتواندرێت ئیشتیها و بەکارهێنانی خواردن زیادبکرێت بە زیادکردنی پرۆتین و ڤیتامین بۆ ئاوخۆرەکەیان بۆ ماوەی 5 ڕۆژ,  دەبێتە باشترکردنی ئیشتیهای خواردن ,  کەمکردنەوەی مرداربونەوە , باشکردنی گەشە و بەرگری لەش.

**ڕێژەیەکی بەرزی مرداربونەوە لەدوای 7 ڕۆژ**

**هۆکارەکان:-**

1. نەخۆشی زیندەچالاکی لەش یان مێتابۆلیکی کە ئاوبەندی سک یان پڕبونی سک بە شلە, هەرتێکچونێک کە دەبێتە  هۆی مردنی کتوپڕ.
2. نەخۆشیەکانی وەکو کۆلیبەسیلۆسس, کۆکسیدیۆسس.. هتد...
3. کێشە لە پەلەکان

**ئەوەی پێویستە بکرێت:**

پشکنینی ڕێژەی هەواگۆڕکێ,  یان ئەو ڕاخەرەی کە بە شوێنەکەیاندا دراوە بۆ ماوەی 2 سەعات بۆ ئەوەی جوچکەکان هەوای پاک وەربگرن, پشکنینی پێکهاتەی خواردنەکەیان پێویستە بکرێت وە ئاکاداربون لەڕێژەیەکی زۆری بەزوویی گەشەکردنیان .

زانین و دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی نەخۆشیەکە لە توێکاری کردنی دوای مرداربونەوە کە ئەویش لەڕێگای وەرگرتنی ڕێنمایی پزیشکی ڤێتەرنەری.

پشکنینی بەکارهێنانی ئاوخواردنەوەیان, پشکنینی کالیسیۆم, فسفۆڕ, ئاستی ڤیتامین D لە خواردنەکەیان, وە بەکارهێنانی پرۆگرامێکی ڕووناکی بۆ زیادکردنی چالاکی پەلەوەرەکە.

**کەمبونەوەی گەشەکردن بە زوویی :**

**هۆکارەکان:-**

- خواردن.
- حاڵەتە ژینگەییەکان.
- ئارەزوی خواردن.
- نەخۆشیز
- ناتەواوی خواردنەوەی ئاو.
- ناتەواوی لە خواردنەکەیان.

**ئەوەی پێویستە بکرێت:**

پشکنینی ڕێژە دەستپێکەرەکان وەکو خواردن و جۆرێتی فیزیکی, لەو حاڵەتەدا پرۆتین و ڤیتامین و ئەنتیبایۆتیک بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بەکاردێت ,پێویستە پشکنینی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە ڕووی هەبون و جۆرێتیەوە بکرێت .

پشکنینی پلەی گەرمی و شێ دەبێت بکرێت, وە پشکنینی درێژی ڕۆژەکان, وە پشکنینی جۆری هەواگۆڕکێ بکرێت بۆ نمونە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن, خۆڵ و تۆز, کەمی ڕێژەی هەواگۆڕکێ.

پشکنینی کەمی تواناى خواردن بکرێت ئەوەش بۆ حاڵەتێک کە ڕێژەیەکی کەمی پەلەوەرەکە جیقڵدانەیان پڕ بوبێت بە خواردن .

وەرگرتنی ڕێنماییەکانی پزیشکی ڤێتەرنەری لەدوای توێکاریکردنی پەلەوەرە مرداربوەکە.

ڕێکخستنەوەی ڕێژەی خواردن پێدان بە پەلەوەرەکە.

ڕێکخستنەوەی ڕێژەی ئاوپێدان.

زیادکردنی بڕێتی خواردن هەموو هەفتەیەک.

**درەنگ گەشەکردن:**

**هۆکارەکان:-**

- کەمی لە پێدانی مادە سەرەکیەکانی خواردن
- نەخۆشیەکان
- حاڵەتە ژینگەییەکان

**ئەوەی پێویستە بکرێت:**

پشکنینی مادەسەرەکیەکانی خواردن و جۆرێتی جەستەیی و پێکهاتەی خواردنەکە, پشکنینی بڕی پێدانی خواردن, سنوردارکردنی خواردن پێدانیان, وە سنوردارکردنی پرۆگرامی ڕووناکی لەسەریان.

زانینی هۆکارەکان لەتوێکاری کردنی دوای مرداربونەوە ئەویش بەوەرگرتنی ڕاوێژ لەلایەن پزیشکی ڤێتەرنەری

پشکنینی ڕێژەی هەواگۆڕکێ, پشکنینێکی چڕی وشکی شوێنەکەیان, پشکنینی پلەی گەرمی ژورەکەیان, پشکنینی ئاو و خواردنەکەیان, پشکنینی بۆشایی لە نێوان شوێنی ئاو خواردنەوەو خواردن خواردنەکەیان

## ڕێگاکانی کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن لە پەلەوەردا
## WAYS OF REDUCING MORTALITY IN POULTRY



1. هەمیشە پێویستە ئاوخۆرییەکەیان پاکبکرێتەوە وە ڕۆژانەش ئاوەکەدان بۆ بگۆڕدرێت.

Always wash drinkers and replace the leftover water

**تێبینی** دەبێت ئاگاداربین لە ڕژان و بەجێمانی ئاو لە دەوروبەری مریشکەکان

پێویستە ئاو خۆری و دانخۆری سەرچاوەی فرێدانیان دوربێت لە شوێنی بەرهەمهێنان, یان سەرچاوەکەی جۆگەیەک یان گۆماوێک نەبێت کە ئاوەکەی تێدا مابێتەوە لەسەری نەڕوات.

2. پێویستە لەپێشەوە ئاوبدرێت بە مریشک پاشان خواردن Serve water before feeds

پەلەوەر جیاوازە لە مرۆڤ و ئاژەڵەکانی تر بەوەی کە پێویستە لە پێشدا ئاویان پێبدرێت پاشان خواردن کە ئەوەش بۆ دورکەوتنەوەیە لە توندووتیژی لەنێوان پەلەوەرەکان لەسەر خواردن .

3. ئاگاداربون لە بونی کەڕوو لە خواردندا کە ئەوەش کاریگەری خراپ لەسەرژیانی پەلەوەرەکە بەجێدەهێڵێت. چونکە دەبێتە هۆی ژەهراویبون و لە ئەنجامدا نەخۆشکەوتن.
4. کۆکردنەوەو جیاکردنەوەو پەروەپێدانی پەلەوەری تەندروست

Collect and raise health chicks

زۆربەی کێشە تەندروستییەکان لە پەلەوەردا لە ئەنجامی ئەوەویە کە ئاستی جیناتەکان لاوازن, بەرهەمی هەندێک مریشک لە خێزانی لاوازەوە دەبێت, هەندێک هێلکە کە هەڵدێن ناناسرێێنەوە یان پەلەوەرەکە لە خێزانێکی لاوازەوە بووە کە بەکەڵک نایەت بەکارهێنراوە بۆ پیتاندن و بەرهەمهێنانی هێلکە, یان کڕینی هێلکەی خراپ یان کێشە و کەموکوڕی لە لە دایکەکە.

5. زۆر بە تەواوی پێویستە دەرمان بەکاربێت وە کوتانیش بکرێت بە پێی خشتەی تایبەت:

Strictly follow medication And vaccination schedule strictly

پێویستە کوتانکردن بەشێوەیەکی ڕاست و درووستبکرێت لەگەڵ پێدانی دەرماندا بەپێی خشتە, ئەو کوتانکردنە یارمەتیدەرە لە بەرزکردنەوەی بەرگری لەش لە دژی نەخۆشییە کوشندەکانی وەکو نیوکاسڵ, دانکەی مریشک, نەخۆشی گەمبۆرۆ, سالمۆنێلا, هەوکردنی ڤایرۆسی مێشک و دەماخ, مێرک هتد....بەکارهێنانی دژەکرم و ئەنتیبایۆتیک زۆرگرنگن بۆ تەندروستی مریشک.

6. ڕێگریکردن لە دروستبونی ئەمۆنیا PREVENT AMMONIA BUILD UP

کاتێک زبڵ و خۆڵ بۆ ماوەیەکی زۆر بەجێبهێڵرێ لە کێڵگە دەبێتە هۆی دروستبونی گازی ئەمۆنیۆم کە بە دیاریکراوی جوڵە ڕادەگرێت وە دەبێتە هۆی مردن لە مریشک و قەلدا, بۆیە پێویستە زبڵ و جیقنەی لە کێڵگەکە لاببرێت وە ژێری پەلەوەرەکان زوو زوو بگۆڕدرێت بۆ ئاگاداربون لە مردن چونکە کێشە لە کۆئەندامی هەناسە دروست دەکات.

پێویستە لە ژوری هەڵهێنان کوتانی ڤایرۆسی مێرک بکرێت چونکە نەخۆشی IB لە داهاتودا توشی جوچکەکان دەبێت کە ئەوەش خراپە لەسەر تەندروستیان.

**تێبینی** پێویستە ڕاوێژ بە پزیشکی ڤێتەرنەری بکرێت لە هەڵبژاردنی ڤاکسین وە هەمیشە مریشکێک بکڕین کە سەرچاوەکەی ناسراوبێت.

7. پێویستە مریشکەکان لە کێڵگەدا هەموو جۆرە مێروو قرتێنەرو ئاژەڵێکی لێدووربخرێتە وە بۆیە پێویستە هەموو دەرچە هەواییەکان تەلبەند بکرێت بۆ ڕێگریکردن لێیان.
8. پارێزگاریکردنی کێڵگە لە سەرما Protect flock from exteme cold

سەرما گەورەترین دوژمنە لە نێوان ژیانی ئاژەڵ و مرۆڤدا , پێویستە ئاگاداربین لە بەرکەوتنی پەلەوەر بە سەرما , چونکە کوشتنی زۆر خێراترە لە ژەهراویبون بە خواردن, لەبەرئەوە دەبێت سەرچاوەیەکی گەرمی گونجاویان بۆ دابندرێت بەتایبەت لە کەشوهەوای زۆر سارددا, دەتواندرێت دیزاینێک بۆ کێڵگەکە بکرێت کە ڕاستەوخۆ بەر سەرمانەکەون.

9. خواردن پێدانی کەم هۆکارێکی تری مردنە چونکە کێشی لەش دادەبەزێت وە بەرگری لەشی کەمدەبێتە وە و زوومردارەدەبێتە وە , لەبەرئەوە پێویستە برێکی باش خواردنیان پێبدرێت وە بری خواردنەکەش زۆرنەبێت چونکە ئەوەش کێشەیەکی ترە.

## مردنی کتوپڕ
## sudden death syndrome (SDS) in broiler



مردنی کتوپڕ  دیاردەیەکە بەهۆیەوە پەلەوەرەکە لەناکاو دەمرێت بەبێ ئەوەی هیچ نەخۆشیەک بونی هەبێت لەناو کێڵگەی پەلەوەر و زەرەرو زیانێکی  زۆری ئابوری هەیە بەزۆری لە مریشکی گۆشتدا ڕوودەدات.

**چۆن بزانین مردنی پەلەوەرەکە مردنی کتوپڕو لەناکاوە ؟**

ئەگەر هاتوو پەلەوەرەکە هیچ نەخۆشیەکی نەبێت و ساغ بێت لەناکاو بمرێت.

**چۆنیەتی مردنی پەلەوەرەکە بەو شێوەیە دەبێت :-**

مریشکەکە دەکەوێتە سەر پشت و قاچەکانی بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە و دەمرێت.

ئەو دیاردەیە زیاتر لەتەمەنی 15-40 ڕوودەدات و زیاتر لە نێرەکاندا واتە لە کەڵەشێردا باوە.

**هۆکارەکانی مردنی کتوپڕ**

هۆکاری سەرەکی مردنی کتوپڕ بە هۆی ڕاوەستانی یاخود جەڵتەی یەکێک لەئەندامەکانی وەک (دڵ و مێشک و جگەرو گورچیلە) ڕوودەدات واتە بەشێوەیەکی سروشتی بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک لە بەڕێوبردنی کێڵگە پەلەوەریەکەدا بونی هەبێت.

**هۆکاری  مردنی کتوپڕ بە کورتی :-**

1. ناهاوسەنگی لە پێکهاتەی ئالیکەکەیاندا.
2. زۆر خواردنی لەڕادەبەدەری  ئالیک لەلایەن پەلەوەرەکەوە کە دەبێتە هۆی ژەهراوی بون.
3. هەبونی کێشە لە بەڕێوبردنی هۆڵەکە وەک ڕادەی شێ.
4. وەزنی زۆر و قەڵەوی پەلەوەرەکە.
5. پیسی ڕاخەرەی هۆڵەکە کە دەبێتە هۆی دروست بونی گازە قورسەکانی وەک ئامۆنیا و ژەهراوی بونی پەلەوەرەکان و دروست بونی کەڕوو.
6. پلەی گەرمی لەڕادەبەدەر بەرز هۆکاری مردنی کتوپڕو لەناکاوە.

**نابێت** بالندە یان پەلەوەری مرداربووەوە بنێژرێت

هەندێک خەڵک لە کێڵگەدا بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان هەمیشە مریشکی مرداربووەوە دەیکەنە چاڵەوە واتە دەینێژن, کە لەو حاڵەتەدا سەگ یان ئاژەڵەکانی تر بەئاسانی دەتوانن هەڵیبکەننەوە بەوەش خراپی لەسەر تەندروستی دروست دەکات.لە ناوچە شارستانیەکان پەلەوەرەکە ئەپێچرێت پاشان دەکرێتە ناو زبڵەوە.

**سوتاندنی مریشکی مرداربووەوە Burn Dead Chicken**

لەهەندێک لە ناوچە لادێکان پەلەوەری مرداربووەوە ئەسوتێندرێت,  ئەویش بە بەکارهێنانی خەڵوزی داری وشککراوە باڵندەکە ئەسوتێندرێت تا دەکرێت بە خۆڵەمێش بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا پێویستە بەشێوازێکی سەلامەت بکرێت دوور بێت لەمرۆڤ و ئاژەڵی تر چونکە خراپی لەسەر تەندروستی دروست دەکات.

**هەندێک لە هۆکارە باوەکانی مرداربونەوە لە جوچکدا ئەوانە دەگرێتەوە**

**هۆکاری بۆماوەیی Genetic Factors**

هەندێک جیناتی کوشندە خۆیان دەگۆڕن لە لەشی باڵندەدا, هەندێکیان دەبنە هۆی مردن لە ماوەی پەروەردەکردنیاندا.

بۆ ڕێگریکردن لێی کێڵگەوانەکان ئامۆژگاری دەکرێن بە کرینی جوچکێک کە بە باشی ناسراوبێت و هەڵبژێردرێت دژ بە جینە کوشندەکە.

هۆکاری بەڕێوەبردن واتە بەڕێوەبردن باش نەبێت. Management Factors

هەندێک لە هۆکارەکان و هەڵەکان کە لە کێڵگەدا دەبێت ئەوانەن

**بەرزی پلەی گەرمی لەشی جوچکەکە** کە دەبێتە  هۆی دوو کێشەی سەرەکی

**وشکبونەوە** Dehydration

ئەگەر پلەی گەرمی بەبەردەوامی زیاد ببێت دەبێتە  هۆی لەدەستدانی ئاو لە لەشدا وە دەشبێتە هۆی وشکبونەوە.

**پێوە نوسانی جیقنە بەدەرچەی کۆمەوە** Pasting

ئەوەش کاتێک دەبێت کە پلەی گەرمی کێڵگەکە زۆر بەرزبێت کە دەبێتە  هۆی پێوە نوسان و لینجبونی جیقنە بەدەوروبەری ناوچەی کۆم کە دەبێتە  هۆی گیرانی ناوچەی کۆم وە حەتمیەن مردنی جوچکەکە.

نزمی پلەی گەرمی کێڵگەکە دەبێتە  هۆی سەرمابون یان هەوکردنی سییەکان وە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە جوچک, جوچکی مرداربووەوە کاتێک لەدوای مردنی تویکاری دەکرێت سیەکانی ڕەنگی زەردباو بۆ شین هەڵدەگەڕێت.

نزمی پلەی گەرمی دەبێتە  هۆی ئەوەی جوچکەکان هەموویان بچنە پاڵ یەک لە یەک شوێندا کۆببنەوە بۆ ئەوەی لەشیان گەرمی ببێتەوە, کە ئەوەش دەبێتە  هۆی نەرمبونەوەیان یان مرداربونەوەیان.

هۆکارێک کە پەیوەندی بە **خواردنەوە** هەبێت Feed related factors include

ژەهراوی بونی خواردن کە بەهۆی کەڕووەوە پیسبوبێت یان خواردنێک پیسبوبێت بە مادەی ژەهراوی بەتایبەتی تانین کە لە پیسی جۆرە دارێکەوە دەبێت, یان خوێی زۆر لە ئاوەکەدا هەروەها گازە ژەهراویەکانی وەکو ئەمۆنیا , یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

پێویستە ئاگاداربین لە پێدانی خواردن بە ڕێکوپێکی وە بەکارهێنانی ئاوی پاکی خواردنەوە و تەلاش و لمەی ژێریان ڕێکوپێک بێت وە زووزوو بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی کۆبونەوەی گازی ژەهراوی.

## نەخۆشیەکان Diseases

جوچکی تازە لەدایکبوو یان هەڵهاتوو سیستمێکی بەرگری بەهێزی نییە ئەگەر پاکوخاوێنی پەیرەو نەکرێت ئەوا ژمارەی مرداربونەوە بەهۆی نەخۆشییەوە زیادەکات .

## هەوکردنی ناوک یان زەردێنەی هێلکە Omphalitis

نەخۆشی موشی پێ دەوترێ لە جوچکدا یان نەخۆشی ناوک. ..نەخۆشییەکی ناوکییە کە دەناسرێتەوە هەوکردنی پێست لە ناوچەی ناوک , نەرم یان شلبون و گەورەبونی سک, پێوە نوسانی جیقنە بە کۆمیەوە, بۆنێکی ناخۆش لەکاتی  توێکاری و کردنەوەی لاشەکە ئەوەش بەهۆی هەڵنەمژرانی زەردێنەی هێلکەکە, جوچکی توشبوو بەرگری لەشی دادەبەزێت وە سەریشی دادەمرکێنێتەوە.

نەخۆشییەکی بەکتیریاییە کە بەخێرایی بڵاودەبێتەوە کە دەبێتە  هۆی لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر لە جوچک.

## نەخۆشی بەکتیریایی پەلۆرم Pullorum

نەخۆشییەکی کورتخایەنە و بەکتیریایی بکوژە لە جوچکدا کە دەناسرێتەوە بە باڵە شۆڕەو جیقنەی سپی شڵ, تەنگ بونی هەناسە, جیوەجیوکردن و مردن, وە هەندێک جار بەبێ دەرکەوتنی نیشانە جوچکەکە مردار دەکاتەوە.

## نەخۆشی بەکتیریایی سالمۆنێلا Salmonellosis

ئەو حاڵەتەش چەند گروپێکی نەخۆشی کورتخایەن دەگرێتەوە کە خێرا بڵاودەبنەوەو هەموو تەمەنەکان توشدەکات, دەناسرێتەوە بە بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەش, ژەهراویکردنی خوێن, هەوکردنی زەردێنە, هەوکردنی جگەر, گەورەبونی سپڵ, مردن.

کاتێک توشی جوچک دەبێت دەبێتە  هۆی مرداربونەوەی ڕێژەیەکی بەرز لە ژوری هەڵهێنانی جوچک.

## نەخۆشی بەکتریای کۆلیبەسیلەس Colibacillosis

زنجیرەیەک نەخۆشی بەکتیریایی کورتخایەنە کە توشی سیستمی یان سوڕی خوێن دەبێت لە هەموو تەمەنەکاندا کە ئەگەری ڕوودان و مرداربونەوەی لە جوچکی تازە هەڵهاتودا زۆرە.

پەیڕەوکردنی سیستمێکی تەواوەتی پاکوخاوێنی یەکەم گەورەترین ڕێگەیە بۆ ڕێگری کردن لەسەرجەم ئەو نەخۆشیانەی کە باسمانکردن پێویستە کە خۆی لە کێڵگەو ئاو کەلوپەلی خواردن و هەموو دەوروبەری ژووری هەڵهێنان و هتد... دەبێت هەموویان پاکوخاوێن بن.

**کەمکردنەوە و خۆپارێزی لە دروست بوونی نەخۆشی و مردن :-**

ژورەکان و ئاوخۆری و دانخۆری پێویستە بۆشایی گونجاویان تێدابێت بەتەواوی ئاگاداری قەرەباڵغی، برسێتی، شێی ژێریان ببین چونکە بونی شێ ڕێگە خۆشکەرە و زۆربونی ئەو میکرۆبانەی کە دەبنە هۆی مرداربونەوە ئاسان دەکات.

ئاگاداری هەڵگرتن و گواستنەوەی جوچک بین کاتێک لەو ماوەیەدا بێت کە کوتانبکرێت یان هەر کردارێکی تر لەسەری بکرێت وە ئاگاداربون لە برینداری چونکە برین ڕێگە خۆشکەرە بۆ پیسبون بە چەند نەخۆشیەک لە ناویاندا نەخۆشی بەکتیریاییە.

**ڕێژەی شێ:** لە ئاستی ئاسایدا بێت بۆ ئەوەی ئاگاداری شێداری ببین لە ژوری هەڵهێناندا، شێداری دەبێتە  هۆی کۆبونەوەی گازی ژەهراوی یان گەشەکردنی میکرۆب.

بناغەکردنی ژوری هەڵهێنانیش دەبێت ڕێکوپێک بێت بۆ ئەوەی بپارێزرێن یان بۆ دوورخستنەوەی جرج و مێروو سەگ و پشیلە.

**سیستمی هەواگۆڕکێ:** پێویستە ڕێکوپێک بێت بۆ ڕێکخستنی پلەی گەرمی یان لابردنی گازە ژەهراویەکانی وەکو دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، ئەمۆنیا , و گازەکانی تر , شێداری، خۆڵ و پیسی و بۆنی ناخۆش،  پێویستە هەوای ژورەکە پاکبێت وە دەبێت بە دەوری ژووری هەڵهێنانەکەدا ئەو هەوا پاکە ئاڵوگۆڕبکات.

**ڕووناکی:** گرنگترین فاکتەرە لەکاتی هەڵهێناندا لەبەرئەوەی چالاکی جوچک زۆر زیاترە لەشوێنێکدا کە تیشکی ڕووناکی درەوشاوەبێت وەک لەشوێنێکدا کە توانا یان هێزی ڕووناکی لاوازبێت، بەدرێژایی هەڵهێنان ڕووناکی پێویستە درەوشاوەبێت بۆ هاندانی چالاکی و یارمەتیدانی جوچک بۆ دیاریکردنی شوێنی ئاوخۆری و دانخۆری کە تەمەنیان لە دەوروبەری 7 بۆ 10 ڕۆژ بێت.

## دیاریدەی ئاوبەند بوون

Ascites سەیرکردن بە ڤیدیۆ



ئەو دیاریدەیە واتە کۆبونەوەی ئاو لەبۆشای سکی مریشکدا.  ئەو دیاریدەیە کە هەندێ جار زیانی ئابوری دەگەیەنێت بە خاوەنی کێڵگە پەلەوەریەکان , هەندێکات ڕێژەی تووش بوون دەگاتە 10% لەهەندێ کاتدا مردار بووش پەیدا دەبێت. ئەو دیاریدەیە لەتەمەنی 21 - 7 ڕۆژی ڕوو دەدات.

**هۆکاری ئەو دیاریدەیە :-**

1. خراپی سیستەمی ئاڵوگۆڕی هەوا, کەدەبێتە هۆی کەم بونەوەی ڕێژەی ئۆکسجین و بەرز بونەوەی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.
2. بەرزی ڕێژەی پرۆتین.
3. بەرزی ڕێژەی سۆدیۆم لە خۆراکدا.
4. کەمی ڤیتامین.E
5. بەکارهێنانی مەوادی ئالیکی کۆن.

**چارەسەری دیاریدەی ئاو بەند بوون لەکاتی سەر هەڵدانیدا :-**

1. پێویستە ئاڵوگۆڕی هەوا تەواو گونجاو بێت بەپێی تەمەنی مریشک.
2. کەم کردنەوەی خۆراک واتە پێویستە خواردن کەمتری بدرێتێ دەبێت مریشک برسی بکرێت.

3. زیادکردنی کەپەکی گەنم لەتێکەڵە ئالیکیەکاندا بەرێژەی 50% – 25%  هەندێ جار پێدانی گەنم بەتەنیا.
4. نزمکردنەوەی ڕێژەی پرۆتین بۆ خوار 20% لەتێکەڵە ئالیکیەکاندا.
5. بەکارهێنانی مەوادی نوێ و خاوێن لەتێکەڵە ئالیکیەکاندا.
6. بەکارهێنانی ڕێژەی گونجاو سۆدیۆم لە تێکەڵە ئالیکیەکاندا.
7. بەرز کردنەوەی بەکارهێنانی ڤیتامین E.

## دیایدەی کورتە باڵابوون



کورتە باڵابون یەکێکە لەو دیاریدانەی ڕوودەدەن لەناو کێڵگە پەلەوەریەکان , کە زیانی ئابوری دەبێت بۆ خاوەنی کێڵگە پەلەوەریەکە.

ئەو جوچکانەی کە کورتە باڵان ( زۆلەکن ) لە دوای هەفتەی دووەم دەردەکەوێت کە ڕێژەی 4% پێکدێنن.

کە جوچکەیەکی سست و لاواز و کورتە باڵاو کەم گەشە دەردەکەوێت بەشێوازێک کە ناتوانێت دەنووک بگەیەنێتە خواردن و ئاو , هەروەها پەڕی مریشک تێکئاڵاو شپرزەو ناشیرن دەردەکەوێت.

**هۆکارەکان   ئەو دیاریدەیە و چارەسەری سەرهەڵدانی ئەو دیاریدەیە :-**

- **دایک**
- **هێلکە و هەڵهێنەر** پێویستە ئامەدەکردنی هێلکەکان بە خاوێنی ڕابگیرێن لە پلەی گەرمی 18 - 12 پلەی سەدی و لە یەک سەر چاوەوە هاتبن و وەک و یەکتریبن لە وەزندا بۆ ناو هەڵهێنەر, گونجاندنی پلەی گەرمی لەدوای هەڵهێنەر.
- **بەڕێوە بردنی کێڵگە** دەبێت ناو کێڵگە بەشێوەیەکی باش ئامادە کاری بۆ بکرێت لەڕووی ڕووناکی و پلەی گەرمی و شێ و هەوای پاک ئاڵوگۆڕی هەوا و ئاو و ئالیکدان بۆ ئەوەی جوچکە توشی کەم گەشە نەبێت بۆ کەم کردنەوەی ئەو دیاریدانە .
- **خۆراک** پێویستە  هاوسەنگی بۆ هەموو ماددە ئالیکیەکان و پرۆتین و وزەو کانزاکان بکرێت بۆ ئەوەی هیچ دیاریدەیەکی نەخوازراو لەسەر مریشک ڕوو نەدەدات.

- **نەخۆشی** پێویستە و گرنگە کە کوتان بکرێت دژی هەموو ئەو نەخۆشیە بەربڵاوەنەی لە وولاتی ئێمە زۆرن بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەسەر هەڵدانی نەخۆشی.
- پێدانی ڤیتامین بەبێ کەمتەرخەمی کردن و پێدانی کانزاکان بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەسەر هەڵدانی ئەو دیاریدانە.

ئەگەر هاتوو زانرا مریشک کورتە باڵایەو زیاد نەکات پێویستە دوور بخرێتەوە لەبەرئەوەی هەم وەزنی گونجاو نادات هەم مەسروفاتی زیاتر لەسەر خاوەن کێڵگە دەکەوێت وە قەرەباڵغی کەم دەکاتەوە بە دور خستنەوەی.

## دیاریدەی کەم خواردن یان زۆر خواردنی ئالیک و هەڵنەدانی مریشک



کەم خواردنی ئالیک یان زۆر خواردنی ئالیک لە ئەنجامدا گەورە نەبونی مریشک بەیەکێ لە دیاریدەکانی ناو کێڵگە پەلەوەریەکان دادەندرێت کە دەبێتە هۆی زیاد بەکارهێنانی کات و داهات و دەرئەنجام داهاتی ئابوری کێڵگەی پەلەوەریەکان کەم دەبێت.

ئەو دیاریدەیە بەزۆری لە دوای 3 هەفتەی ڕوودەدات لەناو کێڵگە پەلەوەرییەکانی مریشک.

**هۆکاری هەڵنەدانی** مریشک دەگەڕێتەوە بۆ خراپی و ناهەوسەنگی تێکەڵە ئالیکیەکان بەتایبەت ئاستی ووزە بۆ ڕێژەی پرۆتین یاخود کەمی ڕێژەی پرۆتین و کانزاکان لە تێکەڵە ئالیکەکان.

یاخود پێنەدانی ڤیتامین کە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر چالاکی هەموو ئەندامەکانی لەشی مریشک

چارەسەری ئەو دیاریدەیە هاوسەنگ کردنی تێکەڵە ئالیکیەکان و پێدانی ڤیتامین و هەروەها چاودێری کردنی ڕێژەی خۆراکی بە پێی پێویست بە پێی ڕەچاوکردنی تەمەنی مریشک. هەروەها دیاری کردنی ژینگەیەکی تایبەت بە پێی تەمەنی مریشک.

## دیاردەی خۆخۆری
## Cannibalism



دیاردەی خۆخۆری بریتیە لە حاڵەتێک لە پەلەوەردا لە کێڵگە بەجۆرێک کە پەلەوەرەکان لەناو یەکدا پەلاماری یەکتر دەدەن و یەکتری بریندار دەکەن و گۆشتی یەکتر دەخۆن, کە ئەو حاڵەتەش برینداری قوڵ دروست دەکات و دەشبێتە هۆی مرداربونەوەیان, سوربونەوەی ناوچەی کۆم وەکو شێوەی حەسیرێک یەکێکە لە باوترین دیاردەکان لە مریشکی هێلکەدا , یەکەمجار پەلەوەرەکە کە ئەو خوەی وەرگرت بەناو ئەوانی تریشدا بڵاودەبێتە وە لەکێڵگەکەدا کە ناتواندرێت ڕاستەوخۆ چارەسەر بکرێت, بینینی برینداری بەتایبەتی لە دەورووبەری ناوچەی کۆم ناسەرەوەیەکی حاڵەتەکەیە.

**هەندێک لە هۆکارەکان کە لێپرسراون لە ڕوودانی دیاردەی خۆخۆری بریتین لە:-**

1. قەرەباڵغی پەلەوەر لەناو کێڵگەی پەلەوەری. Overcrowding in the poultry house
2. خوێنبەربون لە بەشی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ بەهۆی سترێس لەکاتی هەڵهێنان.
3. کەمی پڕۆتین لە خواردنەکەیاندا.Protein deficiency in the diet
4. دابینکردنی بڕێکی کەم لە خواردن.Provision of less diet
5. بڕێکی زۆر لە گەنمەشامی لە خواردنەکەیاندا.Excess of corn/maize in the diet
6. کەمی ترشە ئەمینیە پڕۆتینە سەرەکیەکانی وەکو ئارجنین و مسیۆنین لە خواردنەکەیاندا.
7. کەمی کانزاکان لە خواردندا.Deficiency of salt and minerals

**هەندێک لەو خاڵانەی کە پێویستە ڕەچاوبکرێن بۆ ڕێگریکردن لە حاڵەتی خۆخۆری بریتین لە:-**

1. بڕینی دەنوک بەجۆرێک یەک لەسەر سێی بەشی سەرەوەی دەنوک و نوکە تیژەکەی بەشی خوارەوەی ودەنوک پێویستە ببڕدرێن.
2. جیاکردنەوەی ئەو پەلەوەرانەی توشی حاڵەتەکە بون.
3. ئەو پەلەوەرانەش کە برینداربون هەروەها دەبێت جیابکرێنەوە و چارەسەریان بە ڕێکوپێکی پێبدرێت.
4. قەرەباڵغی پێویستە بە خێرایی کەمبکرێتەوە.
5. پێویستە هەموو کاتێک خواردن بەبڕێکی تەواو هەبێت.
6. ژینگەکەیان پێویستە ئارامبکرێتەوە ئەوەش بۆ مریشکی هێلکە بۆ ئەوەی سەرلێشێواو لەمریشکی هێلکەدا نەمێنیت لەکاتی دانانی هێلکە چونکە ئەو سەرلێشێوانە دەبێتە هۆی سوربونەوەو هەوکردنی بەشی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ کە ئەوەش هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی پەلەوەرەکانی تر بۆ ڕوودانی ئەو حاڵەتە.
7. دابینکردنی گڵۆپێکی سور لەنزیک شوێنی هێلانەکەیان کە هێلکەی تیا دائەنێن ئەوەش یارمەتیدەرە لەکاتی ڕوودانی ئەو حاڵەتە.
8. زیادکردنی ژەمی ماسی بۆ ناو خواردنەکەیان یان گۆشتی خاوی تازە بۆ ناو ئالیکەکەیان.
9. ڤیتامین و تێکەڵی کانزاکان و خوێ پێویستە زیادبکرێت بۆ خواردنەکەیان.
10. زیادکردنی بڕی میسیۆنین بۆ خواردنەکەیان دەوترێت ڕێگری لە ڕوودانی ئەو حاڵەتە دەکات.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاریدەیە :-**

1. کەمی ڕێژەی پرۆتین و خوێ لە ئالیکدا.
2. پلەی گەرمی بەرزی لەڕادەبەدەر.
3. کەمی ڕێژەی پێدانی ڤیتامین.
4. بەهێزی ڕووناکی ناو کێڵگەی پەلەوەریەکە یاخود هەبوونی تینی زۆری ڕووناکی.

5. تێکەڵکردنی جوچکەی تەمەن بچوک و گەورەکان , ئەوەیش وا دەکات مریشکە گەورەکان دەنووک بدەن لەجوچکە تەمەن بچوکەکان.
6. ڕێژەی بەرزی گازە زیانبەخشەکان , هەبوونی حەشرات و زیندەوەرە مشەخۆرەکان.
7. کەمی ڕووبەری جوچکە لەناو کێڵگە پەلەوەریەکان ( واتە قەرەباڵغی زۆری جوچکەکان و بچوکی شوێنیان)
8. ناهاوسەنگی پێکهاتەی ئالیکەیەکان واتە کەمی لەڕێژەی کانزا و خوێ و پرۆتین و ڤیتامینەکان.

بوونی ئەو مریشکانەی کە قاچیان گۆج بووە , , برینیان هەیە , , یاخود مرداربون لەناو کێڵگە پەلەوەرییەکان, وە کەمی هێلانەو کولانە و زۆری جوچکە یاخود مریشەکان.

**چارەسەر کردنی ئەو دیاریدەیە :-**

1. هاوسەنگ کردنی تێکەڵە ئالیکەکان و دابینکردنی پرۆتین و کانزاو ڤیتامینەکان و خوێیەکان لەناو ئالیکی پەلەوەردا.
2. کەمکردنی تینی ڕووناکی بەپێی پێویست.
3. دەبێت مرداربوەکان بەزووترین کات لەناو کێڵگە بخرێنە دەرەوە.
4. کەمکردنەوەی پلەی گەرمی بەپێی پێویستی.
5. دابێنکردنی شوێنی فراوان و دورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی جوچکەکان.
6. لابردن و بنبڕکردنی زیندەوەرە مشەخۆرەکان.
7. جیاکردنەوەی ئەو مریشک و جوچکەانەی کە برینیان هەیە و لابردنی ئەوانەی کە مرداربوون.
8. جیاکردنەوەی تەمەن بچوک و گەورەکان.

## دیاردەی خواردنی هەندێک ماددەی نامۆ PICA



پەلەوەرەکە دەست دەکات بە خواردنی هەندێک مادە کە خواردنی هیچ سوودێکی نییە بۆ نمونە پەڕ و ماددەکانی ناو زبڵ و خۆڵەکەی ژێریان کە بۆیان دانراوە یان خوێن و هتد,. ..بەڵام ئەو دیاردەیە بەکەمی دەبیندرێت لە کێڵگەی پەلەوەری تازەدا. .کەمی فسفۆڕ و ژیانی زیندەوەرە پێشەنگە سەرەتاییەکان و مادەی تازەی نامۆ بۆ نمونە تەختەو ئاسن لەناو زبڵ و خۆڵەکەی ژێری پەلەوەرەکان کە ئەوانە ڕوودانی دیاردەکە خراپتر دەکەن,چاودێری کردن و بەڕێوەبردنی باش وە هاوسەنگی لە پێدانی خواردن ڕێگری دەکات لە ڕوودانی دیاردەکە.

هەندێک جار دەبێتە هۆی crop impaction

بەزۆری دروست دەبێت کاتێک مریشکەکە ماددەیەکی ڕق دەخوات وەکو پارچە دار یاخود نایلۆن یان پارچە زەرف کە دەبێتە هۆی ڕێگری لەڕۆیشتنی خواردن بۆ سیقەتۆرە, هەر بۆیە جیقڵدانەی مریشکەکە هەڵدەئاوسێت و تواناى خواردن و جوڵەی نامێنێت هەروەها خواردن ناخوات.

**تێبینی**

کەمی کالیسیۆم و فسفۆڕ ئەوانەش هۆکاری سەرەکین لە ڕوودانی ئەو هەر چوار خاڵەی سەرەوە کە باس کران.

## دیاردەی خواردنی هێلکە
## Egg eating



هەندێک جار پەلەوەر پەنا دەباتە بەر خواردنی هێلکەی خۆی , کە ئەوەش یەکێکە لەخووە خراپەکانی کێڵگەی پەلەوەر , کە ئەوەش دەستپێدەکات یان سەرهەڵدەدات بەهۆی بونی درز یان کتوپڕ شکانی هێلکە کە یەکەمجار مریشکەکە پەرەدەدات بە تامکردنی پاشان دەست دەکات بەشکاندنی هێلکەکەی خۆی.

ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی شکاندنی هێلکەو درزبردنی هێلکە بریتین لە تەنکی و نەرمی توێکڵی هێلکە یان نەبونی ئەو ماددانەی کە بۆ ژێری پەلەوەرەکان دائەندرێت کە زبڵ و کا و پوش دەگرێتەوە کە بۆ جێگەکەیان پێویستە دابندرێت , , یان مانەوەی هێلکە بۆ ماوەیەکی درێژ لە کێڵگەکەدا ئەوەش هانی پەلەوەرەکە دەدات بۆ دەستکردن بەخواردنی هێلکەی خۆی.

### ڕێگریکردن Prevention

1. جیاکردنەوەی پەلەوەرەکان.
2. زیادکردنی بەردی لیمۆ و پرۆتین بۆ ناو خواردنەکەیان.
3. پەلەوەری هێلکەخۆر پێویستە بکرێتە ناو قەفەزەوە بەتایبەت لەدوای دانانی هێلکەکە دەکرێتە قەفەزەکەوە.
4. بڕینی دەنوک دیاردەکە کەمدەکاتەوە.
5. تاریککردنی شوێنی دانانی هێلکە ڕێگری لە دیاردەکە دەکات.
6. ماوەی هەر کۆکردنەوەیەکی هێلکەکان پێویستە کەم بکرێتەوە واتە زوو زوو هێلکوکان کۆ بکرێتەوە.

## چۆن وا لە مریشک بکرێت هێلکەی خۆی نەخوات

How to stop chicken from eating their eggs

پێویستە سەیری ئەو هۆکارانە بکرێت کە دەبنە هۆی ڕوودانی دیاردەی خواردنی هێلکە , لێرەدا چەند ڕێگایەک بۆ توانینی وەستاندنی ئەو دیاردەیە.

1. **دابینکردنی بۆشایی تەواو لە نێوان مریشکەکان**

ئەگەر مریشکەکان نەیانتوانی مەودایەکی سەربەستیان هەبێت , ئەوا پێویستە بۆشاییەکی گونجاویان لە کێڵگەکە بۆ دابینبکرێت, وە ئەو بۆشاییەش چوار پێ موکەعەب یان چوارگۆشە بۆ هەر پەلەوەرێک دەبێت دابینبکرێت.

ئەگەر بتواندرێت لەسەروئەووە بڕۆیت, باشترە, دەبێت دڵنیا بین لەوەی لەو چوارگۆشەیە بۆشایی کەمتر نەبێت بۆ هەر پەلەوەرێک.

وە دەبێت دڵنیا بین لەوەی کە قەرەباڵغی لەناو پەلەوەرەکاندا نیە, وە هەموو باڵندەیەک تایبەتمەندی ئەوە وەردەگرێت کە شایەنی یەتی لەکاتی هەڵهێناندا.

2. **دابینکردنی ئاو و خواردنی تەواو بۆ مریشک**

پێویستە ئاو و خواردنی تەواوەتی بۆ مریشک دابین بکرێت جا ئیتر لەکاتی هەڵهێنان بێت یان نەبێت, وە خواردنیش بۆ مریشکی هەڵهێنەر پێویستە دەوڵەمەندبێت بە مادە سەرەکیەکانی خۆراک کە بریتین لە ڤیتامین دی و مەگنسیۆم و فسفۆڕ وە ڤیتامین و کالیسیۆم و پڕۆتین دڵنیا مان دەکاتەوە لەوەی کە بەرهەمی هێلکەکە و توێکڵەکەی ناشکێت لەکاتی کڕکەوتنی مریشکەکە لەسەر هێلکەکە.

3. **بڕینی دەنوک**

ئەوەش ڕێگایەکی نەریتیە بەڵام ڕێگری دەکات لەوەی کە مریشک پەنا بباتە بەر خواردنی هێلکەی خۆی.وە دەبێت لە بڕینی دەنوکدا ئاگاداری ئەوە بین بڕینەکە زۆر نەچێتە خواروی دەنوک چونکە دەبێتە هۆی ئازار گەیاندن بە مریشکەکە.

## 4. قەڵاچۆکردن

ئەگەر هەموو ڕێگاکانی سەرەوە سەریان نەگرت لە ئیش کردن لەسەر ئەو حاڵەتە , ئەوە دەبێت هەوڵبدرێت ئەو پەلەوەرانەی کە هێلکەی خۆیان دەخۆن جیا بکرێنەوە لەکاتی ئیسراحەت کردنیاندا, ئەوەش یارمەتیدەرە لە وەستاندنی بڵاوبونەوەی ئەو جۆرە خووە لەناو پەلەوەرەکانی تردا.

هێلکەکان لە چەند کاتێکدا کۆبکرێنەوە لە ڕۆژدا, وە دەستت لەسەر هێلکەکان بێت پێش ئەوەی کە مریشکەکان دەست بکەن بەخواردنی.

هەندێک جار دەتواندرێت فێڵ لە مریشکەکە بکرێت ئەویش بە دانانی هێلکە کە لە تەختە دروستکرابێت, یان تۆپی گۆڵف, یان هێلکەی پلاستیکی بۆ ئەوەی پەنا نەباتە بەر خواردنی هێلکەی خۆی,

جیاکردنەوەی مریشکی لاسار یان خو گرتوو بە دیاردەکەوە لەکاتی ئیسراحەتدا لە کێڵگەکەدا هەتا ئەو کاتەی مریشکەکانی تر تەواو دەبن لە هەڵهێنانی هێلکە.

یەکێک لە باشترین ئەو شتانەی کە دەتوانیت ئەنجامی بدەی بۆ ئەوەی مریشکەکان هێلکەی خۆیان نەخۆن, ئەوەیە کە دڵنیابن لەوەی کە خانوویەکی فراوانیان هەیە بۆ ئەوەی بەدەوریدا ڕابکەن.

## دیاردەی شاردنەوەی هێلکە
## Egg hiding



ئەو جۆرە دیاردەیە لە پەلەوەری ماڵیدا پەرە دەسەنێت ئەوەش بەهۆی جوڵەیەکی زۆری پەلەوەرەکان بەشێوەیەکی سەربەست ڕوودەدات کە هێلکەکان ئەشارنەوە لەکێڵگەکە یان لە دەوەنەکان.

### ڕێگریکردن Prevention

ڕێگری دەبێت بکرێت لە جوڵەی سەربەستی پەلەوەرەکان.

پێویستە شوێنی هەڵهێنانەکەیان لەناو کێڵگەکەدا دروستبکرێت وە پێویستیشە گونجاوبێت ئەویش بە دابینکردنی پووش و کا و هتد.

## ئەو نەخۆشیانەی کە کاریگەریان لەسەر هەناسە هەیە لە پەلەوەردا



**لەتەمەنی سفرەوە بۆ 3 یەم هەفتە:**

نیشانەکانی.. .خنکان , ئاوسانی چاو دەبیندرێت.

نەخۆشیەکان کە توشی دەبێت,نەخۆشی کەڕوویی ئەسپەرجلەس کە ئەو نەخۆشیە دەگوازرێتەوە لەرێگای هێلکەوە یان لەرێگەی کەڕوو لەسەر ڕاخەرەکەی ژێریان لەناو هێلانەکە.

**تەمەنی لە دووهەفتە بەروسەرەوە:**

نیشانەکانی چاوی ئاوی پێدادێتە خوار , ناوچەی لوتی تەڕ دەبێت, هێلکەکەی چرچ دەبێت, یان بێ توێکڵ دەبێت لە مریشکی هێلکەدا.

نەخۆشیەکانی کە ئەوانە دروست دەکەن نەخۆشی ڤایرۆسی ئای بی هەوکردنی بۆریچکەکانی سی کە باوترین ڤایرۆسە.

**لە تەمەنی 4هەفتە بەرەو سەرەوە:**

نیشانەکان کەدەردەکەون ئاو بەلوتدا هاتنە خوار, لرخەلرخ لەهەناسەدان.

نەخۆشیەکان نەخۆشی بەکتیریایی مایکۆپلازما.

**لەتەمەنی 5 بۆ 12 هەفتە:**

نیشانەی لرخە لرخ لە هەناسە.

بەهۆی نەخۆشیەکانی هەوکردنی پەردەکانی دەوری هەناسە, یان نەخۆشی بەکتیریایی کە دەبێتە  هۆی هەوکردن لە گیرفانە هەواییەکان.

**تەمەنی 6 هەفتە بەرەو سەرەوە:**

نیشانەکانی پژمین , لرخەلرخ, ئاو بەلوتدا هاتنە خوار.

بەهۆی نەخۆشی بەکتیریایی کۆلێرا کە زۆر باوە لە کێڵگەدا.

**لە تەمەنی 6 هەفتە و پێگەیشتنی:**

نیشانەکانی هەناسەتەنگی, هاتنەخوارەوەی شلەی لینج بە دەم و لوتدا, لرخەلرخی هەناسە, کۆکین, یان شلەی لینجی خوێناوی لە کۆکیندا.

نەخۆشیەکانی وەکو نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکردنی قورگ و بۆری هەناسە.

**تەمەنی 8 هەفتە بەرەو سەرەوە:**

نیشانەکانی کۆکین و ڕاوەشاندنی سەر, زۆر ڕێککردنەوەی مل و خنکان.

نەخۆشیەکانی وەکو کرمی گەیپ کە جۆرە مشەخۆرێکە لە گەروو دەگیرێت.

**تەمەنی 18 بۆ 25 هەفتە بەرەو سەرەوە :**

نیشانەکانی خنکان و هەناسەتەنگی.

نەخۆشی ئەسپەرجلەس کە لە سی دەدات.

# ASPERGILLUS'Sنەخۆشی

(Brooder pneumatic) سەیرکردن بە ڤیدیۆ

**التهاب الرئه**



نەخۆشیەکی هاوبەشە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ(zoonotic diseases )

Aspergillus's نەخۆشیەکی کەڕووییە و بەنەخۆشی هەوکردنی سیەکان ناسراوە و توشی کۆئەندامی هەناسەی مریشک دەبێت و کاردەکاتە سەر سیەکانی بەشێوەیەکی مەترسیدار.

هۆکاری ئەو نەخۆشیە بریتیە لەهەردوو جۆری کەڕووی:

- Aspergillus flavus
- Aspergillus fumigatus

کە لە ئالیکی پیس و ڕێژەی شێی بەرزو تەڕبوونی ڕاخەری هۆڵەوە دروست دەبن و لەسیەکانی مریشکەکەدا گەشەدەکەن.

**نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە:-**

1. Dyspneaتەنگەنەفەسی لەبەرئەوەی ئەو نەخۆشیە تووشی کوئەندامی هەناسە دەبێت بەهۆیەوە مریشکەکە تەنگەنەفەس دەبێت و گران هەناسەی بۆدەدرێت.
2. Gasping هەناسەبڕکێ و زیادبوونی هەناسەدانی لەڕادەبەدەر.
3. دروست بوونی جۆرە دەنگێک لەسەر سنگی کە بەغیزەی سەرسنگ ناسراوە.

4. تینو بوونی بەردەوام.
5. نەمانی ئارەزووی خواردن.
6. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشی pyrexia .
7. کەم بوونەوەی وەزنی بەهۆی نەخواردنی ئالیک و نەمانی اشتهاء.
8. دەنگ نووسان و بەباشی نەهاتنە دەرەوەی دەنگی.
9. سکچوون diarrhea .
10. خواربوونی ملی بۆ سەر زەوی.
11. لەهەرە نیشانە گرنگەکان کە بەهۆیەوە ئەو نەخۆشیە دیاری بکەین بەهۆی ئەنجامدانی post- mortem
12. هەبوونی یان دروست بوونی تلۆق (گرێ ) ی زەردە بەشێوەیەکی زۆر لەسەر سیەکان.
13. گۆڕانی ڕەنگی سیەکان بۆ ڕەنگێکی زەردهەڵگەڕاو کە پێی دەڵێنpale .
14. Conjunctivitis هەوکردنی پێستی دیوی ناوەوەی پێڵوی چاوی و دروست بوونی پەڵەی زەرد باو لەسەرچاوی و کەدەبێتە هۆی لاوازی لە بینینی.

**چارەسەری ئەو نەخۆشیە:-**

بەکارهێنای ئالیک و ئاوی پاک.

گرنگیدان بە پاک وخاوێنی هۆڵ و تەڕنەبوونی ڕاخەر چونکە بەهۆیەوە کەڕوو گەشەدەکات.

بەکار هێنانی سپرای دژە کەڕوو و دژە حەشەرات کەیارمەتی کەمبوونەوەی کەڕوو دەدات.

بەکارهێنانی copper sulphate بەجۆرێک 1g/2 liter واتە یەک گرامی دەکەینە دوو لیتر ئاو لە ڕۆژێکدا دووجار پێی دەدەین بۆ ماوەی 5ڕۆژ.

بەکار هێنانی nystatin کە یەکێکە لە دژەکەڕووە باشەکان و antibiotic ی زۆر چاکە بەشێوەی پاودەر هەیە دەکرێتە ئالیکەوەو وە بەشێوەی قەترەو حەبیش هەیە کە دەتواندرێت بۆ مریشکەکە بەکاربهێندرێت

## هەوکردنی درمی بۆری هەوا
## Infectious Bronchitis

التهاب القصبات الهوائيه الخمجى



نەخۆشییەکی ڤایرۆسی توندی کۆئەندامی هەناسەیە تووشی پەلەوەر دەبێت.  زەرەروو زیانێکی ئابووری زۆری هەیە ,  بەزۆری لە سێ مانگی سەرەتای تەمەن تووش دەبێ , وە زۆر بەخێرای بڵاو دەبێتەوە.

**هۆکاری نەخۆشییەکە :-**

ڤایرۆسیکە لە کۆمەڵەی (الکروناCoronaviruses) ئەویش دوو جۆری هەیە ڤارۆسی الکرونا و ڤایرۆسی التورو.  بەڵام ئەوەی تووشی مریشک و قەلوعەلەشیش دەبێ لە جۆری الکرونا یە کە هەشت تا نۆ جۆری هەیە.

**ڕێگاکانی گواستنەوەو بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییە :-**

- لەڕێگای هەوا.
- کەل و پەل و ئاوی پیس بوو بە دەردراوی پەلەوەرە تووش بووەکان.
- تێکەڵ کردنی پەلەوەری نەخۆش بە پەلەوەرە ساغەکان.
- شارەزا نەبوون لە بەخێوکردنی زانستی و تەندروست.

**نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە لە جوجکە :-**

1. تەنگە نەفەسی ولرخەلرخ و گران هەناسەدان و مل دریژ کردن.
2. غەرغەرەو هاتنە خوارەوەی ماددە چڵمی و لنج لە کونە لووتەکانی.
3. ڕێژەی مردن دەگاتە نزیکەی زیاتر  ٪25 بەتایبەتی گەر تەمەنیان زۆر بچووک بێ.
4. لەکاتی شیکاریکردندا هەست بەبوونی ماددەیەکی شل و لینج دەکرێ لە بۆریەکانی هەوادا.

**لە مریشکێ پێگەشتوو :-**

1. کەم بوونەوەی بەرهەم هێنانی هێلکە.
2. زۆر جار نارێکی لە توێکڵی هێلکە هەست پێدەکرێ جا چی زبربێ یان تەنک بێ.
3. پێکهاتەی ناو هێلکە دەگۆردرێ بۆ شێوەی نیمچە دەڵمە.
4. کەم بوونەوەی ڕێژەی ترووکاندن.

**چارەسەر بۆ نەخۆشییەکە :-**

هیچ چارەسەرێک تاکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە,  بەلام پێش تووش بوون وا باشە ڤاکسین بکرێت بۆ ڕێگری و بەرگری لە دژی ئەو ڤایرۆسە.

**کردارە پێویستەکان لەکاتی تووش بوون بەو ڤایرۆسە :-**

1. سەرەتا دەبێ خواردنی لە ئالیک بگۆری بۆ گەنم.
2. گەنم و سماق (ترش) تێکەڵ کەی بەرێژەی 25 کیلۆ سماق لە گەڵ یەک تەن گەنم تێکەڵ بکرێ و بیدرێتی.
3. شوێنەکە گەرم بێ و ڕێژەی شێی زیادبکرێ.
4. پێدانی هەناسە خۆشکەر لە گەڵ تلمیکۆسین.
5. پێدانی ڤیتامین C لەرێگای خواردن بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بۆ بەرزکردنەوەی بەرگری لەش
6. زۆر نەچوونە ناو پەلەوەری تووش بوو واتا دروست کردنی کەشێکی ئارام و ماندوو نەکردنی پەلەوەرەکان.

ئەو ڕێگا چارانەی سەرەوە باسمان کرد تاقیکردنەوەی لەسەرکراوەو ئەنجامی باشی هەبوە ئەوە ڕێژەی مردن کەم دەکات و زۆر جار چاکیش بوونەتەوە.

## نەخۆشی هەڵامەتی درمی



نەخۆشییەکی کۆئەندامی هەناسەیە. زۆر بەخێرای بڵاو دەبێتەوە بە پلەی یەکەم تووشی مریشک دەبێ لە هەموو تەمەنێکدا .

**هۆکاری نەخۆشییەکە:-**

بەکتریای بەناو هیمۆفیلس گالینیرم. بەکتریایەکی بارگە نێگەتیڤە.

**ڕێگاکانی بڵاو بوونەوی نەخۆشییەکە :-**

1. هێنانی پەلەوەری تووش بووی درێژ خایەن و بۆ ناو پەلەوەرە ساغەکان.
2. پیس بوونی خواردن و خواردنەوە بە بەکتریای نەخۆشییەکە.
3. بەریەککەوتن و دەردراوەکان بەهۆی هەواوە دەگوازرێتەوە.
4. ئاوی پیس دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە.

**نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە :-**

1. ماوەی دایەنگەی ئەو نەخۆشییە کەمەو بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە بۆیە لەنێوان دووسێ ڕۆژ تەواوی پەلەوەر وباڵندەکان تووش دەبن.
2. هاتنە خوارەوەی شلەیەکی لینجی توون لە کونە لووت.
3. ئەستوور بوونی گیرفانەکانی چاو لەلایەک یان لە هەردوو لا هەوەها چاوی دادەخرێت.
4. تەنگە نەفەسی و لرخەلرخ.
5. ئاوکردنی چاوەکانی و سوور هەڵگەرانی پێلووی چاو.
6. کەم بوونەوەی بەرهەم هێنانی هێلکە لە پەلەوەرو باڵندە هێلکەکەرەکان.

**خۆپاراستن :-**

1. سەرەتا جیاکردنەوەی پەلەوەرو باڵندەی تووشبوو و لەگەڵ ساغەکان.
2. تعقیم کردنی شوێنی بەخێوکردنی پەلەوەر وباڵندە و مەنهۆڵی ئاو.
3. پەیرەوکردنی سیستەمی یەک دەستی و یەک تەمەنی.

**چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە :-**

1. بەکارهێنانی هەموو دژە تەنەکان ئەنجامی باش دەدەن لەکاتی ئەو نەخۆشییە.
2. پێدانی ئاوێتەکانی سلفا زۆر سوودی دەبێ و ئەنجامی باش دەدات بەزووترین کاتدا.
3. پێدانی ئەثرۆ مایسین بەهەمان شێوە کار لەسەرئەو بەکتریایە دەکات.

## نەخۆشی هەڵئاوسانی سەر لە مریشکدا

Chicken Swollen Head Syndrome (Swollen Head Syndrome)



نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە کە دەناسرێتەوە بە دروستکردنی نیشانەیەکی سوک لەسەر کۆئەندامی هەناسە و هەوکردنی سەر لە مریشکی ئومەهاتدا هەروەها دابەزینی بەرهەمی هێلکە لەمریشکی هێلکەدا, وە دەشناسرێتەوە بەوەی کە بەهێواشی بڵاودەبێتە وە بەناو کێڵگەی پەلەوەریدا.

نیشانەکانی بە ڕونی دەبیندرێت ئەویش کاتێک ڤایرۆسەکە ئاڵۆزبوبێت بە بەکتریای ئیکۆلای.

ڕوودان و توشبون بەنەخۆشیەکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕێژەی مریشک , بەتایبەتی لەحاڵەتەکانی توشبون بە نەخۆشیە ڤایرۆسیەکانی نیوکاسڵ و هەوکردنی بۆریچکەکانی سی.

ڕێگریکردن لەنەخۆشیەکە لەرێگەی دروستبونی بەرگری لەشەوە دەبێت ئەویش بەبەکارهێنانی ڤاکسینی زەیتی لەجۆری مردوو.

**نەخۆشی هەڵئاوسانی سەر** Swollen head syndrome (SHS)

یەکێکە لە نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان کە دەناسرێتەوە بەوەی کە بە توندی بەرهەمی هێلکە دادەبەزێنێت لە قەل و مریشکی پێگەیشتودا وەهەروەها بەهێواشی بڵاودەبێتە وە بەناویاندا هەموو تەمەنەکانیش هەستیارن بەرامبەر ڤایرۆسەکە.

لە مریشکی هێلکە بەرهەمی هێلکە بۆ 50 لە سەد دادەبەزێت ئەوە یەکەمجار کە دەستنیشانی نەخۆشیەکە دەکرێت دەبیندرێت لەبەر ئەوە دەبێت مریشکە توشبووەکان جیابکرێنەوە هەتا نەخۆشیەکە بنبڕ دەبێت پاشان کوتانبکرێن.

**هۆکاری نەخۆشیەکە** The causative agent

بەهۆی ڤایرۆسێکەوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ گروپی پارامیکزۆڤایرۆس کە ئارِ ئێن ئەی ڤایرۆسە و پۆلێن دەکرێت لە گروپی نیمۆڤایرۆس.

**نیشانەکانی نەخۆشیەکە** Clinical symptoms

ماوەی ژیانی ڤایرۆسەکە نەزانراوە , لەوانەیە زیاتربێت لە هەفتەیەک بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەڕێگەی کەلوپەلی پیسبووەوە بێت لەوانەی 48 بۆ 72 سەعات بێت لە مریشکی ئوومەهاتدا, وە نیشانەکانی نەخۆشیەکە بەڕونی بریتیە لە هەڵئاوسانی سەر لە چەند ڕۆژێکی کەمدا وە هەوکردنی گیرفانە هەواییەکان و قورسی لەهەناسەدان زیاتر لەهەفتەیەک لەدوای بەرکەوتنی مریشکەکە بە کەلوپەلی پیسبووەوە وەهەندێک جار هەبونی بەکتریای ئیکۆلای لە ژینگەکەدا نەخۆشیەکە ئاڵۆزتر دەکات.

وە تێبینی دەکرێت لەپەلەوەرەکەدا دەنگی بڵقەبڵق و لەگەڵیدا پژمین و هاتنەخوارەوەی لینجی بە لوت وە عادەتەن کەفوکوڵ لە چاوی دێتە خوارەوە بۆشاییەکانی چاوی هەودەکات وە لە ژێر چاویدا شلەی پڕۆتینی دەبیندرێت.

ڕێژەی مرداربونەوە دەگۆڕێت بە گوێرەی توندی و ئاڵۆزی نەخۆشیەکە لەگەڵ بەکتریای ئیکۆلای.

**دەستنیشانکردن** Diagnosis

لەڕێگەی جیاکردنەوەی هۆکاری نەخۆشیەکە ئەویش بە ئەنجامدانی تێستی سیریۆلۆجی و ئیلایزاو وەرگرتنی خوێن و ئەنجامدانی پی سی ئارِ.

**چارەسەرکردن** treatment

چارەسەرکردنی نیە بەڵام دەتواندرێت ئەنتیبایۆتیک بدرێت بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزی نەخۆشیەکە بەهۆی بەکتریای ئیکۆلای وە یان ئەنجامدانی پرۆگرامی کوتانکردن و جیاکردنەوەی پەلەوەری نەخۆش لەساغ و ئەنجامدانی سیستمی پاکوخاوێنی.

## نەخۆشی ماكۆپلازما



یەكێكە لە نەخۆشیە بەربڵاوەكانی پەلەوەر و باڵندە كە تووشی كۆئەندامی هەناسە دەبێت. بەتایبەتی كاردەكاتە سەر گیرفانەكانی لووت و تووشی هەوكردنیدەكات (التهاب الجیوب الانفی)

**نیشانەكانی:-**

1. هەست كردن بە هەڵامەت , پەسیوو.
2. ئاو لێهاتنی چاو و لووت ئەستوور بونی دەم و چاو.
3. درووست بوونی شلەیەكی ڕەنگ سپی لینج لەناو دەم گەروی پەلەوەرە تووش بوەكە.
4. پەلەوەری تووش بوو ئارەزووی خواردنی نامێنێ.
5. پەلەوەر و زۆر بەی كات نووستوو كز دەبێ بێ هێز دیار دەبێ.

**چارەسەری نەخۆشی:-**

1. بە بەكارهێنانی دەرمانی انرۆفلۆكساسلین یان تیلمیكۆسین .
2. پێدانی ڤیتامینی A,D3,E كە زۆر بەسوودە و كاردەكاتە سەر زوو چاككردنەوەی و پارێزگاری لە شانە و خانەكانی كۆئەندامی هەناسە دەكات.

**ڕێگاكانی خۆ پارێزی لەنەخۆشی :-**

1. خاوێن ڕاگرتنی شوێنی حەوانەی پەلەوەر و باڵندە.
2. نەهێشتنی بۆنی پیس و خۆڵ و تۆز لە شوێنی بەخێوكردنی پەلەوەر وباڵندەكان.
3. پێدانی ڤیتامیناتی AD3E یان AD3EF مانگانە چەند جارێک بۆ پارێزگاری كردن لە كۆئەندامی هەناسە.

**تێبینی.** جوچكەی خوار تەمەن دە ڕۆژ لە ئەنجامی پیسی و بوونی ناخۆش و پلەی گەرمی زۆر تووش دەبێ.

## نەخۆشی نیوکاسڵ

Newcastle diseases سەیرکردن بە ڤیدیۆ



### ناساندن Introduction

نەخۆشیەکی ڤایرۆسی توندووتیژە لەئێستادا زۆرە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان توشی زۆربەی جۆرەکانی پەلەوەر دەبێت , نیوکاسڵ یان تاعونی درۆینە pseudo plague نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە کە توشی پەلەوەری کێوی وماڵی دەبێت دەناسرێتەوە بەوەی کە ڕێژەی مردن و توشبونی زۆر بەرزە وە نیشانەکانی توشبون لەسەر مریشک و قەل و زۆربەی پەلەوەرەکانی تریش دەبێت وە هەڵگری نەخۆشییەکە بەشێوەیەکی سروشتی بریتییە لە مراوی کێوی و ماڵییە ڤایرۆسەکە هەڵدەگرێت بەڵام مراوییەکە بەشێوەیەکی گشتی مریشک توشی نەخۆشی ناکات. نەخۆشی نیوکاسڵ دەتواندرێت بگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ کە دەبێتە هۆی هەوکردنی پێڵوی چاو , ئاو هاتنە خوار بە چاودا, ئازاری سەر, تالێهاتن.

وە بە بەربڵاو ترین نەخۆشی ڤایرۆسی هەژمار دەکرێت و بەخێرایی بلاو دەبێتەوە .

ئەو نەخۆشیە تووشی کۆئەندامی هەرس و هەناسەو دەرمار دەبێت .

**هۆکارەکانی**(etiology) :

جۆرە ڤایرۆسکە سەر بەخێزانی (paramyxovirus)

جۆری( PMV-1) ( Paramyxo virus-1)

بەپێی هێزی توندووتیژی ڤایرۆسەکە دابەش دەبێ بۆ سێ جۆر :

1. جۆری بەهێز Velogenic Strain -توندووتیژترین جۆریانە.
2. جۆری ناوەند Mesogenic Strain-کەمتر لەیەکەم توندووتیژە .
3. جۆری لاواز Lentogenic Strain-کاریگەریەکەی کەمە بەچەند پرۆسەیەکی تایبەت ئەو جۆرە وەک ڤاکسین ئامادە دەکرێت لە کوتان(vaccination).

**ڕێگاکانی گواستنەوەو و توش بوون بەنەخۆشیەکە**(transmission) :

لەڕێگەی ڕیقنەو دەردراوەکانی هەناسەی پەلەوەری توشبوو دەگوازرێتەوە لەنێوان پەلەوەرەکان

لەنێوان کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر بەهۆی باڵندەی کێوی وئامێرو کەس و هەر شتێک کە هەڵگری ڤایرۆسەکە بێ .

ماوەی نێوان هاتنە ناوەوەی ڤایرۆسەکەو دروست بوونی نەخوشەیەکە نزیکەی 3بۆ 6 ڕۆژ.

**نیشانەکانی نەخۆشیەکە** (clinical sign) :-

1. تەنگە نەفەسی ، لرخەلرخ ، پژمین ، ماندوویی ، دەردانی دەردراوە لینجەکان لە لووت بەتایبەتی لە جوچکە .
2. توشی سکچوونێکی ڕەنگ سەوز دەبێ ماسوولکەکانی دەلەرزن و ملی دەسوڕێت Torticollis
3. توشی باڵە شۆڕە دەبن لە قاچ دەکەون ڕێژەی بەرهەمهێنانی هێلکە زۆر کەم دەکات لەکاتی توشبوون بە جۆری (Velogenic Strain).
4. ڕێژەیەکی بەرزی مردن ڕوودەدا لەکاتی توشبوون بە جۆری (Mesogenic Strain)زیاتر توشی کۆئەندامی هەناسەدان دەبێت .
5. لەکاتی توشبوون بە (Lentogenic Strain)هیچ نیشانەیەک لەسەر مریشکی تووشبوو دەرناکەوێ سور هەڵگەران و ئاوسانی پێلوی چاو .

**سیفەتی توێکاری**(postmortem lesion) :-

1. لەکاتی شیکردنەوەی لەشی پەلەوەرەکە لەگەدە و ناوپۆشی ڕیخۆلە برینی خوێن لێبەربوو بەدی دەکرێ .
2. بینینی پەڵەی خوێناوی لەسەر ڕیخۆڵەورووی ڕژێنەکانی گەدەی ڕاستەقینە proventriculus.
3. ئیلتیهابی بۆری هەواو و سیەکان و بوونی کەف لەناو تورەکەی هەوا airsac.
4. وە هەندێ جار ناوپۆشی بۆری هەوا سوور هەڵدەگرێ . وە خویناوی بوونی ( caecal tonsils).

**چارەسەرکردن**(treatment) :-

تا ئێستا چارەسەری ئەم نەخۆشیە نەدوزراوەتەوە بەڵام antibiotic بەکاردەهێنرێ بۆ ڕێگە گرتن لە توشبوون بە secondary bactrial infection بەتایبەت بەکتریای E-coli .

**پاراستن و ڕێگری کردن** (prevention and control) :-

کوتان (ڤاكسین ) کەباشترین پاراستنە بۆ ڕێگری کردنی ئەو نەخۆشییە ئەویش بە دوو ڕێگا دەكرێت یەکەم بەکوتان لەڕێگای دەرزی دەکرێ کە لە بن پێست دەدرێ و سێ مانگ جارێ دووبارە دەبێتەوە .

دووەم ڕێگا بە ڤاکسینی زیندوو کە دەتوانی لە ڕێگای ئاوی خواردنەوە یان ڕشاندن یان دلۆپاندن لەلووتی یان لە چاوەکانی بەکاری بێنی . وە ئەو جۆرەیان بەو شێوەیە دەبێ و تاقی کراوەتەوە کەسوود بەخش بووە جوچکە لە تەمەنی (7 ڕۆژی تاکو 10 ڕۆژی ) ڤاکسین دەکرێ وە دوبارەدەکرێتەوە پاشی (10) ڕۆژ بەسەر کوتانی یەکەمدا وە سەرکەوتنی ئەم ڕێگایە واباشە پەلەوەرەکە دووسەعات پێشتر تینو بکرێت و ئاوی بەکار هاتوو ش ئەبێ ئاوی فلتەر یان کولاو. بیت(کلۆری تێدا نەبێت).

# کۆکسیدیا سینگە تیژە

Coccidiois



....

کۆکسیدیا جۆرە مشەخۆرێکە کە لە ڕیخەڵۆکی باڵندەدا دەژی بەناوی .(Eimeria) خێرایە لە بڵاوبوونەوە. ماوەی ژیانی حەوت ڕۆژە و کاریگەری زۆر و زوو دەگاتە سەر پەلەوەر و باڵندەو زوو لاوازی دەکات و بێهێزی دەکات.

شەش جۆر مشەخۆرن کەتووشی ڕیخەڵۆکی پەلەوەر وباڵندە دەبن هەر جۆرەو کاریگەری لەسەر بەشێکی ڕیخەڵۆک دەکات :-

1. ئیمیریا برونیتی ـ تووشی بەشی پشتەوەی ڕیخۆڵە باریکە دەبێت.
2. ئیمیریا تینیلا Eimeria tenella توشی ڕیخۆڵە کوێرە دەبێت.
3. ئیمیریا نیکاتریکس Eimeria necatrix تووشی کۆتایی ناوەڕاستی ڕیخۆڵە باریکەکان دەبێت.
4. ئیمیریا ئەسەرڤلولینا Eimeria acervulina تووشی بەشی سەرەوەی ڕیخۆڵە باریکەکان دەیت.
5. ئیمیریا ماکسیما Eimeria maxima تووشی بەشی ناوەڕاست و کۆتایی ڕیخۆڵە باریکە دەبێت.
6. ئیمیریا پرێکۆکس ـ تووشی سێیەکی بەشی سەرەوەی ڕیخۆڵە باریکە دەبن.

**نیشانەکانی :-**

1. بێهێزی و بێتاقەتی و جوڵەی کەم.
2. زۆربەی کات نووستن و سەرخستنە ژێر باڵ.
3. هەناسە دانێکی بەتووند و نارەحەت کە کلک ودەرچەی کۆمی بەرز دەکاتەوە.
4. باڵ شۆڕی.
5. چاوی نیوە دەکاتەوە تاقەت و توانای کردنەوەی چاوی بەتەواوی نیە.
6. سینگ تیژبوون بەماوەی کەمتر لە پێنج ڕۆژ.
7. لە دیارترین نیشانەکانی گۆڕینی ڕەنگی پاشەڕۆکەی ( جیقنە) بۆ ڕەنگی قاوەیی , سوور , زەرد , خەنەی.

**هۆکارەکانی تووش بوون بە کۆکسیدیا:-**

1. گوێ نەدان بە پاک و خاوێنی شوێنی بەخێوکردن.
2. هێنانی پەلەوەری نەخۆش بۆ ناو پەلەوەرەکانی تر.
3. تەرکردن و شێدار بوونی ڕاخەر بەخێوکردن.
4. پێدانی سەوزەو تەڕە بەڕێژەی زۆر.
5. شوشتنی پەلەوەر وباڵندە وە ڕاستەوخۆ لێدانی هەوای سارد.
6. گۆڕینی جۆری خواردن.
7. دڵەڕاوکێ و ترس.

**چارەسەری نەخۆشییەکە :-**

- پێدانی پێکهاتەکانی سلفا.
- پێدانی امپرۆلم.
- پێدانی ڤیتامین A و ڤیتامینK3 .

**چی بکرێت لەکاتی تووش بوونی پەلەوەر و باڵندەکانمان بەو حاڵەتە :-**

1. سەرەتا پەلەوەر و باڵندە تووش بوەکە جیا دەکرێتەوە لەوانی تر.
2. شوێنی بەخێوکردن بەتایبەتی ڕاخەرەکە تعقیم دەکرێت بە مادەیەکی تعقیکردن.
3. دواتر پێدانی ڤیتامین K3 بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لەڕێگای تێکەڵ کردن بە ئاوی خواردنەوە.

4. پێدانی ڤیتامین A,D3,E بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بۆ گەراندنەوەی هێز و توانا بۆ پەلەوەر وباڵندەکە.
5. ئەگەر هاتوو پەلەوەر و باڵندەکە تووشی سینگە تیژە یان, سینگە ڕەقە بوو بوو پێویستە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مادە ئەنزیمەکانی بدرێتێ بۆی توانای هەرس وچالاکی ڕێخۆڵەکانی ڕێک دەبێتەوە.

## جیقڵدانه و کێشەکانی



Crop)جیقڵدانه) بەشێکه له کۆئەندامی هەرس که فرمانی سەرەکی بریتییەله هەرس کردنی سەرەتای خواردن و کۆکردنەوەی.

هەربۆیە زۆر جار بۆ پشکنینی ئەوەی بزانیت ئایا باڵندە تەندروستە یان نەخۆشە, یەکسەر دەست لە جیقڵدانە دەکەیت بزانیت هیچی خواردووە, چونکە لەکاتی زۆر نەخۆشی مریشک لە خواردن دەکەوێت.

بەشێوەیەکی سەرەکی جیقڵدانە توشی چەند نەخۆشییەک دەبێت باوترینیان :-

- crop impaction
- Sour crop
- Penduolus crop

**یەکەم نەخۆشی** دروست دە بێت لە کۆبونەوەی خۆراک و گیر خواردنی لە ناو جیقڵداندا واتە نەڕۆیشتنی بۆ سیقەتۆرە.

**دووەم نەخۆشی** لە ئەنجامی تۆش بونی جیقڵدانە بە yeast کە دە بێتە هۆی هەڵئاوسانی دیواری جیقڵدان و هەروەها هەڵئاوسانی .

**سێیەم نەخۆشی** زیاتر لە لە پەلەوەری بەتەمەن ڕوودەدات و جیقڵدانە شۆڕ دەبێتەوە .

.

## Crop impaction

بەزۆری دروست دەبێت کاتێک مریشکەکە ماددەیەکی ڕق دەخوات وەکو پارچە دار یاخود نایلۆن یان پارچە زەرف کە دەبێتە هۆی ڕێگری لەڕۆیشتنی خواردن بۆ سیقەتۆرە, هەر بۆیە جیقڵدانەی مریشکەکە هەڵدەئاوسێت و توانای خواردن و جوڵەی نامێنێت هەروەها خواردن ناخوات.

**نیشانەکانی تووش بوون بەو حاڵەتە :-**

1. گەورەبوونی قەبارەی جیقڵدانە.
2. کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن.
3. زیاد بوونی ئارەزووی ئاو خواردنەوەی.
4. کردنەوەی دەمی و هەناسەبڕکێ .
5. کەمبوونەوەی پاشەڕۆ یاخود هەرنەمانی پاشەڕۆکەی بەهۆی مانەوەی خواردن لە جیقڵدان و هەرس نەکردنی.
6. ناچالاکی و کەمبوونەوەی جوڵە.
7. بادانی ملی بەملاولای خۆیدا .

بۆ خۆپاراستن لەو حاڵەتە واباشە ئەو خواردنانەی کەکۆن بوون و ڕەق بوون یاخود کانزای ڕەق وەک ئاسن , دەرزی یان شتی تیژ یان وردە دار یان نایلۆنی تێدایە لاببرێن لەناو ئالیکەکە یاندا

**چارەسەری ئەو حاڵەتە**

ئەگەر impaction ە کە کەم بێت ئەوا پێویست بەچارەسەر ناکات و بۆخۆی چاک دەبێتە وە یان شۆردنەوەی جیقڵدانە بە سرنجی تایبەت کە دەچێتە جیقڵدانەوە, بە ڵام ئەگەر جیقڵدانەکە زۆر گەورەبێت پێویست دەکات بە نەشتەر گەری جیقڵدانەکە بکرێتە وە و خواردنەکە بکرێتە دە رە وە و خاوێن بکرێتە وە و دواتر جیقڵدانەکە دادەخرێتەوە , نەشتەرگەری بەبەکارهێنانی سڕکەری خۆجێی LA یان هۆشبڕی گشتی GA.

## نەخۆشیە باوەکانی جگەر



### نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر جۆری ئی HEPATITIS E VIRUS INFECTION

ئەو جۆرە ڤایرۆسە توشی جگەر و سپڵیش دەبێت کە هەردووکیان گەورەدەکات وە نەخۆشی هەوکردنی جگەرو سپڵ دروست دەکات.

دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەرهەمی هێلکە لە مریشکی هێلکە و هەروەها مرداربونەوەی مریشکی زۆربون بەرێژەی 1 بۆ 5 لەسەد , وە پیشاندانی نیشتنی ڕەنگی زەردی ئەمایلۆید لەسەر جگەر , وە ڤایرۆسەکە لە ڕوی جیناتەوە پەیوەستە بە مرۆڤەوە , زانست ئەو پەیوەندیە داخراوەی لەنێوان مرۆڤ و پەلەوەر پیشانداوە, وە نەخۆشیە ڤایرۆسیەکە ڕودەدات لە ماوەی هەڵهێنانی هێلکە لە مریشکی هێلکەدا.

### نەخۆشی ڤایرۆسی فاوڵ ئەدینۆ FOWL ADENOVIRUS INFECTION

هەموو 12 جۆری سیرۆتایپی ڤایرۆسەکە دەبنە هۆی نەخۆشی هەوکردن و بەدەنکۆڵەبونی جگەر بەڵام سیرۆتایپی جۆری 4 دەبێتە هۆی دروستبونی پەردە لەسەر دیواری دڵ لەگەڵیشیدا نەخۆشی بەدەنکۆڵەبونی جگەر هەر ڕودەدات وە پێشی دەوترێت نەخۆشی دروسیتبونی پەردە لەسەر دڵ و بە دەنکۆڵەبونی جگەر.

لەتەنیشت دروستبونی نیشانەکانی لەسەر جگەر و دڵ , هەوکردن و زەرد هەڵگەڕانی گورچیلەش ڕودەدات, وە ئەندامە بەرگریەکانی لەش دەپوکێنەوە وە جەراعەت و دەنکۆڵەی وردی جەراعەتی

سپی بەشێوەی نوکی دەرزی لەسەر پەنکریاس دروست دەبێت لەکاتی توێکاریکردنیدا دەبیندرێت, ئەوەش عادەتەن لەتەمەنی گەنجیدا واتە 5هەفتەیی ڕودەدات وە دەشگوازرێتەوە.

هەموو ئەو هۆکارانەی بەرگری لەش دادەبەزێنن لەو حاڵەتی نەخۆشیەدا دەبیندرێت و وە دەشبێتە هۆی مرداربونەوە, وە چارەسەری هەر نەخۆشیەک کە دەبێتە هۆی دابەزینی بەرگری لەش بۆ نمونە نەخۆشی ڤایرۆسی ئەنیمیا واتە کەمخوێنی مریشک وە نەخۆشی ڤایرۆسی گەمبۆرۆ, کەمکردنەوەی سترێس و لابردنی خراپیەکانی مایکۆتۆکسین لە خواردندا گرنگترین ڕێگەیە بۆ کەمکردنەوەی لەدەستدانی ئابوری بەهۆی ڤایرۆسەکەوە.

**جۆری 4** دروستبونی پەردە لە سەر دڵ Hydropericardium (FAdV-4)

**جۆری هەشت** دەبێتە هۆی هەوکردن و زەردبونی جگەر Swollen and pale liver (FAdV-8 )

**جۆری 11** دەبێتە هۆی هەوکردن و زەردبونی گورچیلە Swollen and pale kidney (FAdV-11

**نەخۆشی چەوریبونی جگەر و خوێنبەربون تیایدا**

FATTY LIVER HEMORRHAGIC SYNDROME

ئەو نەخۆشیە نەخۆشیەکی زیندەچالاکیە بەشێوەیەکی باو ڕودەدات لەو پەلەوەرانەی کە زۆر دەژین بۆ نمونە جۆری زۆربون و هێلکەکەر, دروستبونی چەوری و ودەردانی لیپۆپرۆتینەکان وانە پرۆتینە چەورەکان ئەوانە بەشێوەیەکی سروشتی لە جگەردا زیندەچالاکی دەکرێن بۆ کۆبونەوەی وزە, کە کۆنترۆڵیش دەکرێن لەرێگای ئیسترۆجینەوە.

نەخۆشیەکە ڕودەدات کاتێک چەوری لە جگەردا کۆدەبێتەوەو وە زیاد دەکات کە هەندێک جار دەبێتە هۆی پچڕانی جگەرو ڕوودانی خوێنبەربون.

بەشێوەیەکی باو دەبیندرێت لە پەلەوەری کێشی زۆر لە ماوەی هێلکەکردن وە دەشبێتە هۆی دابەزینی بەرهەمی هێلکەو مرداربونەوەیەکی کەم.

ڕێژەیەکی بەرزی وزە و کالۆری و پرۆتین لەخواردندا وە خواردنی بڕێکی کەمی کالیسیۆم و ستریس و مایکۆتۆکسین ئەوانە هۆکارە خراپترکەرەکانی نەخۆشیەکەن, هەرکات ڕەنگی جگەر گۆڕا ئەوە نیشانەی سەرەتایی نەخۆشیەکەیە.

**نەخۆشی دروستبونی چەوری لەجگەرو گورچیلە**

FATTY LIVER AND KIDNEY SYNDROME

ئەوەش بەهۆی کەمی بایۆتین واتە ڤیتامین بی 7 ەوە ڕودەدات لەتەمەنی کەمتر لە 2 هەفتەیی , وە هەروەها ڤیتامین H دەوترێت کە گرنگە لە دروستبونی پێست و مانەوەی پێست بەتەندروستی.

کەمی بایۆتین لە پەلەوەری گەنجدا دەبێتە  هۆی مرداربونەوە بەڕێژەی 2 لە سەد وە تێکچونی پێست و نیشانەکان لەسەر جگەر , لەبەر ئەوە پێدانی بایۆتین ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات.

**نەخۆشی بەکتیریایی تایفۆید** FOWL TYPHOID

نەخۆشیەکی سیستمی بەکتیریاییە بەهۆی بەکتریای سالمۆنێلاوە ڕودەدات دەناسرێتەوە بە زیادبونی مردنی کتوپڕ و هەوکردنی جگەر و سپڵ.

پێدانی ئەنتیبایۆتیک کۆنترۆڵی مرداربونەوە دەکات, بەڵام دووبارە سەرهەڵدانەوەی زۆر باوە, پێدانی ڤاکسینی زیندوو وە کۆنترۆڵکردنی مێشولە بەتایبەت قالۆنچەی ورد ڕێگری لە نەخۆشیەکە دەکات.

**زیانە لاوەکیەکانی بەکترین** SIDE EFFECTS FROM BACTERINS

هەندێک کوتانکردنی ناچالاک لەگەڵیدا لایپۆپۆلیسەکەراید هەبێت وە یان بەشێوەیەکی باو ژەهری بەکتریا گرام نێگەتڤەکان دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە جگەر و خوێنبەربون تیایدا , لەبەر ئەوە دەبێت لایپۆپۆلیسەکراید لە دروستکردنی ڤاکسیندا لاببرێت بۆ کەمکردنەوەی زیانە لاوەکیەکان.

## هۆکارەکانی تر OTHERS

نەخۆشیە بەکتیریاییەکان وەکو کەمپایلۆبەکتەر, پاسچورێلا ئەوانەش نەخۆشی لە جگەردا دروست دەکەن.

## ڕەنگی جگەر

هەرچەندە جگەر چەند فرمانێکی سەرەکی لەسەر تەندروستی پەلەوەر دەکات بەڵام حاڵەتەکانی جگەر بە دەگمەن دەبیندرێت لە کێڵگەدا ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی دووبارە و بەرکەوتنی ماددە ژەهراوییەکان لە خواردنەکە و ژینگەدا.

ڕوانینە ڕەنگی جگەر ئاسانترین و باوەرپێکراوترین ڕێگایە بۆ هەڵسەنگاندنی تەندروستی جگەر. جگەر چەند ڕەنگێکی جیاواز پیشاندەدات بەگوێرەی تەمەن و نیشتنی چەوری و دروستبونی جەراعەت تیایدا کە بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشیەکانی ڤایرۆس و مژینەوەی زەردێنە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا و چەند هۆکارێکی تریش پیشان بدات.

بەشێوەیەکی نمونەیی تێڕوانین لەسەر ڕەنگی جگەر ئەنجامدەدرێت لەڕێگەی وەرگرتنی نمونەیەک لەجگەر لەماوەی 30 خولەک پاش توێکاریکردن, هەندێک گۆڕان لەڕەنگی جگەردا ڕودەدات لەدوای توێکاریکردن ئەویش بەهۆی جوڵەی خانەی خڕۆکە سورەکان بە هێزێکی کێشکردن.

جگەری تەندروست ڕەنگی زەردە هەتا 8 بۆ 10ڕۆژی تەمەن ئەویش بەهۆی مژینەوەی پێکهاتەکانی ناو زەردێنە , بەڵام وردە وردە بەپێی تەمەن دەگۆڕێت بۆ قاوەیی,

بەڵام زەردی قاوەیی باو عیبارەتە لە بونی ناتەواوی لەڕەنگی جگەر بەڵام ئەوە مانای ئەوەش نیە هەموو کاتێک نەخۆشی بێت و پێویستی بە چارەسەر بێت.

زۆربەی هۆکارە کان توشبوو بێت یان توشنەبوون دەبێتە هۆی گۆڕینی جگەر و نەخۆشی تیایدا کە ئەنجامێکی نەرێنی لەسەر فرمانی جگەر بەجێدەهێڵن.

## نەخۆشی ڤایرۆسی جگەرئەستوربون
## Avian Leucosis virus in chicken



نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە توشی جگەری باڵندە دەبێت و دەبێتە هۆی ئەستوربون و هەوکردن و دەرکەوتنی چەن نیشانەیکی ئاشکرا لەسەر جگەری باڵندە ئەو نەخۆشیە توشی باڵندەکانمان دەبێ لەتەمەنی پێنج بۆ شەش مانگی لەتەمەنی باڵندەکە نەک لە 5-6 مانگی وەرزی ساڵ.

جۆرێکی ڤایرۆسە Retrovirus

سەربەکۆمەڵەی Avian leucosisa

### ڕێگای باڵوبونەوەی نەخۆشی جگەرئەستوربون:-

- بڵاودەبێتە وە بەهۆی لیکی دەم و پاشەڕۆ ودەردراوەکانی باڵندە.
- لەڕێگەی هێلکەی دایکانە بۆ جوجکەکانی دوای خۆشی دەگوازرێتەوە.

### نیشانە دیارەکانی نەخۆشی جگەرئەستوربون ناسراو بە لیکۆزیز:-

- لاوازی گشتی وڕەنگ زەردهەڵگەرانی پۆپینەی باڵندە و دەموچاوی کەم خوێنی.
- تەنکبونی توێکڵی هێلکەو کەمبونی بەرهەمی هێلکە لەتێکرای ساڵێک دا.
- ئەستوربونی جگەر و سپڵ وگورچیلە لەکاتی توێکاری کرنی دا.
- قاچەکانی توشی گرژێی زیادە دەبێ لەشێوەی زیادە گۆشت یاخود پێستی ڕەق بەتایبەت ئێسکی قاچی

## کۆلێرایی مریشک
## Fowl cholera Muto cida




کۆلێرا نەخۆشیەکی بەکتریاییە زۆر باوە توشی هەموو جۆرە باڵندەیەک دەبێت ئەو نەخۆشیە لەمریشک دا دووجۆرە

- جۆری توند
- جۆری درێژخایەن

لەهەموتەمەنێک بۆی هەیە توش باڵندە بێت بەڵام زیاتر وا باوە لەتەمەنی ( 4 ) مانگی باڵندە توشیان دەبێت.

**هۆکاری نەخۆشیەکە:**

لەبەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسەیی جێگیر دەبێت Pasteurella Multo Cida

**ڕێگای گواستنەوەی کۆڵێرا:**

- خۆراکی پیس بو بە دەردراوەکانی باڵندەی توشبو.
- باڵندەی کێوی و قرتێنەرەکان.
- کەلوپەلی پیس جل و بەرگی مرۆڤ هەڵگری بەکتریایەکەیە.
- برینەکانی پێست لەکاتی شەرە کەلەشێر.

- تەپوتۆز خۆڵ لە هاوینان و تەنگ و تەسکی شوێن.

**نیشـانەکانی نەخۆشی کۆلێرای باڵندە:-**

- گفبونی توک و پەری باڵندە.
- سکچونێکی سەوزی ئاوی کەم خواردنی باڵندە.
- شین هەڵگەرانی پۆپینە(پۆپیتە) ئەستوربونیان.
- جیق کردنی چاو بونی پەڵەیە کی زەرد لەگۆشەی چاو یان لەسەر گلێنەی چاو.
- ئەستوربونی جگەرو هێلکەدانی مریشک.
- ئاوسانی ژێرچەناگە (بەڵغەبابە)وگوارە و سەرچاوی باڵندە.

چارەسەری نیە

**خۆپاراستن**

1. کوتانی باڵندە بەر لە تەمەنی چوار مانگی بەتایبەت مریشک بەپێکوتی دژە کۆلێرا fowl cholera
2. پەلەوەرەکان کە توشی جۆری کورتخایەنی نەخۆشیەکە بوبن دەبێت لە ناوببرێن و بسوتێنرێن.
3. کێڵگەکە دەبێت پاکبکرێتەوەو تەعقیمبکرێت.
4. چارەسەرکردن لەرێگەی پێدانی دەرمانەکانی سەلفاوە کاریگەری دەبێت.
5. دڵنیابونەوە لەوەی کە زبڵو خۆڵەکەی ژێریان شێدار نەبێت چونکە بەوە حاڵەتی نەخۆشی کۆکسیدیا دروست دەبێت.

# كنكر

canker

الداء المشعرات



ئەو نەخۆشییە لەشێوەی پەڵەیەکی ڕەنگ سپی یان زەردباو بەدیار دەکەوێن لە سەر ڕێڕەوی هەناسە لە, نێو گەرووی پەلەوەر و باڵندەکان.

**ڕێگاکانی گواستنەوەی ئەو نەخۆشییە :-**

1. ئاوی خواردنەوە.
2. ئالیک و خواردن.
3. لەڕێگای ئەو دایکانەی کەتووش بون دان دەدەن بە بێچویەکانیان.

**نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە :-**

1. بێ تاقەت بوونی تەواوی پەلەوەر وباڵندە تووش بووەکە.
2. زیاد خواردنەوەی ئاو.
3. اسهال بوون.
4. بوونی بۆنێکی ناخۆش لەناو دەوی پەلەوەر و باڵندە تووش بووەکان.
5. دەرکەووتنی گرێی شێوە سپی یا زەردباو لەسەر بۆری هەناسە و ناو دەمو , چواردەورەی دەنووک.

**چۆنیەتی خۆپاراستن لەو نەخۆشییە :-**

- خاوێن ڕاگرتنی شوێنی بەخێوکردنی پەلەوەر وباڵندە .
- ڕێککردنی هەوا گۆڕکێی شوێنی بەخێوکردنی پەلەوەر وباڵندە .
- زوو زوو تعقیم کردنی شوێنی پەلەوەر و باڵندە.

**چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە:-**

1. لەکاتی هەست کردن بەو نەخۆشییە دەبێ بەردەوام ڤیتامین C بدرێتە پەلەوەر و, باڵندەکان بە گشتی بۆئەوەی ڕێژەی بەرگریان بەرز بکرێتەوە.
2. جیاکردنەوەی پەلەوەر و, باڵندە تووشبووەکان.
3. پێدانی میترۆنیدازۆل و نستاتین و ئۆکسی ڤیتامینات.

## دانكە -POX



نەخۆشيەكى ڤايرۆسيە و لەكاتى بەرزبونەوەى پلەى گەرماو سەرەتاى وەرزى هاوين سەرهەڵدەدات

تووشى هەريەكە لە مرشك كەڵەشێر قەل كۆتر دەبێت .

دوو جۆرى هەيە كە **تەڕ** و **وشك**

تەڕەكە تووشى شوێنەكاى وەك دەم و گەرو گەدە دەبێت.

وشكەكە تووشى شوێنەكاى وەك پۆپنەو قاچەكان دەبێت.

**هۆكارەكانى ئەو نەخۆشيە**

1. گەرمى و تەسك بوونى شوێنى پەلەوەر.
2. پيسبوونى شوێنى پەلەوەرەكان.
3. زۆرى ژمارەى پەلەوەرەكان.
4. پيس بوونى شوێنى ئاو و خواردنيان.
5. مێش و مەگەز و قرتێنەرەكان.
6. بەركەوتنى پەلەوەرە تووشبووەكان بە ساغەكان.

**نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە:-**

1. کز بوونی پەلەوەر.
2. زۆر خواردنی ئاو و کەم خواردنی ئالیک.
3. هەوکردنی چاوەکانی یان هەوکردنی یەک چاوی.
4. پەیدابوونی خاڵی سپی یان زەرد لەناو دەنوک و بۆری گەرووی.
5. پەیدابوونی خاڵ و برین لەسەر قاچ و پۆپنە و شوێنە بێ توکەکانی لەشی.

**خۆپاراستن لەو نەخۆشیە.**

1. پاک ڕاگرتنی شوێنی پەلەوەرەکان.
2. لابرنی ئالیکی پیس بوو بەپاشەڕۆ و کون بوو.
3. جیاکردنەوەی پەلەوەرە تووشبووەکان لە پەلەوەرە ساغەکان.
4. کۆنەکردنەوەی ژمارەی زۆری پەلەوەر لە شوێنی گەرم و تەسک.

**چارەسەری نەخۆشی دانکەر :-**

- ڕێگریکردن لە جموجۆڵی خەڵک بۆ ناوەوە یان دەرەوەی کێڵگە و تعقیمکردنی کەلوپەلەکان و سیستمی ئاوو خواردن , قەڵاچۆکردنی پەلەوەرە تازەکان کە بهێندرێنەناو کێڵگە.
- کۆنترۆڵکردنی مێش و مێشولە مشەخۆرە خوێنمژەکان.
- کوتانکردنی ڕۆژانەی جوجکەکان و وە ئەوەی توشیش نەبوە بە بەکارهێنانی ڕێگەی چەقاندنی دەرزیەکە لە باڵیەوە کوتان بکرێت.
- پاککردنەوەو تعقیمکردنی کەلوپەل و ناو کێڵگە لە کۆتایی هەر پێدانێکی دانەوێڵە و پشو پێدانیان لە یەک تا 2 هەفتە.
- جیاکردنەوەی پەلەوەری نەخۆش و پاککردنەوەو تەعقیمکردنی ئاوخۆری و دانخۆری و کێڵگەکە ڕۆژانە.
  - بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشیە دەتوانی پەلەوەرەکان بکوتین.
  - بەکار هێنانی مەلهەم بۆ جۆری وشەکەیان ئەویش بدرێت لەسەر پۆپنە و قاچ و ئەو شوێنانەی برینەکەی لەسەر دروست بووە.
  - بەکار هێنانی پاودەر بۆ جۆری تەڕەکەیان لە جۆری INTROZOI و لەگەڵ بەکار هێنانی حەپی دژە هەوکردن.

## ڕەنگەکانی پۆپنەی مریشک و نیشانەکانی
## THE COLOR SIGNS CHICKEN COMBS MEANS



پۆپنە ناسەرەوەیەکی دەرەکیە لە مریشکی تەندروستدا لەهەموو حاڵەتێکدا هەروەها زۆر گرنگە لە سورِی خوێندا, مریشکی تەندروست ڕەنگی پۆپنەی بەشێوەیەکی ئاسایی سورێکی دروەوشاوەیە.

لە ماوەی تویژاڵ فرێدان ڕەنگی پۆپنەی مریشک بەشێوەی دروەوشاوە دەردەکەوێت,بۆ مشەخۆرەکانی ناو لەش لە ڕێگەی پیساییەوە فەحس دەکرێت بۆ دیاریکردنی .

**زەردی پەمەییباو** PALE PINK

ئەگەر ڕەنگی پۆپنە بەشێوەی ئاسایی سوربێت بگۆڕێت بۆ پەمەیی زەردباو ئەوە بریتیە لە نیشانەی کەمی خوێن لە مریشکدا کە بەهۆی مشەخۆرەکانی وەکو قالۆنچەی بچوک یان ئەسپێ.

زەردباوی پۆپنە هەروەها یەکێکی ترە لە نیشانەکانی هەبونی ژیانی کرمەکان لەناو لەشدا بەتایبەتی دەبێتە  هۆی توشبون بە جیقنە ی شلی ئاوی یان دابەزینی بەرهەمی هێلکە.

**مۆربون یان سوربونێکی تۆخی پۆپنە** PURPLISH or DARK RED COMB

مۆربون یەکێکە لە نیشانەکانی کەمی ئۆکسجین لە خوێندا, کە بەهۆی لاوازی سورِی خوێن یان کۆئەندامی هەناسە.

هەندێک جار کاتێک مریشک شتێک لە قورگ یان گەرووی دەگیرێت تێبینی ئەوە دەکرێت کە پۆپنەی کتوپڕ ڕەنگی بۆ مۆر بگۆڕێت, ئەگەر ئەو حاڵەتە بەتەواوی ڕوبدات ئەوە دەبێتە  هۆی جەڵدەی دڵ.

نەخۆشی ڤایرۆسی پەتای ئەنفلوەنزا یەکێکی ترە لەو نەخۆشیانەی کە نیشانەی مۆربونی پۆپنەی تێدا دەبیندرێت وە دەشبێتە هۆی تێکچونی شێوازی ڕاوەستان و ڕۆیشتن, نەرمبونەوەی توێکڵی هێلکە, کەمبونەوەی توانای خواردن, نەمانی وزە, سکچون, هەڵئاوسانی پۆپنە, هەڵئاوسانی سەرو ژێر پێڵوی چاو, ئاو بەلوتا هاتنە خوار, کەمبونەوەی بەرهەمی هێلکە, کۆکین, پژمین.

**بینینی پەڵەی ڕەش یان قاوەیی یان سپی توێژاڵی لەسەر پۆپنە**

BROWN OR BLACK SPOTS OR CRUST COMB

ئەگەر پەڵە ڕەشەکە یەک دانە بێت ئەوا ئاساییە پێویست بە ئاگادارکردنەوە ناکات.

بەڵام ئەگەر چەند دانەیەک بێت یان پەڵەکە سەرەتا سپی بێت دوای ڕەش هەڵبگەڕێت بەتایبەتی بەدرێژای قەراغی پۆپنەکان یان لەوەرزی سەرمادا بێت کە بەگشتی نیشانەی زوقم یان سەرما بردووە .

ڕۆنی گوێزی هیند یان هەر ڕۆنێکی تر یارمەتی ڕێگریکردن دەدات لە حاڵەتی سەرمابردوویی هەروەها یارمەتی چاکبونەوە دەدات.

پەڵەی قاوەیی یان ڕەش کە لەسەر پۆپنە دەبیندرێت لە مانگە گەرمەکاندا لەحاڵەتی نەخۆشی ڤایرۆسی دانکەدا دەبێت بەتایبەتی کە دەبێتە هۆی لاوازبون, نەمانی توانای خواردن, دابەزینی کێش یان کاتێک پەڵەکە ڕەنگی زەردبێت دوای بگۆڕێت بۆ ڕەش وە لەو شوێنانەدا بەدیار دەکەوێت کە پەڕی پێوە نەبێت لەلەشدا بۆنمونە ژێر پێڵوی چاو, یان ناو دەم , کوتانیش هەیە لەدژی ڤایرۆسی دانکە بەڵام ڤایرۆسەکە لەلایەن جۆرێک مێشەوە دەگوازرێتەوە لەبەر ئەوە لە کێڵگە بۆ بنەبڕکردنی ڤایرۆسەکە پێویستە کۆنترۆڵی مێش و مەگەز بکرێت بۆ پاراستنی بەرگری لەش بە شێوازێکی تەندروست.

**پەڵەی سپی** WHITE SPOTS

ئەوە نیشانەی هەبونی کەڕووە یان بەتەنها وشکبونەوەی شوێنەکەیە

سڕینی شوێنەکە بە سرکەی سێو یارمەتیدەرە یان ڕۆنی گوێزی هیند یارمەتیدەرو بەسوودە بۆ ڕێگری لە وشکبونەوەی شوێنەکە.

# نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە

Avian Influenza



## Introduction ناساندن

یەکێکە لە کێشە گەورەکانی کێڵگەی پەلەوەری باڵندە لەجیهاندا, وە ئەو جۆرە ڤایرۆسە نائاساییە لەڕوی دروستبونی نیشانەی نەخۆشی کە بەجۆرێک لەبێ نیشانەوە دەگۆڕێت بۆ زۆربەهێزو کوشندە کەڕێژەی مردنی 100% دەبێت, وە جیاوازی لەنێوان ئەوەی کە نەخۆشییەکە بە بێهێزی دروست دەکات لەگەڵ ئەوەی کەstrainەکەی یان زنجیرەکەی بەهێزە دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی تاکە amino acid ەکان کە گۆڕانکاریان بەسەردادێت لە جیناتیhemagglutinin , وە خانەخوێی ڤایرۆسەکە wildlife ە واتە گیانداری کێویە لەبەرئەوە لە ناوبردنی تەواوەتی ڤایرۆسەکە نەگونجاوە وە لەبەر زۆری ژمارەی خانەخوێکانی دەتوانین بە نەخۆشی درمی zoonosisپۆلێنبکرێت.

## Etiology هۆکاری نەخۆشییەکە

Negative sense segmented RNA virus

لە خێزانی orthomyxoviridae کە سێ جۆری antigen ی هەیە کەA وBو Cن بەڵام تەنها جۆری A نەخۆشی لە پەلەوەر دروست دەکەن دوانەکەی تر کە B...Cن لە مرۆڤدا ئەنفلوەنزا دروست دەکەن وە جۆری A لە مریشکدا 8 جینی هەیە کە

HA....NA....M1...M2....Np....PA...PB1....PB2ن بەڵام زیاتر HAکە

hemagglutininو NA کە nuraminidase ئەو دوو جۆرە پرۆتینەی ڤایرۆسەکە بەهێزن

لەدرووستکردنی نەخۆشی کەلە دوایدا بە پێی بەرگری لەش وەڵام دەدرێنەوەHA.ی پرۆتین 16 سەرەلقی هەیە کە H1..H16 ن وەNA یش 9 سەرەلقی هەیە کە N1....N9 یە وە نەخۆشییەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی لەمریشک و قەلدا ڕودەدات وە نیشانەکانی لەسەر بەرهەمەکەیان دەبێت.ڤیرۆسەکە دەبێتە هۆی نەخۆشی لە کۆئەندامی هەناسەو هەرس وە پاشان سیستمەکانی تریش دەگرێتەوە, وە ڤایرۆسەکە بە دوو شێوەیە شێوەیەکیان locally یە واتە لە یەک شوێندا جێگیر دەبێت کە ئەوە بێهێزە لە ڕوی نەخۆشییەوەو وە ئەگەری مردن لاوازەlow pathogenic avian influenza . شێوەی دووەمیان system ییە کە ئەوەیان بەهێزو کوشندەیە.highly pathogenic avian influenza

ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا چەند خانەخوێیەکی فراوانی هەیە کە مرۆڤ و بەراز و ئەسپ و مریشک و قەل و باڵندەی کێوین وە جۆرە لاوازەکەی ڤایرۆسەکە دەتوانێت بەبەکتریا ئاڵۆز ببێت کە بەهۆی ئەوەوە بەهێزدەبێت بەڵام ڕێژەی مردنی بەرزدەبێت بەڵام ئەو حاڵەتە بە کەمی ڕودەدات یان جۆرە لاوازەکە mutation واتە گۆڕانبەسەر جیناتەکەی دێت دەگۆڕێت بۆ جۆری بەهێزو کوشندە, وە بۆکۆنترۆڵکردن پێویستمان بە قەڵاچۆکردن و لە ناوبردنی پەلەوەر هەیە چونکە کۆنترۆڵکردن زەحمەتە.

**گواستنەوەی نەخۆشییەکە** Transmission

ڤایرۆسەکە چالاکییەکانی لە کۆئەندامی هەناسەو هەرسدایە گواستنەوە لە ڕێگای پەلەوەر بۆ پەلەوەر ئەویش بە بەرکەوتن یان لە ڕێگای هەناسەوە یان لە ریگای پیسایی یان ئاو و خواردنی پیس بوو بە ڤایرۆسەکە.یان لەڕێگای کەلوپەلی پیسبوو بە ڤایرۆسەکە یان لە ڕێگای خواردنی ڕێقنەی پەلەوەری تووشبوو وە یان لە ڕێگەی هەواوە بۆ مەودایەکی درێژ

(LPAI H9N2. ..... HPAI H5N1) .

## نیشانەکانی نەخۆشییەکە Clinical signs

نیشانەکانی نەخۆشییەکە بە تەواوەتی دەگۆڕێت پشت دەبەستێت بە جیاکردنەوەی ڤایرۆسەکەو وە ئەو جۆرەی کە توشی پەلەوەرەکە دەبێت مەبەستمان ئەوەیە جۆرە بەهێزەکەیە یان لاوازەکەیە, هۆکارەکانی تریش بریتین لە هەبونی میکرۆبی تر , بەرگری خانەخوێکە, تەمەن و ژینگە.

بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکان لە جۆرە لاوازەکەی ڤایرۆسەکە واتە LPAI لە هەردوو کۆئەندامی هەناسەو هەرس دەبێت گیرفانە هەواییەکان و قوڕگ و بۆریچکەهەواییە وردەکان و سی لەگەڵ ڕیخۆڵەکان توش دەکات. کە کێم و جەراعەت بەشێوەی تۆپەلی لینج یان شێوەی پەنیری لەگەڵیشیدا هەوکردن و ئەستوربونی دیواریگیرفانە هەواییەکان و بینینی شلەی پرۆتینی لە سەریاندا.هەوکردنی ڕیخۆڵەکان لە هەندێک زنجیرەی ڤایرۆسەکە دەبیندرێت.نیشانە هەناوویەکان کەمن کە بریتینلە هەوکردنی دیواری سک, هەوکردنی پەنکریاس و کۆئەندامی زاوزێ و گورچیلە..

لە مریشکی هێلکەدا کەمبونەوەی بەرهەمی هێلکەیە وە هیچ نیشانەیەکی تریڤایرۆسەکە نابیندرێت, جۆرە بەهێزەکەی ڤایرۆسەکە واتە HPAI نیشانەکانی جیاوازە پشت دەبەستێ بە زنجیرەی ڤایرۆسەکە, هەندێک ڤایرۆس دەبنە هۆی مردنی کتوپڕ کاتێک کە لە ڕێی کەلوپەلی پیسبووەوە بێت بۆنمونە کوتانی پەلەوەر لەڕێی دەماری خوێنەوە کەمتر لە 23 کاتژمێر پەلەوەرەکە مرداردەبێتە وە بەڵام چەند نیشانەیەکی کەمی نەخۆشیەکە دەبیندرێت

بۆ نمونە مردنی کتوپڕ بەهۆی chicken hong kong 97 کە بەشێوەی سەرەتای شلەی پرۆتینی لەسەر سیەکان دروست دەکات کە ڕێگری لە ئۆکسجینی پێویستیش دەگرێت وە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی مردن, بەڵام زۆربەی HPAI ڤایرۆس پەلەوەرەکە لەسەرخۆ دەیکوژێت وەچەند نیشانەیەکی جیاواز دروست دەکات.یەکێک لەنیشانەکان کە لە دەرەوەی لەش دەبینرێ بریتییە لە خوێنبەربون و جەراعەت و شینبونەوەی پۆپنەکان وەخوێنبەربون بەشێوەی نوکتەی ورد ورد لەسەر باڵ و ڕانەکان, وە هەوکردنی گیرفانە هەواییەکان و پێڵوی چاو , وە لە LPAI ئەو نیشانانەی کە بە چاو دەبیندرێت بریتییە لە خوێنبەربون و جەراعەت بەشێوەی نوکتەی ورد لەسەر ئەندامەکانی جگەر و سپڵ و گورچیلە وپەنکریاس و سییەکان.

## دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە Diagnosis

ڤایرۆسەکە بەشێوەیەکی نمونەیی زەرع دەکرێت

لە هێلکەی تروکاوی مریشکەکە embryonated chicken egg بەڵام ڤایرۆسەکە دەتوانێت گەشەبکات لەسەرجەند سیستمێکی خانەی زەرعی وە بەشێوەیەکی نمونەیی لە یەکەم تێستدا ڤایرۆسەکە تواناى haemagglutination ى خڕۆکە سورەکانی خوێنی هەیە کە ئەوەش جیادەکرێتەوە لە ڤایرۆسەکانی تری وەکو newcastle کە توانای hemagglutination ى نییە وە بۆ دڵنیابونەوە تێستی gell diffusion test agar جێبەجێ دەکرێت وە یان تێستی ELISAدەکرێت کە ئەو تێستانە لە تاقیگەدا دەکرێت

## چارەسەرکردن Treatment

نەخۆشییەکە چارەسەری نییە بەڵام دەتواندرێت بە گوێرەی نیشانەکانی نەخۆشییەکە چارەسەر بکرێت کە بە پێدانی دژە بەکتریا antibiotic بۆ کەمکردنەوەی توندو تیژی ڤایرۆسەکە لە کاتێکدا کە ڤایرۆسەکە ئاڵۆز بوبێت بە بەکتریا بۆ نمونە پێدانی tylosin یان doxycyclin یان tilmicosin یان.oxytetracyclin

## خۆپارێزی Prevention

1. جیاکردنەوەی پەلەوەری توشبوو لە ساغ.
2. سوتاندن و لە ناوبردن و قەڵاچۆکردنی کێڵگە.
3. تعقیم کردنی کێڵگە بە دژە ڤایرۆس.
4. کوتانکردنی پێشوەختەی پەلەوەر واتە تووشنەبوو.
5. دورخستنەوەی پەلەوەری کێوی.

**کوتان (ڤاکسین ) ئەویش بە دوو ڕێگا دەکرێت :-**

1. بە کوتان لەڕێگای دەرزی دەکرێ کە لە بن پێست دەدرێ و سێ مانگ جارێک دووبارە دەبێتەوە زیاتر بۆ مریشکی ماڵان بەکاردێ.
2. دووەم ڕێگا بە ڤاکسینی زیندوو کە دەتوانی لە ڕێگای ئاوی خواردنەوە یان ڕشاندن یان دڵۆپاندن لە لووتی یان لە چاوەکانی بەکاری بێنی.

وەئەو جۆرەیان بەو شێوەیە دەبێ و تاقی کراوەتەوە کەسوود بەخش بووە دەبێ بزانی جوچکەکان ئەگەر پێشتر دایکیان ڤاکسین نەکرابێ دەبێ دوای سێ ڕۆژلە هەڵهاتن دەبێ ڤاکسین بکرێ بەڵام ئەگەر دایکیان ڤاکسین کرابێ ئەوا لە تەمەنی (7 ڕۆژی تاکو 10 ڕۆژی ) ڤاکسین دەکرێ وە دوبارە دەکرێتەوەپاشی هەر(10بۆ 12) ڕۆژ بەسەر کوتانی یەکەمدا وە سەرکەوتنی ئەو ڕێگایە واباشە پەلەوەرەکە دووسەعات پێشتر تینو بکرێت و ئاوی بەکار هاتوو ش دەبێ ئاوی فلتەر یان کولاو.

## نەخۆشی کۆرایزا
Infectious coryza

سەیرکردن بە ڤیدیۆ



یەکێکە لە نەخۆشیە بەکتیریاییەکان بەهۆی avibacterium paragallinarum وە دەبێت کە توشی کۆئەندامی هەناسەی پەلەوەر دەبێت بە تایبەتی لە مریشکدا کە دروست دەبێت یان دەستپێدەکات بە هەوکردنی ناوچەی بەشی ژێرەوەی چاو, ئاو هاتنە خوارەوە بە لوتدا, وە ئەو نەخۆشیە بەشێوەیەکی بەرفراوان هەیە کە زەرەرو زیانی ئابوری لێدەکەوێتەوە ئەویش بەهۆی کاریگەری نەخۆشییەکە لەسەر بەرهەمهێنانی هێلکەو هەڵهێنان, وە ماوەی مانەوەی ڤایرۆسەکە 1بۆ 3 ڕۆژە بەڵام ماوەی نەخۆشییەکە 2 بۆ 3هەفتە دەخایەنێت .

**گواستنەوەی نەخۆشییەکە :-**

- لە ڕێگەی تێکەڵبونی ساغ لەگەڵ نەخۆش.
- هەناسە یان هەوا یان بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ دەبێت.

**نیشانەکانی:-**

- دابەزینی بەرگری لەش.
- ئاو بە لوتا هاتنە خوارەوە.
- هەوکردن و هەڵئاوسانی ڕومەت و چاو ئەو حاڵەتانە لە جۆرە لاوازەکەی بەکتریاکە ڕودەدات.
- لە جۆرە بەهێزەکەی بەکتریاکە ئەو حاڵەتانە دەبیندرێت هەوکردنێکی توندی ڕوی چاو ڕومەت و کۆبونەوەی شلەی پرۆتینی لە ناویانداکە هەوکردنەکە دەبێتە هۆی داخرانی لایەک یان هەردوولای چاو وە جۆگەکان یان بۆشاییەکانی شەویلگە و پۆپنەکان هەمویان هەودەکەن.

دەستنیشانکردنی نەخۆشی لەڕێگەی چەند تێستێکی تاقیگەوە دەبێت وەکو وەرگرتنی خوێن پاشان ئەنجامدانی تێستیPCR

چارەسەرکردنی لە ڕێگەی پێدانی دژە بەکتریاکانی وەکو

erythromycin...streptomycin.....sulfonamide...tylosin.....floroquinolone

وە جیاکردنەوەی ساخ لە نەخۆش, پاککردنەوەی چاو بە بەکارهێنانی مادەی معقم ی ئایۆدین.

## نەخۆشی گەمبۆرۆ
infectious bursal disease



نەخۆشییەکی کورتخایەنی ڤایرۆسییە بەهۆی کە ڕێژەی مردن تیایدا بەرزە پشت دەبەستێت بە زنجیرەی ڤایرۆسەکە وە دەبێتە هۆی دروستبونی شلەی پرۆتینی edemaلە bursa of fabriciousواتە توشی دەنکۆڵە لیمفەکانی دەوری ناوچەی کۆم دەبێت وە دەشبێتە هۆی بچوکبونەوەی thymus کە کوێرە ڕژێنێکی لیمفییە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پێشەوەی سنگ کە دوو دانە لیمفن لەملاو ئەولای قورگدان, وە دروستبونی چەوری لە مۆخی ئێسک bone marrowڕودەدات,ئەوگۆڕانە نەخۆشییەی کە بە مایکرۆسکۆب دەبینرێ بریتییە لە دروستبونی کێم لەگەڵ هەوکردن لە لیمفە شانەکان وە ڤایرۆسەکە دژی بەرگری لەش دەوەستێتەوە وە, ئاڵۆز دەبێت بە بەشداری کردنی بەکتریا لەگەڵیدا, وە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە دەبێت پشت بە نیشانەکان لەسەر bursa of fabricius .

**هۆكاری نەخۆشییەکە** Etiology

بەهۆی avibirnavirus وە دەبێت کە لە خێزانی birnavidae ە

ڤایرۆسەکە double strand RNA وە هیچ بەرگێکی نییە.. .ڤایرۆسەکە زۆر جێگیرە وە بەرگریدەکات لە بەرامبەر چارەسەرکردن بە ether و کلۆرۆفۆرم. .ڤایرۆسەکە ناچالاک دەبێت لە PH12 بەڵام ناچالاک نابێت لە PH2 هەروەها ناشتواندرێت ناچالاکبکرێت لە پلەی گەرمی 30 پلەی سەدی وە یان بە چارەسەرکردن لە 1 سەعاتدا بە بەکارهێنانی phenol یان

thymerosalبەڵام بەرێگایەکی تر دەتواندرێت توشبون بە ڤایرۆسەکە کەمبکرێتەوە ئەویش لەرێی بەکارهێنانی فۆرمالین لە ماوەی 6 سەعاتدا یان بەکارهێنانی مادەی تعقیم وەکو iodin و chloramin کەزۆر کاریگەرن دژ بە ڤایرۆسەکە

2 جۆر serotype ی ڤایرۆسەکە هەیە کە جۆری 1 و2 ن هەردوو جۆرەکە توشی مریشک دەبن بەڵام جۆری serotype ی 1 زیاتر دەبێتە هۆی نەخۆشییەکە. . کاتێک جوچک توش دەبێت بە ڤایرۆسەکە بە ماوەیەکی کورت دوای هەڵهێنانی واتە لە سفرەوە بۆ 2 هەفتەی تەمەنی ئەوابەرگری لەشی بەهۆی ڤایرۆسەکەوە رێگری لێدەکرێت. ,دابەزینی بەرگری لەش روودەدات لە 2 بۆ 3 هەفتەی تەمەن.

**گواستنەوە Transmission :-**

- لەرێگای پەلەوەری توشبو بۆ پەلەوەری ساغ ئەویش بەرێگای خواردنی جیقنە.
- لەرێگای کەلوپەلی پیسبوو بە ڤایرۆسەکە.

**نیشانەکانی نەخۆشییەکە** Clinical signs

بە گوێرەی دروستبونی نەخۆشییەکە serotype ی 1 پۆلێن دەکرێت بۆ 3 گروپ کە vvIBD و earlier IBD و vareint IBD ین. ....

**1.جۆریvvIBD**

نیشانەکانی بریتین لە دابەزینی بەرگری, باڵشۆرە, کەمبونەوەی بری ئاو لە خوێندا hypohydraemiaکە دەبینرێ لە دووەم رۆژ دوایکوتانکردن. ..رێژەی مردن دەگاتە 80% لە ژێر مایکرۆسکۆپدا ئەو نیشانانە دەبینرێ رەنگی پەیکەرە ماسولکە سورێکی تاریک دەرئەکەوێ, خوێنبەربون لە جگەروە رەنگی سەوزێکی تاریک دەبێت وە خوێنبەربون بەشێوەی نوکتەی ورد لەسەر سپڵ کە لەسەر جوچکی مرداربوو ئەو نیشانانە دەبینرێbursa , هەودەکات وە شلەی پرۆتینی تێد اکۆدەبێتە وە لە کۆتایدا مادەی جەلاتینی لەسەر bursa دروست دەبێت, وە لیمفە خانەکانی دەوری قورگ thymus رەنگەکەی نارِوندەبێت وە رەنگی مۆخی ئێسک زەردباو یان پەمەیی دەبێت بەهۆی کۆبونەوەی چەوری تیایدا ,لە جوچکدا کاتێک نەخۆشییەکە پەرەدەسێنێت بچوک بونەوەی thymusدەبیندرێت.

### 2.جۆری varient IBD

هەندێک نیشانەی کەم دەبیندرێت کە بریتییە لە بەخێرایی بچوکبونەوەی bursa بەبێ ڕوودانی هەوکردن تیایدا, وە بچوکبونەوە یانپوکانەوەی thymus نابینرێ.

### دەستنیشانکردن Diagnosis

لە تاقیگەدا دەکرێت چەند تێستێک جێبەجێ دەکرێت کە سەرەکیترینیان PCR و immunoflorescent techniqueە وە یان بە ڕێگەی سامپڵ وەرگرتن لە thumusو bursaیان ئەندامە توشبووەکانی تر وە زەرع کردنی لەسەر میدیای تایبەت.

### چارەسەر treatment

چارەسەرێکی دیاری کراو نییە بەڵام دەتواندرێ دژە بەکتریا antibiotic بدرێ بۆ ڕێگری و کەمکردنەوەی توانای بەکتریاو نەخۆشییەکە.

### خۆپارێزی Prevention

1. نەهێشتنی تێکەڵبونی مریشک لە دەرەوەو ناوەوەی کێڵگە وە نەهێڵرێت مریشک یان جوچکی تازە کە لەدەرەوە دەهێندرێت تێکەڵ بەو کێڵگەیە بکرێ کەنەخۆشییەکەی تێدایە.
2. جێبەجێکردنی سیستمی پاکوخاوێنی بە بەکارهێنانی مادەی تعقیم.
3. کوتانکردن.vaccination
4. ڕێگریلێکردن لە جموجۆڵی خەڵک کە بچنە ناو کێڵگە, وە نابێت ڕێگاکان بەرەو دەروازەی چونە ژورەوەی کێڵگەکە بن.
5. جیاکردنەوەی پەلەوەرە تازەکان و پشکنین کردنیان پێش تێکەڵ کردنیان بە کێڵگەکە.
6. کوتانکردنی مریشکەکان لە دژی نەخۆشی ڤایرۆسی گەمبۆرۆ.
7. کرینی ئەو پەلەوەرانە لە کێڵگەکە کە کوتانکراون لە دژی ڤایرۆسەکە ئەوەش بۆ پارێزگاری لێکردنیان لە ماوەی 10 بۆ 13 ڕۆژ لە دوای هەڵهێنانیان.
8. جیاکردنەوەی پەلەوەرە نەخۆشەکان.
9. دەستبەجێ ڕاوێژکردن و پەیوەندی کردن بە پزیشک کاتێک نەخۆشیەکە تێبینی کرا.

## نەخۆشی مێرک

( Marek's Disease )



لێوەکراوە یەکێکە لە نەخۆشیە ترسناکەکان کە پێشتر لە وڵاتەکانی دەرەوەی عێراق بڵاوبوبوەوە بەڵام ئێستا لەناو عێراقیش بڵاوبۆتەوە کە یەکێکە لەو نەخۆشیە پەتاییانەی کە هیچ دەرمانێک چارەسەری نەخۆشیەکە ناکات وە یەکێکیشە لەو نەخۆشیانەی کە بەرگری لەش بەتەواوی دادەبەزێنێت.

نەخۆشی مێرک یەکێکە لە نەخۆشیە پەتایی و ڤایرۆسییە بەهێزەکان کە دەبێتە هۆی دروستبونی شێرپەنجە لە ئەندامە جیاوازەکانی وەکو سپڵ و گورچیلەوجگەرو هێلکەدان و گونەکان و ڕژێنی بۆرسای نزیک ناوچەی کۆم و پەنکریاس و چاو, هەروەها شانەکانی وەکو پێست و ماسولکە, وە هەوکردن و بەشێوەیەکی نائاسایی گەورەبونی چێوەکۆئەندامی دەمار و دەماری چاو.

نەخۆشیەکە بەرگری لەش دادەبەزێنێت بەتایبەتی لە پەلەوەری گەنجدا, هەرچەندە کە نەخۆشیەکە لە هەموو تەمەنەکاندا دەبیندرێت بەڵام تەمەنی 8 بۆ 18 مانگی زۆ رهەستیارترە بەرامبەر نەخۆشیەکە.

**هۆکاری نەخۆشیەکە :-**

بەهۆی ڤایرۆسی هێرپسەوە دەبێت.

ڕوخسار یان تایبەتمەندیە گشتیەکانی ڤایرۆسی هێرپس لە مریشکدا, ڤایرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی هیرپسڤایریدی کە دی ئێن ئەی ڤایرۆسە بۆهێڵە ماددەی هەیە و وە بەبەرگ دەوردراوە وە قەبارەکەی 150 بۆ 200 نانۆمەترە3 جۆر سیرۆتاییپیشی هەیە.

**ڕوودانی نەخۆشیەكە:-**

نەخۆشی مێرک لە مریشکدا ڕودەدات لە حاڵەتێکی سروشتیدا , لە ڕێگەی کەلوپەلی پیسبوو بە نەخۆشیەکە وە دەشتوانێت پەلەوەرەکانی تریش توشبکات وەکو پۆرو قەل و سوێسکە.

مریشک لە رێگەی کۆئەندامی هەناسەوە توشدەبێت , کە ڤایرۆسەکە لە ڕێگای خۆڵ و هەواوە دەورێکی چالاک دەبینێت لەگواستنەوەی نەخۆشیەکە, وە ڤایرۆسەکەلە ڕێگای فۆلیکڵ یان بڵقەکانی کە پەڕی لێوە دەردەچێت بەهەمان شێوە بڵاو دەبێتە وە.

وە دەشتوانرێ کردنە دەرەوەی ڤایرۆسەکە لە لەش دیاریبکرێت لە دوای نەخۆشیەکە لە ماوەی 13 بۆ 17 ڕۆژ, وە ئەگەر لە ڕێگای خانەی پێستیشەوە بچێتە دەر 7هەفتەیە .

حاڵەتەکانی پاکوخاوێنێ و حاڵەتە سترێسیەکان لە پەلەوەردا وە ماڵداری کردنی کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر کۆرسەکان و حاڵی نەخۆشیەکە.

**نیشانەکانی نەخۆشیەکە:-**

ماوەی ژیانی ڤایرۆسەکە یان مانەوەی نەخۆشیەکە 3 بۆ 5 هەفتەیە.

هەروەها نەخۆشیەکە لە مریشکدا لە هەموو تەمەنەکان دەبیندرێت, لە مریشکی گەنجدا 10 بۆ 15 هەفتەیی زۆر هەستیارە, وە مریشک لە تەمەنی 15 بۆ 30هەفتەیی هەندێک جار دەبیندرێت.

نەخۆشی مێرک دوو شێوەی کللینیکی هەیە لەناو مریشکدا

شێوەی کلاسیکی کە ئەو شێوەیەیان بە کەمی یان بەسوکی نەخۆشی دروست دەکات

نەخۆشیەکی ڤایرۆسیە تووشی باڵندە دەبێت لەناو کێڵگەکاندا.

ڕێژەی مردار بون و خەسارەی مریشک لەکاتی سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشیە لەنێوان 10% تاوەکو 30%.

بەشێوەیەکی گشتی بە زۆری لە تەمەنی گەنجدا دەبیندرێت , وە ماوەکەی درێژە , وە مرداربونەوە لەو شێوەیەدا کەمترە وەک لە حاڵەتی کورتخایەنی نەخۆشیەکە, ڕێژەی مرداربونەوەی 10 بۆ 15 لە سەدە.

**نیشانە کلینیکیەکان:-**

وەستان یان خاوبونەوە لە جوڵە, نەمانی توانای خواردن, زەردهەڵگەڕانی پۆپنە, لاوازبون, دابەزین یان کەمبونەوەی بەرهەمهێنان, ئیفلیج بونی یەک لا یان هەردوولای پەلەکانی, وە یەکێک یان هەردوو پەلەکانی لەیەکتر دووردەکەونەوە, وە باڵی شۆڕ دەبێتە وە, لە هەندێک حاڵەتیشدا پەنجەکان بۆ ناوەوە ئەچەمنەوە.

ڕەشێنەی چاو ڕەنگ و ئەو ڕێکیەی یان بازنەییەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی هەیەتی لە دەستی دەدات وە ڕەنگی ڕەساسی یان خۆڵەمێشی هەڵدەگەڕێت .

**شێوەی کورتخایەنی نەخۆشیەکە:-**

زۆر بەخێرایی بڵاودەبێتە وە وە دەبێتە  هۆی مرداربونەوەی زیاتر وەک لە شێوەی کلاسیکی, کە دەگاتە 80 لە سەد وە نیشانەکانی وەک شێوەی کلاسیکیە.

**توێکاری نەخۆشیەکە:-**

شێرپەنجە بە قەبارەێ جیاواز دەبیندرێت لەسەر ئەندامەکانی وەکو سپڵ و گورچیلە و جگەرو هێلکەدان و گونەکان و ڕژێنی بۆرسا و پەنکریاس و چاو, ووشانەکانی پێست و ماسولکە پشت دەبەستێت بە توندی و کۆرسەکانی نەخۆشیەکە.

ڕژێنی بۆرسا دەپوکێتەوە و بەرگری لەش دادەبەزێت.

نیشانەی سپی خۆڵەمێشی لەسەر ماسولکەکان دەبیندرێت.

**دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە:-**

دوو ڕێگە هەیە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە

لەڕێگەی ئەو نیشانانەی کە لە توێکاریکردنیدا دەبیندرێت.

لە ڕێگەی وەرگرتنی نمونە یان سامپڵ لە شانەکەو پەیڕەوکردنی پشکنینەکانی تاقیگە چونکە نەخۆشیەکە پەیوەستە یان پەیوەنیدارە لەگەڵ ئەو نەخۆشیانەی خوارەوە

- نەخۆشی گەمبۆرۆ Gumboro
- لیمفۆید لوکۆسس Lenfoit leukozis
- ئەسپەرجلۆسس Aspergillozis
- کۆلبەسیلۆسس Kolibasillozis
- تیوبەرکەلۆسس Tüberkülozis
- ئیپێندیمیک تریمۆر Epidemik tremor
- کەمی ڤیتامین و کانزاکان Vitamin ve mineral madde noksanlığı

**پشکنینی تاقیگەیی:-**

تاقیگەی مایکرۆبایۆلۆجی و پشکنین بۆ کردنی ئەویش بە وەرگرتنی سامپڵ لە پەلەوەرە مردووەکەو ناردنی بۆ تاقیگە , ئەویش بە وەرگرتنی خوێن لە مریشکەکەو جیاکردنەوەی چینی سیرەمی خوێنەکە, وە وەرگرتنی سامپڵ لە پەلەوەرەکە.

جیاکردنەوەی ڤایرۆسەکە لەو شوێنەی کە نیشانەکانی تێدا دەرکەوتوە لیمفەخانەکانی خوێن و شانە لیمفیەکان وەردەگیرێت وە لە میدیای تایبەت وە یان لە چینی کۆریۆئەلەتۆی وەردەگیرێت و زەرع دەکرێت.

**چارەسەركردنی نەخۆشیەكە :-**

پێویستە هەمیشە ڕاوێژ بە پزیشكی ڤێتەرنەری بكرێت بەڵام چارەسەرێكی دروستیشی نیە.

نەخۆشی مێرك بە بەكارهێنانی دەرمانە چارەسەریە كیمیاییەكان چارەسەر نابێت چونكە دەرمانەكە هەستیار نابێت بەرامبەر ڤایرۆسەكە واتە دەرمانەكە كارناكاتە سەر ڤایرۆسەكە.

بەكارهێنانی تعقیم بەشێوەیەكی زۆرباش.

پرۆتین و ڤیتامین و كانزاكان ئیزافە دەكرێن بۆ خواردنی مریشكەكان.

پێویستە پەلەوەرەكە لە تەمەنی یەك ڕۆژیەوە كوتان بكرێت.

ئەو مریشكانەی كوتان نەكراون پێویستە جیابكرێنەوە.

وە ڤاكسینی ڤایرۆسەكە لە شلەی نایترۆجینی لە پلەی ناقس 196 هەڵدەگیرێت.

## مشەخۆری باڵندە و پەلەوەرەکان




وەرزی هاوین بە وەرزی مشەخۆرە دەرەکیو ناوەکیەکان ناسراوە هەرچەندە بەرەو کۆتایی وەرزی هاوین برۆین و لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی مشەخۆرەکان بەرەو کەمبوون دەڕوات بەڵام بەردەوام پێویستە ئاگاداری گشت ئاژەڵو و پەلەوەرو باڵندەکانمان بین و چاودێریان بکەین.

بەگشتی مشەخۆرەکان زیندەوەرانی بچوکن کە لە سەر دەرەوەی لەشی باڵندەو پەلەوەرەکان (مریشک کۆتر, توتی, کەناری...) واتە خانە خوێیەکان دەژین کە ئەوانیش(ئەسپێ, پند, کێچ,. ....) دەگرێتەوە.

**ئەسپێ:-** چەند جۆرێک ئەسپێ لە سەر لەشی باڵندەو پەلەوەرەکان دەژین کە مشەخۆری هەشت پێنوو ڕۆژانە ژمارەیان زیاد دەکات و لە توانایاندایە تا 12 ڕۆژ لەسەر لەشی پەلەوەرەکان بمێننەوەو خۆراکی سەرەکی ئەسپێکان بنکی پەڕوو خوێنوو پێستی باڵندەکانە.

**دەتوانین بە ئاسانی بزانین کە باڵندە یاخوود پەلەوەرەکانمان ئەسپێیان هەیە لە ڕێگەی کۆمەڵێ نیشانەوە کە ئەوانیش:-**

1. خوراندنی زۆر لەو شوێنەی لەشیان کە ئەسپێی تێدایە.
2. بەتایبەت ژێر باڵو سنگی پەلەوەرو باڵندەکان.
3. هەڵوەرینی پەڕی  ئەوشوێنەی کە مشەخۆرەکەی تێدایە.
4. کزی و بێهێزی وە دەرکەوتنی نیشانەکانی کەمخوێنی لە پەلەوەرەکەدا.
5. لە پێکەوتنو و زۆر کات مرداربوونی پەلەوەرەکانمان.

**دەتوانین ڕێگری لە دروستبون و گەشەکردنی زیاتری مشەخۆرەکان بگرین لە ڕێگەی :-**

1. پاکڕاگرتنی شوێنی مانەوەی باڵندەو پەلەوەرەکانمان.
2. دابینکردنی کەشوهەوای گونجاو و فێنک وە بەدور گرتنیان لە شوێنی گەرم.
3. بەکارهێنانی دەرمانی تایبەت بە مشەخۆرەکانو و ئەسپێ بە تایبەتی.

## گەنەی مریشک
## Fowl Tick



گەنە مشەخۆرێکی دەرەکییە کە لە زۆربەی گیاندارەکاندا هەیە , بە هەمان شێوە لە باڵندەی کێوی وماڵیشدا هەیە , ناوە زانستییەکەی.Argas persicus

بەزۆری لە ناوچە گەرمەکان و لە وەرزە گەرمەکاندا هەیە و بەشێکی سوڕی ژیانی لەسەر گیاندارەکان بەسەر دەبات.

بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زیان بەگیاندارەکان دەگەیەنێ بەوەی چەندین نە خۆشی دەگوێزێتەوە.

**نیشانەکانی باڵندەی توشبوو:-**

1. کەمخوێنیەکی زۆر.
2. تێکدانی پێستی.
3. هەندێک جار ئیفلیج دەبێ(لەقاچ دەکەوێ) بەهۆی ژەهری گەنەکەوە.
4. زۆر لاوازی دەکات.
5. بێهێز دەبێت و بەرهەمهێنانی کەم دەکات.

**دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە:-**

1. بە هۆی نیشانەکانەوە.
2. هەروەها بینینی گەنەکە لەسەر لاشەکەی بە تایبەت ژێر باڵ و ناو ڕانی و شوێنە گەرمەکانی

**چارەسەری نەخۆشییەکە:-**

باشترین چارەسەر بەکارهێنانی دەرمانی مێروکوژ بۆ شوێنەکەیان بە تایبەت بنمیچەکان ئەگەر کولانەکەی پاکبکەیتەوە زۆر باشترە, پاشان سپرای دژەگەنە بەکاربهێنە بۆ باڵندەکە.

## كێچ و پەلەوەر
## WHAT TO DO WHEN FLEAS ATTACK YOUR POULTRY



كێچ یەكێكە لە سەرەكیترین مشەخۆرەكان لە مریشكدا كە دەبێتە  هۆی كەمبونەوەی هەڵهێنان, زەردهەڵگەڕانی پۆپنە, كەمخوێنی , نەمانی پەڕ, هەتا مردنیش.

دەنوسێت بە دەوروبەری پێستی ڕوی دەمو چاو یان سەر كە دەبێتە  هۆی ڕوشاندن و بریندارکردنێكی توند و هەتا كوێربونیش .

چارەسەر و كۆنترۆڵكردنی مشەخۆرەكان بریتیە لە بەكارهێنانی دژەمشەخۆرەكان بەشێوەی تۆز واتە پاودەر یان بەشێوەی سپرا بەڵام یەكەمجار دەبێت دڵنیابین لە پاكوخاوێنی قەفەزەكەیان,

ئەگەر كێچ دۆزرایەوە یەكەمجار دەبێت كێڵگەی بەخێوكردنی مریشكەكە لەیەک كاتدا چارەسەر بكرێت.

لەحاڵەتی دوبارەبوونەوەی سەرهەڵدانی ژیانی كێچدا كە بەهۆی زۆربونی كێچەوەیە لەكاتی كۆنترۆڵكردنەكەدا بەجێهێڵرابێت , لەبەرئەوە لەكاتی كۆنترۆڵكردنیدا دەبێت سوڕی ژیانیمان لەبیربێت.

بۆ دڵنیابون لە كۆنترۆڵكردن دەبێت هتگەموو مریشكەكان لاببرێن لە كێڵگەكەدا پاشان بەتەواوی كێڵگەكە پاكبكرێتەوە هەموو جێگەی مریشكەكان لاببرێن و ئەگەر تۆڕی جاڵجاڵۆكەش هەبێت بەهەمان شێوە لاببرێت.

هەموو جێگەکەیان دەسوتێندرێت و لەسەر کەڵەکەکەی هیچ پێکهاتەیەک زیاد ناکرێت, پێویستە دەستکێش بەکاربێت و بەشێوازی تۆز دژەمشەخۆرەکە بەکاربهێندرێت بۆ هەموو کێڵگەکە هەتا پاکەتەکان و کارتۆنەکانیش .

دواتر کە کێڵگەکە چارەسەرکرا پاشان پاودەرەکە بۆ لەشی باڵندە یان جوچکەکە بەکاربێت ڕاستەوخۆ, کە بۆ ژێر باڵ و ژێر پەڕەکانی لەشی.

ئەو کردارە دوبارە بکرێتەوە بە شێوازێکی چڕ بۆ پاککردنەوەی کێڵگەکەیان بە بەکارهێنانەوەی دووبارە پاودەرەکە بۆ کێڵگەکە لە 10بۆ 14ڕۆژ ی دوایی هەندێک جار سێجاریش دەکرێت کە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی سوڕی ژیانی کێچەکە لە ناوببات.

## جیقنەو شێوازی دەرکەوتنەکەی و ماناکەی
## APPEARANCE OF FAECES IN CHICKEN AND MEANING




1. **جیقنەی زەرد یان بەشێوەی کەفکردوو**....مانای ئەوەیە لەقۆناغی سەرەتایی نەخۆشی کۆکسیدیایە واتە نەخۆشی جیقنەی خوێناوی.

**جیقنەکەی خوێنی تێدابێت** -نەخۆشی کۆکسیدیا

2. **جیقنەی سەوز**

قۆناغی دواکەوتوی کرم, نەخۆشی نیوکاسڵ, نەخۆشی کۆلێرای پەلەوەر, نەخۆشی سالمۆنێلا, خواردنی وشک بەباشی نەخوات, یان بڕێکی زۆر لە سەوزەی خواردبێت کە ئەوەیان حاڵەتێکی ئاساییە.

3. **جیقنەی شلی سپی شیری**

کرم, نەخۆشی ڤایرۆسی گەمبۆرۆ.

4. **قاوەیی شل**

نەخۆشی بەکتریای ئیکۆلای.

5. **ڕەنگی ڕەش**

خوێنبەربونی هەناوی یان بڕێکی زۆر لە پرۆتین.

### 6. ڕوون یان شلی ئاوی

نەخۆشی هەوکردنی بۆریچکەکانی هەوا یان سترێس

**ئەو گیراوە دروستکراوانەی کە بەکاردێن بۆ چارەسەری ئەو دەرکەوتنانەی جیقنەی پەلەوەر:-**

**نەخۆشی کۆکسیدیا** - دەرمانی تۆترازۆڵ کە تفتە بەکاردێت.

**کرمەکان** - ئایڤەرمێکتین کە دەتوانێت کێچیش لە ناوببات.

**نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵ** - ڤاکسینی جۆری لازۆتا بەکاردێت.

**نەخۆشی ڤایرۆسی گەمبۆرۆ** - ڤاکسین بەکاردێت.

**نەخۆشی بەکتریای کۆلێرا و سالمۆنێلا و هەوکردنی بۆریچکەکانی هەوا و ئیکۆلایی** - ئەنتیبایۆتیکی بەهێز بەکاردێت وەکو ئۆکسیتێتراسایکلین, ئینرۆفلۆکساسین, دۆکسیسایکلین, ئەریسرۆمایسین هتد....

**خوێن بەربونی ناوەکی** - هەموو ئەنتیبایۆتیکەکان لە بەکارهێنانیان پێویستە ڕابگیرێت, لەجیاتیان ڤیتامین بەکاردێت کە مادە کانزاییەکانیشی لەگەڵدا بێت لە 3 تا 5 ڕۆژ, وە پرۆتینی زۆربێت.

**سترێس** - گواستنەوەی پەلەوەرەکان بۆ شوێنێکی تر گونجاوە کە بکرێت, چونکە لەوانەیە شوێنەکەیان زۆر گەرمبوبێت وە ئاو خواردنیان نەبوبێت, لەبەرئەوە پێویستە ڤیتامینیان پێبدرێت بۆ تەعویزکردنەوەی ئەو هەڵەیەی کە بووەتە هۆی سترێس.

## نەخۆشیی ڕیقنەی سپی بەکتری (ڕیقنە سپێکە)
## pullorum disease or bacillary white diarrhea



نەخۆشیەکی بەکتیریاییە توشی پەلەوەر و باڵندە کێوییەکان دەبێت و لەسەرەتاکانی تەمەنیدا تووشیان دەبێت بەڵام زیاتر کاریگەری لەسەر تەمەن گەورەکان هەیە واتە لەتەمەنی 1ڕۆژی هەتا 3 هەفتەدا زیاتر باوە.

**هۆکاری نەخۆشیەکە :-**

هۆکارەکەی بەکتریای salmonella pullroum ە

توشی هەریەک لە مریشک و کەڵەشێر قەڵ نەعامە وتاوس کۆتر چۆلەکە دەبێت.

**نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە پێش مردن:-**

1. نەمانی ئارەزوی خواردن.
2. هەبونی سکچونێکی ڕەنگ سپی لینج.
3. کزی پەلەوەرەکە و گران هەناسەدانی و داخستنی چاوەکانی.
4. شەلین و لاوازی لەڕۆیشتنی.
5. ئاوسانی ئەژنۆی.
6. دابەزینی وەزنی لەشی وگەشەی کەمبونەوەی بەرگری و گیف بونی پەڕیان.
7. کەمبونەوەی هێلکەو هەڵهێنان لە هێلکەکەرەکاندا.
8. نوسانی سکچونە سپیەکە بە کۆمیەوە لەئەنجامی زۆری سکچونەکە پەلەوەرەکە وشک دەبێتەوە بەجۆرێک کە ڕەنگە بیکوژێت و لەکۆتایدا بمرێت ئەگەر چارەسەری بۆ نەکرێت.

**نیشانەکانی دوای مردن:-**

- هەبونی پەڵە و خاڵی سپی بچوک لەسەر جگەرو سیەکان و ماسولکەکانی دڵی.
- هەبونی جەلاتینێکی یاخود شلەیەکی ڕەنگ پرتەقاڵی کاڵ یان لیمۆی لەناو جومگەکاندا.
- ئاوسانی جگەر و سپڵ و گورچیلە.
- ڕەنگی زەردێنەکەی نامینێت و دەبێت بەڕەنگێکی کرێمی

**ڕێگاکانی بڵاوبونەوە:-**

- لەڕێگای خواردنی پیس بو بە ڕیقنەی باڵندە توشبوەکان.
- لەڕێگای باڵندەی توش بوو بە بەچکەکانی.

**چارەسەری نەخۆشیەکە:-**

جیاکردنەوەی تووش بوەکان لەساغەکان و پاککردنەوە وتەعقیمکردنی شوێنەکەیان بە ڤێرکۆن.

پێدانی فلۆرای سوود بەخش.

پێدانی دەرمانی دژە بەکتریا بۆماوەی 5 ڕۆژ.

**تێبینی**

نابێت بەهیچ شێوەیەک ڕاخەری ناو هۆڵ یاخود شوێنی بەخێوکردنیان تەڕ بێت چونکە دەبێتە هۆی دروستبونی کەڕو بەکتریا.

پێویستە شوێنەکەیان ڕادەی شێی و پلەی گەرمی جێگیر بێت و بەردەوام هەواگۆڕکێی هەبێت.

**جیقنە نووسان بە کۆمی جوچکە**



کێشەیەکی زۆر باوە لە جوچکەدا کە پێویستە پشتگوێ نەخرێت  چونکە ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە  هۆی مردن.

بریتیە لە لکانی جیقنە بە توکی دەوروبەری کۆمەوە و رەق بوونی بەجۆرێک کە رێگرە لە هاتنە دەرەوەی جیقنە واتە بۆری دەرهاویشتەی دەگیرێت.

بە تایبەت جوچکەی تەمەن بچووک تووشی دەبێت بە تایبەت تر ئەو جوچکەانەی کە دەفرۆشرێن و دەگوازرێتەوە  لە کارتۆنە بەوەش جوچکەکە تووشی سترێس دەبێت ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ جیقنە نووسان بە کۆمەوە.

بەڵام بە گشتی دوورە لەو جوچکانەی کە لەژێر مریشکدا هەڵدێن و دایکیان بەخێویان دەکات لەبەر ئەوەی

- تووشی سترێس نابن
- ئەو پلە گەرمییەی کە پێویستە بۆ جوچکە دایکیان پێیان دەدات لەبەر ئەوە کاتێک بە هەڵهێنەر جوچکە هەڵدێنی پێویستە ئەو پلە گەرمییەی بۆ دابین بکەیت کە پێویستە بۆی.

**دیاری کردنی ئەو حاڵەتە لەناو ژمارەیەکی زۆر لە جوچکەدا بەهۆی هەندێ نیشانەوە لە باو ترینیان:**

- لاوازی جوچکە لە رۆشتن و جوڵەدا.
- ئالیک ناخوات و ئاویش  ناخواتەوە.
- ناخەوێت.
- پاشاوەی پیس دەردەکەوێت بە کۆمیەوە کە یەکێکە لەنیشانە سەرەکیەکان.

**هۆکارەکانی کە ئەو حاڵەتە دروست دەکات:-**

- **سترێس**
- وەک دەنگی بەرز لە دەوروبەریان , دەست لێدان و هەڵگرتنی زۆر بە تایبەت لالایەن منداڵەوە , یان لەکاتی گواستنەوەی شوێنی تەسکە.
- **بۆماوەی**

زۆربەی جار نەخۆشیەکانی جوچکە لە دایکی تووش بووەوە بۆی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو حاڵەتەیش زۆر جار دایکی توش بوو بە سالمۆنێلا دەبێتە  هۆی دروستبونی ئەو حاڵەتە لە جوچکەدا.

- **سەرما بوون**

هۆکارێکی ترە بۆ دروست بوونی ئەو کێشەیە بۆیە پێویستە هەفتەی یەکەم پلەی گەرمییان 37 بێت هەفتەی دووەم 32 بێت  هەفتەی سێیەم 27هەفتەی چوارەم 20 ئیتر لەو تەمەنەدا تووک دەگۆرێت بۆ پەر  کەمتر سەرمای دەبێت.

- **گەرمی بەرز**
- بە پێچەوانەی سەرما بوونەوە گەرمی بەرزیش هۆکارە  کەواتە پێویستە  پلەی گەرمی گونجاوی بۆ دابین بکەین.
- **خواردن**
- هۆکاری کۆتا خواردنە لەبەر ئەوە ئالیکێکی کوالێتی بەرزی پێبدین وەک باراش, گارفۆ , بێست میکس , دەیلی نەیچە

**چارەسەرو ڕێگری کردن لەو حاڵەتە:-**

بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە واباشە دوروبەری کۆمی جوچکە بەلۆکەیەک کەچەورکرابێت جوان پاکبکرێتەوە وچەور بکرێت و دواتر بە ئاوی شلەتێن بشۆردرێتواتە زوو زوو بۆی چەور بکرێت.

پێدانی تێتراسایکلین و نیوماسین و کۆلستین بۆ ڕێگری لە توش بوون.

پێدانی شەکراو یاخود دۆشاوی خورما لە ڕۆژەکانی سەرەتای تەمەنی و پاشان پێدانی ئالیکی کوالیتی بەرزو باش بەپێی تەمەنی لەهەفتەی یەکەم ئالیکی وردو لە هەفتەکانی دواتر ئالیکی زبرو ئامادەکراو.

پاککردنەوەو تەعقیمکردنی شوێنی بەخێوکردنیان بۆ ڕێگری کردن لەتوش بونی بەنەخۆشیە بەکتیریایی و کەڕویەکان چونکە زۆر جار تەڕی شوێن وتەڕی ڕاخەر و پیسی ڕاخەر هۆکاری نوسانی جیقنەیە بە کۆمیانەوە.

## لەپێ کەوتنی پەلور و باڵندە



ئەو کێشەیە کێشەی زۆربەی بەخێوکەرانە کە دووچاری ئەو حاڵەتە دەبنەوە وە زۆر جار بگرە چارەسەریشی نیە.

### هۆکارەکانی لەپێ کەوتن :-

1. ڤایرۆسی مێرک.
2. کەمی ڤیتامینات و کالسیۆم و پێکهاتەکانی تر.
3. بوونی پندوو ئەسپێ و مشەخۆرەکان.
4. بونی نەخۆشیی.

### هۆکاری بوونی نەخۆشی :-

1. زۆر جار پەلەوەرەکان لەکاتی تووش بوون بەنەخۆشی و نارەحەتی تووشی لە دەست دانی ڤیتامین و کانزاکان و ترشەکان دەبن و کاریگەری لەسەر داهاتویان دەبێ و کێشەیان بۆ درووست دەبێ.
2. لەکاتی نەخۆشی زۆر جار بەخێوکەر دۆسی زیاتر یان چارسەری زووتر بەکاردەهێنی ئەووش کاردەکاتەسەر سستی جگەر و لاوانز بوونی جگەر لە فرمانەکان واتا جگەر بەپێی پێویست کارناکات بۆ سوود وەرگرتن لەڤیتامین و کانزاو ترشەکان. ...هتد
3. سینگە تیژەو جیقنە سپیلکەو بەدخۆراکی هۆکارێکی ترن.
4. شوێنی خراپ و تەروشێدار هۆکرن بۆ لاوازبوونی جومگەکان و ئێسکەکان.

## مێخەکە - مێخ - تەبەق
bumble foot



چەند ناوێکی تریشی هەیە:-

foot bubble + foot pad dermatitis +ulcerative pododermatitis + Paw Burns +Foot pad ulcer.

نەخۆشییەکی بەکتریایە توشی پێی باڵندە دەبێت بە تایبەت مریشک و کەڵەشێر دەبێتە هۆی ئاوسانی پێیەکان و دروس بوونی ئازار و کێم کردن هەندێک جار تەشەنە دەکات بۆ بەستەرەکان و جومگەکان.

**هۆکارەکەی:-**

بەکتریای جۆرەکانی

1. staphylococcus aureus .
2. E.coli.
3. pseudomonas.

سەرەکیترینیان جۆری یەکەمە کە دەچێتە ناو برین کە لە پێی باڵندە دروست دەبێت بە هۆی شوێنی ڕەق, بوونی پارچە تێل و ئاسن....هتد

بەتایبەتی ئێستا کێشەی سەرەکییە بۆ ئەو جۆرە مریشکانەی وەزنیان قورسە وەک جۆری براهما.

**نیشانەکان:-**

1. دروست بوونی قەتماغە لە بن پێیەکان و گەرم بوونی پێیەکان.
2. شەلین و لەپێ کەوتن .
3. بێتاقەت بوون و نەبونی جوڵە.
4. ئەستوربوون و هەندێک جار بۆنی ناخۆش .
5. کۆبونەوەی کێم Pus لە پێیەکان.

نمرەکانی (قۆناغەکانی) ئەو نەخۆشییە بە پێی وێنە




**قۆناغی یەکەم**

سوربوونەوەی ڕووکاری دەرەوەی بنەپێی.

**قۆناغی دووەم**

تەشەنەکردنی بەکتریا لە شانەکانی ناوەوە بی هەڵئاوسان.

**قۆناغی سێیەم**

بە کێم بوونی قاچەکەو هەوکردنی بەشێوەیەکی ڕوون.

**قۆناغی چوارەم**

لەو قۆناغە دەبێت برین و زۆرجار درێژەخایەن دەبێت و سەردەکەوێت بۆ جومگەکان.

**قۆناغی پێنجەم**

بەتەواوی ڕەق دەبێت و باڵندەکە دەست دەکات بەشەلین و قاچەکە بەکارناهێنێت .

**چارەسەر:-**

بە پێی جۆر و نمرەکەیە لەلایەن پزیشکی ڤیتێرنەری شارەزا,  لە قۆناغی سەرەتا خاوێنکردنەوە بە یۆد و خوێ پێدانی دەرمانی ئەنتیبایۆتیک antibiotic سوودی دەبێت.

لە قۆناغێک کە گەیشتبێتە ئێسک و جومگەکان پێویستە نەشتەرگەری بکرێت لای پزیشکی ڤێتێرینەری,

دوای نەشتەرگەریەکە دەبێت ڕۆژانە پاکبکرێتەوە و بە برینپێچی خاوێن ببەسترێت .

**خۆپاراستن:-**

1. خاوێنکردنەوە و ڕشاندنی شوێنی باڵندە بە دژە ڤایرۆس و بەکتریا.
2. لابردنی هەر شتێک کە ببێتە هۆی برین دروست کردن.
3. دابین کردنی شوێنی نەرم و دانانی وردە دار بۆ پاراستنیان لە شوێنی ڕەق بەتایبەتی چیمەنتۆ ڕوپۆشکراو .
4. ماوە ماوە پشکنینی پەلەوەرەکانت بۆ بوونی هەر کێشەیەک بەتایبەتی قاچەکانیان.

## جیاکردنەوەی نەخۆشیەکان لەکاتی دەستنیشانکردنیان



Organ....gross lesion....diseases

ئەندامەکان....نیشانەکانی کە دەبیندرێت....نەخۆشیەکان کە دروستی دەکات

mouth and esophagus **لە دەم و گەرودا**

گرێ یان کوڵکێکی سپی لەناو دەم کاتێک ئەو نیشانانە بینرا

- نەخۆشی ڤایرۆسی دانکە بەڵام ئەو جۆرەی کە لەناو دەم دەدات Pox virus moist form
- نەخۆشی کەمی ڤیتامین ئەیVitamin A difeciency

بەڵام جیاوازیان ئەوویە بەلابردنی ئەو بەڵخە یان کوڵکە بە پارچەیەک لۆکە لەکاتی کەمی ڤیتامین ئەی خوێن نابیندرێت بەڵام لە نەخۆشی ڤایرۆسی دانکەدا دەبیندرێت.

دروستبونی پەردەیەک بەشێوەی بەڵغ لەناو دەم یان گەروو dephthretic membrane

- نەخۆشی کەرووی کاندیدیاCandidiasis
- نەخۆشی کەمی ڤیتامین ئەیvitamin A difeciency
- نەخۆشی ڤایرۆسی دانکەFowl pox

**جیقڵدانە** crop

کێم و جەراعەتێکی زەردباو بەشێوەی پەنیری لەسەر جیقڵدانە کاتێک ئەو نیشانانەی لەسەر بینرا

- نەخۆشی زیندەوەری پێشەنگی ترایکۆمۆنەس Trichomoniasis

**لەسەر گەدەی ڕاستەقینە** proventiculus

1. **خوێن بەربون لەسەر کوڵکەکانی سیقەتۆرە** Hemorrhage in papillae
   - نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵە ND

2. **خوێن بەربونەکە لە قەراغی بەینی گەدەو سیقەتۆرەدا بێت**

Hemorrhage at the junction between proventiculus and gizzard

- نەخۆشی ڤایرۆسی گەمبۆرۆGumboro disease IBD

3. ئەستوربونی دیواری گەدە Thickening of the wall
   - نەخۆشی ڤایرۆسی مێرکMarkes disease

**جگەر** liver

پەڵەیەکی سپی یان زەرد لەسەری White or yellow spot

- نەخۆشی بەکتیریایی کۆلێراFowl cholera
- نەخۆشی بەکتیریایی پەلۆرەمpullorum disease
- نەخۆشی بەکتیریایی ئیکۆلایEcoli

**گورچیله** kidney

ئەگەر ئاوسابێت یان لە میزەڕۆیدا یوریا بنیشێت بەشێوەی تاڵێکی سپی Swollen or urate deposition

- IBنەخۆشی ڤایرۆسی ئای بی
- IBDنەخۆشی ڤایرۆسی گەمبۆرۆ
- MDنەخۆشی ڤایرۆسی مێرک

**ڕیخۆڵە** Intestine

1. بینینی پارچەیەکی سپی Small white bodies

نەخۆشی زیندەوەری پێشەنگی کۆکسیدیا بەڵام ئەو دوو جۆرەی ئایمیریا:-

- E.acervullina
- E.mivati

2. بینینی جەراعەت بەشێوەی پەنیری لە ڕیخۆڵە caseated exudates

- نەخۆشی بەکتیریایی ئیکۆلای E.coli
- نەخۆشی بەکتیریایی کۆلێرا Fowl cholera
- نەخۆشی کەمی ڤیتامین ئەی Vitamin A difeciency
- نەخۆشی زیندەوەری پێشەنگی ترایکۆمۆنەس Trichomoniasis
- نەخۆشی بەکتیریایی ستافیلۆکۆکەس Staphylococcus
- نەخۆشی بەکتیریایی مایکۆپلازما Mycoplasmosis
- نەخۆشی کەڕووی ئەسپەرجڵەس Aspergellosis

**لەسەر پۆپنەکان** comb and wattle

دانکە بەڵام جۆرە وشکەکەی واتە ئەوەیان نا کە لەناو دەم دەدات

1 **وشکبونەوە بەشێوەی پولەکەیی** Dry like scaly

∞ نەخۆشی دەردە کەڕوو Favus

2 **هەوکردن** Swollen

∞ نەخۆشی بەکتیریایی کۆلێرا Fowl cholera

3 **زەردبونێکی توندی پۆپنەکان**sever paleness

∞ ژیانی مشەخۆرەکان Parasitic infestation

∞ یەکترخۆری Canibbalism

∞ نەخۆشی کۆکسیدیا Coccidiosis

**سەر** head

ئاوسانی سەر نیشانەی ئەو نەخۆشیانەیە Swollen head

نەخۆشی بەکتیریایی کۆرایزا Infectious coryza

نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵ ND

نەخۆشی بەکتیریایی ئیکۆلای Ecoli

نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکردنی لوت و قورگ لە قەلدا TRT

**شینبونەوەی سەر** Cyanosis of the head

- نەخۆشی نیوکاسڵND
- نەخۆشی لاڕەشەHistomoniasis
- کۆلێرا Fowl cholera
- ئەنفلوەنزاAvian influenza

**چاو** eye

1. هەوکردنی ژێر پێڵوی چاو Conjunctivitis
- نەخۆشی ئیکۆلای E.coli
- نەخۆشی دانکە Pox
- زیادبونی ڕێژەی ئەمۆنیا Increase ammonia NH3 concentration
- کەمی ڤیتامین ئەی Vitamin A deficiency

2 **ناڕێکبونی پێڵوی چاو** irregular pupil

نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکردنی پەردەکانی مێشکA.E

نەخۆشی ئیکۆلای E.coli

**بۆشاییەکانی لوت** sinus

هەوکردنی بۆشاییەکانی لوت و دروستبونی جەراعەت تیایدا Sinucitis....swollen with exudate

- نەخۆشی بەکتیریایی کۆرایزا Infectious coryza
- نەخۆشی مایکۆپلازمای قەل Mycoplasma melagridis

**چاو** eye.

کوێربون Blindness

- نەخۆشی بەکتیریایی ئیکۆلای Ecoli
- نەخۆشی بەکتیریایی کۆلێرا Fowl colera
- نەخۆشی کەڕووی ئەسپەرجلەس Aspergellosis
- نەخۆشی بەکتیریایی پاراتایفۆید paratyphoid

1 دروستبونی کولَک یان گرێ لەسەر ڕوی دەمووچاو Nodule on face
- نەخۆشی ڤایرۆسی دانکە fowl pox

2 زەردی گۆگردی هەڵگەڕانی دەمووچاو sulfur yellow faces
- نەخۆشی لاڕەشە Histomoniasis

3 ڕاوەستان وەکو پەنگوین stargazing
- نەخۆشی کەمی ڤیتامین بی یەک Vitamin B1 defeciency

4 تالێهاتن fever
- نەخۆشی بەکتیریایی سپایرۆ Spirochetosis
- نەخۆشی بەکتیریایی کۆلێرا Fowl cholera

**لەبۆشاییەکانی لەش** body cavity

بینینی شلەی وەک شیر یان هەوکردنی پەردەی سک Milky fluid or peritonitis

- نەخۆشی بەکتیریایی ئیکۆلای Ecoli
- نەخۆشی مشەخۆری هیستۆمۆنەس مێلاگریدس کە نەخۆشی لاڕەشەی پێی دەوترێ Histomoniasis
- نەخۆشی ڤایرۆسی دابەزینی بەرهەمی هێلکە Eds 76
- نەخۆشی بەکتیریایی پاراتایفۆید Paratyphoid

- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی کلۆستریدیەم کە دەبێتە  هۆی هەوکردن و قورحەی ڕیخۆڵە Clostridium...ulcerative entritis
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی کلامیدیا Chlamydiosis
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵND




**لەلەشدا** body

1. ئەگەر شەلەل بینرا نیشانەی ئەو نەخۆشیانەیە Paralysis
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵ ND
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی سپایرۆکیت Spirochetosis
- ∞ نەخۆشی کەڕووی ئەفلاتۆکسین Aflatoxin
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی کلۆستریدیەم بۆتولینەم Botulism
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی شێرپەنجەیی مێرک Markes disease
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکەری مێشک و پەردەکەی Avian encephalomyelitis

2. **وشکبونەوەی لەش** dehydration

بەشێوەیەکی کورتخایەنی نەبونی ئاو Acute lack of water

نەخۆشی زیندەوەری پێشەنگی کۆکسیدیا Coccidiosis

نەخۆشی ڤایرۆسی گەمبۆرۆ IBD

نەخۆشی شێرپەنجەیی مێرک MD

**لەش** body

5 مردنی کتوپڕ لەو نەخۆشیانەدا دەبێت sudden death

- ئاوسانی سک Ascites
- نەخۆشی بەکتیریایی کۆلێرا Fowl cholera
- نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵ ND
- نەخۆشی ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا جۆرە بەهێزەکەی Avian influenza
- نەخۆشی بەکتیریایی قورحە یان جەراعەتی ڕیخۆڵە Ulcerative and necrotic entritis
- نەخۆشی بەکتیریایی سیل Tuberculosis
- نەخۆشی بەکتیریایی کلامیدیا Chlamydia

1 **لاوازبون** emaciation

- نەخۆشی کەمی مادە سەرەکیەکانی خۆراک Nutritional deficiency
- نەخۆشی سیل TB
- گیرانی سیقەتۆرە Gizzard impaction
- نەخۆشی بەکتیریایی قورحەی ڕیخۆڵە U.E
- نەخۆشی ئەسپەرجلەس Aspergellosis
- نەخۆشی کەڕووی کاندیدیا Candidiasis
- نەخۆشی کەڕوو Favus
- نەخۆشی نیوکاسڵ ND

کەمبونەوەی بەرهەمی هێلکە decrease in egg production

- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی دابەزینی هێلکە Eds76
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی ئای بی IB
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی نیوکاسڵ ND
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا AI
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی ئیکۆلای E.coli
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی دانکە Fowl pox
- ∞ نەخۆشی کەمی ڤیتامین ئەی Vitamin A deficiency
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی مایکۆپلازم Mycoplasmaı
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی سالمۆنێلا Salmonella
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی کلامیدیا chlamydia
- ∞ نەخۆشی کەمی ڤیتامین دی Vitamin D deficiency
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی تۆکسۆپلازما Toxoplasmosis
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی هەوکردنی مێشک و پەردەکەی A.E

2 خراپی لە گەشەکردن stunted...runted..bad growth

- ∞ نەخۆشی ئیکۆلای E.coli
- ∞ کەمی ڤیتامین بی سێ Niacin deficiency
- ∞ کرمی شریتی Cestode
- ∞ نەخۆشی ڤایرۆسی ریۆ Reovirus
- ∞ نەخۆشی مایکۆپلازما کە لە جومگە ئەیات Mycoplasma synovi
- ∞ نەخۆشی شێرپەنجەیی ڤایرۆسی ریتیکولۆئیندۆسیلەس Reticuloendotheliosis
- ∞ قالۆنچەی ووردی سور Red mite
- ∞ نەخۆشی بەکتیریایی سالمۆنێلا Salmonella pullorum
- ∞ نەخۆشی کاندیدیا Candidiasis

سەرچاوەکان

**د.پاڤێڵ عمر-پزیشکی ڤێتێرنەری**

کلینیکی پزیشکی ڤێتێرنەری د.ڕێبین احمد

https://en.aviagen.com/

